د. نەوال سەعداوی

ڕۆمان

# کەوتنی ئیمام



وەرگێڕانی: جیڤارا کەمال

Scanned by CamScanner




Scanned by CamScanner

له بڵاوكراوەكانی
ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند

نـــاوی كتـێـب: كەوتنی ئیمام
نـــاوی نووسەر: د. نەوال سەعداوی
نـــاوی وەرگێـڕ: جیڤارا كەمال
بـــابـــەت: ڕۆمان
دیـــزایـــن: دانا حەسەن
نـۆرەی چـاپ: یەكەم ٢٠١٩ سلێمانی
چـاپخـانـه: كارۆ
تـــیـــراژ: (١٠٠٠) دانه
نـــــرخ: (٥٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: له بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانه گشتییەكان ژمـاره (١٣٠٤)ـی ساڵـی (٢٠١٩)ـی پێـدراوه.

ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند
سلێمانی - شەقامی مەولەوی - نزیک بەریدەكە - بەرامبەر گەراجی ئارا
0770 930 9121

Scanned by CamScanner

# پێشکەش

بە:

شەهربانو شیرازی ئێرانی

فاتمە تاج سەری سودانی

ئیعتدال مەحمودی میسری

بۆ هەموو کچان و کوڕان

لە منداڵی و سەرەتای لاوێتی تا دوایی،

ئەم ڕۆمانە پێشکەش

نەوال سەعداوی

Scanned by CamScanner

# پێشەکی وەرگێڕ

ماوەیەکە بۆ چەند کارێکی وەرگێڕانی بەرهەمەکانی دکتۆرە نەوال سەعداوی جگە لە پێشەکییەکەی خۆی من وەک وەرگێڕ پێشەکیم بۆ نەنووسیوە تەنها پێشکەشکردن نەبێت، بەلام لەم ڕۆمانەی پێمخۆشبوو بەرچاو ڕوونیەک بدەمە خوێنەری ئازیز سەبارەت بەم ڕۆمانە، لە ڕاستیدا ئەم ڕۆمانەی دکتۆرە نەوال یەکێکە لە شاکارە جوانەکانی و سەبارەت بە ڕۆمانەکە دکتۆرە نەوال دەڵێت: *(إن روايتها - التي نشرت على صعيد عالمي في أكثر من ١٤ لغة من بينها الانكليزية والألمانية والفرنسية والسويدية والإندونيسية - مستوحاة من قصة الرئيس المصري الراحل أنور السادات الذي وصفته السعداوي بالحاكم المستبد الذي استغل الدين في السياسية).* ڕۆمانەکەی کە لەسەر ئاستی جیهانی و بە زیاتر لە ١٤ زمان بڵاوکراوەتەوە لەوانە ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەرەنسی و سویدی و ئەندەنووسی – لە چیرۆکی سەرۆکی پێشوتری میسرەوە انور السادات سەرچاوەی گرتووە کە نەوال سەعداوی بە



Scanned by CamScanner

فەرمانڕەوایەکی توندڕەو ناوی دەبات بەهۆی ئەوەی ئایینی تێکەڵی سیاسەت کردووە، دکتۆرە نەوال کارەکتەری ئیمامی لە ڕۆمانەکەدا کردووە بە سەرۆکی میسر و هەموو ئەو سەرۆک و بەرپرس و دەسەڵاتدارانەی کە خۆیان و بەردەست و شوێنکەوتووەکانیشیان دەسەڵات و ئایینەکانیان لەپێناو بەرژەوەندی تاکەکەسی و حەزی دونیایی بێ کۆتا قۆرخ کردووە، نەوال بە هیچ مەبەستێکی خراپ و بە ئەنقەستی نەبووە دژایەتیی ئایین و خودا و پێغەمبەران بکات، بەڵکو هەموو ئەو دەستەواژە و وشە و کارەکتەرانەی خستوەتە پێناو گەیاندنی پەیامی توندڕەوی و فرمانی نابەجێی پیاوان و دەسەڵاتداران و پادشا و ئەندام و لایەنگران و شوێنکەوتووان بە جیاوازیی پلەوپایەی حکومی و حیزبی و ئایینییش، هەر ئەوەشە وای کردووە ئەم ڕۆمانەی پێشکەشی چەند کەسایەتییەکی لە ئافرەتان کردووە لە وڵاتەکانی میسر و سودان و ئێران کە وڵاتەکانیان دەستەیەکی توندڕەو لە ئیمامە ناتەندروستەکان تێیدا پایەبەرزن هەر ئەوەشە وای کردووە ئەم ڕۆمانە لە زۆرێک لە وڵاتانی عەرەبی لەلایەن ئیمامەکانەوە قەدەغە بکرێت، بەو هیوایەی خوێنەری ئازیز تام و چێژی ئەم ڕۆمانە نەبەستێتەوە بە ئەگەری دژایەتیی نەوال سەعداوی بۆ ئایین بەڵکو مەبەست لە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە بەرەنگاربوونەوەی سەرۆک و دەسەڵاتی توندڕەو و زەبروزەنگی پیاوانە.

# سەرەتا

کاتێک منداڵ بووم لە خەونەکانمدا ڕوخساری خودام دەبینی وەک ڕوخساری دایکم یەکسانییەکی زۆر و وەک ڕوخساری باوکم بەزەییەکی زۆر، بەڵام فاتمە ئەحمەد کە لە قوتابخانە هاوڕێم بوو ڕوخساری خودای بە توندوتیژێکی زۆر دەبینی وەک ڕوخساری باوکی و زوڵمێکی زۆرتری وەک ڕوخساری مامی.

هەر کاتێک کە منداڵ بووم ئەوەم بۆ ئاشکرا بوو کە ڕوخساری خودا وەک ڕوخساری باوکەکان لەلایەن منداڵانی هاوڕێمەوە دەبینرێت و هەندێک جاریش وەک ڕوخساری دایکان. کێشەکە ئەوەیە کە خودا نە بە چاوەکانی منداڵان و نە چاوی گەورەکانیش نابینرێت و هیچ هۆکارێکیش نییە بۆ بینینی تەنها لە خەونەکاندا نەبێت و لە شێوەی ئەو ڕوخسارانەی لێمانەوە نزیکن.

کاتێک قوتابی بووم لە قوتابخانە هەوڵم دا ئەم ڕۆمانە بنووسم، بەڵام نەمزانی چۆن بینووسم. بیرۆکەکە لە مێشکمدا بوو، هەروەها هەستەکان و کەسایەتییەکانیش... بەڵام زمانەکە هاوکاریی نەدەکردم.



Scanned by CamScanner

ئیدی ئەم ڕۆمانە هەمیشە بەدوامەوە بوو و لەگەڵم دەژیا و لە دە ساڵی کۆتایی پەستانێکی زۆری خستبووە سەرم و کەسایەتییەکانی بە چاوەکانیان لێم وورد دەبوونەوە لە بەئاگاییم و لە خەونەکانمدا و تەنانەت لە کاتی گەشتەکانیشم لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات. کاتێکیش چاوم کەوت بە شەهربانو شیرازی ئێرانی چیرۆکی دەستدرێژیکردنە سەر کچەکەی بۆ گێڕامەوە لە بەندیخانە. کاتێکیش فاتمە تاج سەر سودانیشم چاو پێکەوت و کوڕەکەی و هاوڕێکانیم بینی لە ڕێکخراوی دەست و مەچەک بڕاوەکان دوای ئەوەی شەریعەتیان بەسەردا جێبەجێ کراوە. هەروەها دوای ئەوەی ماوەی سێ مانگ لە بەندیخانە لەگەڵ ئیعتیدال مەحمود و کچانی تردا لە میسر ژیانم بردە سەر. ئەم ڕۆمانە هەر بەدوامەوە بوو. هەر کاتێکیش ڕوخساری یەکێک لە فەرمانڕەواکانم دەبینی لە وێنەیەکدا یان لەژێر عەمامەیەکی پیرۆز یان کڵاوێکی سەربازی سەری دەرکردووە کە لە خەونەکاندا چاوەکانی بەدوامەوە بوو. هەر کاتێک کە گەشتم کردبێت بۆ لوبنان و گوێم لە تەقینەوەی بۆمبەکانی حیزب الله دەبوو کە لە بەرامبەردا حزبی شەیتان وەڵامیدەدایەوە. کاتێک گەشتم کرد بۆ مەککە و لەسەر دیوارەکان ڕیکلامەکانم خوێندەوە کە نووسرابوون بەخێرهاتنی میوانانی ڕەحمان دەکەین، بەڵام لەو دیوی دیوارەکەوە پیاو و کچێکی وەک غولامم دەبینی کە سێهەمیان شەیتان بوو. لە گوندەکەشمان کەفر تەحلە کاتێک ڕوخساری کچە پوورە جووتیارەکانم دەبینی، لە قەناتر کاتێک ڕوخساری ئافرەتە بکوژە هەتاییەکانم بینی، لە هۆڵی توێکاری کۆلێجی پزیشکی و وەزارەتی تەندروستییش، لە ئەردەن و سەڵت و شریتی قەنال کە بەرەکانی جەنگە. لە ڕوخساری ئەو منداڵانەی شیریان دەخواردەوە

و لە ترسی تیشکی نەوەوی و ئەو پرشنگەی وەک تیشک وا بوو دەمردن. هەروەها لە ڕوخساری شاراوەی ئەو کچە منداڵانەی لە پشتی حیجابێکی ڕەشەوەن یان لە جەژن و بۆنەکان و فیستیڤاڵەکانی هەڵبژاردن و ڕیفراندۆمەکان یان لە دانیشتنەکانی هێنانی ڕۆحەکان و دەرکردنی جنۆکە و دەرکەوتنی پاکیزەیی و ئاوڕشێنکردنی جلی ئافرەتانی باڵاپۆش بە وێنەی خاچ، پرشنگی ئاگرەکان لە دووکەڵکێشی کڵێساکان و منارەی مزگەوتەکانەوە سەریان دەردەکرد. ڕۆمانەکە و کەسایەتییەکانی لەگەڵم مانەوە، هەر کاتێکیش دادەنیشتم دەستم دەدایە تا بینووسم لەنێوانی پەنجەکانم هەڵدەکات. وەک جیوە دەخزا. بەتایبەتی کەسایەتی ئیمام کە کەسایەتییەکی جیوەیی هەبوو و لەگەڵم شێوازەکانی جرتوفرت و پێش و دوای دەکرد. کە لێی نزیک بوومایەتەوە دوور دەکەوتەوە گەر لێشی دوور بکەوتمایەتەوە نزیک دەبووەوە. هەروەها کەسایەتیی نەیاری شەرعیی زۆر ئەمسەر و ئەو سەری لەگەڵ دەکردم تا وام لێ هات بیسڕمەوە و لێی گەڕێم، بەڵام دەستی ئیمام درێژ دەبوو و ڕای دەکێشایەوە بۆ تەنیشت خۆی و دەیگرت و نەیدەویست بیسڕێتەوە گەر نا، ئەوا ڕۆمانەکە دیموکراتیەتی لەدەست دەدا.

کەسایەتییەکانی ئافرەتان و کچان باشتر و زیاتر جێگیرتر بوون، بەڵام ناوی کچی خودا شەوانێکی زۆر دوودڵی دەکردم. هەڵم دا ناوەکەی بگۆڕم، چونکە ئابڕووبەر بوو لە حەرامکراوەکان بوو. ئیتر چۆن دەکرێت کچێک ناوێکی قەدەغەکراو هەڵگرێت بە تەنیشت ئەوەی کە (منداڵێکی ناشەرعی) لە سکدایە لەوانەیە لە مەسیحیەتدا ڕێگەپێدراو بێت وەک گوێمان لێی دەبوو دەوترا کوڕی خودا مەسیحە، بەڵام شتێک ببیستین بە ناوی کچی خودا ئەوە هەر

نابێت، بەڵام لە ڕۆمانەکەدا کچی خودا لێی پرسیم چی دەبوو گەر مریەمی پاکیزە بوومایە و کچێکم ببوایە لەجیاتیی نێرینەیەک، ئایا گەر وا بوایە کچەکەم کچی خودا نەدەبوو و نەدەبووە یەکێک لە پێغەمبەران؟

هەستمکرد زەحمەتێکی زۆرە گۆڕینی ناوی کچی خودا، لەبەر ئەوەی خەڵکی بەو ناوەوە بانگیان دەکرد لە کاتی لەدایکبوونیەوە تا ئەوکاتەی لە ئەنجامی بەردباران کردنی دەمرێت. وای لێ هات واز لە ڕۆمانەکە بێنم و بیری لێ نەکەمەوە، چۆن دەبێت کەسایەتییەکان خۆیان و ناوەکانیان بسەپێنن بەسەرمدا؟ ئەوەی سەیر بوو ئەوە بوو کاتێک لێی گەڕام خۆی هاتە لام و شتەکانی خستەوە دەست خۆم، بە ویستی خۆی خۆی دەدات بە دەستمەوە و کاتێک دانیشتم و خستمە سەر کاغەز وەک ئەوەی خۆی خۆی بنووسێتەوە وا بوو. ئیتر نەچوومە ناو ژیانی تایبەتی و گشتی کەسایەتییەکان و تەنها بۆ ڕەتکردنەوەی هەندێک قەدەغەکراوی زمانەوانی نەبێت لە لێدانی هەندێک لە بەها مرۆڤایەتیەکان بەتایبەت کەسایەتی خودی ئیمام. نەمدەتوانی لە ڕۆمانەکەدا تەواوی دەسەڵاتەکانی لە دونیادا بدەمێ، بە خۆمم وت لانیکەم لە ڕۆمانەکەمدا هەندێک ئازادی و کەمێک دەسەڵاتم دەبێت.

قاهیرە / فەبرایەری ١٩٨٧

# سەرەتای گەڕان

شـەوی جەژنـی قوربـان. دوای ڕاوەدونانێکی زۆر و پێش ئـەوەی ڕۆژ بێتـەوە یەکێـک لـە پشـتەوە لێیـدام. لـە تاریکییەکـەدا بـە شـوێن دایکمـدا دەگـەڕام و تەنهـا سـەگەکەمم لەگـەڵ بـوو. چەقۆیەکیـان کـرد بـە پشـتمدا. ئـاورم دایـەوە سـەیریان بکـەم بینیـم ون بـوون. نەیاندەتوانـی سـەیری تیشـکی خـۆر بکـەن. ڕۆژانـە دەنووسـتن و شـەوان هەڵدەسـانەوە. شـەرەفی جەنـگ و شـەڕکردنیان نەدەزانـی. لـە پشـتەوەیان دەدا.

پێـش ئـەوەی بکـەوم و پیتەکانـم بیـر بچێتـەوە پرسـیم: بۆچـی تاوانبارەکـە لێدەگەڕێـن و تاوانلێکراوەکـە دەکـوژن مـن هێشـتا لـە سـەرەتای لاوێتیمـدام و دایکیشـم بـە پاکیزەیی مـردووە. وتیـان دایکت بـە بەردەبـاران کـردن و ڕەجمکـردن مـرد و تـۆش زۆڵیت. پێش ئـەوەی پیتەکانـم بیـر بچێتـەوە و لەهۆشـخۆ بچـم، وتـم مـن زۆڵ نیـم و ئـەوان لـە ماڵـی منـداڵان بـە (کچـی خـودا) بانگیـان دەکـردم هـەر چەندێکیـش بیروهۆشـم لەدەسـت بـدەم ڕوخسـاری دایکمـم بیـر ناچێتـەوە. لەوەتـەی



Scanned by CamScanner

منی بووە جێی هێشتووم دژی دوژمنان بجەنگم. بە شەهیدی نیشتمان مرد. وتیان دایکی تۆ دڵسۆزی بۆ نیشتمان و خودا و ئیمام نەبووە و بە کافری مردووە و جێگەی ئاگرە. پێش ئەوەی خوێن لە مێشکمدا نەمێنێت و بیروهۆشم بڕوات وتم دایکی من ناپاک نەبووە و پێش ئەوەی من لەدایک ببم باوکم لە دەستی هەڵهاتووە. وتیان ئەی باوکت کێیە؟ وتم ئیمامە. وتیان بێدەنگ بە، زمانت بە بڕینچێت.

پێش مردن بە زمانبڕین سزایاندا. ئیمام بەپێی شەریعەتی خودا حوکمی دەدا. ڕەجمکردنی ئافرەتێک سێکسی کردبێت، بڕینی دەستی کەسێک دزیی کردبێت، هەروەها زمابڕینی هەر کەسێک کە پڕوپاگەندەی مردن دەکات بەهۆی تیشکەوە و مەی کردنە ڕووبارەوە.

شەوی جەژن و دوور لە چاوەکانی ئیمام دەچوونە خوارەوە بۆ ڕووبارەکە و دەیانخواردەوە تا ڕادەی لەهۆشخۆچوون. پاشان هەڵدەسانەوە دوای ئەوەی هۆشیان هاتوەتەوە و پەشیمان دەبوون. داوای بەخشین دەکەن. شەوی جەژنی قوربان ئیمام دەیبەخشین. دەرگای بەندیخانەکان دەکرانەوە. مردووەکان و شەهیدەکانی جەنگ و تیشکەکە و ڕەجمکراو و دەستوقاچ بڕاوەکان لەدواوە. دواتر نۆرەی ئەو دێت بچێتە دەرەوە بۆ ئازادی، بەڵام چاوەکانی ئیمام هەر بەدوایەوە بوو. بە تاریکییەکەدا ڕایدەکرد و سەگەکەشی لەدوایەوە. خەریک بوو دەردەچوو پێش خۆرهەڵاتن، بەڵام چەقۆکە لە پشتی دەدات. پێش ئەوەی بکەوێت دەپیرسی بۆچی تاوانبارەکە لێدەگەڕێن و تاوانلێکراوەکە سەردەبڕن! ئیدی دەنگەکان ون دەبن و و مێشکی دەبێتە ڕەنگی تاریکی و بیروهۆشی ڕەش یان سپی دەبێت بەبێ هیچ پیتێک تەنها ناوی دایکی نەبێت.

# نازانن بخوێننەوە

تاریکییەکی چڕە. نە خۆر و نە مانگ دیار نین. نازانن ئایا شەوە یان ڕۆژێکی تاریکە لە دارستانێکی چڕ بە دارودرەخت. تیشکێکی هێمن لە لایتی دەستی پاسەوانەکە یان سەرۆکی ئاساییشەکان دێتەدەر. لە تیشکەکەدا جەستەکەیان دەبینی ڕادەکات. لە جووڵەی قاچەکانەوە دەزانن کە مرۆڤە و ئاژەڵ نیە، دەبینن کە ئافرەتە و پیاو نییە. دوو مەمکی بەرزی ڕێک وەستاو لەسەر سنگ. ئافرەتێک لە سەرەتای لاوێتیدا. ئێسکەکانی بچکۆلە و پێستی وەک پێستی منداڵان نەرم. ئەسمەر وەک ڕەنگی قوڕی ڕووبار، ڕوخساریی درێژکۆلە و چاوەکانی بادەمی وەک خوداوەندە کۆنەکان. چاوەکانی و بیلبیلەکانی وەک شەو ڕەش. قاچەکانی بچووک و لە ڕاکردن ناوەستن. شتێک بە دەستی چەپیەوەیەتی وەک ئەوەی لقی دارێک بێت. وەک چۆن لەدایک بووە تەواو ڕووت. کۆئەندامی زاوزێی شاراوەتەوە لەژێر تاریکیی شەودا یان لەژێر گەڵایەکی سەوزدا. کاتێک وەک ماسییەک کەون دەکاتە دوو بەش جەستەی بریسکە دەداتەوە. ڕۆشناییەک

دەر دەکەوێت و پاشان دووبارە شەو دادێتەوە. خۆیی و سەگەکەی ون دەبن و خەریکە دیار نامێنن.

بەڵام تاریکاییەکە بە چاوەکانی ئیمام دەبێتە دوو بەش و سەرۆکی ئاساییش لە پێشیانەوەیە. ڕیزبەندێک لە پیاوان جەستەیان پتەو و توکن. هەر یەکەشیان بە دەستی چەپیانەوە پارچە بەردێک یان ئامێرێکی کوشتنی گرنجگرنجی هەڵگرتووە. بەشوێن کچەکەدا ڕادەکەن. ئەو لەوان بەتواناترە لە ڕاکردندا. ئەو لەوان شارەزاتری نهێنییەکانی شوێنەکەیە. شوێنەکە ئەو شوێنەیە کە تێیدا لەدایک بووە و مردووە. خەریک بوو دەر دەچوو گەر نەوەستایە تا سنگی پڕ لە هەوا بکات.

سەرسوورمانم زۆری نەخایاند کاتێک بۆ یەکەمین جار وەستام لەدوای ئەو دۆڕاندنەی لە کۆتا جەنگدا بەدەستم هێنا. لەوەتەی دایکم مردووە. لە پێچی ڕێگەی بەرزاییەکە ی نێوان دەریا و ڕووبارەکە. لە ڕێگە لە بەرەکانی جەنگەوە بۆ ماڵەوە. هەناسەیەکم لێ دەر چوو دوای ئەوەی کە بۆ بەرزاییەکە سەر کەوتم. لقەکە لە دەستم کەوتە خوارەوە و دڵم هەژا و بانگی ئەو خوشکەم کرد کە دەمزانی بەدوای مندا دێت. بیست ساڵە من خەون بەم چوونەدەرەوەیەوە دەبینم بەرامەی هەوا لەبیرمدا ون نەبووە. هەموو پێچێکی زەویم بیر دێتەوە. ئەم سێ دار خورمایەش. درەختی جمیز. بەرزاییەکەی سەر دۆڵی سەوز، هەوای دەریا. بەرامەی دایکم هەڵدەمژم. ئەم زەوییە نیشتمانمە.

خەریک بوو دەر دەچوو گەر نەوەستایە تا سنگی پڕ لە بەرامەی ژیانی بکات. گوللەکە لە پشتیداوە. وەک تیر لە پشتەوە بۆ دڵ دەرچووە. کەوتە سەرزەوی و خوێنی بەر بوو، لە تەنیشتیشیەوە

سەگەکەی. چۆلەکەکان شپرزە بوون و هاواریان کەونی پڕ کرد. دەنگی خوێندنی کەڵەشێر و و قەلەڕەش و گوێدرێژ بەرز بووەوە بۆ ئاسمان. سەگەکان بە وەڕینەکانیان بەشدارییان کرد. خەریک بوو ڕۆژ دەبووەوە. پیاوانێک کە دشداشەی سپییان لەبەر بوو و ڕیشی ڕەشی درێژیان هەبوو، هەستان. دەنگ بەرزکەرەوەکانیان لەسەر منارە و لووتکەکان بەست کە وایەری کارەبای لێوە شۆڕ بوبووەوە. دەنگەکە وەک هەورەگرمەیەک دەر چوو، خەڵکی هان دەدا بۆ نوێژکردن و دڵسۆزیی نوێکردنەوە بۆ ئیمام. لەپاشان لەناکاو دەنگەکە بەهۆی بچڕانی کارەباوە نەما. بێدەنگی و هێوربوونەوە گەڕایەوە و خەڵکی بە نووستوویی مانەوە. بێ ئەوەی کەس بزانێت لە تاریکیدا تاوانەکە کۆتایهات، بەڵام کەون و دارودرەختەکان و بەرزایی نێوان دەریا و ڕووبارەکە بینییان. لە سنگی بەردێکدا لە ناخی زەویدا بە هەڵکۆڵراوی مایەوە. ساڵ لە دوای ساڵ. لە ژیاندا لە شێوەی بەردێکدا مایەوە و لە تەنیشتیشیەوە سەگەکەی. جەستە زیندووەکە بە بەرد بوو. (ئەمە ڕاستیەکی زانستیە. لە مێژووشدا یاوەرانی ئەشکەوت لەگەڵ سەگەکەیان سێ سەد ساڵ لە ناخی زەویدا ژیاون).

بەڵام ئەو کچە تەنیایە و هاوڕێی نییە جگە لە سەگەکەی (خوشک و براکانیش کە لە دواییدا دێن) کەونیش هەمان ئەو کەونەی ئەمڕۆیە کە تێیدا دەژین. ئاسمان و زەوی و درەخت و خانووەکان و ڕووبار و دەریا. وتم ئایا ئەوە دەریای سپوی ناوەڕاستە. ئایا ئەوە نیلە؟ وتیان لێرە ناوەکان دەگۆڕێن. زەمەنیش جیاوازە، بەڵام شوێنەکە هەمان شوێنە. خۆریش هەمان خۆرە. گوڵە گەنمەکانیش هەمان شتن. گامێشەکەش پێستێکی ڕەشی هەیە و لەسەر چوارپێ



Scanned by CamScanner

بەرەو ڕووبارەکە دەچێتە خوارەوە. لە ئاوەکەدا مەلە دەکات و پشتی لەژێر تیشکی خۆرەکەدا دەبریسکێتەوە. بەخۆشی و حەوانەوە چاوەکانی لێک دەنێت و دەیانکاتەوە. لە ڕووبارەکە دێتە دەرەوە و بە جەستەیەکی ئاسودەوە دەڕۆیشت. لە نزیک کێڵگەی وێنجەکە دەوەستێت و خواردن دەخوات. لەسەرخۆ دەخوات و کلکی دەلەرێنێتەوە. گوێچکەکانی هەڵخستووە بۆ دەنگی جەنجەڕەکە و سەرنجی ئەو ئافرەتە دەدات چاوەکانی پێچراوە و بە گوریسێک بەستراوەتەوە و لەدوایەوە پیاوێک بەدار حەیزەرانێک هەیە. دەدات بەسەر شانەکانیدا هەرکە وەستا. هەناسەیەکی وەک سەرسووڕمانم هەڵمژی. ئافرەتەکە لەپێش جەنجەڕەکەوە دەسووڕێت و گامێشەکە پیاسە دەکات؟ وتیان لێرە یاسا نماییشکردن و داواکردنە. لە بازاڕدا نرخی گامێشەکە لە ئافرەتەکە گرانترە. پیاو چوار ژنی هەیە، بەڵام یەک گامێشی هەیە. کێڵگە سەوزەکانیش وە شریتێک بە ڕۆخی ڕووبارەکەدا درێژبوونەتەوە ڕیزبەندییەک لە گامێشەکان لەژێر تیشکی خۆردا مەلە دەکەن. لەدوای شریتە سەوزاییەکەوە بیابان هەیە و پاشان چیایەک لە لمی زەرد. گەر بەرەو بەرزاییەکە بچیت چەتە ڕێگرەکانی لێیە. داڵەکان و کەمتیارەکان تەنها مردووەکان دەخۆن. تەنها مرۆڤە گۆشتی زیندوو دەخوات. پڵنگەکان گۆشتی ئاسکەکان دەخۆن و لە خواردنی گۆشتی مرۆڤ خۆیان بەدوور دەگرن. گۆشتی ئاسکەکان دەگمەنە. گۆشتی مرۆڤ زۆرە و بێئەندازە. تیمساحەکان ناپاکن و مارەکانیش لولپێچ و نەرم لەسەرەوە و ژەهرەکانیان کوشندەیە. لێرەدا تەنها سەگەکان دەزانن دڵسۆزی چیە. هێشتا تاریکییەکەش بەردەوامە. مێرووەکان لە شێوەی باڵدارەکان وەک مێش یان کوللە یان مشک. خشۆکەکان



Scanned by CamScanner

و بوونـەوەرەکان لەسـەر چوارپێ ڕادەکـەن. خەڵکەکە لەکوێن؟ کـەس نابینـم. کچـە کوژراوەکـە و بکوژەکانیش دیارنەمـاون. وتـم ئایا ئێرە مرۆڤـی لـێ نییـە؟ وتیـان بـە ملیۆنـان لـە مـرۆڤ لێـرەن. وەک هـەوا. کـە بەچـاوی ئاسـایی نایانبینیـت. لـە ئەشـکەوتەکاندان لـە نـاو سـکی زەویدان. خانـووی هاوشـێوەی گـۆڕ. لـە ڕووناکـی دەترسـن. وادەزانـن ئاگـرە. لـە تیشـکی خـۆر دەترسـن. وادەزانـن تیشـکی نەوەویـە. نەهامەتیـەک لـەو دیـوی دەریاکانـەوە دێـت. کـە زلهێزەکان لەناو شـیری منداڵانـدا ڕەوانـەی دەکـەن. یـان تووڕەییەکـە لەلایـەن خـوداوە. ئـەی بۆچـی خـودا لێیـان تـووڕە دەبێـت؟ کـەس نازانێـت. نازانـن تاوانەکەیـان چییـە. وشـەی خـودا ناناسـن، چونکـە ئـەوە وشـەیەکی نووسـراوە. ئەوانیـش نـە نووسـین و نـە خوێندنـەوە نازانـن. هەروەهـا وشـەکانیش. تەنهـا ورتـەورت یـان هـاوار و قیژانـدن نەبێـت. وتـم ناکرێـت قسـەیان لەگـەڵ بکرێـت؟ وتیـان بەڵـێ گـەر لـە زمانەکەیـان بزانیـت و جلوبەرگـی پیاوانـە بپۆشـیت و بـە حیجابێـک کۆئەندانـی زاوزێـت بشـارێتەوە. بـە سەرسـووڕمانێکەوە وتـم کام کۆئەنـدام مـن تـەواوی جلوبەرگـم پۆشـیوە. بـە پەنجـە گرنجگرنجەکانیـان ئاواژەیـان بـۆ ڕوخسـارم کـرد. ترسـام و زمانـم تێکـەڵ بـوو. وتـم کـێ ئەمـەی پـێ وتـوون؟ وتیـان ئـەوە قسـەی خودایـە. وتـم قسـەی خـودا نووسـراوەتەوە و ئێـوە نازانـن بخوێننـەوە ئیتـر چـۆن زانیتـان ئـەوە قسـەی خودایـە؟ ماوەیەکـی زۆر بێدەنـگ بـوون. هەندێکیـان سـەیری هەندێکـی تریانیـان کـرد. چاوەکانیـان بـۆ ئاسـمان بـەرز کـردەوە و ئاماژەیـان بـۆ وێنەیـەک کـرد کـە بـە (قـوس ئەلنەسـر / کەوانـی سـەرکەوتن)ەوە هەڵواسـرابوو وتـم ئـەوە کێیـە؟ هەناسـەیەکی سەرسـووڕمانیان هەڵکێشـا و وتیـان نایناسـیت؟ وێنەکـەی لـە هەمـوو شـوێنێک هەڵواسـراوە. لـە شـەقام.

لەسەر دیوارەکان. لە دوکانەکان. لەسەر کەوانەکانی سەرکەوتن. ناوی (ئیمام)ە ئەو لە هەموو شوێنێکە. وتم: ئەوەی کە لە هەموو شوێنێکە لە هیچ شوێنێک نییە. وتیان دڵسۆزیمان بۆ هەتاهەتایە پێ داوە گەورەمان ئیمام خودای بینیوە و قسەکانی خودای زانیوە. وتم ئەی ئیمام لەکوێ خودای بینیوە؟ وتیان لە خەوندا خودا سەردانی کردووە.

# بانگەوازی دایک

لە منداڵیمدا کاتێک لە خەودا دەبووم خودا سەردانی دەکردم و دەنگێکی ئارامی وەک دەنگی دایکمی هەبوو. کاتێکیش گوێم لە دەنگی تەقەکان بوو و بینیم وێنەکەی ئیمام کەوتە خوارەوە، ڕام کرد. لە مردن نەدەترسام، چونکە مردن کاری ئاسانە گەر لە چاوتروکانێکدا ڕوو بدات. لێکردنەوەی سەر لە مل بە لێدانێکی شمشێر. برینی دڵ بە تەنها گوللەیەک، بەڵام ترسناکی ڕاستەقینە مردنی لەسەرخۆیە. لە چاڵێکدا لە زەویدا بە گوریس دەمبەستنەوە. بەردبارانم دەکەن بەرد بەدوای بەرددا. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ. پەنجا ڕۆژ یان سەد یا هەزار. گەر جەستەشم بمرێت ئەوا ڕۆحم خۆی بەدەستەوە نادات. پێش مردنم بەردبارانکردنم ماندوویان دەکات. پێش ئەوەی خوێنبەرەکانم خوێنیان تێدا نەمێنێت دەستەکانی ئەوان خوێنیان لێدێت. ڕۆحم گەردەکانی خۆڵەکە هەڵدەمژێت. جەستەم دەبێتە بەردێک و بەردەکان ڕەت دەکاتەوە. لە دووریشەوە دەبینم بەردەکە بە ڕێکی لەسەر بەرزاییەکە وەستاوە لەنێوانی دەریاکە



Scanned by CamScanner

و ڕووبارەکەدا. لە تاریکییەکەدا وەستاوە و چاوەڕوانی من دەکات. لەوەتەی منی بووە وەستاوە و چاوەڕوانمە. بیست ساڵە و هێشتا وەستاوە و پشتی بەرزە. دەنگی وەک چرپە. وەک شنەی هەواو و درەخت. وەک بانگەوازێکی هێمن لە ناو سکی زەوییەوە. کچی خودا، وەرە ناویان نابووم کچی خودا. سەگەکەشم ناوی مەرزوق بوو. لەوەتەی لەدایک بووم لەگەڵمدایە. تا کۆتایی لەگەڵمدا مایەوە. نووسین و خوێندنەوە نازانێت. قسەی خودای نەخوێندوەتەوە، بەڵام تەنها ئەو ڕاستیەکان دەزانێت. دەزانێت کە من بێبەریم لە خوێنی ئیمام. چۆن دەتوانم بیکوژم لە کاتێکدا باوکی نادیارمە و بەبێ ئەو سەربازی (دایکی نادیار)م ئێستا بوونم نەدەبوو. کەس نەیدەزانی کچی ئەوم تەنها مەرزوق و دایکم نەبێت. بینی لەسەر زەوییەکە ڕاکشاوە و هەنسکی گریانێکی بێدەنگیەتی. هەروەها لە تاریکییەکەدا بینی کە چووە دەرەوە و هەڵهات. بە ڕوخساری ئاشنابوو و لەبیریدا هەڵی گرت. وای لێ هات هەر کات وێنەکەیی بینی هەڵواسراوە بە دەنگێکی بەرز دەوەڕێت. خەڵکی لە وەڕینەکەی نەدەگەیشتن، چونکە خەڵک لە زمانی سەگ ناگەن، بەڵام سەگەکان لە زمانی مرۆڤ دەگەن. هەروەها بەهەمان شێوەی مرۆڤ مێشکی هەیە و توانای ئەوەی هەیە مێژوو لای خۆی هەڵگرێت. مەرزوق شێوەی دەناسییەوە کاتێک چووە دەرەوە و هەڵهات. بەدوایدا ڕای کرد و لەپشتەوە گرتی. پاتۆڵەکەی لە چەپەوە بچڕی و پارچەیەک لە قوماشەکە بە کەڵبەکانیەوە مایەوە. ڕەنگی خاکی وەک جلوبەرگی سەربازی و بەرامەی عەرەق و عەترێکی هەرزان بەهای لێوە دەهات. پارچەکەی لەدوایەوە جێهێشت و لە ترسی سەگەکە ڕای کرد.

کاتێک ڕای دەکرد دەنگی پێکانی دەهات. پارچەیەک ئاسن بە پاژنەی پێڵاوەکانییەوە بوو. ڕووی بەرەو ئاسمان و بەردەوام بوو لە ڕاکردن. هیوای بە خودا گەورەیە. خودایە بەسەر دوژمنەکانم سەرم بخە و هیواکانم بێنە دی. چاوە لێڵەکانی پڕی هیوای زۆرن. لێوەکانی ئەستوور و ویستی بەدەستهێنانی کەونی تێدایە. تەختێک لە ئاسمان و تەختێکیش لە زەوی. کۆشکێک لە هاویندا بەسەر دەریادا بڕوانێت. کۆشکی زستانەش لە باشوور. کۆشکێکیش لە بەهەشت ڕووبارەکان لەژێریەوە بڕۆن و حۆری و غیلمانی تێدا بێت. زمانی وشک و تینویەتی. دەمی کراوە و هەناسەبڕکێیەتی و بەبێ وەستان ڕادەکات. لە منداڵییەوە بێبەش کراوە و نابڕێتەوە. حەزی دەستخستنیش وەک نەخۆشییەکی درێژخایەن تێر نابێت. هیواش بە خودا سنووری نییە. هێمای بڕوا بوون لەسەر نێوچاوان وێنە کێشراوە و هەڵکۆڵراوە. تەسبیحێکی دەنک زەرد بە دەستی چەپیەوەیەتی. لەسەر کەلەکەی چەپیشی کێلانێکی درێژ هەیە شمشێرەکەی تێدایە. دەستی ڕاستیشی بە ڕانیەوەیەتی کونی سەر پانتۆڵەکەی شاردوەتەوە.

لە تاریکییەکەدا بەدەم وتنەوەی ئایەتی الحمد لله ون بوو... هەناسەکانی بۆنی مەی و عەرەقی ئافرەتێکی هەژاری لێدەهات. شەوێ وەڕینی مەرزوق بەرز بووەوە. کەس گوێی لێ نەبوو. ڕۆکێتەکانی جەژن لە گوێچکەکاندا دەزرنگانەوە. ئیمامیش لە دەنگ بەرزکەرەوەکاندا وتاری دەدا. بە ناوی خوداوە دەستپێدەکات و بە سڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر کۆتایی پێ دێنێت. لەدوای وتارەکەوە لێک جیا دەبنەوە و دەچنەوە ماڵەوە. حەزی سەرکەوتن لە مێشکیاندایە و لە گەروشیاندا تاڵی دۆڕاندن. لە



Scanned by CamScanner

شەقامەکاندا پیاوانێک بە چەقۆوە دەر دەکەون. هەر یەکەیان بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکات. قەساب. بێدەنگی و هێمنی باڵ دەکێشێت. پاشان لە هەر ماڵێکدا هاواری تاوانلێکراوەکە بەرز دەبێتەوە. دووکەڵێکی چڕ و بەرامەی گۆشتسوورکردنەوە. لەدوای نانخواردن جلوبەرگی نوێ دەپۆشن. پێڵاوەکانیش لە پاژنەکەیدا پارچەیەک ئاسنی وەک گۆیەک پێوەیە. پێ لە زەوی دەدەن و سوپاسی خودا دەکەن بۆ نیعمەتەکانی. لە دەستی ڕاستیاندا تەسبیحێک و لە دەستی چەپیشیاندا بەردێک. وادەی ڕەجمکردنی شەیتانە.

بە گوریس بەستیانەوە. بازنەیەکیان بەدەوریدا کێشا. لە هەڵدان و پێکانی ئامانجەکە پێشبڕکێیان بوو. خاڵی نێوەند لەسەر هێمای شەیتان. براوەی یەکەم نیشانێکی شەرەفی پێ دەدرێت لەگەڵ کۆشکێکی بچووک لەتەنیشت کۆشکی ئیمام و حۆرییەکانەوە.

زەوییەکە لەژێریدا ساردە. بەرامەی خۆڵ لە لووتیدا. لەسەر زەوییەکە بەستراوەتەوە. سنگی ڕووت کراوە. ئەژنۆکان و قۆڵەکان کراوە. دەنگی لێدانی تەپڵەکان دەهاتە گوێی. ڕۆکێتەکانی جەژن. پێکەنینەکانی منداڵان و میزڵدانە ڕەنگاوڕەنگەکان. لەنێو ڕوخساری منداڵاندا بەشوێن ڕوخساری کچەکەیدا دەگەڕا. ڕوخسارە بچووکە هەڵبزڕکاوەکەی بینی. دەستی بۆ بەرز کردوەتەوە و بە دەنگێکی هێمن بانگی دەکات: وەرە کچی خودا.

لەوەتەی منی بووە گوێم لە دەنگیەتی لەگەڵ جووڵەی هەوا و گەڵای درەختەکان. دەنگەکەی لە بیرمدا وەک نەخشی سەر بەردە. لە تاریکییەکەدا بەبێ جووڵە وەستاوە. بەردێک لە شێوەی پەیکەردا. بە مەینەتییەکی ڕەش داپۆشراوە و بەشەکانی جەستەی

شـاردوەتەوە کـە لـە دەوری بـە بازنەیـی ڕووناکییـەک هەیـە کـە سـەرچاوەکەی نادیـارە. دەسـتە گەورەکانـی لەسـەر سـنگیەتی. شـتێکیان لـە کـەون شـاردوەتەوە. پەنجەکانـی لەسـەر ئاسـتی دڵـی کـۆ کردوەتـەوە. هێڵەکانـی ڕوخسـار جێگیـرە. بەبـێ بەرامبـەر ژیانـی بەخشـێوە. ئـازاری دۆزینەوەکـە لـە چاوەکاندایـە. شـۆکەکە ڕۆیشـتووە و تەنهـا پـەژارەکان ماوەتـەوە. تیشـک یـان تیرۆانینـی نوێـی کـەون. جەسـتەی باریـک گۆشـتی پێـوە نەبـوو. وەک ڕۆح و خەیاڵ. بەبێ ویستنی جووڵـە یـان زمـان. بـە دەسـت دەگیرێت لەنـاو تۆپەڵێک لـە هەوادایـە. سـەری بـەرز. هەمـوو شـتێکی لەدەسـت داوە تەنهـا خـۆی نەبێـت. خەندەیـەک لەسـەر لێوەکانیەتـی. نهێنییەکـەی زانیـوە و ئاسـمانی شـاراوەی هەڵماڵیـوە. ئەشـکەنجەکانی لەسـەر ئیسـکەکانی ڕوخسـاری هەڵکۆڵـراوە. چاوەکانـی فـراوان و پـڕ بریسـکەن. چاوەڕوانـی کوژاندنـەوەی دوا ڕووناکیـن.

پاسـەوانەکەی ئیمـام دواهەمیـن دەرگای کۆشـکەکەی داخسـت. ئایـەت ئەلکورسـی خوێند و شـەیتانەکان و ڕۆحەکانـی جنـی وەدەر نا. بێدەنگی باڵی بەسـەر شـەودا کێشـا. ئیمام و چاوەکانی نووسـتن. شـەیتانەکان نووسـتن.، فریشـتەکانیش نووسـتن خوداوەندیـش نووسـت، گـەڵای درەختەکانیـش نووسـتن. ئـەو هێشـتا وەسـتاوە و بـەدەوری خۆیـدا دەسـووڕێت. هیـچ کەسـێک نایبینێـت. هێنـدە جەسـتەی نوشـتاوەتەوە خەریکـە سـەری لـە زەوی دەدات. شـتێکی شـاراوەی لـە سـنگیدا دەر کـرد. بـە لەپـی دەسـتە گەورەکانـی کـە لـە دەسـتی خودایـان دەکـرد بـە سـۆزێکەوە زەوییەکـەی تەخـت کردەوە. تۆپەڵـە گڵـەکان و بەردەکانـی لادا. زەوییەکـەی بـە خۆڵێکـی نەرمـی وەک سـنگی دایـک ڕاخسـت، ڕای کێشـام.



Scanned by CamScanner

مـن نووسـتبووم. ڕوخسـارم هەڵبـزڕکاو لـە کونێکـی جلـە سـپییەکەوە سـەری دەر کـردووە. چاوەکانـم نوقـاو. سـنگم بـەرز دەبێتـەوە و نـزم دەبێت وەک هەناسـە قووڵەکانـی منداڵان. دەستم هاتوەتـە دەر و کراوەتـەوە. جووڵەیەک لە خـەودا وەک بانگەوازێکی بێدەنـگ. شـاڵە خورییـە ڕەشـەکەی لـە خـۆی کـردەوە و تێـوەی پێچـام. دەسـتم بـەر پەنجەکانـی کـەوت و بـە هـەر پێنـج پەنجەکـەم گرتـم و بـەرم نـەدا. بـە درێژایـی شـەو پەنجەکانـی لەنێـو دەسـتمدا هێشـتەوە، بـە درێژیـی هەناسـەی قووڵـی سـنگی دایـک. پاشـان هێدی هێدی دەسـتی کـرد بـە ڕاکێشـانی. خوێنیـش دڵـۆپ دڵـۆپ لـە دڵمدا دەکشـێتەوە. سـاتی جیابوونـەوە جەسـتەم هـەژا. لـە خـەو بەئـاگا هاتـم. بینیـم بەدیارمـەوە وەسـتاوە و سـەیرم دەکات. سـەری لـە ئاسـمانە و چاوەکانـی دوو ئەسـتێرەن لـە شـەودا دەبریسـکێنەوە. پاشـان لای کـردەوە. پشـتی بـەرز. هەنگاوەکانـی فـراوان. نـە خێـرا و نـە هێـواش. بـە جۆرێـک قۆڵەکانـی لـە هـەوادا دەجووڵێنێـت وەک ئـەوەی موڵکـی خـۆی بێـت. وردەوردە دوور کەوتـەوە و ون بـوو بـێ ئـەوەی قەبـارەی کـەم بێتـەوە.

# منداڵانی خودا

کاتێک دەنگی تەقەکان هات بینیم کەوت. لە ساتی کەوتنەکەدا ڕوخساری گۆڕا. بووە خاوەنی ڕوخسارێکی تر. ئەوە ئەو ڕوخسارە نییە کە دەمناسی. ڕوخسارێکی بێگانە پێشتر نەمبینیبوو. ڕوخساری پیاو و باوک و ئیمامیش نییە. ڕوخساری مرۆڤ و ئاژەڵیش نییە. وەک ڕوخسارێکی ترسناکی دێوەزمەی نێو چیرۆکەکانی داپیرە کە لەگەڵ شیرپێدانم سەبارەت بە دێوەزمە و جنەکان بۆی دەگێڕامەوە. وەک هەموو منداڵانی تر من داپیرەی ڕاستەقینەم لەو ماڵەدا نەبینیوە. منداڵانێکی زۆر بێ دایک و بێ باوک و بێ داپیرە. پێیان دەوتن منداڵانی خودا. منیش ناوم کچی خودایە. من ڕووبەڕوو خودام نەبینیبوو. وام دەزانی خودا باوکمە. دایکیشم هاوسەری خودایە. لە خەونمدا دایکمم دەبینی وەستابوو و چاوەڕوانی خودای دەکرد. شەو تاریکە و خەڵکی هەموو نووستوون و ئەو وەستاوە. من ڕاکشاوم سەری بەرزە لە ئاسمان. چاوەکانی پڕن لە تیشک و دەنگی وەک چرپە وایە: وەرە، کچی خودا. لەسەر جێگەکەم هەڵدەسام و بە پێی



Scanned by CamScanner

پەتی بەرەو دەنگەکە دەڕۆیشتم. لە دوورەوە لەو دیوی دەرگاکەوە دەهات. دەرگاکەم دەکردەوە و سەیرم دەکرد. کەس نییە. بە ڕاڕەوە درێژەکەدا تا کۆتایی دەڕۆیشتم. کەس نییە. دەرگایەکی دیکە داخراوە و ناکرێتەوە. پەنجەرەکە کراوەتەوە و بەسەر تارمەکەدا دەڕوانێت. بە بازێک دەچوومە سەر پەنجەرەکە. بەسەر لێواری دیوارەکەدا دەڕۆیشتم. قۆڵەکانم لەپێشەوە ڕادەگرم و جەستەم هاوسەنگی خۆی ڕادەگرێت. وەک پەڕێک جووڵەم سوکە. قاچەکانم لە زەوییان نەدەدا. وەک ڕۆح بەبێ جەستە بەسەر لێوارەکەدا دەڕۆیشتم بێ ئەوەی بکەوم. پاشان وەک پشیلە لەسەر دەست و قاچەکانم خۆم هەڵدەدەمە تارمەکە. لە تاریکییەکەدا دەوەستم و گوێ بۆ دەنگەکە هەڵدەخەم. کێ لەو دیوی دەرگاکەوەیە و چرپەم بۆ دەکات. دەرگایەکی تەختە بۆیەکەی وەک ڕەنگی کێڵگە سەوزە قڵیشێکی بچووکی تێدایە تیشکی لێوە دێتە ئەم دیو.

- کێیە لەو تاریکیەدا؟
- منم.
- تۆ کێی؟
- کچی خودا.
- وەرە کچی خودا.

دەچمە ژووره نیمچە تاریکەکەوە. هاوسەری پاسەوانەکە لەو دیوی دەرگاکەوە وەستاوە. دەستەکانی بەرەو من بە ڕەنگی زەوی درێژ کراوە. دشداشەکەی ڕەش و فراوان. سەری بە لەچکەیەکی سپی پێچاوە... چاوەکانی فراوان و بریسکە دەدەن. ڕوخساری وەک سنگی دایک نەرم. هەناسەکانی بەهێواشی بەرز دەبنەوە و نزم دەبنەوە. مەمکەکانی پڕ لە شیرن. گۆیەکەی ڕەش و قوت. لە



Scanned by CamScanner

نێوانی دوو پەنجەی پەستانی دەخستە سەر و ئازاری دەدۆشی. دڵۆپە شیرەکان دڵۆپ دڵۆپ دەکەوتنە خوارەوە. جێگەی کچەکەی لە تەنیشتیەوە چۆڵە. مێردەکەی نووستووە و پرخەی دەبیسترێت. ڕوخساری پڕی لە گرنجگرنجی و مووە، لەژێر بەتانییەکی تەنکەوە خۆی گرمۆڵە کردووە. سەری لێوەی هاتوەتە دەر و قژێکی کەمی پێوەیە. پێڵوەکانی داخراون لەناکاو کرانەوە و لەنێو باوەشی بینیمی. بە دوو چاوی سوورەوە لە ڕوخسارم ورد بووەوە و هاواریکرد: کچی من نییە. ئەوە کچی کێیە؟ وتی ئەوە کچی خودایە. دەستی بەرز کردەوە و زللەیەکی لێدا: ئەی زۆڵی کچی زۆڵ.

لە تاریکییەکەدا چاوەکانم کردەوە. جێگەیەکی زۆر سەری منداڵانی لێوە هاتوەتە دەر. لە تەنیشتمەوە جێگەی منداڵێکی هاوتەمەنم هەیە ناوی نعمەت اللە یە، پێی دەڵێم خوشکێ. قژی ڕەشێکی نەرمە لەژێر بەتانیەکەوە سەری دەر هێناوە. چاوەکانی کراوە. هەناسەکانی پچڕپچڕ. بە دەنگێکی هێمنانەوە وچرپاندی: وەرە، کچی خودا. لەسەر جێگەکەی خۆم هەڵدەسم و لەتەنیشت ئەوەوە دەنووم. بە دەستەکانی باوەشم پێدا دەکات و جەستەی هەڵدەلەرزێت: من دەترسم. لە چی دەترسیت؟ لە خودا دەترسم. بۆچی؟ نازانم. ئایا تۆ لە خودا ناترسیت؟ من کچی خودام ئایا دەبێت لە باوکم بترسم؟ قۆڵەکانیم تێوە دەئاڵێنێت. لەژێر گوێچکەشمدا دڵی لێی دەدا. سنگی وەک سنگی دایک نەرمە. تا بەیانی لەباوەشی یەکتردا دەنووستین. پێش ڕۆژهەڵاتن بەئاگای دەهێنامەوە. کچی خودا بگەڕێرەوە سەر جێگەکەت.

فرمانەکان توندوتیژ بوون. نووستن کاتی دیاریکراو و زەنگی خۆی هەبوو. لەدوای نووستنەوە کەس بۆی نەبوو جێگەکەی



Scanned by CamScanner

جێ بهێڵێت. گەر دووان لە جێگەکەیەکدا بەیەکەوە بگیرانایە ئەوە سزاکەی توند بوو. ژووری سزادان لە تارمەکەی پشتەوە بوو. لەبارەیەوە چیرۆکی ترسناکم بیستبوو. لەبەردەم دەرگاکەیدا پیاوێکی پتەوی درێژ وەستاوە. سەری مووی پێوە نییە و لەبەر خۆرەکەدا دەبریسکایەوە. ڕوخساری پان و مویەکی زۆری پێوە بوو. چاوەکانی بچووک و لێڵ. تەسبیحێکی زەرد بە دەستی ڕاستیەوە و دارێکی درێژیش بە دەستی چەپیەوە.

شەو خوشکەکەم باوەشی پێدا دەکردم. بە دەنگێکی هێمن و شاراوەوە چیرۆکی دایکی بۆ دەگێڕامەوە. خودا لە خەودا سەردانی کردووە و وەک مریەمی پاکیزە دووگیان بووە لێی. جلێکی فراوانی پۆشیوە تا بەرزی سکی بشارێتەوە. شەو دوای ئەوەی خەڵکی نووستون بوویەتی بەڵام چاوەکانی ئیمام بینیویەتی. بە گوریسەکان بەستوویانەتەوە و ڕەجمیان کردووە بەرد لەدوای بەرد. کاتێک باوەشم پێداکردبوو پێموت: گەر خودا هۆکارەکە بوبێت ئیتر بۆچی دەیکوژن؟ نعمەت الله وەڵامەکەی نەدەزانی. خەو زۆری بۆ دەهێنام پێش ئەوەی وەڵامەکە بزانم. لە خەونمدا خودام لە شێوەی پیاوێکدا دەهاتە پێشچاو. لە تاریکییەکەدا وەستاوە و دەستی چەپی خستوەتە پشتیەوە. سەری بێ مووی لەژێر تیشکی خۆردا دەبریسکایەوە و ڕوخساری موویەکی زۆر دای پۆشیبوو. چاوەکانم نوقاوە و جەستەم لەژێر بەتانییەکەوە دەلەرزی. دەستی چەپی لە پشتەوە دەجووڵێنێت. لەبەردەممدا بەرزی دەکاتەوە و پەنجەکانی دەکاتەوە. داری بەدەستەوە نییە. بە دەنگێکی نەرم دەچرپێنێت وەرە کچی خودا. لێم نزیک دەبووەوە تا دەستی لێ دەدام. هەست بە لەپە گەورە بەسۆزەکەی دەکەم، پێستی وەک سنگی دایک نەرمە. سەرم

دەخستە سەر سنگی و چاوەکانم لێک دەنا، بە دەستەکانی دەیدا بەسەر ڕوخسارمدا و دواتر بۆ سەر سنگم و سکم. هەژان و لەرزینێکی سەیرم پێدا هات. بە دەنگێکی هێمن چرپاندی: مەترسە من خودام و مەسیحت دەبێت.

لەخەو بەئاگا دەهاتم و دونیا تاریکە. جەستەم لە عەرەقدایە و بەرامەی خودای لێدێت. هێشتا هەژان و لەرزینەکە بەردەوامە. دەستم بەرەو سکم دەچێت و هەستی دووگیانی بوون وەر دەگرم. شتێک لە ناخمدا وەک کۆرپەیەک دەجووڵێت. دڵی لەژێر دەستمدا وەک دڵی من لێدەدات. تاریکییەکە چڕە و ڕۆژ نەبووەتەوە. تیشکێکی کەم لە درزەکانی پەنجەرەکەوە دێتە ژوورەوە. سەقفەکە بەرزە و ڕەنگی خۆڵەمێشییە. وایەرێکی کارەبای لێوە شۆڕ بووەتەوە، بەسەر وایەرەکەوە مێشێکی ڕەشی نەرم هەیە. سەری منداڵەکان ڕەش و بچووک لەژێر بەتانییەکەوە هاتوونەتە دەرەوە. خوشکەکەم نووستووە و قژی ڕوخساری داپۆشیوە. چاوەکانم لێک نا تا بنووم. بەرامەی خودا لە لووتمدایە. دەنگی وەک چرپە لە گوێمدایە. دەستی لە پشتیەوەیەتی، بەڵام من چیتر نەدەترسام، چونکە ئەو داری پێ نییە و دەستیشی وەک سنگی دایکم نەرمە. هێشتا بە هەنگاوی هێواش لێم نزیک دەبێتەوە. لەژێر تیشکەکەدا ڕوخساری دەر دەکەوێت. ئەو ڕوخسارە نەبوو کە بینیبووم. چاوەکانی سوورن و پریشکی تێدایە و پەنجەکانی دەستی زبر و ئاسنینە کاتێک لە گەردنمەوە دەئاڵێت. هەوڵ دەدەم هەڵبێم و جەستەم بە زەوییەوە بەستراوە. دەمم دەکەمەوە تاکو دایکم بانگ بکەم. دەنگم دەر ناچێت، دەنگدانەوە لە گوێچکەمدایە.

ئەم دەنگە چییە؟ ڕۆکێتەکانی جەژنە؟ هەلهەلەکێشانە یان هاوار؟

# ڕوخساری پاپای گۆن

بە گوێی خۆم دەنگی تەقەکانم بیست و بینیم ئیمام کەوت. ڕوخساری بە ئاسماندا هەڵواسرابوو و تیشکی خۆری تێدا پێچەوانە دەبووەوە. دەنگەکە هەروەها دەنگی هەورەگرمە وا بوو و دواتر گۆڕا بۆتیشکێکی نەوەوی. وای لێ هات ڕوخساری بەرەو زەوییەکە سووڕا بە ڕەنگی خۆڵ. لەسەر شانۆکە وەک ڕوخساری خودا ڕوخساری پرشنگدار بوو. لە کاتی کەوتنەکەدا هەڵگەڕایەوە و ڕەنگی وەک ڕوخساری شەیتان تاریک بوو. من پێشتر ڕووبەڕوو شەیتانم نەبینیبوو، بەڵام لە خەون و چیرۆکەکانی داپیرە بینیبووم. هەموو پێش زەنگی نووستن لەدەوری کۆ دەبووینەوە. چیرۆکی سەبارەت بە شەیتانەکان و ڕۆحی جنەکان بۆ دەگێڕاینەوە. من ئەوکات هێشتا لە خانەی منداڵان بووم. ڕوخساری باوکم و دایکم نەدەزانی لە خەوندا ڕوخساری خودام بە دوو دیو دەبینی دیوێکیان نەرم وەک سنگی دایکم و بە دیوەکەی تردا ترسناک و موو دای پۆشیبوو. هەمیشە لە شێوەی پیاودا دەمبینی. یەکەمین



Scanned by CamScanner

پیاو کە لە ژیانمدا بینیم. منداڵەکان پێیان دەوت (پاپا) لەناکاو دەر دەکەوت. نەمدەبینی لە هاتن و چوونە دەرەوەی دەرگاکەی دەرەوە. لە ناوەڕاستی تارمەکەدا دەوەستا و قاچەکانی کرابوونەوە وەک ئەوەی زەوی لەت بوو بێت لێوەی هاتبێتە دەرەوە یان لە ئاسمانەوە کەوتووەتە خوارەوە. ماسوولکەکانی ڕوخساری نەدەجووڵان. سەری مووی پێوە نەبوو لەژێر تیشکەکەدا دەبریسکایەوە. ڕوخساری موو دای پۆشیبوو و ڕیشی درێژ بوو. کراسێکی سپی لەبەردابوو لە سنگەکەیدا کرابووەوە. لە ئێخە کراوەکەی کراسەکەوە مویەکی زۆری ڕەش هاتبووە دەرەوە. ئێسکەکانی سنگی گەورە و مەمکەکانی پان و ماسوولکەکانی توند و بێ گۆشت. لەسەر هەر مەمکێک خاڵێکی ڕەشی وەک گۆیەکی پوکاوە هەیە لەو دیوی کراسە تەنکەکەوە دیارە. پشتێنێکی پانی لە پشتە لەسەر ناوکی بەستراوە. دوو سمتی لیوکاوە لەنێو پانتۆڵەکەیدا. ئێسکەکانی قاچەکانی بەرز و کەوانەیی لەژێر ئەژنۆکانیدا. ڕانەکانی توند وەک ڕانی پڵنگ لەکۆتایی سکیدا بەیەکەوە نووساون لە بەرزییەکی وەک دومەڵ بە قەبارەی لیمۆیەک.

دەستی چەپی بەبێ گۆچان نەدەبوو. دەستی ڕاستیشی قۆڵی منداڵێکی کچ یان کوڕی پێ بوو. بەدوای خۆیدا ڕایدەکێشا بۆ ژووری سزادانەکە. دەرگاکەی لەسەر دادەخست و دەگەڕایەوە بۆ تارمەکە. لەسەر کورسییە حەیزەرانەکە دادەنیشت و منداڵەکانی بانگ دەکرد. لەسەر کورسییە تەختەکان لەدەوری کۆ دەبوونەوە. وانەی ئایین دەستی پێ دەکرد. بە دەنگێکی هێمنی گڕ دەیخوێندەوە. بە دەستێکی گۆچانەکە و دەستەکەی تری کتێبی خودا. ﴿قل اعوذ برب الفلق من شر ما خلق ومن شر غاسق اذا وقب ومن شر النفاثات في العقد﴾. چاوەکانم لێکدەناو دەنووستم. لە خەونمدا نفاثاتم دەبینی

لە شێوەی هەڵۆی ڕەشدا لە ئاسمان. لە دەنگەکەی کە وەک دەنگی فڕۆکەی هەوایی وا بوو بەئاگا دەهاتمەوە دەیپرسی: سزای دزیکردن چییە؟ منداڵەکان هەموو بە یەک دەنگ هاوار دەکەن و دەڵێن: دەستبڕین. ئەی سزای زینا؟ لە تارمەکەدا دەنگمان دەزرنگایەوە: ڕەجمکردن بە بەرد تا مردن. ئیتر بێدەنگی باڵ دەکێشێت تا ئەو ڕادەیەی گوێمان لە هەناسەکانی یەکتر دەبێت. نعمەت اللە لە تەنیشتمەوە دانیشتووە. بە دوو چاوەوە سەیرم دەکات کە جێگەی هەموو ترسی دونیایان تێدا دەبێتەوە. زینا چییە؟ چاوم لێک دەنا و بێدەنگ دەبووم و خۆم بە خەو دەدزییەوە. پاشان لە دەنگی بەئاگا دەهاتمەوە کە دووبارە دەیخوێندەوە: (قل هو الله احد، الله صمد، لم یلد ولم یولد، ولم یکن لە...) نعمەت اللە لێم نزیک دەبووەوە تا سەری بە سەرمەوە دەنووسا و بە گوێمدا دەیچرپاند: ئەی خودا مەسیحی لێ نەبووە؟

دەنگی وەک هەناسەدانەوەیەک هێمن بوو، بەڵام چاوە لێڵەکانی سووراند بە لاماندا و بە دەنگی بەرز وتی: ئەوە کێ بوو قسەی کرد؟ ئیتر هیچی ترم نەبیست دەنگی گۆچانەکە نەبێت لە هەوادا شەقەی دەهات. مەڕی جەژنم بینی لە قاچەکەنیدا بەستراوەتەوە بە زەوییەکەوە. قاچی ڕادەکێشا و هەوڵی دەدا خۆی ڕزگار بکات و بە دەنگێکی بەرز باعەباعی بوو. چاوەکانی منداڵەکان بەدزییەوە بەرەو لای مەڕەکە دەچوو. گوێچکەکانیان دەنگە هێواشە گرەکەی دەبیست کە چیرۆکەکەی دەگێڕایەوە. لە خەودا خودا سەردانی باوکەکەی کردووە و فرمانی پێ کردووە کە کوڕەکەی سەر ببڕێت. باوکەکەش ملی کوڕەکەی گرتووە و چەقۆی خستووەتە سەر.

منداڵەکان لەسەر کورسییە تەختەکان خۆیان گرمۆڵە کردبوو و

چوبوونە ناو یەکەوە... گۆچانە درێژەکەی وەک چەقۆ دەبریسکایەوە درێژبوو و لەسەر ملی (فزل اللە) گیرسایەوە. وەک کۆرپەیەک چووەتەوە ناوخۆیی و لەتەنیشت منەوە دانیشتووە. دەستی لە دەستمدایە، سارده وەک بەفر و نینۆکەکانی شین هەڵگەڕاو. ئەژنۆکانی لەسەر کورسییە تەختەکە بەرز و ڕووت. بە لێوارێکی دشداشەکەی هەوڵی داپۆشینی دەدا. خوێن لە ڕوخساریدا نەمابوو. کورسییە تەختەکە لەژێریدا دەلەرزی. دەنگەکە وەک دانەچیرکە وا بوو بەهۆی سەرماوە. دەسیم گرت و بە دەنگێکی هێمن و نەبیستراوەوە پێم وت: کوڕەکە چی کردووە و بۆچی باوکەکە سەری دەبڕێت؟ بەڵام گوێی لێم بوو. گوێی لێمان دەبوو پێش ئەوەی هیچ بڵێین و ئێمە نەماندەبینی و ئەو دەیبینین. بە دەنگە بەرزەکەی هاواری کرد: باوکەکە لە خوداناپرسێت بۆچی و کوڕەکەش بەباوکی ناڵێت بۆچی. گوێڕایەڵی خودا ئەرک و گوێڕایەڵیی باوک یان مێردیش لە گوێڕایەڵیی خوداوەیە.

گۆچانەکەی لەسەر ملی فزل اللە هەڵگرت و بە سەرە گرنجەکەی ئاماژەی بۆ مەڕە بەستراوەکە کرد و وتی: ئەمە قوربیانی جەژنی قوربانە سەری دەبڕین و گۆشتەکەی دەخۆین، لەبەر ئەوەی گەورەمان ئیبراهیم گوێڕایەڵی خودای کردووە، هەروەها لەبەر ئەوەی ئیسماعیل گوێڕایەڵی باوکی بووە. ئیتر وانەی ئایین کۆتایی هات. وەک چۆن دەر کەوت لە تارمەکە ون بوو. فزل اللە لە شوێنەکەی هەڵنەسا لەسەر کورسییە تەختەکە. قاچەکانی وەستاوە. سەری لەنێوان ئەژنۆکانیەتی.

زەنگی نووستن لێیدا. لەسەر کورسییە تەختەکە هەستام و لەگەڵم (فزل اللە)ش هەستا. دشداشەکەی لەدواوە پێوە نووساوە و

شوێنەکەی لەسەر کورسییەکە تەڕە. بە لەپی دەستم و پێش ئەوەی کەس ببینێت سڕیم. بۆنی میز هاتە بەر لووتم. بە دشداشەکەم دەستم سڕی و چوومە تەوالێتەکان. لە پەنجەرەکەوە و لە دوورەوە ژووری سزادانم بینی و لە پشتیشیانەوە گومەزی کلێسا و منرەی مزگەوتەکە دیار بوو. درەختێکی گەورە تیشکەکەی گرتبوو و سێبەرێکی ڕەش شێوەی دیوارەکانی شاردبووەوە و شێوەیەکی وەک خوداوەندی تێدا دروست کردبوو وەک ئەوەی لە جیهانێکی تردا بێت. دەرگاکەی تەختەیە و ڕەنگی زەردە، دەسکێکی کانزایی سپی هەیە کە چەند پەڵەیەکی ڕەشی پێوەیە وەک خوێنێکی کۆن دەر دەکەوێت.

چاوەکانم لەسەر دەسکەکە جێگیرە. نعمەت الله نەدەجووڵا و نەشهاتە دەرەوە. چاوەکانم لێکنا و نووستم و دواتر هەستام. هێشتا دەرگاکە داخراوە. فزل الله لە تەنیشتمەوەیە. نانەکەی لەژێر دشداشەکەیەوە دەر هێنا. بەرامەی نان هاتە لووتم. لە وانەی ئایینەوە هیچم نەخواردووە. دەستمان لە ملی یەکتر کرد و هەردوکمان لەسەر پەنجەرەکە دانیشتین. دشداشەکەی من بۆنی میزەکەی ئەوی لێ دێت. دشداشەکەی ئەویش بۆنی عەرەقی من. نعمەت الله لە ژووری سزادانەکە نەهاتە دەرەوە. بە دەنگێکی چرپە وتی: کە گەورە بووم دەیکوژم.

وەک ئەوەی گوێی لێمان بێت. زەوی قڵیشا و لەبەردەممانـدا بە درێژی و زەبەلاحی وەستا. ماسولکەکانی ڕوخساری گرژ بیوون. مووەکانی سنگی لە کراوەیی کراسەکەیەوە هاتووەتە دەر. ماسوولکەکانی سنگ پتەو و گۆی مەمکەکان قوت. قاچەکانی وەک دەمی مقەست کراونەتەوە. چاوەکانی لەسەرمان جێگیرە و ئێمەش

لەسەر پەنجەرەکە ڕاکشاوین. لووتی بۆن دەکات و کونە لووتە گەورەکانی پڕی مووی ڕەشە.

نۆرەی من هات و وەک ئەوەی خودا بێت خۆممدایە دەستی. وەک قەدەرم بۆ هەر شوێنێک بیەوێت ڕاپێچم دەکات. پاشان لە خەو بەئاگا هاتم. خۆمم لەسەر جێگەکەم بینییەوە و تەڕییەک لەژێرمدایە و دەزولەیەک بەسەر قاچەکاندا وەک عەرەق دەچۆڕێت. بە پەنجەم لەژێر بەتانییەکەوە هەستم کرد و پاشان لەبەر ڕووناکییەکەدا دەستم لە چاوەکانم نزیک کردەوە. پەنجەم بە خوێنی سوور تەڕ ببوو.

# تەنها یەک جار لە مێژوودا

لە پشتەوە گوللەکە لێی دام لەو کاتەی ڕام دەکرد و مەرزوقیش لەدوامەوەیە. پێشەوەی پیتەکان لەدەست بدەم و مێژوو ون بکەم. هەموو جلەکانم لەبەردا بوو. بینیم بە پەنجەکانیان ئاماژە بۆ ڕوخسارم دەکەن. ئەوە عەورەتە، وێڕای مردن جەستەم هەژا. وتم کێ ئەمەی پێ وتوون؟ وتیان ئەوە قسەی خودایە. وتم بەڵام قسەی ئەو نووسراوەتەوە و ئێوە نازانن بخوێننەوە. ماوەیەکی زۆر بێدەنگبوون. هەندێکیان سەیری هەندێکیتریان کرد. چاویان بۆ ئاسمان بەرز کردەوە. ئاماژەیان بۆ وێنەیەک کرد کە بەسەر کەوانی سەرکەوتنەوە هەڵواسرابوو. وتیان گەورەمان ئیمام خودای بینیوە و قسەکانی زانیوە. وتم ئەی ئیمام لەکوێ خودای بینیوە؟ وتیان لە خەوندا خودا سەردانی کردووە. پێش ئەوەی بیرم لەدەست بدەم، بەبیرمدا هاتەوە. وتم منیش خودا لە خەونمدا سەردانی کردووم. وتیان خودا سەردانی ئافرەتان ناکات و ناشچێتە خەونیانەوە. وتم خودا سەردانی مریەمی پاکیزەی کردووە و ئافرەتیشە. وتیان ئەوە



Scanned by CamScanner

تەنها یەک جارە لە مێژوودا و خودا دووبارەی ناکاتەوە. وتم خودا سەردانی پێغەمبەر محمدی کردووە و لە خەونیشدا خۆی پیشانی ئیبراهیم داوە ئیتر بۆچی سەردانەکانی بۆلای ئیمام دووبارە دەکاتەوە؟ ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوون. هەندێکیان سەیری هەندێکی تریانی کرد. چاویان بۆ ئاسمان بەرز کردەوە، وتیان: ئەو خودای بینیوە و ئەوان نەیانبینیوە.



Scanned by CamScanner

# سەرۆکی ئاسایش

تاریکییەکە چڕە وەک ئەوەی خۆر کوژابێتەوە. ئەویش بە ڕاکردن هەڵدێت و سەگەکەشی لەدوایەوە بە چوار پێ لەسەر خۆڵەکە. خۆڵەکە دەچێتە چاوی ئیمام کاتێک بەدوایدا ڕادەکەن و لەدواشیانەوە سەگەکانیان دەوەڕێت. سەرۆکەکەیان لەباشترین جۆرەکانی دەستەسڕ لە گیرفانی دەر دەکات و شووشەی چاویلکەکەی پێ دەسڕێت. لەو کاتەوەی ئیمام ئەو پۆست و نازناوەی پێ داوە ئەو چاویلکە ڕەشەی لەچاودایە و خەڵکی دەبینێت و خەڵکی ئەو نابینن بە چاوەکانی سەرنجی جووڵەی چاوەکانیانی دەدا و ئەوان جووڵەی چاوی ئەویان نەدەبینی، چونکە ئەو سەرۆکی ئاساییشە و ئەرکی پارێزگاریکردنە لە ئیمام و ئەندامانی حیزب الله. لە ڕیزی پێشەوەش لەلای چەپیەوە دەوەستێت و تەنها جەستەی خودی ئیمام لە شوێنی ئیمامی دوور خستووەتەوە. لای ڕاستیشەوە گەورە نووسەر دەبینێت وەستاوە لەتەنیشت نەیاری شەرعی کە قەڵەمێک لە گیرفانی سەرەوەی سەری دەرکردووە، چاوی چەپی لەسەر عەرشەکەیە و ڕاستیشی



Scanned by CamScanner

بەرەو تارمەی ئافرەتان. ڕیزی دووەمیش ڕیزی وەزیرەکانە کە شانەکانیان بەیەکەوە نووساوە دەست و قاچەکانیان لەسەر دڵیانە و لەپشتەوە بەستراونەتەوە، بیانییەکانیش بەبێدەنگی و ڕوخساری بریقەدار و پێڵاوی بریسکەوە وەستاون و ئافرەتەکانیشیان لە تەنیشتیانەوەن لە تارمەی ئافرەتان، گەورە ئافرەتانی دەوڵەتیش لەناوەڕاستیاندا هاوسەری شەرعی ڕوخساری فریشتەی پۆشێوە و نیشانێکی جۆری (وسامی شەرەف)ی لەسەر سنگە.

بە لاچاوێک دەبینێت سەرنجی گەرمی گەورە نووسەر دەدات و ئەویش تێڕوانینەکانی لەگەڵ ئاڵوگۆڕ دەکات. ئیمامیش چاوەکانی بەرەو خودایە. نەیاری شەرعیش چاوی چەپی لەسەر عەرش و چاوی ڕاستیشی لەسەر سەرۆکی ئاساییشە. خەندەکانیان دەگۆڕیەوە و شەوێش پێکی دڵسۆزی و هاوڕێیەتیان هەڵدەدا. دوو هاوڕێی دژ، یەکێکیان لە حیزب الله و ئەویتریان لە حزبی شەیتان، هەردوکیشیان شەرعین و ویستی باڵا هێناونیەتیە بوون. وەک دوو برای زڕ دایکیان یەکە و باوکیان دووانە دوو دوژمن کە قین و خۆشەویستیی یەک ئافرەت کۆی دەکردنەوە.

من لە ڕیزی پێشەوە وەستابووم و هاوارەکان و دەنگی تۆپەکانی جەژن دەنگی دەدایەوە ئیمام بەرەو ئاسمان وەستاوە و منیش لەژێر چاویلکە ڕەشەکەمەوە سەرنجی چاوی خەڵکەکە دەدەم. جووڵەکانم هەڵدەگرتەوە پێش ئەوەی بکەون و سەرنجی دەستەکانم دەدا پێش ئەوەی پەنجە بەرزبکاتەوە و بینێت بە پەلەپیتکەکەدا. یەکە بە یەکە ڕوخسارەکانیان دەناسم سەریان دەبینم لەنێو سەرەکاندا جیایان دەکەمەوە. ڕوخسارەکانیان لە چاوی مێزەکەمدا لەنێو فایلەکاندایە بە پیاوان و ئافرەتانیانەوە. بینیم لەپشتەوە وەستاوە و سەری لەو دیوی ئەو سەرەی

بەردەمی دەشاریتەوە. دەستبەجێ ناسیمەوە. ڕوخساری بزڕکا و باریک وەک ڕوخساری دایکی زانیەی کچی زانیە ناجوولێت تەنها لە ژێرەوەی زەویدا نەبێت و لەگەڵ حیزبە نهێنییەکان و نەیارە نا شەرعییەکان. هەژارە و تەنها جەستەی شک دەبات. تەنها بە نرخی خواردنی دەیفرۆشێت جارێکیان کە گەنج بووم چوومە لای. کچێکی بچووکی وەک منداڵ. پێش ئەوەی جێمی یەکەم دەست پێبکەم وتی قروشەکانت دەرکە. وتم ئایا متمانەم پێ ناکەیت؟ وتی تۆ لەو جۆرانەی کە لە عەرەقی ئافرەتان دەخۆی. زمانم بەسترا چۆن ئەو منداڵە بێ پەردە ڕاستییەکانمی زانیوە. قروشەکانم لە گیرفانم دەر کرد و خستمە چاوی مێزەکەوە. چەندجارێک چوومە سەری تا ماندوو بوو، نووست. دەستم بردە ناو چاوی مێزەکە و هەرچی پارەی هەبوو بردم و پێش ئەوەی بەئاگا بێتەوە هاتمە دەرەوە. ساڵ لەدوای ساڵ قروشەکانم کۆ کردەوە و خانوویەکی سێ نهۆمیم بە قوڕی سوور دروست کرد. هاوسەرگیریم لەگەڵ کچی وەزیر کرد و چوومە ناو حیزب اللە. پێش هاوسەرگیری هاوسەرەکەمم نەبینیبوو. باڵاپۆشێکی پاکیزەیە خۆی پیشانی پیاوان نادات. لەسەر داوای وەزیر و سوننەتی خوا و پێغەمبەر هاوسەرگیریم لەگەڵ کرد. بە مارەییەکی زۆر کڕیم و دوای ئاهەنگێکی گەورە و بە ئامادەبوونی ئیمام گواستمەوە. سەرچەفی گواستنەوەکە بەخاوێنی مایەوە. وتم کەسێک پێشم کەوتووە و هەواڵە بە خودا بێت. شەرەفی وەزیر لەسەروو شەرەفی منەوەیە و خوداش غەفور و ڕەحیمە و کەس لەسەروو ئەوەوە نییە. لێم دا تا دانی بە گوناهەکەیدا نا و پاشان لێی خۆش بووم وەک چۆن خودا خۆش دەبێت. من بوومە پەرستراوی ئەو و جێگەی سەری لە نزیکی قاچەکانم بوو. ئەو موڵکی منە



Scanned by CamScanner

و مـن هیـی ئـەو نیـم ڕەتـی دەکەمـەوە و عاشـقم دەبێـت منیـش تەنها عاشقی ئـەو کەسـانەم کـە ڕەتـم دەکەنـەوە. گوێـم لـێ دەبوو دایکـم بـە باوکمـی دەوت: لەسـەر زەوی تـۆ سـێبەری منـی گـەر لێت هەڵبێـم دوامدەکەویـت و بەدوامـدا ڕادەکەیـت. گوێشـم لێبـووە کـە ئیمـام دەیـوت: تەنهـا ئـەو شـتە سـەرقاڵم دەکات کـە کەسـێک بـێ ئـەوەی فرمـان بـدەم بـەو کارە بێفرمانـی فرمانەکانـم دەکات. لەپشـتی چاویلکـە ڕەشـەکەمەوە سـەرنجی چاوەکانیـم دەدا بـەرەو ئـەو دەچـوون لـەو کاتـەی لـە ڕیزەکـەدا وەسـتاوە. چاوەکانـی پـڕی ڕەتکردنەوەیـە و چاوەکانـی ئەویـش پـڕی عەشـقە. بـە خۆمـم وت تەنهـا ئـەو دەتکوژێـت و لـە مێـژوودا هیـچ کام لـە گەورەتریـن پادشـاکان نەکەوتـووە گـەر هۆکارەکـەی ئافرەتێکـی دۆڕاو نەبووبێت.

# هاوسەری شەرعی

هاوارەکان دەنگیان دەدایەوە (خوات لەگەڵ) گوێچکەی کە دوو پارچە ئەڵماسی پێوە شۆڕ بووەوە دەلەرییەوە و لەدەوروبەری ملیۆنان تیشکی پەرش کردبوو. گەردنیشی سپی وەک شووشە ملوانکەیەکی ئەڵماسی سووری بە پێنج قەدی تێوە ئاڵابوو. لەسەر سنگیشی نیشانەکەی لە جۆری وسام وەک خۆر تیشکی پەخش دەکرد. پەنجەکانیشی پڕبوون لە مستیلە و بەردی بەنرخ و شووشە وەک چۆن ئاسمان ئەستێرەکان ڕووناکی دەکەنەوە بەو شێوەیە تیشک و بریسکەیان دەهات. ئەو لە تارمەکە وەستابوو و ئافرەتانی گەورە پیاوانی دەوڵەتیش لە دەوری بە ڕوخساری پڕ و جلوبەرگی حەریری و گرانبەها و عەورەتەکانیان لەژێر حیجابێکی ڕەشی لە باشترین جۆرەکانی قوماشدا شاردبووەوە. لەو کاتەی لەتارمەکە وەستابوو ڕووی لە ئیمام بوو و ئەویش ڕووی لە خودا بوو. لەژێر پەراسووەکانیەوە دڵێک لێی دەدات و لەسەر دڵیشی لەژێر مەمکەوە خاچێکی لە چەرم دروستکراو کە



Scanned by CamScanner

مەسیحی بە بزمار پێدا داکوتراوە. دەستی بەرز کردەوە و وەک نزایەک هێمای سێگۆشەی کێشا. باوک و کوڕ و ڕوحی پیرۆز. لە دوژمنەکانی بیپارێزە خاتونی پاکیزە. استغفرالله. ئەی خودا و پێغەمبەر بیپارێزە، چونکە من لەپێناو خۆشەویستیدا مەسیحم جێ هێشتووە. ناوی خۆم و باوکم و کەسوکار و نیشتمان و ئایینم وازلێهێنا و هەموویانم کردە دەریاوە. زۆر ماندوو بووم لە شۆرینی قاپ و قاچاخ لە شەمەندەفەرەکان هەناسەم دەدا و هەوایەکم هەڵدەمژی کە ملیۆنان کەس پێش من هەڵیان مژیوە. بە ڕوخسارەکاندا خەندەم دەکرد و کەس خەندەی بۆ من نەدەکرد. هەموو ڕۆژانێکی یەکشەممان دەچوومە کڵێسا و داوام لە مەسیح دەکرد لە هەژاری ڕزگارم بکات. بیست ساڵ نە باوک و نە کوڕ و نە ڕوحی پیرۆز ڕزگاریان نەکردم. پاشان ئیمام هات و ڕزگاری کردم. بینیم لەسەر عەرش دانیشتووە و لە یەکەم بینینەوە کەوتمە خۆشەویستی. هەڵی گرتم و سەرم بەرەو ئاسمان بەرز بووەوە و زانیم کە بەهەشت لەسەر زەوییە. بڕوام بە خودا و پێغەمبەر هێنا. باخچەکان و کۆشک و خزمەتکار و بەردەست و ڕووبارەکانی هەنگوین و مەی. سەرم بەرز دەکردەوە و سەرانی دیکەش لە دەورم نزم دەبوونەوە. بە ڕوومدا خەندەیان دەکرد و من نەمدەکرد. بەبەردەم وەزیرەکاندا دەڕۆیشتم و تیشکەکانیش لە دەورم. نەخۆشخانەکان و لانی منداڵان دەکەمەوە. ناوەکەم لە مێژوودا بە پیتی بریقەدار هەڵکۆڵراوە. هاوسەری ئیمام هاوشێوەی نییە لەسەر عەرش و هیچ ئافرەتێکی پێناگات نە لە جوانی و نە لە زانست و نە لە بوون.



Scanned by CamScanner

خـودات لەگـەڵ. هێشـتا هـاوارەکان لـە گوێچکەکانیدایـە و ڕووی لـەوە و ئـەو ڕووی لـە شـوێنێکی دیکەیـە. تۆپەکانـی سـەرکەوتن لـێ دەدرێن و لەگـەڵ هـەر تەقاندنێکیدا دڵـی لێدەدات. سـەکۆی ڕۆکێتـەکان بەسـەر سـەریدا دەڕۆن وئەویـش تەنهـا کڵاوێکـی شـاش و تەنکـی ئیمامـی لەسـەرە. سنگیشـی ڕووتـە بـێ کراسـی درعـی پارێـزگاری. لەسـەر سـەکۆی شـانۆکە بـێ پارێزگاریکـردن وەسـتاوە تەنهـا خـودا و پێغەمبـەر دەیپارێـزن. لـە هەمـوو ناهەمواریيـەک بیپارێـزە خاتـوو مریـەم. زمانـم تێکەڵبـوو (اسـتغفرالله) م کـرد. زمانـی نـاوی خـودا و پێغەمبـەر دەهێنێـت و دڵیشـی مەسـیح. خودایـە لـە دوژمنانـی بیپارێـزە. لـە حەسـودەکان و لـە شـەڕی (نەفاثـات فـی العقـد) بـە تایبەتییـش لـە هاوسـەرە کۆنەکـەی. لـە پشـتی ڕیزەکانـەوە خـۆی شـاردوەتەوە و لـە دشداشـەکەیدا کاغەزێکـی نوشـتاوەی جـادووو لـە شـێوەی دوعـادا لەسـەر سـنگێتی. داواکارە لـە خـودا بیـکات بـە مەیمـوون. خودایـە لـە داوی ئافرەتـان بیپارێـزە داوی ئافرەتـان گەورەیـە (ان کیدهـن عظیـم)، بـۆ کچـە بچووکەکەشـی لەوەتـەی لەدایـک بـووە خوازیـاری مردنێتـی. سـەری لەنێـو سـەرەکانی دیکـە دەشـارێتەوە و بـە دەسـتی چەپیشـیەوە شـتێکی درێـژی پێیـە وەک ئامێرێکـی کوشـتن وایـە.

لێدانەکانـی دڵـی لەگـەڵ هاوارکێشـانەکان دەنـگ دەداتـەوە. ئـەم دەنگـە چییـە؟ دەنگـی گوللەیـە؟ بـە چـاوە شـینەکانی وەک ڕەنگـی دەریـا دەبینێت لەنـاکاو ڕوخسـاری لـە ئاسمانەوە دەکەوێتـە سـەر زەوی و ڕوخسـارەکانی دەوروبەریشـی ون دەبن و تۆز و خۆڵ ئـەو نـاوە دەتەنێـت. چاوەکانـی دەکاتـەوە تـا لـە خـەو هەسـتێت



Scanned by CamScanner

بەڵام چاوە شینەکانی ئەو کراوەن. نەنووستووە و دانەنیشتووە و کورسی عەرشیشی لەژێردا نییە. بە هەمان شێوە ئەویش ونبوو. یان سەری بەرەو خوار هەڵگەڕاوەتەوە و هەر چوار پێیەکەی بۆ سەرەوە. وێنەی خاچم لەسەر سنگی کێشا. ئەی دایکی پاکیزەمان مریەم چی ڕووی داوە؟ کاتێک ڕوخساری دایکی بینی بە قەبارەی خۆر چاوەکانی لێک نا: دایک و کوڕ و ڕوحی پیرۆز. خودایە پەنا بە تۆ ئەگرم: باوک و کوڕ و ڕوحی پیرۆز.



Scanned by CamScanner

# خودا لەگەڵ ئیمامە

بـە گوێـی خـۆم دەنگـی تەقەکانـم بیسـت و چـاوم هەڵبڕیبـوو بـۆ عەرشـی ئاسـمان. تەنهـا هێنـدەی چاوتروکانێـک لـە عەرشـی ئاسـمان بێئـاگا بـووم. ئـەو بێئاگابوونـەی قۆسـتمەوە و تەقـەی کـرد. ڕوخسـاریم نەبینـی و بـە تـەواوی نەمزانـی کێیـە. یەکێـک لـە ئەندامانـی حیزبـی شـەیتان. ڕوخسـار بـە ڕوخسـاریان و سەرۆکەکەشیان دەناسـم. بێکەڵک و لەبیرکـراو بـوو لـە تاریکیـەوە دەرم کـرد بـۆ ڕۆشـنایی. لـە هیچـەوە دروسـتمکرد و فرمانمکـرد بـووە سـەرۆکی نەیاری شـەرعی. پێـم وت دژی هەمـوو بڕیارەکان بوەسـتە بڕیارەکانـی مـن نەبێـت، چونکـە مـن تەنیـا فەرمانـڕەوام لەسـەر زەوی و سـەرۆکی باڵای (حزب اللـە) م. و تـۆش کۆشـکێکت هەیـە لـە مەیدانـی ئازادی و بڕە پارەیەکـی مانگانـە و ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانـە و کورسـییەکیش لـە ئەنجومەنـی شـورا و پارلەمـان.

بینیـم ڕووی لـە ڕۆژهەڵاتـە و خەندەیەکـی کـرد. لـە قوتابخانـە هاوڕێـم بـوو. چاوەکانـی لێکدەنـا و خەونـی بـەوەوە دەبینـی وێنەکانـی لـە لاپـەڕەی یەکەمـدا بـڵاو بکرێتـەوە. خەونێـک هەمـوو

ڕۆژێک دووبارە دەبووەوە. منیش وەک ئەو هەمان ئەو خەونەم دەبینی. لاپەڕەی یەکەمیش تەنها وێنەی سەرۆکەکان یان سەرۆک حیزبەکان یان پیاوکوژەکان و زۆڵەکانی بڵاو دەکردەوە. لە قوتابخانەش لە تەنیشت منەوە دادەنیشت و پانتۆڵەکەی لە خوریيە گرانبەهاکان بوو. منیش پانتۆڵەکەم لە پشتەوە کونێکی تێدا بوو بە دەستم دەمشاردەوە. باوکم جووتیارێکی هەژار بوو خەونی پێوە دەبینیم بوومەتە پاسەوان لە دیوانی ئیمام. باوکی ئەو دەوڵەمەند بوو بۆ خوێندن گەشتی کردبوو بۆ ئەو دیوی دەریاکان، زمانی بیانی فێر ببوو و قاتی ئەفەندی لەبەر کردبوو. ئافرەتێکی کردبووە هاوسەری خۆی بڕوای بە مەسیح هەبوو و عەرەبیشی نەدەزانی. قژ زەردێکی قاچوقول سپی گۆشتەکەی وەک حۆرییەکانی بەهەشت سپی دەچووەوە. بە چاوێکی تینو سەیرم دەکرد وەک ئەوەی لە ژیانیدا ئافرەتی نەبینیبێت.

زۆرێکم لە ئافرەتان ناسیوە، بەڵام وەک پێستی جەستەم هەژاری تەنیومی و ترسیشم لە برسێتی وای لێ کردووم چەند بخۆم تێر نەبم هەر چەندیش داهاتوو مسۆگەر بکەم، ناچیتە سەر. هەموو ڕۆژێکیش وێنەکەمم دەبینی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکرایەوە. لە هەموو شوێنێک لەژێر ڕووناکییەکاندا هەڵواسراوە. چاوەکانم لێک دەنێم تا خەونە کۆنەکەم بۆ بگەڕێتەوە. ئەویش ئەوەیە کە لەسەر عەرشی زەوی و ئاسمان دانیشم. لە منداڵیمەوە نووستووم و خودا دەبینم. ڕوخسارێکی وەک باوکمی هەیە پڕی گرنجگرنجییە. هێڵی زەمەن و ئاوڵەی کۆنی پێوەیە، لەسەر بیلبیلەی چاوی چەپی خاڵێکی سپی هەیە. دشداشەیەکی جووتیارانەی لەبەردایە و کڵاوێکی تەنکی شاشی خوريی لەسەرە. بە دەنگی گڕی باوکانە بانگم دەدات ئیمام،



Scanned by CamScanner

منیش دەڵێم بەڵێ خودایە. ڕزقێکی زۆرت لەم دونیا و ئەو دونیاش پێ دەدەم بەبێ ئەژمار، بەلام بە مەرجێک. منیش دەڵێم چییە خودایە؟ دەستیم بۆ درێژ دەکات و شتێکی تێدایە. پەنجەکانی دەکاتەوە و تەسبیحێکی دەنکزەرد دەبینم. سی و سێ دەنک. گەر تەنها دەنکێکی سێ جار بسووڕێنیت ئەوا ژمارەی دەبێتە نەوەد و نۆ. لەگەڵ هەر دەنکێکیدا یەکێک لە ناوەکانم بێنە. ئەوە فرمانی منە. هەر کەسێکیش لێی پرسیت ئەمە چیە. ئەوا لە گیرفانێکی درێژی دشداشەکەی شمشێرێکی بریسکەداری دەر کرد کە خەریک بوو نووکەکەی بچێت بە سنگمدا گەر کەمێک نەچوومایەتە دواوە و لەو جووڵەی چوونە دواوەیەم چاوم کردەوە و لە خەو بەئاگا هاتم. دایکم ڕوخساری بینیم بزرکاوە و خورپەیەک لە دڵمدایە. وتی ئەوە چیتە کورم ڕوخسارت بۆ وای لێ هاتووە؟ پێم وت خودام بینی وتی خودا خێر ئەی بۆچی دەلەرزیت؟ وتم شمشێرێکی پێ بوو و خەریک بوو تێم هەڵچەقێت. تفێکی کردە ئیخە کراوەکەی دشداشە ڕەشەکی و وتی ئەوە شەیتان بووە و خودا نەبووە. هەستە و خۆت پاک بکەرەوە و نوێژ بکە تا خودا لێت خۆش بێت.

دایکم نوێژی بەیانی دەکرد پێش ئەوەی بچێت بۆ کێڵگە و ئێوارانیش بۆ نوێژی عیشا دەگەڕایەوە. نەمبینیبوو باوکم تەنها یەک رکات نوێژ بکات و لە ڕەمەزانیشدا دەیخوارد و دەیخواردەوە و نێرگەلەی دەکێشا و شەوەکانیشی بە نایەکسانی لە نێوانی چوار هاوسەرەکەی دابەش دەکرد. سێ شەوی دەدا بە کۆتا هاوسەری و تەنها شەوێک بە دایکم. گوێم لێی بوو دەیوت خودا لە هەموو گوناهەکان دەبورێت تەنیا هاوەڵ بۆ پەیداکردن نەبێت. تەنها خودایەک هەیە لە ئاسمان و تەنها فەرمانڕەوایەکیش

هەیە لەسەر زەوی ئەویش ئیمامە. پێش ئەوەی بمرێت سەردانی گۆڕی پێغەمبەری کردووە و دوای ئەوەی لە مەککە گەڕایەوە عەبایەکی دەپۆشی لەجیاتیی دشداشە لەبەر بکات. گوێم لێی بوو دەیوت سەردانکردنی گۆڕی پێغەمبەر هەموو گوناهەکان دەسڕێتەوە و هیچی نامێنێتەوە. ئیدی باوکم بە پاکی و بێ گوناه مرد. پێش ئەوەشی دایکم بمرێت پێم وت بۆ سەردانێکی گۆڕی پێغەمبەر ناکەیت تا لە بەهەشت بگەیتەوە بە باوکم. وتی باوکت هەموو بەرهەمەکەی فرۆشت و هیچی پێنەدام. نرخی بلیتی چوون بۆ مەککەم پێ نییە. ئیتر دایکم گوناهەکانی نەسڕدرانەوە. بە لەپی دەستی فرمێسکەکانی سڕی و وتی کوڕم گەر خودا دەروازەکانی ڕزقی لێ کردیتەوە ئەوا بلیتێکم بۆ بکڕە بۆ سەردانیکردنی گۆڕی پێغەمبەر. وتم ئەمە بەڵێن بێت دایە لەبیری ناکەم. ئیتر بەڵێنەکەش و ڕوخساری دایکیشم بیر چوەوە. ساڵ لە دوای ساڵ تێپەڕی و ماوەی بیست ساڵ دایکمم نەبینی. ئەو لە خانوویەکدا دەژی لەوپەڕی باشوور. منیش سەرم بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوە. تەنها خودا و ئەندامانی (حزب اللە) م دەبینی. بیرم چوبووەوە کە حیزبی شەیتانیش هەبوو. گەر فرمانی خۆم نەبوایە ئەوا نە بوونی دەبوو نەشەرعیەتیش. بە خۆمم وت گەر شەیتان نەبێت لەنێوانی خەڵکیدا ئەوا ترس نەدەبوو. گەر ترسیش نەبێت ئەوا هیچ فەرمانڕەوا و ئیمامێک لەسەر عەرش نەدەما، ئەویش لە ئەنجومەنی شورا ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی دەبینی. لە پێشچاوی خەڵکی دەیوت نەخێر و بە گوێی منیشدا دەیوت بەڵێ. لە باوکیەوە زەوی و سامانی وەک میراتی بۆ مابووەوە و تەنها ناوبانگ و چوونە ناو مێژووی کەمبوو. سەردانی پێغەمبەری کردووە لە گۆڕەکەیدا و ناوی

حاجی لەخۆینا. دڵی بەتاڵە لە ئیمان و هاوسەرەکەشی واتای یەکبوونی نەدەزانی. وێنەی خاچی لەسەر سنگی دەکێشا و بۆ باوک و کوڕ و ڕوحی پیرۆز دەکەوتە سەر ئەژنۆ. سپی وەک قەیماغ باریک وەک لقی دار و بە حەوت زمان قسە دەکات. لەبەردەم خەڵکیدا شانازیی پێوە دەکات و لە ئاهەنگەکاندا لە تەنیشتیەوە دادەنیشێت. منیش هاوسەرەکەمم لەژێر حیجابدا دەشاردەوە و لە شەقامیش لە پشتمەوە دەڕۆیشت. نەیدەزانی بنووسێت و کتێبی خوداشی نەدەخوێندەوە. مێشکی نوقسان و جەستەی پڕ چەوری. سەری بچووک و شانەکانی قورس. لە پارچەیەکی خوار دروست کراوە بەبێ بن و بنەچە. پێش ئەوەی خودا دەرگای ڕزقم بۆ بکاتەوە، کردمە هاوسەرم. وەک بەستەرێکی پیرۆز هەژاری کۆی کردینەوە. لەدوای چونە سەر عەرشیش چیتر هاوسەرە کۆنەکە لەگەڵ ژیانی نوێم ناگونجێت. لە ئەنجومەنی شوراش وتیان کە ئیمام بۆی هەیە مافی خۆیەتی ماڵی نوێ و هاوسەری نوێ و عەبایەکی نوێی لە باشترین جۆرەکان هەبێت. پاشان باشترین خوریی هاوردەکراویان بۆ هێنام. هاوسەرێکی نوێش لە باشترین جۆرەکان. سپی وەک قەیماغ و چاوەکانی بە ڕەنگی دەریا و بە زمانەکانی سەر زەوی قسە دەکات. وتیان ئەوە مافی ئیمامە، چونکە ئەو لە باشترین پیاوەکانە و هاوسەرەکەشی باشترینی ئافرەتانە و هیچ ئافرەتێک پێی ناگات نە لە جوانی و نە لە زانست و نە لە سامان. لە گەشتەکانم لەگەڵم دەهات و لە شوێنی من لە ئاهەنگەکانی کردنەوەکانی شوێنە گشتییەکان کاری دەکرد. جلوبەرگی فەرمیی دەپۆشی و لەگەڵ جەماوەر لە ئاهەنگەکانی سەرکەوتن هاواری دەکرد و ویسامی وەر دەگرت و لەسەر سنگی دای دەنا. لە

شکستەکانیشدا جلوبەرگی پەریستاری لەبەردەکرد و (بۆنبۆن) ی پێشکەش بە کەمئەندامەکانی جەنگ دەکرد و لەگەڵ بێوەژنەکانی شەهیدەکان گۆرانی دەچڕی، لەسەر کەوانەکانی سەرکەوتنیش وێنەی ئیمام دەشەکایەوە، چاوەکانی منیش بەرەو ئاسمان بوون. پەردەم لەبەردەم لاچوو، خودام بینی. ورتە ورتی وتنەوەی ئایەتەکانمە و لەنێوانی لێوەکانم خەندەیەک هەیە بۆ خۆشەویستیی شەیتان. دەنگی هاوارەکان دێتە گوێچکەم و دەستم لە هەوادا دەجوولێنم. لێوەکانم وەک لێوی پێغەمبەران. کاتێک لەسەر تەختی سەکۆکە وەستابووم بە جەستەیەکی ڕێکەوە و ڕوخساری ئیمامم پۆشیبوو. لەسەر نێوچاوانم نیشانەی سەرکەوتن و لەسەر سنگیشم ویسامی سەرکەوتن هەیە. لای چەپمەوە سەرۆکی ئاساییش و لای ڕاستیشمەوە نووسەرانی گەورە و دواجار نەیاری شەرعیم. لە پشتیشمانەوە ڕیزبەندیی وەزیرەکان و نوێنەری زلهێزەکان و گەورەکان.

خودات لەگەڵ. هاوارەکە لە گەرووی پیاوان و ئافرەتان و قوتابیانی قوتابخانەکان بە بەرگی فەرمیەوە و کچان بە جلوبەرگی پەرستار و سەربازەکان بە پانتۆڵی خاکی و کرێکارەکانیش بە بەدلە شینەکانیان و جووتیاران بە دشداشە و کڵاوی شاشەوە لە سەریان و گروپە میللیەکانیش بە سەماکانیان. هاوارەکان و سرود و لێدانی تەپڵەکان و ڕۆکێتەکانی جەژن دونیایان پڕ هەزاران ڕەنگ کردووە. لە ئاسماندا هەڵمی سەرکەوتن لەلایەن فڕۆکەکانەوە دەنووسرێن و بۆمب هەڵگرەکانیش کە ماوەی سەد ساڵە بەسەر چوون. لە گوێچکەکانیشیدا هاواری (خودات لەگەڵ) دەنگ دەداتەوە و چاوەکانی بەرەو خودا و دەیانپرسی: خودایە گەر تۆ لەگەڵ مندایت شکست بۆچی و

بـۆ نهێنیـی بۆمبـی نەوەویـم لـێ دەشـاریتەوە؟ بۆچـی نهێنییەکـە دەدەیتـە دوژمنەکانمـان و لـە عەبدە بڕواداره دڵسۆزەکانتی حەرام دەکەیـت؟ پەنـات پێدەگـرم، چونکـە تـۆ لـە بیانـو و نەخۆشـییەکان ناپرسـیت. ئـەوه ویسـتی تۆیـە و بۆم نییـە دژایەتیی بکـەم، چونکـە دژایەتیکـردن زیانەکانـی لـە سـودەکانی زیاتـره. مـن وامدەزانـی کـە ئـەو شـەیتانەی لـە تەنیشـتمەوە وەسـتاوە لـە سـنووری ویسـتی بـاڵای منـدا ڕۆڵـی نەیـاری شـەرعی دەگێڕێـت و ویسـامی ئـازادی و دیموکراتیـەت لەسـەر سـنگم دادەنێـت، بـەڵام فێڵـی کـرد و خـۆی بەزلزانـی و ڕۆژنامەکانـی پـڕ کـردووه لـە وێنەکانـی خـۆی بەسـەر وێنەکانـی منـدا، بەڕومـدا وەک فریشـتەیەک خەنـدە دەکات و لـە پشتیشـەوه لێـم دەدات، لـە ئاهەنگەکانـدا لـە ڕیزبەندیـی زلهێزەکانـدا دەوەسـتا و نیگاکانیشـی بـۆ تارمـەی ئافرەتـەکان.

هاوسـەره نوێکـەم زانسـتی سیاسـەتی لـەو دیـوی دەریـاکان خوێنـدووه. بیردۆزێکـی خـۆی هەیـە لـە فەرمانڕەوایەتـی و بەسـتنەوەی پیاوانـدا. وتـی گۆچانەکـە لـە ناوەڕاسـتەوه بگـره و بـەردەوام لێمـەدە. تەنهـا جارێـک بـە سـۆزی دایکانـەوه بدە بەسـەر شـانەکاندا، جـاری دووەم بەسـەردا بکێشـە. مـن و تـۆش ڕۆڵـەکان ئاڵوگۆڕ دەکەیـن، گـەر تـۆ لێتـدا ئـەوا مـن وەک فریشـتە بـە خەندەوه دێـم. کاتێکیـش گـەر تـۆ هێمـن و لێبـورده بوویـت ئـەوا مـن گۆچان و جڵەوەکـە وەردەگـرم. وتـم تـۆ وریـای نەیـاران و ئەندامانـی حیزبـی شـەیتان بـە. وتـی پیاوەکانیـان جڵەوگیـر دەکـەم، چونکـە پیـاو گـەر ئـاڵای خۆبەدەسـتەوەدانیش بـەرز بکاتـەوه منداڵێکـی بێتاوانـە، ئافـرەت مـار و شـەیتانە تەنانـەت گـەر حیجابیش بکات و بچێتـە حزبـی ڕەحمانیـش. وتـم سـەرجەم دوژمنەکانـم پیـاون و لـە منداڵییـەوه قینلەدڵـن. لەنێـو ئافرەتانیشـدا تەنهـا دوو دوژمـن هەیـە.



Scanned by CamScanner

هاوسەرێکی کۆن لەگەڵ دشداشەکەم دامنا. کچێکی ناشەرعیش لە ساتێکی سەرشێتی و سەرخۆشی مەیدا دروستبووە. وتی هاوسەرە کۆنەکەت داماوە و ترسی نییە، بەڵام کچەکەت خراپەی تۆی دەوێت و تەنها کوشتن ئارامی دەکاتەوە و تینوێتی دەشکێنێت. وتم کچ هەرگیز باوکی ناکوژێت گەر وەک گورگ دەستدرێژییشی بکاتە سەر. خۆشی دەوێم و دڵسۆزمە. وتی تۆ خۆشت دەوێت و خۆشەویستییش کوێرە و کاتێک تۆ لەژێر ڕووناکییەکەدا وەستابووی و ئەو لە ڕیزەکاندا لە تاریکییەکەدا بۆ فرسەتێک دەگەڕا دەستی خۆی بوەشێنێت. وتم تەنها ئەندامانی حزبی شەیتان یان بەکرێگیراوێک لە حزبە نهێنیەکان یان دوژمنێک لە دەرەوەی وڵات لێم دەدات. وتی دوژمنەکانت زۆرن هەر کات خودا بەرزی کردیتەوە دوژمنانت زیاد دەکەن بەبێ کراسی درع و پارێزگاری نەچیتە شەقامەکان. وتم پارێزەر خودایە. وتی گەر گوللە تەقی تەنها خودا بەس نییە. وتم استغفر الله تۆ چ کافرێکیت خاچەکەت لە سنگت نەکردووەتەوە. ئایا تۆ بڕوا بە توانای خودا ناکەیت لە پارێزگاریکردنم؟ ئایا تۆ بڕوات بە پێغەمبەر محمد و خودا نییە؟ وتی لەو شەوەوەی شووم پێ کردوویت مەسیحم لەدڵم دەرکردووە و بڕوام بە خودا و پێغەمبەر و تۆش هێناوە، بەڵام لە دوژمنەکانت دەترسم و خۆپاراستن باشترە لە چارەسەرکردن. وتم ناچم بۆ بینینی دوژمنەکانم، بەڵکو چاوم بە گەلە خۆشەویستەکەم و سەربازە دڵسۆزەکانم دەکەوێت، دڵیان پڕی خۆشەویستی و دڵسۆزییە و دەنگیان بۆ ژیانی من تا هەتایە بەرز دەبێتەوە، ئایا گوێت لەو هاوارانە نییە ئافرەت؟

# بۆدی گارد

بـۆدی گاردەکـە کـە بـە عەرەبـی واتـە (الحـارث الجسـدی / پاسـەوانی جەسـتەیی) هیچی نەدەزانـی سـەبارەت بـە فەرمانڕەوایی و خەلافـەت. ئەرکەکـەی تەنهـا ئـەوە بـوو لـە تەنیشـت ئیمامـەوە بوەسـتێت و بـە جەسـتەیەکی جوانـەوە و ڕوخسـارێکی مەتاتـی ئیمـام بپۆشـێت. تەنهـا خـوداش توانـای ئـەوەی هەبـوو کـە ئیمامـی ڕاستەقینە لـە دروسـتکراوەکە جیـا بکاتـەوە. کەواتـە (بـۆدی گارد) ە کـە ماندوو بـوو. هـەر کـە گوێـی لـە دەنگـی تەقەیـەک بوایـە بـە یـەک هەنـگاو خـۆی هەڵدەدایـە پێـش ئیمـام تـا لەجیاتیـی ئـەو گوللەکـە لـە سـنگی بدات. بـە خۆشـحاڵیەکی نـاوازەوە لەپێنـاو نیشـتمان دەمرێـت و کلیلـی بەهەشـتی بـە ملوانکەیـەوە بـە ملـدا هەڵواسـراوە دەرگای بەهەشـتی پـێ دەکاتـەوە و لەگـەڵ پێغەمبـەران و شـەهیدەکان دەچێتـە ژوورەوە. هاوسـەرەکەشـی نازنـاوی بێوەژنـی شـەهید وەر دەگرێـت و مووچەیەکـی دوو هێنـدە و ویسـامێکی لـە پلـەی سـێهەم پـێ دەدرێـت.



Scanned by CamScanner

لە لیستی خزمەتکارەکانی ئیمامدا نازناوێکی فەرمیی هەبوو: (بۆدی گارد). هیچ پیاوێک بۆی نەبوو ئەم پایەیە هەڵگرێت، چونکە ئەوە پایەیەکی بەرزە و مەترسیدارترین پایەیە لە دەوڵەتدا. پێویستی بە دڵسۆزی ڕوا بوونی سەد لە سەدی هەیە بۆ ئیمام بێ بیرکردنەوە لە هیچ دوودڵییەک. بیرکردنەوە لە دودڵی بۆ تەنها چاوتروکاندنێک لەوانەیە ببێتە هۆی گیان لەدەستدانی ئیمام. (بیرنەکردنەوە بە هیچ شێوەیەک) ئەوە ئەو لەپێشینە و گرەنتیە بوو بۆ بەدەستهێنانی ئەو پایەیە. ئیمامیش خودی خۆی بۆدی گاردەکە هەڵدەبژێرێت. دەستنیشانکراوەکان بۆ بەدەستهێنانی کارەکە لە ڕیزبەندییەکی دووردرێژدا وەستاون. کاتێک لەسەر جۆلانەیەک لە باخچەی کۆشکەکە دانیشتووە ئەوان بە بەردەمیدا دەڕۆن. دوای هەڵبژاردنی خانەکانی مێشک هەڵبژاردنی تەواو دەکرێت. ئەنجامەکان لەسەر کاغەزێکی ئێجگار سپی تۆمار دەکرێن. بوونی هەر خاڵێکی ڕەش لەسەر کاغەزە سپییەکە واتای ئەوەیە کە یەکێک لە خانەکانی مێشک بیر دەکاتەوە.

- ئایا تۆ ئامادەیت بۆ مردن لەپێناو ئیمامدا؟
- بەڵێ بە خۆشحاڵییەوە.

هەموو دەڵێن بەڵێ کەس ناڵێت نەخێر، بەڵام ئیمام متمانەی بە قسەی کەس نییە. متمانەی تەنها دەدات بە ئامێری ئەلیکترۆنی کە تەنها ئەو دەتوانێت ڕاستی لە درۆ جیا بکاتەوە. تاقیکردنەوەیەکی قورس کە لە یەک ملیۆن پیاودا تەنها یەکێک دەر دەچوو. لەدوای هەڵبژاردنی مێشکەوە نۆرەی هەڵبژاردنی جەستە دێت. ئەویش تاقیکردنەوەیەکی ئاسان نییە. توانای مێشک کە هەست بە گوللەکە بکات پێش تەقینی. توانای جەستە بۆ بازدان و

پێشوازیکردنی مردن بە هەنگاوێک. توانای ئەوەی وەک جەستەی ئیمام بوەستێت لەبەردەم خەڵکیدا هەست بە جیاوازی نەکرێت کە ئیمامی ڕاستەقینە نییە. توانای کەوتن و مردن بێ ئەوەی کەس هەست بکات و بێ ئەوەی کەس هەست بە دەنگی تەقەکە بکات، چونکە هەمیشە ئەو جۆرە گوللانە لە ئامێرێکی بێدەنگەوە دەر دەچێت. هاوارەکانیش بەرز دەبن و دەنگەکان دەشارێتەوە گەر دەنگێک هەبێت. خودات لەگەڵ. ئیدی ئیمام سەری بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە و ئاگای لە زەوی نابێت. لەم ساتوەختەدا گوللەکە دەر دەچێت. بۆدی گاردەکە بەخۆشحاڵییەوە وەری دەگرێت و بێ ئەوەی کەس هەست بکات دەکەوێتە نێوان قاچەکانی ئیمام. دەستبەجێ جەستەکەی ون دەبێت و جەستەیەکی دیکە شوێنی دەگرێتەوە. هەمان شێوە و هەمان ڕوخساری ئیمامی دەبێت لە مەتات. دەیخاتە سەر ڕوخساری و ئەو دەبێتە ئیمام و کەس ناتوانێت جیایان بکاتەوە تەنانەت هاوسەرەکەشی.

هەموو جارێک کە بۆدی گارد لە دەرگای ماڵەکەی دێتە دەرەوە دەزانێت ناگەڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە تەواوی ویستی خۆی و بە خۆشحاڵییەوە مژدەی مردن وەر دەگرێت و کلیلی بەهەشت بە ملوانکەیەکی زیوەوە لە ملیدا شۆڕ بووەتەوە کە کلکێکی بەرز و ددانەکانی گرنجگرنج. چۆن دەرگای بەهەشت بەم کلیلە دەکرێتەوە؟ ئایا بەهەشتیش وەک خانوو دەرگای هەیە؟ ئایا ڕەزوانی پاسەوانی بەهەشت ڕێگەی دەدات دەرگاکە بکاتەوە؟ کاتێک وەستاوە و گوێی لە هاوارەکان گرتووە پرسیار گەلێکی زۆر بە مێشکیدا دێت. خانەکانی مێشکی پرسیار لەدوای پرسیار دەری دەکرد. کەس ئاگاداری ئەوە نییە کە بیردەکاتەوە. ئامێرە

ئەلیکترۆنیەکە لەکار کەوتووە و و تەزووی کارەبا بچڕاوە و سەرۆکی ئاساییشیش چاوی لەسەر ڕیزەکانی دواوەیە. ئیمامیش ڕووی بەرەو ئاسمانە. ئەویش بە هەمان جوولە سەری بەرز دەکاتەوە. کاتێکیش ئیمام دەستی دەجوولێنێت بۆ سڵاوکردن لە جەماوەر بەهەمان جوولە ئەویش دەستی دەجوولێنێت. هیچ چاوێک نەیدەتوانی جیاوازییان تێدا بدۆزێتەوە. کە ئیمام بە ڕێگەدا دەڕۆیشت بە هەمان شێوە لاسایی دەکردەوە. ڕۆیشتنێکی ناوازە کەمێک شەلی پێوە دیار بوو. بە هێزێکی زیاتر قاچی لەسەر زەوی دادەنا وەک لە قاچی ڕاستی. لە منداڵییەوە ئێسکی قاچی ڕاستی خواری تێدا بوو. کەمی کالیسیۆم لە شیری دایکدا. دایکی سەبارەت بە نەخۆشی کەمی کالیسیۆم هیچی نەدەزانی و وایدەزانی هۆکارەکەی حەسوودیە هەربۆیە ملوانکەیەکی کردبووە مل کە چاوەزارێکی موری شینی پێوەبوو و جلوبەرگی کچانەشی لەبەر کردبوو.

ئیمام لە توانایدا هەبوو لە یەک کاتدا لە دوو شوێنی جیاوازدا ئامادەیی هەبێت. هیچ کەسێکیش ئەو نهێنییەی نەدەزانی بۆدی گاردەکە نەبێت. ئیمام بەگوێیدا دەیچرپاند: لە شوێنی من بڕۆ بۆ ئەم کۆبوونەوەیە یان ئەو ئاهەنگە یا بۆ ئەنجومەنی شورا یان بۆ نوێژی هەینی یان بۆ ئەو کارە لە دەرەوەی وڵات.

ئیمامی گەورەکان و وەزیرەکان دەڕوات و کەسیش گومانی ئەوە ناکات کە ئەوە ئیمام نییە. تەنانەت خودی خۆیشی گومانی لە خۆی نییە. گەر گومانیش بکاتە خۆی ئەوا هاوار و پیاهەڵدانەکانی جەماوەر بڕوابوون بە خۆی بۆ دەگێڕێتەوە. بە ڕوخساری مەتاتی ئیمامەوە سەربەرزانە دەڕوات. چاوی بە باڵیۆز و شارەزا

و بیانییەکان دەکەویت. شریتەکە دەقرتێنێت و خانەیەکی دالدەدان دەکاتەوە. لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی شورادا بەبێدەنگی وەک ئیمام دەمێنێتەوە. گوێ لە ڕاپۆرتی وەزیرەکان دەگرێت و سەر دەلەقێنێت وەک هێمایەک لە تێگەیشتنی. یان بەرەو ئاسمان دالغە لێدەدات وەک ئەوەی بیر بکاتەوە. هیچ کەسێک ئەوە نابینێت کە بیر ناکاتەوە کە مێشکی جەستەی لەسەر کورسییەکە جێ دەهێلێت و دەچێتە خوارەوە بۆ نهۆمی ژێر زەوی. ڕوخسارە مەتاتەکە دادەنێت و لووتی پەستێنراوی ژێر لووتی دەست لێدەدات و یدەخورێنێت. لە دەرگای پشتەوە بە ڕوخسارێکی ڕاستەقینەوە لەگەڵ خمەتکارەکان دەچێتە دەرەوە. خۆی هەڵدەداتە پاسەکەوە پێش ئەوەی بوەستێت و پێش ئەوەشی بلیت ببڕێت، دادەبەزێت. بەکۆلانەکاندا دەڕوات و بە نوکە شەق پارچە بەردێک لەپێش خۆیەوە ڕادەماڵێت تا دەگاتە ماڵەوە. دایکی لە ئامێزی دەگرێت و بەرامەی نان و ڕۆنی بە لووتدا دێت. ئایا بیست ساڵ دایکت بیر دەچێتەوە؟ دایکە ئایا بیست ساڵ تێپەڕیوە؟ من دوێنێ لێرەبووم. دایکیشی دەڵێت هەر کەس بە ڕۆژگار خۆی داپۆشێت ڕووتە و هەر کەسیش لە سوڵتان دوور بێت سوڵتانە. لەسەر ئەژنۆ دادەنیشێت و وەک جۆلانە دەیجوولێنێت و هەواڵەکانی بۆ دەگێڕێتەوە. ئەم زستانە بێچووە جووجکەکان بەسەرما مردن. مامت خوا لێی خۆشبێت بە کۆلێرا مرد. خالت چوو بۆ حەج و نەگەڕایەوە. سەگێک گازی لە کچی پوورەکەت گرت. لە خەونیشمدا باوکت سەردانی کردم و پێی وتم کە لە بەهەشت چاوەڕوانمە. کورم تۆ بەڵێنەکەت بیر چووەوە ئەی کوا بلیتی سەردانکردنی گۆڕی پێغەمبەر؟

سەری دەخاتە سنگیەوە. هەرگیز دایکە بیرم نەچووەتەوە، بەڵام کێشە و گرفتەکان بێ چارەسەرن. تەنها خوای گەورە توانای چارەسەرکردنی هەیە. قەرزی دەرەکی. ململانێی زلهێزەکان. جەنگی ئەستێرەکان و ئەندامانی حیزبی شەیتان و منداڵانی حەرام و کچانی حەرام. ئازارەکەش دایکە لەژێر دەستدایە لە سنگمدا. دایکی بە دەستە قڵیشاوەکانی بەدوایدا دەگەڕێت تا ئەو برینە دەدۆزێتەوە لە سنگەوە بۆ دڵ. بە خۆڵەمێشی فڕنەکە یان بە قاوەی هاڕاو برینەکە دادەپۆشێت و لەنێوانی قۆڵەکانیدا دەنوێت تا برینەکە یەک دەگرێتەوە و دەنگی لە گوێچکەیدایە.

کاتێک وەستابوو، ڕوخساری ئیمامی پۆشیبوو لەپێش کەوتن دەنگی قووڵ و لە دوورەوە دەهات. وەک دەنگی خەونێک لەنێو خەوندا. زۆر جار خەوتووە و خەونی بینیوە کە خەون دەبینێت. هەڵدەسایەوە، بەڵام ئەو هێشتا لە خەونەکەیدا بووە و دووبارە دەنوێتەوە و خەون دەبینێتەوە کە خەون دەبینێت. لە خەونەکەیدا دەزانێت کە خەون دەبینێت. ڕوخسارە مەتاتەکە دەپۆشێت و هێشتا خەون دەبینێت. بە پلیکانەکانی کۆشکەکەدا دێتە خوارەوە وەک کەسێک بە خەوەوە بڕوات. سواری ئوتومبێلەکەی ئیمام دەبێت و دەست بۆ خەڵکی بەرز دەکاتەوە. لە ئەنجومەنیش وەزیرەکان دەیبینن بە گرنگیدانەوە گوێی گرتووە لە کاتێکدا گوێی لە هیچ نییە. سەری وەک هێمایەک بۆ تێگەیشتن دەجووڵێنێت و لە هیچیش تێناگات. سەری دەخورێنێت وەک ئەوەی بیر بکاتەوە، بەڵام بیر ناکاتەوە، چونکە بیرکردنەوە مەرجی پایەکە نەبوو. کاتێکیش دەنگی تۆپەکان هاتن و تاریکی داهات خوێن لە دەمارەکانیدا نەما، چونکە ئەو لە منداڵییەوە لە تاریکی دەترسێت.



Scanned by CamScanner

هەروەها لە هاوار و پیاهەڵدانەکان و دەنگی تەپڵەکانی سەرکەوتن دەترسێت. لەم ساتانەدا بێ ئەوەی کەس هەستی پێبکات گوللەکە دەر دەچێت. کەسیش جگە لەو ناکەوێت. بە تەنیا ئەو دەمرێت و کەسی لەگەڵ نامرێت. جەستەی دەکەوێتە نێوانی قاچەکانی و بە نهێنی ون دەبێت. بەخێرایی دەسەڵات دەگوازرێتەوە بۆ ڕوخسارێکی تری مەتاتی. خەڵکیش هەست ناکات کە شتێک ڕووی دابێت یان گۆڕابێت. ئیمامیش لەسەر سەکۆی شانۆکەیە و سەری بەرز کردوەتەوە بۆ ئاسمان. ڕۆکێتەکانی جەژن و هاوارەکانیش بەرز دەبنەوە (خودات لەگەڵ).



Scanned by CamScanner

# دووانه ڕوخسار

لـه دوورەوە منداڵیـم لـەوە دەکات خـۆش بێـت. زەمـەن ئازارەکـە دەخـوات و تەنهـا خۆشـیەکان لـە بیرەوەریـدا دەهێڵێتـەوە. فرمێسـکەکانیش لـە چاوەکاندا دەبێتـە پەنجەرەیـەک بۆ بینین. ئێسـتاش ڕوخسـاری خوشـکەکەم دەبینـم. لـە تاریکـی شـەودا چاوەکانـی لـە چاوەکانمدا دەبریسکێنەوە. قۆڵەکانی لـە دەورمن. سنگی نەرمـە وەک سـنگی دایک. براکەشـم وەک بۆنـی جەسـتەم هەمیشـە لەگەڵمـە بۆنـی عەرەقەکـەی و خاوێنیشـی دەکـەم، چونکـە ئـەوە جەستەی منـە و بۆنـی ئـەو بۆنـی منـە.

لـە قوتابخانـەی پەریسـتاران خۆمـم بینـی جلوبەرگێکـی سـپیم لەبەردایـە و قژیشـم بـە قوماشـێکی سـپی داپۆشـراوە. وەک فریشـتە لـە سیسـەمێکەوە دەچمـە سیسـەمێکی تـر. جووڵەیەکـی سـووک خەریکـە قاچەکانـم بـەر زەوی ناکـەون. وەک ڕوحـی بێ جەسـتە درێژ و باریـک وەک خەیـاڵ. دەنگـم چرپەیـە و هەناسەشـم وەک منـداڵان قووڵـە. مەمکەکانـم وژێر جلـە سـپییەکانەوە بچووک و هەڵتۆقیو. سیسـەمێکی



Scanned by CamScanner

سپیم هەیە لە قاوشێکی گەورەدا. هەروەها چەکمەجەیەکی تەختە پیتەکانی ناوەکەمی لەسەرە کچی خودا، لە تەنیشتیەوە ناوی خوشکەکەم نعمەت اللە. ڕوخساری لاواز و سپی، چاوەکانیشی کاتێک دەمبینێ پڕ دەبن لە ڕووناکی.

قوتابخانەی پەرستارەکان بینایەکی زەبەلاحی ڕەش بوو ڕەنگەکەی لە کۆنەوە مابووەوە. یەکەمین قوتابخانەی کچانی هەتیوی بێ دایک و باوک. لە تەنیشتیەوە نەخۆشخانەی جەنگی بە پەنجەرە بۆیاخکراوەکانی بە بۆەی ڕۆنی و تارمە شوشەبەندەکانی دەیڕوانی بەسەر ڕووبارەکەدا. لەپشت ڕووبارەکەشەوە بینایەکی کۆنی زەبەلاحی سەردەمی کۆیلایەتی. ڕەنگی ڕەش خۆڵاوی ببووە ڕەنگی زەوی. پەنجەرەکانی بەرز و کەتیبەی ئاسنی پێوەیە وەک بەندیخانە. چاوی منداڵان لەو دیوی پەنجەرەکانەوە بریسکە دەداتەوە وەک ئەستێرەکان لە کەونێکی ڕەشدا. منداڵانی خودا. یان بە زمانە فەرمیەکەی منداڵانی نا شەرعی. لەپشت خانەی منداڵەکانەوە پانتاییەکی زەوی هەبوو زەرد و تەخت وەک بیابان. پاشان زەوییەکە بەرز دەبێتەوە لە شێوەی گردێکی نزمدا کە چەندین درەختی دڕکاویی پێوە بوو. بە گژوگیای شەیتانی ناویان دەبرد. وایان دەزانی کە لە خۆوە و بەبێ ویستی خودا دەڕوێن. لە ناوەڕاستی بەرزاییەکەدا بینایەکی زەبەلاحی ڕەش قوت بۆتەو. دیوارە ڕەشە بەرزەکانی چونەتە هەورەکانەوە وەک ئەوەی ڕووبەڕووی ئاسمان ببنەوە. پەنجەرەی بەرز کەتیبە کرابوون وەک خانەی منداڵان. لەو دیوی پەنجەرەکانەوە ئافرەتان بە سەری پێچراوەوە یان بە قژی تێکئاڵاوەوە سەریان دەر کردووە. قژەکان درێژ و ئاڵۆسکاو بەئاسانی پڕن لە ئەسپێ. قژەکان لەژێر تیشکی خۆرەکەدا ڕەنگی



Scanned by CamScanner

پەلکەزێرینە دەنوێنن. (خانووی شادومانی) بە زمانی ئەدەبی و (خانووی بێڕەوشتەکان) لە فایلی سەرۆکی ئاساییش.

لە پەنجەرەکەیەوە لە قوتابخانەی پەریستاران ئەو نە ڕووبارەکە و نە بەرزاییەکەی دوای ڕووبارەکەی نەدەبینی. نەخۆشخانەی جەنگی گەورە و زەبەلاح بوو کەونی لەپێشچاو ون دەکرد. تەنها پارچەیەک لە ئاسمان نەبێت لە سەروو دیوارەکانە دیار بوو کە لە ڕۆژئاوابووندا تیشکی خۆری تێ دەهات.

ڕێگە پێدراویش نەبوو لە پەنجەرەکەوە سەیر بکات. تارمەکانی نەخۆشخانەی جەنگی بەرامبەر پەنجەرەی پەریستارەکان بوو. پزیشکانی سوپا سەیری کچەکانیان دەکرد. خەندە دەکەن، سەریان دەجووڵێنن، یان فیکە لێدەدەن. جلوبەرگی سەربازی دەپۆشن. لەسەر سنگ و شانەکانیان ئەستێرە و نیشان هەیە و کڵاوی جەنگییان لەسەر ناوە. شەوانیش دوای لێدانی زەنگی نووستن خوشکەکەم سەری لە سیسەمەکە نزیک دەکردەوە و چیرۆکێکی خۆشەویستیی بۆ دەگێڕامەوە. لەژێر ڕووناکییە نزمەکەدا وێنەیەک لە سنگیدا دەردەکات. وێنەی پیاوێک. کڵاوێکی سەربازی لەسەرە. لەسەر سنگیشی ویسامێکی لە شێوەی خۆردا هەیە. لێواری کڵاوەکە سێبەرێکی خۆڵەمێشیی خستووەتە سەر ڕوخسارەکە. شێوازی چاوەکان و لووت دەشارێتەوە. لەژێر لووتیدا سمێڵێکی ڕەش هەیە. بە وریایی کورتکراوەتەوە بە شێوەیەکی چوارگۆشە وەک سمێڵی هیتلەر. وێنەکە ماچ دەکات و لە سنگیدا لەسەر دڵی دەیشارێتەوە. سەرلەنوێ چیرۆکەکەم بۆ دەگێڕێتەوە. گوللەیەک بەر سنگی کەوتبوو. لەسەر جێگە کەوتبوو و ئەویش بەدیاریەوە. ناوینابوو فریشتە بەسۆزەکە و پەنجەکانی لەسەر برینەکە نەرم

بوو. بە درێژایی شەو بەدیاریەوە دەمایەوە. هەر کات چاوەکانی بکردایەتەوە دەیبینی یان وەستاوە بەدیاریەوە یان دانیشتووە. گەر خەویشی لێکەوتبێت و زەنگ لێبدات لە چاوتروکانێکدا دەگەیشتەلای و گەر زەنگیش لێی نەدایە بەسەری پەنجە دەڕۆیشت. دایدەپۆشیەوە گەر ڕووت بوایە و ئاوی دەدایە گەر تینوی بوایە و پێش نووستنیش بۆی دەخوێندەوە. تەنها کتێبی خودا و هەواڵەکانی جەنگی بۆ دەخوێندەوە. تەنها باسی شەڕ و کوشتنی بۆ دەکرد، سی پیاوی کوشتبوو و چوارەم دوای ئەوەی گوللەیەک لە سنگی دەدات هەڵدێت و ڕادەکات. لە جەژنی سەرکەوتندا ئیمام ویسامێکی پێ بەخشی. هەر لە منداڵییەوە لەسەر کوشتن مەشقی کردووە. چۆلەکەکانی بە وەستاوی لەسەر درەختەکان دەکوشت. تفەنگەکەی لەسەر شانی توند دەکرد و نیشانی لە سەری چۆلەکەکە دەگرتەوە. دواتر پەنجە دەنێت بە پەلەپیتکە. بەیەک گوللە چۆلەکەکە دەکەوتە خوارەوە.

منیش وەک دایک لەئامێزم دەگرت. جەستەی وەک چۆلەکە لاواز. لە ناخمدا سۆزێک هەیە بۆ سنگی دایک. سەرم لەنێوانی مەمکەکانی توند دەکەم و هەناسە هەڵدەمژم: نامەوێت گوللە بتکوژێت. چاوەکانیشی بە تیشک دەبریسکانەوە. خۆشەویستیی دەمکوژێت نەک گوللە.

من هیچم سەبارەت بە خۆشەویستی نەدەزانی. دڵم بە سۆزەوە لێیدەدا بۆ ئامێزیک بەبێ ئازار جەستەم لەخۆ بگرێت. چاوەکانم سەیریان دەکرد و دەبریسکانەوە. لە چەکمەجەکەمدا چەندین نامە هەیە بە دەست و خەتی خۆم نووسراوە و بۆ کەسم نەناردوە. لە ناخمدا ترسیکی قووڵ هەیە لە خۆشەویستی. ترسێکی زیاتر لە

خودا. لە خانەی منداڵان نوێژم دەکرد و خوداشم لە خەونەکاندا لە شێوەی پیاوێکدا دەبینی. دەستێکی سۆزی بەسەر سنگمدا دەگێڕا و سکم بە مەسیح بەرز دەبووەوە، لە بەیانیدا کاتێک نوێژم دەکرد گوێم لە دەنگی خودا دەبوو، تووڕە بوو. لە عنەتم لێ دەکات و هەڕەشەی سزادانم لێ دەکات. استغفر ئەکەم و سوجدە دەبەم تا سەرم لە زەوی دەدات، دووبارە دەچمەوە سەر ئەژنۆ و سجود دەبەم و تەوبە دەکەم، بەڵام هیشتا دەنگی تووڕەیە. ڕۆژانە پێنج جار نوێژ دەکەم. لە هەموو نوێژێکیشدا دەکەومە سەر ئەژنۆ و سجود بەڵام هەر تووڕەیە و ئارام نابێتەوە. شەوانیش لەژێر بەتانیەکەوە خۆم گرمۆڵە دەکەم دەمبینی دەهات. بە دەنگێکی هێمن و تووڕەیی نەمابوو. ڕوخسارێکی نەرمی وەک تیشکی مانگ و قۆڵیشی وەک قۆڵی دایک بەسۆز. هەڕەشەم لێدەکات و ڕوحم پڕ لە خۆشەویستی پاکیزە دەکات. سکم بە دووگیانی پیرۆز بەرز دەبێتەوە. پاشان دەمبینی لای دەکردەوە. وا هەست دەکەم دەڕوات بەبێ گەڕانەوە. بە دەنگێکی هێمن بانگم دەکرد لای دەکردەوە و بە ڕوخسارێکی دیمەوە دەهاتەوە لام. ڕەنگێکی تۆخ و تاریک بە تووڕەیی و چاوەکانی گریان تێدا بوو. دەمم دەکردەوە تا هاوار بکەم، بەڵام جەستەم بە زەوییەوە بەسترابووەوە، لە خەو بەئاگا دەهاتم لە عەرەقدا نوقوم بوبووم. لەسەر کاغەزیکی سپی یەکەمین پیتەکانیناوەکەم لە یەکەمین نامە دەنووسم بۆ هیچ کەسێک: لە خەوندا خودام بینی. دوو ڕوخساری هەیە ڕوخسارێکیان نەرم و بەسۆز وەک ڕوخساری دایک و ڕوخسارێکیشیان وەک شەیتان.

# یەکەمین پیتەکانی خۆشەویستی

ڕێگەپێدراو نەبوو لە پەنجەرەکانەوە سەیر بکەین. تارمەکانی نەخۆشخانەی جەنگی بەرامبەر پەنجەرەی پەرستارەکان بوو. پیاوانی سەپا سەیری کچەکانیان دەکرد. بینا زەبەلاحەکەش تیشکی خۆری لێ گرتبوون. لەسەر دیوارە بەرزەکەوە تیشکێکی بەرز دەهاتە ژوورەوە لەو کاتەی لەو دیوی پەنجەرەکەوە وەستابووم. لە پشتیشمەوە هەستم بە پەنجە زبرەکان دەکرد بۆ دواوە ڕام دەکێشێت. پەنجەی سەرۆکی پەریستاران. تەمەنی ناوەڕاست بوو کورتەباڵا. لەچکەیەکی سپی و کراسێکی سپیی درێژی وەک قەشەکانی لەبەردا بوو. ڕوخساری پان و سپی و دەستەکانی ئەستوور. لەسەر سنگی سێ ئەستێرە و ویسامێکی بڕوا بوون و چاکەکاری هەیە. پارچەیەکی بازنەیی ئاڵتوونی لە شێوەی خۆردا بە دەرزیەک لە کراسەکەی داوە. سنگی لەژێر کراسەکەوە دەلەرێتەوە. دوو مەمکی گەورە لەپێشیەوە دەڕۆن و لە دواوەش دوو سمتی گەورە. لای چەپ بەرز بوایەتەوە لای ڕاست دادەبەزی



Scanned by CamScanner

و بە پێچەوانەشەوە. وەک ئەوەی هەر نیوەیەک لە شوێنی ڕاستی خۆیدا نەبێت. کاتێکیش دەوەستا قۆڵەکانی بەیەکەوە دەنووسا. کە دەشڕۆیشت قۆڵێکیانی دەجووڵ او ئەویتریان بە جەستەوە دەنووسا. بە ڕۆژیش بە دوو پاژنەبەرزی لە مس دروستکراو تەقەتەقی بوو بەسەر کاشیەکاندا. شەوانیش لەسەر نووکی پەنجەکانی بەبێدەنگی دەڕۆیشت. لە تاریکیدا سەردانی قاوشەکانی دەکرد وەک ڕوحێکی ونبووی بێ جەستە. ڕوخساری جێگیر بەبێ ماسولکە. چاوەکانی بە هەموو لایەکدا دەسووڕا. خۆڵەمێشی و بازنەیی. لەسەر هەر چاوێکیش برۆیەکی بە قەڵەمی ڕەساس کێشراو لە شێوەی کەوانێکدا هەبوو. لەلاوە لووتی بەرەو ئاسمان بەرزبوو. دەردەکەوت و ون دەبوو وەک ڕوحێکی جیهانی دووەم یان یەکێک لە زیندوانی یان لە زەمەنێکی دیکەدا بێت.

شەو، کاتێک نووستبووم گوێم هەڵخستبوو بۆ دەنگی هەوا. هەست دەگرم بۆخشەی کراسەکە و بەرکەوتنی نادیاری قاچەکان بە زەوی. دەسکی دەرگاکە لەخۆوە دەسووڕێت ڕوحی شەیتانەکان دەیجووڵاند. دواتر دەمبینی وەک خێوێکی سپی دەهاتە ناو قاوشەکەوە. بە نێوانی سیسەمەکاندا تێدەپەڕی و بەشوێن خەونی کچەکاندا دەگەڕا. چاوەکانی وەک گڵۆپی لایت دەیدا لە سەرە نووستوەکان. تەنها سەرێک لە سیسەمەکەدا. بە پەنجەی دەستی سەرەکانی دەژمار وەک چۆن کەسێک سەری مەڕ دەژمێرێت. گەر سەرێک کەم بوایە یان دوو سەر لەسەر سیسەمێک بوایە دەنگی زەنگی ئاگادارکردنەوە لێدەدرا.

من لە جێگەکەمدا بووم و (نعمەت الله)ی خوشکیشم لە جێگەکەی خۆیدا. شەو و ڕۆژ چاوەکانی کراوەتەوە. ڕوخساری زیاتر بێرەنگ

دەر دەکەوێت و چاوەکانی فراوانتر و ڕەشییان زیاتر. شەوان گەر بەگوێیدا بچرپێنیت وەڵام ناداتەوە. گەر لێویشم بگێڕم بەسەر ڕوخساریدا هیچ ماسولکەیەکی ڕوخساری ناجووڵێت. باوەشم پێدا کرد و نووستم. لە نیوەی شەودا چاوەکانم کردەوە. جێگەکەی چۆڵبوو، شوێنەکەشی لە تەنیشتمەوە بێدەنگ. ڕاڕەوەکە درێژ و تاریک و منیش پێیدا دەڕۆم ناکەوم. لەو دیوی دەرگا داخراوەکەوە گوێم لە دەنگی هەنسکدانێکە. پاڵ بە دەرگاکەوە دەنێم بەڵام تەنها زەوییەکە دەبینم. لەپشتی دەرگامەوە لە سوچێکی تاریکدا دەیبینم. وەک کۆرپەلەیەک خۆی گرمۆڵە کردووە. لەژێریشیەوە هێڵە سوورەکە. پەنجەکانی سپی خوێنیان تێدا نەبوو. لەسەر کاغەزەکەش چەند پیتێکی ڕەش. نوشتاوەتەوە و پەنجەکانی وەک بەرد پێوەی نووسابوو. هیچ کەسێک نەیدەتوانی دەستی بکاتەوە. چیی لەو کاغەزەدا نووسیوە؟ سەرۆکە ئافرەتەکە لەو کاتەی ڕیزبەندییەک لە پیاوان وەستابوون و کڵاوی فەرمییان لەسەردایە ئەوەی لێپرسیم. وتم نازانم. وتیان چۆن نازانیت ئەو شەو و ڕۆژ لەگەڵ تۆیە. وتم لەگەڵم بوو، بەڵام ئەو لە جیهانێکی تردا دەژی. وتیان ئەمە چ جیهانێکە؟ وتم نازانم هێشتا من نەچووم.

شەویش کاتێک ڕوخسارەکان لا دەچن و شنەی هەواش نامێنێت دەمبینی لە تاریکییەکەدا وەستاوە پەنجە بەردینەکانی دەکەمەوە و کاغەزەکە دەر دەهێنم. لەبەر ڕۆشنایی تیشکی مانگدا پیتەکانی سەر کاغەزەکەم دەبینی کە بە مەرەکەبی ڕەش نووسرابوو.



Scanned by CamScanner

# هاوسەری شەرعی ناچێتە بەهەشت

هاوارەکان لە گوێمدا دەنگ دەدەنەوە و لەسەر سەریشم عەرشی ئاسمان و لەژێر پێشم عەرشی زەوی. لەدەوروبەریشم پاسەوانیکردن توندە. دوژمنم زۆرە و چاویان لە عەرشە و هاوڕێکانیشم کەمن و چاوەڕوانی هەلی مردنم دەکەن دەکەن. لە ڕاستمەوە سەرۆکی ئاساییش لە دوژمنان زیاتر لە بۆسەیە بۆم و لای چەپیشمەوە نووسەری گەورەم چاوی چەپی لەسەر سەرۆکی سەرۆکی حزبی شەیتان و چاوی ڕاستیشی لەسەر هاوسەری شەرعیمە. کاتێک لە تارمەی ئافرەتان وەستاوە و لەدەوری هاوسەرانی دیاری کۆمەڵگە و دایکی شەهیدان وەستاون و هاوارەکان و دەنگی ڕۆکێتەکان و تەقەکانی جەژن دەبیسترێت. دەبینێت ڕوخسارم لەسەر جەستەم دەکەوێتە خوارەوە و ئەو هەر وەستاوە. چاوی چەپی لەسەر عەرشەکەیە و چاوی ڕاستیشی لەسەر هاوڕێی تەمەنم.

لە منداڵیمەوە قینم لێیەتی. لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ پێشم دەکەوت و تەنها کچی خەونەکانیشمی چوبوو بە دڵدا.



Scanned by CamScanner

هۆنراوە و نامەکانی خۆشەویستی بۆ دەنووسی و منیش نووسینم نەبوو نەمدتوانی. نازناوی گەورە نووسەر و لاپەڕەیەکی گەورەم لە ڕۆژنامەی (الصباح) پێ داوە لەگەڵ وێنەیەکی گەورە لە چوارچێوەیەکدا کە تێیدا خەندەی بۆ کچان کردووە لەگەڵ ئەوەشدا لێناگەڕێ. ئارام نابێتەوە و لە منداڵییەوە ئاگری ناو دڵی سارد نابێتەوە. لە تەنیشتمەوە وەستاوە و گوێی لەو زرموکوتەیە و قیامەت هەستاوە دەبینێت سەرم لە ئاسمانەوە دەکەوێتە سەر زەوی، بەڵام وەک ئەبولهەول لە جێگەی خۆی وەستاوە. هاوڕێیان و دوژمنان ون دەبن و تەنها ڕوخساری پیاوانی بێگانە دەبینم. لێ نزیک دەبنەوە و منیش سەرم لە زەویدا دەشارمەوە. هیچکامیانم پێشتر نەبینیوە ڕوبەڕوو. ئەوان ڕوخساری من دەناسم بەهۆی بوونی وێنەکەم لەسەر پولی پۆستەکان و مۆرەکان. یەکێکیان لەسەر زەوییەکە سەرم ئەم دیودیو دەکات و سەیری ڕوخسارم دەکات و پێیان دەڵێت ئەمە ئەو ڕوخسارە نییە کە ناسیومانە. وتیان ئەی کەواتە کێیە؟ وتی نازانم خودا دەزانێت!

لە چاوەکانیاندا ئەوە دەبینرا کە لە ڕوخساری من زیاتر سڵ دەکەنەوە تا ڕوخساری ئیمام. گەورەتر لەوەی کە ڕوخساری مرۆڤێک بێت. ڕوخسار سپی وەک ئەوەی خوێنی تێدا نەبێت و ئێسکەکانی سەر وەک بەرد بێ جووڵە. گرژییەک بە جەستەیاندا هات و سوجدەیان برد. هاواریانکرد ئەوە خودایە و یەکێکیان زیاتر لێم نزیک بووەوە و ڕوخسارمی تاریک و ئەسمەر بە ڕەنگی زەوی بینی، دوور کەوتەوە و ڕایکرد و هاواری کرد: ئەوە شەیتانە. ئەوانی دیکەش هەموو دوایکەوتن و هەڵهاتن. کاتێک ڕایان دەکرد یەکێکیان پێی لە دەستم نا و یەکێکی تر پێی نا بەو ویسمەی لای قاچی



Scanned by CamScanner

چەپمەوە کەوتبوو. ئیتر ڕوخسارم لە زەوییەکەدا شاردەوە تا کەس نەمبینێت. دواتر هەستم بە دەستێکی نەرم کرد لەسەر سەرم. چەند ڕوخسارێکم بینی کە دەمناسین. کاتێکیش سەریان بۆ سەرەوە بەرز کردەوە و سەرنجیاندام هیچکامیان ڕوخساریان نەناسیمەوە. دەنگێکی نەرمی ناسراو چرپاندی کە لە دەنگی سەرۆکی ئاساییش یان هاوسەرە شەرعییەکەمی دەکرد: ئەو نییە. دەنگێکی تر لە دەنگی گەورە نووسەر یان نەیاری شەرعیمی دەکرد: ئەو نییە. خودا ڕزگاری کردووە، چونکە خودای لەگەڵە. دەنگەکان بەرزبوونەوە و هاواریان کرد. بژی ئیمام. ئیتر دەنگی تۆپەکان و تەپڵەکانی جەژن دەهاتنە گوێ. بینیم هاوسەرەکەم بە هەنگاوی ئازایانەی وەک شێر تارمەی ئافرەتان جێ دەهێڵێت. کاتێکیش لە چاوەکان دوورکەوتەوە لەسەر پاژنە بەرزەکانی تاکو ژووری نووستنەکە ڕای کرد.

پەردەکان دادرابوونەوە و لاشەم لەسەر جێگەکە بوو لەدەوریشم منداڵە شەرعی و نا شەرعیەکانم و وەزیری تەندروستی وەستابوون و گیراوەیەکی خاوێنکەری دەکرد دەپرژاند کە ڕێگەی لە بۆگەنکردن دەگرت. لە ژووری تەنیشتیشەوە هاوکارانم میراتیان بەش دەکرد. پاشان هاوسەری شەرعیم هاتە ژوورەوە و دەستبەجێ چاوی چووە سەر کچە ناشەرعییەکەم کە لە تەنیشتمەوە وەستابوو، (جەواهر) ی دایکیشی لای چەپیەوە وەستابوو. لای ڕاستیشی هاوسەرە کۆنەکەم. ئیتر ئەو کەش و دۆخە ئارامەی کە دەستی نەرمی کچەکەمم لە دەستدابوو بۆنم پێوە دەکرد و ماچم دەکرد. هاوسەرە شەرعییەکەمم بینی وەک پڵنگ هات و هەموو ڕوخسارەکان لە دەورم ون بوون، تەنها ڕوخساری ئەو نەبێت. لەژێر زەمینەکە لە باخچەی کۆشک لاشەکەی شاردمەوە دوای ئەوەی جلوبەرگە فەرمییەکانمی

لەبەرم دانا و گیرفانەکانمی لە وردە بەتاڵ کرد و ئەنگوستیلەکانی هاوسەرگیری و عەرشی لە پەنجەکانم کردەوە.

جەماوەر بەردەوام بوون لە هاوارکردن بە ناومەوە و منیش لەژێر زەمینەکە شاردراومەتەوە و لە هەمان کاتدا لەسەر شانۆ وەستاوم و وتاری جەژن دەخوێنمەوە. هیچ کەسێکیش هەست بە ئامادەییم ناکات لە یەک کاتدا لە دوو شوێنی جیاوازدا جگە لە هاوسەری شەرعیم و سەرۆکی ئاساییش نەبێت. ڕۆکێتەکانی جەژن دەتەقێنرێن و خەڵکی هاوار دەکەن و کەس نازانێت کە من ئیمام نیم. منیش خودی خۆم وا هەست دەکەم کە ئیمامی ڕاستەقینە و سەرۆکم. چاوەکانم لێکدەنا و چێژم لە گەورەیی وەردەگرت بێ ئەوەی سەرۆک بم. بەبێ ترس و بێ ئەوەی کراسی (درع / پارێزگاری) بپۆشم دەجووڵێم لە تیرۆرکردن ناترسم، چونکە دەزانم کە پێشتر تیرۆر کراوم و باشتر وایە ئیمامێکی تیرۆرکراوبم وەک لەوەی هەر ئیمام بم. ئیتر ناوە نوێیەکەم کرا بە ئیمامی شەهید. نازناوەکە پیرۆزییەکی گەورەتری پێدام، چونکە من لە مردن گەورەترم و بۆ هەتایە لەسەر کورسی عەرش دادەنیشم و نە لە دوژمنان و نە لە هاوڕێیانم ناترسم. هەروەک توانای فڕینم هەیە لە هەوادا و ڕۆیشتن لە جیهانی یەکەمەوە بۆ جیهانی دووەم و سێهەم، ترسم نییە لە زلهێز و هێزەکانی دیکەش و لەگەڵ گەورەترین سەرکردەکان دادەنیشم و قاچی چەپم لەسەر قاچی ڕاست دادەنێم. لە بەیانیاندا قاوە لە زەوی باکوور دەخۆمەوە و نیوەڕوانیش لەگەڵ خەڵکی باشوور نانی نیوەڕۆ دەخۆم. لە ئێوارانیشدا ئێوارەخوانێکی تایبەتم هەیە لەژێر زەویدا لەگەڵ (جەواهر) لە ماڵی خۆشبەختی. لە تەنیشتیشمەوە هاوڕێی تەمەنم پێکی خۆشەویستی و هاوڕێیەتی

هەڵدەدەین. نازناوەکەم پێبەخشی و لاپەڕەیەکی تەواوی هەیە و وێنەیەکیش لەناو چوارچێوەیەکدا و هەموو شەوانێکی پێنجشەممان تا بەیانی ئاهەنگ دەگێڕین و یادەوەریی لاوێتی زیندوو دەکەینەوە.

- ئەریٚ کورە ئەو کچەت لە یادە کە دەستدرێژیمان کردە سەر !؟

پاشان بە دەنگێکی بەرزەوە قاقا لێدەدەم و بە لەپی دەست دەدەم بە ڕانیدا. ئەویش بە هەمان شێوە قاقا لێدەدات و دەستی بەرز دەکاتەوە و دەدات بەڕانمدا. ساتێک دەستی لە هەوادا دەمێنێتەوە وا دەزانێت کە ڕانی ئیمامە. دووبارە قاقا لێدەدەمەوە و دەدەمەوە بە ڕانیدا و بیرم دێتەوە کاتێک لە قوتابخانە لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو و پانتۆڵێکی گرانبەهای لەبەردا بوو، لەپشتەوە بە لەپی دەستی دەیدا بە دەستمدا کە لەسەر کونەکەی سەر پانتۆڵەکە بوو. بۆ جاری سێهەم قاقا لێدەدەمەوە و دەکێشمەوە بەو ڕانانەی لە ڕانی پڵنگی دەکرد و پێی دەڵێم: کورە ناوی ئەو کچەکەت بیرماوە؟ ئەویش بە قاقاوە دەڵێت ناوی (جەواهر) بوو وەک قەیماغ سپی و قاچەکانی سپییەتییەکەیان ئاشکرا دەکرد، چاوەکانی گەورە و ڕەش و فراوان وەک چاوی حۆری. دەستبەجێ مێشکم لەم جیهانەوە دەچێت بۆ جیهانەکەی تر. بەهەشت دەبینم دووروودرێژ و سەوز منیش لەسەر سوندوس ڕاکشاوم و لەدەورم حۆرییەکان بەڕووتی لەناو ڕووبارەکەدا لەژێر تیشکی خۆردا مەلە دەکەن. لەبەر ڕۆشنایەکە ڕوخسارەکانیان دەناسمەوە و لە نێوانیاندا ڕوخساری هاوسەرە شەرعیەکەمی تێدا نییە. ئیدی بۆ جاری چوارەم یان پێنجەم قاقا لێدەدەم و دەکێشمەوە بە ڕانیدا و دەپرسم. ئایا پیاوی بڕوادار چەند حۆری بۆ هەیە؟ دەڵێت: حەفتا یان حەفتا و حەوت و خودا دەزانێت. ئەی بۆ سەرکردە یان ئیمام؟

نووسەرە گەورەکە قاقایەکی لێدا و ژمارەیەکی خەیاڵی لێدا، بەڵام خەیاڵی ئیمام گەورەتر بوو. پاشان لەناکاو لێی پرسی. ئەی چی سەبارەت بە هاوسەرە شەرعیەکانمان گەر لەگەڵمان هاتنە بەهەشتەوە؟ هاوڕێی تەمەنیش وتی: هاوسەرەکانمان ناچنە بەهەشتەوە. وتم ئەی گەر ڕویدا و یەکێکیان هات؟ وتی خودا دەیگۆڕێت بە حۆریەکی پاکیزە، چونکە بەهەشت هاوسەری شەرعیی تێدا نییە، گەرنا چ جیاوازییەک هەیە لە نێوان بەهەشت و زەویدا!



Scanned by CamScanner

# ناپاکیی شەرعی

لەو کاتەوەی خوشکەکەم بە خۆشەویستی مردووە، ڕوخساری دایکم نەبینیوەتەوە لەوەتەی لەدایک بووم. داپیرەش بە دایە حاجی بانگ دەکەین. لە خانەی منداڵان لەدەوری کۆ دەبووینەوە و چیرۆکی ڕوحی جنەکانی بۆ دەگێڕاینەوە. جنی حۆریی دەریا شەوانە بە لێواری دەریادا دەڕوات. سەری ئافرەتە و کلکی ماسییە. لە نێوانی دەستەکانیدا پیاو دەبێتە بوونەوەرێکی دیکە. جادووی لێ دەکات و دەیگۆڕێت بە ماسی یان بەرخێکی بچووک یان بە مەڕ. بە بێدەنگی باعەباعیەتی و خۆی لە قاچوقولی ئافرەتێکی دیکە هەڵدەسوێ کە توانای جادووی هەبێت. تا تەلیسمی جادووی ئافرەتی یەکەم بشکێنێت و بیگێڕێتەوە بۆ مرۆڤ. سەرلەنوێ ببێتەوە بە پیاو. بە سەربەرزییەکەوە بڕوات و ئەوەی بیر بچێتەوە کە ئافرەتێک دروستی کردووە. هەوڵی ئافرەتێکی دیکە دەدات سەرلەنوێ بیگۆڕێتەوە بە مەیموون یان پشیلەیەکی بچووکی کلکقرتاو. سەری بخشێنێت لە قاچوقولی ئافرەتێکی نوێی جادووگەر. ئیتر چیرۆکەکانی دایە حاجی



Scanned by CamScanner

دێن و دەچن. شەو بەدوای شەودا. هەزار و یەک شەو دەتوێتەوە سەرەتا لە کۆتاییدا وەک چۆن ڕۆژ لە شەودا دەتوێتەوە. دەنگی نەدەپچڕا و چیرۆکەکانیشی کۆتاییان نەدەهات تا سەرلەنوێ دەست پێ بکاتەوە. لە پچڕان دەترسا. وەک ئەوەی گەر چیرۆکەکە کۆتایی بێت وەک شەهرەزاد ژیانی ئەویش بەکۆتا دێت. شەهرەزاد کێیە دایە حاجی؟ ئیتر سەرلەنوێ چیرۆکەکە دەست پێ دەکاتەوە. پیاوەکە ئافرەتەکەی خۆی واز لێ هێنا بۆ ئافرەتێکی دیکە کاتێک گەڕایەوە ئافرەتەکەی لە ئامێزی کۆیلە ڕەشەکەدا بینییەوە. هاوسەرەکەی کوشت و سوێندی خوارد کە هەموو شەوێک پاکیزەیەک بکوژێت. مێردەکە سپیپێستێک بوو لە نەوەی پادشاکان و لەسەر عەرشی زەوی دادەنیشێت. هەموو شەوێکیش شمشێرەکەی هەڵدەکێشا و لە خودای دەپرسی. چۆن ئافرەت کۆیلەیەکی ڕەش دەخاتە شوێنی پادشا شەهرەیار؟ پاشان لە ناخیەوە دەنگێک دێت کە لە دەنگی باوکی دەکات و دەڵێت: لەبەر ئەوەی ئافرەتان بە سروشت وەک دایکە حەوایان ناپاکن.

پێم بڕی، بەڵام ئەو هەر بەردەوام بوو لە چیرۆکخوێندنەوە، بەڵام پادشا ناپاکیی لە شاژن دەکرد لەگەڵ جارلایەیەکی ڕەشپێستدا. پاشان وتی: جا چییە کچێ؟ ناپاکیی پیاوان لە هاوسەرەکانیان بە فرمانی خودا ڕێگەپێدراوە، بەڵام ناپاکیی ئافرەت لە شەیتانەوەیە.

کاتێک منداڵ بووم هەمیشە پرسیاری ئەوەم کردووە کە بۆچی پێستی پادشاکان سپییە و پێستی کۆیلەکان ڕەش؟ من پێستم ئەسمەر بوو ئایا لە نەوەی کۆیلەکانم؟ دایە حاجیم تفێکی کردە سنگی کراوەی کراسەکەی و هاواری کرد: اعوذ بالله من الشیطان الرجیم. دوور لە تۆ. تۆ لە نەوەی گەورەکانیت.



Scanned by CamScanner

لەوەتـەی لـە خانـەی منداڵانـدا چـاوم هەڵهێنـاوە هەمیشـە گوێـم لێیان بووە بە کچی خودا بانگیان کردووم. لەوەتـەی دایە حاجیشـم مـردووە لـە ئاوێنەکـەدا سـەیری پێسـتە ئەسـمەرەکەم دەکـەم. لـە خەونەکانمدا ڕوخساری باوکم بە سپییەتی وەک ڕوخساری پادشا شـەهرەیار دەبینـم. لەکوێـوە ئـەو پێسـتە تاریکـەم بۆ هاتـووە؟ ئایـا دایکم ناپاکیی لە باوکم کردووە لەگەڵ کۆیلەیەکی ڕەشدا؟ ئایا من کچی شـەیتانم و کچـی خـودا نیـم؟.

خۆمـم دەبینیـەوە لـە تاریکییەکـەدا ڕام دەکرد و کەسم لەگەڵ نەبوو جگـە لـە سـەگەکەم مـەرزوق نەبێـت. لـە پشتیشـمەوە پیاوانێکـی زۆر بە دوامدا ڕادەکـەن و کڵاوی سـەربازییان لەسـەردایە لەپشتیشیانەوە سـەگەکانیان هەناسـەبڕکێیەتی. خەریکـم دەر دەچـم کاتێـک سـەر دەکەومـە سـەر بەرزاییەکـە بـۆ نێوانـی ڕووبـار و دەریاکـە. هـەوای ئـەو شـوێنە سـنگم پڕدەکات. لـە منداڵیمـەوە سـۆزێکم هەیـە بۆ ئـەو هەوایە و بەرامـەی دایکـم پێـش ئـەوەی بمرێـت. شـوێنپێی باوکـم لـەو جێگەیـە هەبـوو پێش ئـەوەی هەڵبێت. دەمتوانـی لەدەسـتیان هەڵبێـم و خـۆم ڕزگار بکـەم، بـەڵام بیـرم هاتـەوە و وەسـتام. لـە وەسـتانەکەمدا گوللەکـە بـەر پشـتم کـەوت. ئـەوان هەیشـە لـە پشـتەوە لێیـان دەدا و هەرگیـز ڕووبـەڕووم نەدەبوونـەوە. پێـش ئـەوەی پیتەکانـم بیـر بچێتـەوە و بیـرم بـڕوا، گوێـم لێیـان بـوو دەیانـوت: بەرهەمـی هەڵەیـە و هـەر کـەس بیکوژێـت لـەم دونیـا خـەڵات دەکرێـت و لـەو دونیـاش بەهەشـت بەدەسـت دێنێـت.



Scanned by CamScanner

# هەموو شتێک لەناکاو

سەرم بۆ ئاسمان بەرز کردبووەوە و نیشانەکان لەسەر سنگم بوون، تەسبیحێکی پیرۆزی کەعبەی شەریفم بەدەستەوەیە و تیشکەکانی جیهانەکانی یەکەم و دووەمیش وەک ئاوێنەیەکی بازنەیی لەدەورمن. هاوارەکانی گەلانی جیهانی سێهەم و چوارەم لە گوێمدا دەزرنگایەوە: بژی ئیمام پەیڕەوکەری شەریعەت. ڕوخساری خۆمم لە ئاوێنەکاندا بە سەد ڕوخسار دەبینی تەنها ڕوخسارێک نەبێت. نەوەد و نۆ ڕوخسار هێندەی ناوە جوانەکانی خودا. هەر کاتێکیش سەرم بەلای چەپ یان ڕاستدا بسووڕاندایە ڕێژەی ڕوخسارەکانم زیادی دەکرد. کە لەژێر ڕۆشناییەکاندا وەستابووم و لە ژێرەوەم عەرش و لەدەوریشم ئەندامانی حیزب الله و و نەیاری شەرعی لە حیزبی شەیتان هەبوون. زلهێزەکان و هێزە بچووکەکان و ئالاکانی ئازادی و دیموکراتی. دەنگم بە خوێندنەوەی وتاری سەرکەوتن زولاڵە و ڕۆکێتەکانی جەژنیش دەتەقین. خۆشیەک دەیگرتم و بەبێ مەی سەرخۆش دەبووم و دەلەنگام دەکرد. لەو لەنگاندنەم



Scanned by CamScanner

لەناکاو ڕوخسارەکەم کەوتە خوارەوە و بۆ نێوانی قاچەکانم لەسەر کورسییەکە. قاچەکان بەسەر زەوییەکەدا ڕایان دەکرد و لەناکاو جارێک پێیان لە قاچم دەناو جارێک کورسییەکەم لەسەر پشتی هەڵگەڕابووەوە هەر چوار قاچەکەی بەرەو ئاسمان بوو. بەملاولای خۆمدا دەسووڕێم.. لەناکاو چی ڕویدا؟

نەیاری شەرعی لە تەنیشتیەوە وەستابوو دووری لە عەرشەوە تەنها بوونی سەرۆکی ئاساییش بوو، لەناکاو گوێی لە دەنگێک بوو دەپرسێت ئایا لەناکاو قیامەت هەستاوە. پاشان زانی کە ئەوە دەنگی ئیمامە لە ژێر کورسییەکەدا لە تەنیشتیەوە ڕاکشاوە. دانایی نەیاری شەرعی توندبوو و لەناکاو کورسییەکانی کەشتیی نوحی بەیەکەوە بەستەوە هەروەها ئاشکراکردنی تیشکی نەوەوی و کۆتایی دونیا. نووسەری گەورە سەری کردبوە نێوانی قاچەکانی و لەناکاو بۆ یەکجاری بە حەوانەوە چاوەکانی لێک نا. بە چاوی نیوە کراوەوە وتی بیرکردنەوە لە ڕۆژی دوایی بە مێشکێکی دونیایی لە شەریعەتدا بوونی نییە. هەر وەک هیچ زانیارییەکمان نییە سەبارەت بە ڕۆژی دوایی تەنها ئەوەندە نەبێت کە لە قسەکانی خودادا هاتووە لە قورئاندا. هەر کەسێکیش بە دڵێکی پڕ بڕواوە قسەکانی خودا بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت کە ڕۆژی دوایی ڕووداوێکی کەونییە و هیچ پەیوەندییەکی بە زەوی و خەڵکەوە نییە، بەڵکو هەموو کەون دەگرێتەوە. خودای گەورە دەفەرموێت: (وَنُفِخَ فِي الصُورِ فَصَعِقَ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَمَن فِي الْأَرْضِ إِلَّا مَن شَاءَ)، قسەی خوداش نە قسە لەسەرکردن و نە نەیاری شەرعی و ناشەرعی قبوڵ ناکات، چونکە قیامەت هەموو کەون دەگرێتەوە زەوی و ئاسمانەکان و تەنها کەسێک کە بە فرمانی خودای لێ بەدەر دەکرێت جێنشینی



Scanned by CamScanner

خودایە لەسەر زەوی لە جیهانی مرۆڤایەتیماندا ئەویش ئیمامە.
قسەکانی خودا ئاماژە بە دانیشتوانی هەموو هەسارەکان و مانگ
و خۆر و ئەستێرە کەونییەکانی دیکەش دەکات کە چارەنووسیان
وەک چارەنووسی دانیشتوانی زەوییە کە مردنی لەناکاوە. خودا
ئەوەی بە ڕوونی باس کردووە کە ڕۆژی دوایی لەناکاو دێت
وەک فەرمویەتی: (أفأمنوا أن تأتيهم غاشية من عذاب الله أو
تأتيهم الساعة بغتة)، خوداش پێویستی بە هۆکارەکانی تیشکی
نەوەوی نییە بۆ هەستانی ڕۆژی دوایی و هۆکارێک نییە نەبێت بۆ
وێرانکردنی کەون هەر کاتێک ویستی و لەناکاو.

خۆشحاڵی لە چاوەکانی ئیمامدا بە ڕوونی دیار بوو بە
ڕەوانبێژی نووسەری گەورەی و بەرفراوانی ڕۆشنبیری ئایینی و
گرنگیدانی بە شەریعەت. خۆشحاڵی لە چاوەکانی نەیاری شەرعی
گۆڕا بۆ شێوە قین و ئیرەییبردن. دەستی کرد بە وتاردانێکی
لەوەی نووسەری گەورە دووروودرێژتر و تێیدا ئەوەی سەلماند
کە پەیوەندیی هەیە لەنێوانی ڕۆژی دوایی و تیشکی نەوەوی
گەر دەقێکیش لەو بارەیەوە نەبێت لە قورئاندا. پاشان سەرۆکی
ئاساییش هەستا و ئەو تۆزەی لە خۆی کردەوە کە پێوەی نیشتبوو
و وەک تیشک لەژێر ڕووناکییەکەدا دەبریسکایەوە و ڕای کرد.
هەر یەک لە سەرۆکی حیزب الله و سەرۆکی حزبی شەیتانی بە
ڕاکشاوی ئەمانەتی خودا کرد و جێیهێشتن. تەنها نووسەری گەورە
لەنێوانیاندایە و بە سەرسووڕماوی دەمی کردووەتەوە و ئازایەتیی
نەیاری شەرعی سەرسامی کردبوو لە گوزارشتکردنی ڕۆژی دوایی
و پەیوەندیی بە تیشکی نەوەوی و کە ئەوە شتێکە بوونی هەیە گەر
دەقێکیش نەبێت لەو بارەیەوە. نووسەری گەورە و سەرۆکی نەیاران

خەندەیەکی فراوانیان بۆ یەکتر کرد درێژ بووەوە لە گوێی چەپەوە بۆ گوێی ڕاست و سەری هەر یەکەیان لەنێوانی قاچەکانی بوو و ئیمامیش بەبێدەنگی لەنێوانیاندا. هەر دووکیان لێیان جووت کرد و چاوەڕوانی قسەی ئیمام بوون، چونکە قسەی ئەو کۆتا قسەیە و هیچ پرسیار و قسەی لەسەر ناکرێت. ئیمام بەبێدەنگی مایەوە وەک ئەوەی بۆ هەتایە قسە نەکات لێرەدا سەرۆکی نەیاران پڕی دایە خۆی و پرسی: ئایا ئیمام لێرەیە؟ پرسیارەکە وەک کوفرێک وا بوو، وەک ئەوەی بپرسێت ئایا خودا لێرەیە؟ ئەوە پرسیارێکە گوزارشت لە کوفر ناکات هێندەی گوزارشت لە بڕوابوونی دوو هێندە یان حەزی گرنگیدان بە بڕوای دڵ و بڕوای مێشک دەکات. ئیدی پرسیارەکە بووە ڕووداو سەرباری ئەوەی کە هەموو منداڵێک پرسیاری ئەوەیان دەکرد و خاوەنی پرسیارەکەش پاڵەوانێک بوو لە پاڵەوانەکانی نەیاران. لەژێر کورسییەکەیەوە نووسەری گەورە بە چاوێکی حەسودیکردن سەرنجی دا و گەڕایەوە لای هاوسەری چوارەمی و لێوەکانی بەکراوەیی مایەوە و سوێند و تەڵاقی سێ بە سێی خوارد کە تەنها ئەوە پێڵوەکانی هەڵبڕیوە و ئەو ساتە مێژووییەی بینیوە، هەروەک هەموو پیاوان لە ئەندامانی حیزب الله و حیزبی شەیتان نەیانتوانی چاوەکانیان بکەنەوە، چاوەکانیان بەداخراوی مایەوە وەک ئەوەی لەناکاو مردبن تەنها سەرۆکی ئاساییش نەبێت کە لەناکاو ون بوو.



Scanned by CamScanner

# حەزی خۆشەویستی

هێشتا لە قوتابخانەی پەرستاران بووم و (نعمت اللە)ی خوشکیشم لەپێناو خۆشەویستیدا. (فزڵ اللە)ی براشم چوو بۆ جەنگ، بووە قوربانی نیشتیمان. منیش نامەوێت ببمە قۆچی قوربانی. شەوانیش هەڵدەسام و قسەکانم لەبەر دەکرد تا لە تاقیکردنەوەکان بیانکەم. پاشان ئاهەنگی دەرچوون و پێدانی بڕوانامەی خزمەت و گوێڕایەڵی. پەرستارەکان بە ڕیزبەندییەک بە بەردەم سەکۆی شانۆکەدا دەڕۆیشتن. دەرچووەکان نازناوی (خزمەتکاری نمەنەیی)یان پێ دەدرا. جلوبەرگی سپیی دەپۆشی و قژیشی بە پارچەیەک قوماشی شاش دەبەست. پاشان بە هەنگاوی هێواش لە ڕیزەکەدا دەڕۆیشت. کاتێکیش دەگەیشتە سەکۆکە بۆ سڵاوکردن دەنوشتایەوە. لەسەر سەکۆی شانۆکەش گەورە ئافرەتانی دەوڵەت دادەنیشتن و لەنێوانیاندا هاوسەری ئیمام لەسەر کورسییەک کە پاڵپشتێکی بەرزی هەبوو دادەنیشت. لای چەپیشیەوە سەرۆکی ڕێکخراوە



Scanned by CamScanner

خێرخوازییەکان بە ڕوخسارێکی مەتاتییەوە دانیشتبوو. لای ڕاستیشی سەرۆکی پەرستاران کە ویسامی بەخشندەیی بە سنگیەوە بە دەرزییەک لکێنرابوو. لەدوای ئەوانیشەوە ریزبەندییەکان دەهات. بێوەژنانی شەهیدان و دایکانی نموونەیی و بەخشەرانی خێرخوازی. هەموو یەک شێوازن و کەس ناتوانێت لێکیان جیا بکاتەوە. بەبێدەنگی دانیشتوون و پەنجەکانی دەستیان لەسەر سنگیان کردووە بەیەکدا. کاتێکیش هاوسەری ئیمام هەڵدەسا هەموو هەڵدەسان. دەستەکانیشیان وەک خۆیان لەسەر سنگیان بە تێکەڵی. بە هەنگاوەکانی وەک لە پرسەدا بم لە سەکۆکە نزیک دەبمەوە. دەمبینی کاتێک بە پێوە وەستابوو، هەروەها کاتێک دادەنیشت لە هاوسەرە نوێکە باڵای کورتتر بوو. خەریکە لەپشتی سەکۆکەوە سەری ون دەبێت. لە کەمەریشی حجابێکی لە جۆری حەریری هاوردە پێچرابوو. ملوانکەیەکی لە ئەڵماسی تێوە ئاڵابوو تیشکی خۆری پێچەوانە دەکردەوە و ملوانکەیەکی تر لە گەردنی ئاڵابوو، هێمایەک لەسەر مەمکی و بازنگ لە مەچەکیدا و ئەنگوستیلەکان لە پەنجەکانیدا. هەر کاتێک دەستی بەرەو پێشەوە یان دواوە دەجووڵاند تەواوی کەون بە هەزاران تیشک دەلەرییەوە.

کاتێک لە خانەی منداڵان دەر چووم، ئەم دیمەنەم بینیبوو. لەسەر کورسییەکەی سەرۆک پیاوێک دانیشتبوو خەریک بوو نەمدەناسییەوە. سەرێکی گەورەی بێ مووی هەبوو سنگیشی پڕی موو. هاوسەرە ئافرەتەکەشی قەبارەی گەورەتر و سەرتاشراو بەبێ حیجاب. ئافرەتانی ڕێکخراوە خێرخوازییەکانیش هەموو یەک شێوە. جەستەیەکی چوارگۆشەی گۆشتن و سەرێکی

بچووک بە دەرزی پێچراو. دوو قاچی ئەستووریش لە کاتی دانیشتندا لە هەوادا دەلەرینەوە. کاتێکیش دەڕۆیشتن تەقەتەقی پاژنە بەرزەکانیان دەهات.

نۆرەی من هات بۆ وەرگرتنی بڕوانامە و لە سەکۆکە نزیک بوومەوە. دەستە نەرمەکە بەرەولام هات و ئەستێرەکان پرشنگیان دەدایەوە. جەستە چوارگۆشەکانیش بە پاژنە بەرزەکانیانەوە لە هەر دوو بەر وەستابوون. دەستە خرپنەکانیان بە تێکەڵی لەسەر سنگیان بوو. لەگەڵ هەر خەڵاتێکیشدا یان بڕوانامەیەک دەستێک لەسەر سنگەکەوە بە جووڵەیەکی قورس دەجوولا تا لە دەستەکەی تر بدات. پاشان چەپڵەیەکی وەک هەناسەدانێکی پچ پچڕ دەبیستریێت.

بڕوانامەکەم وەر گرت و هەژانێک لە دڵمدایە. کەمێکی پەنجەکان بەر دەستم کەوتن وەک بەرکەوتنێکی کارەبایی. دواتر بە هەڵپژان و خۆشیەکەوە بە ڕێی خۆمدا ڕۆیشتم. زانستم هەڵگرتووە و بەدەنگی بەرز هاوار دەکەم. اللە و نیشتیمان و بژی ئیمام. خوشکەکەم بۆ تەنها پیاوێک مرد من بۆ هەموو کەس دەژیم. یان سەربەخۆیی تەواو یان مردن و کۆتایی. بەڕۆژیش لە برینداریکەوە بۆلای یەکێکی تر بە سەتڵی میز و پیسایییەوە دێم و دەچم. شەوانیش ئێشک دەگرم بۆ بیستنی هەنسک و هاوارەکان. دەمبینی لەبەر تیشکە کزەکەدا ڕاکشاوە و بە ڕوخسارێکی هەڵبزڕکاوەوە ڕووی لەمن بوو. برینێکی قوڵ لە سنگیدا و چاوەکانیشی پڕ سۆز.

لە تاریکییەکەدا دەچمە لای و دەڵێم: فزڵ اللە چوو بۆ بەرەکانی جەنگ ئایا لەوێ بینیوتە ئایا هێشتا دەژی؟ ئەویش

دەڵێت: فزل الله کێیە ئایا مێردتە؟ منیش پێم دەوت برای شیریمە و لە خانەی منداڵان بوو. پاشان قسەکە تەواو ناکەم و بێدەنگ دەبم. ئەویش دەڵێت: بۆچی بێدەنگ بووی؟ منیش دەموت: چی بڵێم؟ دەیوت باسی خۆتم بۆ بکە. باسی چی بکەم؟ باسی هەموو شتێک. منیش نەمدەزانی باسی چی بکەم. ژیانم پڕێتی لە نهێنی و هەر کات دەست بە قسەکردن دەکەم هیچ نییە باسی بکەم. بە قۆڵەکانی وەک دایک لە ئامێزی گرتم و وتی بنوو و مەترسە. ئیتر چاوەکانم لێکنا و نووستم، لە خەوتنەکەمدا ترسەکەم نەما. دەستمکرد بە باسکردنی ژیانم و لەگەڵ هەر چیرۆکێکدا زمان و دڵم ئازاد دەبوو و جەستەشم وەک ڕوحێکی بێ جەستە دەفڕی. لە سەرکەوتنەکەدا بۆ سەرەوە و لەو کاتەی خەونم بە سەرکەوتنەکەوە دەبینی هەناسەیەکی قوڵم دایەوە. لەوەتەی لەدایک بووم خەون بەو بەرزاییەی نێوانی ڕووبارەکە و دەریاکەوە دەبینم، دایکم وەستابوو و چاوەڕوانی دەکردم و هێشتا بەرامەی هەوا هەر لە بیرمدایە، درەختەکە، بەردەکە، گەردەکانی هەوا، هەڵی دەمژم، چونکە ئەو نیشتیمانم و بەرامەی ژیانمە، بە قۆڵەکانم لە ئامێزی دەگرم، سنگم پڕ دەکرد وەک یەکەمین هەناسەی کاتی لەدایکبوون و دوا هەناسەی پێش مردن. بۆ یەکەمینجارە بۆنی دەریا و سوێری ئاو و یۆد و هەناسەکانی گژوگیا و گوێچکە ماسی و و ماسی تازە دەکەم. خۆممدایە دەست هەوای دەریا تا پڕم بکات و نوقمم بکات. شەوانە شەپۆلە سپییەکانی بەرز دەبووەوە و لە ئاسماندا وەک قۆڵەکانی خودا لە ئامێزی دەگرتم. ئەویش لە تەنیشتمەوەیە و لە ئامێزی

گرتووم و قسەم بۆ دەکات:
- حەزت لە ماسیی برژاو هەیە؟
- زۆر زۆر.
- ئایا زیاتر حەز لە سەر دەکەیت یان کلک؟
- حەزم لە هەر دووکیانە.

پاشان پێکەنینە منداڵییەکەی لە کەوندا دەزرنگایەوە. ماسییەک فوی کردبێتە خۆی و هەوای دەریا بۆ ژیان برسی کردبێت. هەر پێنج هەستەکەشی وەک شەپۆل بەئاگا دێتەوە. ڕووناکیی ئەستێرەکانیش لەسەر دەریاکە وەک ئەلماس دەدرەوشێنەوە. گەڵای درەختەکانیش لەگەڵ شەپۆلی هەواکەدا لە بانگهێشتێکدا دەتوێنەوە. هەر دوو چاوە ڕەشەکانیشی بۆ حەزی خۆشەویستی تا ڕادەی لەهۆشخۆچوون فراوان دەبوو. ئیتر چاوەکانی لێک دەنا و وەک منداڵ لەسەر سنگی دەخەوت و بە هێمنی بە گوێچکەکانیدا دەیچرپاند: خۆشم دەوێیت.

# کاتێک خۆشەویستی کوێر بوو

من هێشتا لە حەزی خۆشەویستیدا بووم کاتێک خۆشەویستی بەرم دەکەوت ئیتر نەمدەبینی و هەستم دەکرد دڵم بە قەبارەی ئەستێرەی خۆر دەبێت. جەستەشم وەک گوێچکە ماسییەکە و دەکرێتەوە. هەوای دەریاش هەر پێنج هەستەکەم بەئاگا دێنێت. دەنگیشی لە گوێچکەمدا وەک چرپەیەک وایە. لە دوورەوە وەک هاوارێکی دایک پێم دەگات. پرشنگی شەوانەی ئەستێرەکانیش وەک بریسکەی ئەڵماسن. هێشتا لە ڕیزبەندیی پەرستارەکاندا دەڕۆیشتم. نازناوی خزمەتکاری نموونەییم هەڵگرتووە. لە جەژنی سەرکەوتندا هاوار دەکەم (اللە و نیشتیمان و ئیمام). لە ترۆپکی خۆشەویستی و پەرۆشیمدا ئەوەم بیرچووەوە کە خوشکەکەم بە خۆشەویستی مرد. براکەشم چوو بۆ جەنگ و نەگەڕایەوە. وتم خۆشەویستی ژیانە نەک مردن. جەنگیش لەپێناو نیشتیماندا خۆشەویستیە. لە بەرەکانی جەنگدا خۆم بینیەوە وەستاوم و تفەنگەکەم بەشانەوەیە. ئامادەم بۆ مردن و نیشانە لە دوژمنەکان دەگرمەوە. شەوانیش ڕامدەکردە



Scanned by CamScanner

تەنیشت هاوڕێکانم. ڕامدەکرد و ڕام دەکرد، لە خەندەقەکەدا خۆم دەشاردەوە و دووبارە ڕام دەکردەوە. لە خەندەقەکەدا خۆم دەشاردەوە و لە سکی زەوییەوە دەهاتمەوە دەرەوە و ڕام دەکردەوە. لە تاریکییەکەشدا ڕوخساری دوژمنم دەبینی. ڕوخسارەکەم دەناسی و هەڵەم نەدەکرد. نیشانەکەم لە خاڵێکی نێوان هەر دوو چاوەکان دەگرتەوە و دەستم بە پەلەپیتکەدا دەنا. ڕوخسارەکە دەکەوتە سەرزەی و گوێم لە تەپەی قاچەکان بوو بە پێڵاوی ئاسنینەوە لە زەویاندەدا. وامدەزانی دوژمنەکانن ئیتر ڕامدەکرد و ڕامدەکرد. لە پێچی سەرکەوتنەکەدا لەنێوانی ڕووبار و دەریاکەدا دەوەستام. لەبەر ئەوەی ئەمە ناوچەیەکی ئارامە. شوێنەکە و بەرامەی ئاو و درەختەکان دەناسمەوە. بە هەنگاوی هێواش دەڕۆیشتم و هەوام هەڵدەمژی. لە پشتیشمەوە گوێم لە تەپەی قاچەکان بوو. وتم دەبێت هاوڕێیان بن و سەربازانی نیشتیمانن و لە پێشیانەوە سەرۆکی ئاساییش دەڕوات و ویسامێکی پێیە بۆم لەبریی ئیمام پێم بدات. کاتێکیش لێدانەکە لە پشتی دام، لام کردەوە و بە سەرسووڕمانەوە پرسیم:

بۆ لێم دەدەن من کە لە دوژمنداوە؟ وتیان ئەوە هاوڕێیە و دوژمن نییە.

وتم تا دوێنێ ئەو دوژمن بوو.

وتیان ئەوە دوێنێ بوو، لەگەڵ ئەمڕۆ جیاوازە.



Scanned by CamScanner

## بەیەکەوە لە خەندەقدا

چاوەکانـی ڕەش و فـراوان شـوێنی سەرسـوورمانی هەمـوو کەونی تێدا دەبـووەوە. لـە تاریکییەکـەدا بەدەوریـدا دەسـووڕانەوە. بەخێرانـی دەنـگ دەجووڵێتـەوە و دەنگیشـی وەک هەورەگرمەیـە. لـە زەوی نزیـک دەبێتـەوە و بـە تەقینـەوە دەکەوێتـە خـوارەوە و بڵێسـەیەکی ئاگـر دروسـت دەکات. دەریایـەک لـە گـڕ و ئاگـری سـوور و چاوەکانی بەکراوەیی ماونەتـەوە و شـەو و ڕۆژی بۆ لـە یەک جیا ناکرێتـەوە. ئاگرەکە کوژایـەوە و تەنها دووکەڵێکی ڕەش مایـەوە و بەرامـەی خۆڵـیش لـە لووتیدایـە. لەژێـر دەسـتی چەپیـدا چەکەکـەی هەیـە و دەسـتی ڕاستیشـی لەدەسـتی ئەودایـە. دەنگیشـی لـە گوێیدایـە: تەقـەم لـێ کـرد و کـەوت.. ببینـە. سـەری لـە لێواری خەندەقەکـەوە دەر هێنـا. هیچـی نەبینـی. دووکەڵێکی چڕی وەک شـەو بەبـێ تروسـکاییەک لـە ڕۆشـنایی. تەنانـەت ڕوخساریشـی نابینێت. وتـی ناتبینـم. وتـی منیـش ناتبینـم. لـە تاریکییەکـە وورد بـووەوە. بینـی لـە خەندەقەکـەدا لـە تەنیشـتیەوە وەسـتاوە و دەسـتی لەسـەر



Scanned by CamScanner

پەلەپیتکەی چەکەکەیەتی و ڕووی چەکەکەشی هێشتا لە ئاسمانە.
وتی یەکێک کەوتووە و هێشتا هیتریش ماون. لە تاریکییەکەدا
بینیم دەستی بۆ درێژ کردووە و کاغەزێکی نوشتاوەی تێدایە،
وتی: گەر مردم بچۆ بۆلای دایکم و ئەم نامەیەی بدەرێ.
بە چرپە وتم: دایکت کێیە؟ وتی ئەو دایکمە وماڵەکەی
بە تەنیشت خانەی منداڵانەوەیە و ناوی خانووی ئاسوودەییە.
زانیم کە ئەوە فزل الله یەو زیندووە هێشتا جەستەی ڕێک و
سەری بەرزە. پێستی وەک ڕەنگی قوڕ ئەسمەرە و ڕوخسارێکی
هەڵبزڕکاوی باریکی هەیە. ڕاستەوخۆ سەیری چاوەکانی دەکات
بێ ئەوەی چاوەکانی بۆ خوارەوە بجووڵێنێت. لە بریسکەی
چاوەکانیدا ئاسوودەیی منداڵی هەیە. وتی ئایا لە تاریکییەکەدا
بە ڕوونی دەمبینیت من کچی خودام. ئیتر بە ڕوخساری و
چاوەکانی و بەرامەی قژیدا ناسیەوە. سەبارەت بە نعمت الله
پرسیاری لێ کرد وتی بە خۆشەویستی مردووە، وتی ئەی تۆ؟
وتی من بە خۆشەویستی دەژیم. پاشان باوەشی پێدا کرد، وتی
لە نامەکەدا چیت بۆ نووسیبووم؟ وتی بۆم نووسیبووی دایکە
خەم مەخۆ، لەبەر ئەوەی لەوەتەی لەدایک بووم نەمبینیویت
و نەشچوومەتە خانووی ئاسوودە کە تۆ و خۆشەویستی لێن،
بەڵام مردن لەپێناو نیشتیماندا ژیانە لەپێناو تۆدا، ئایا ئەو ماوە
زۆرە ونبوونەم بۆ هەتایی دەبوریت؟ چاوەکانی لێک نا و وتی
وەک هەمیشە دەتبینم و وەک ئەوەی دیارنەبوونەکەت دوێنێ
بووە و تەنها ڕۆژێک ڕوخسارت لەپێشچاوم ون نەبووە. ئیتر
چاوەکانی لێک نا و لەسەر سنگی نووست وەک چۆن کە منداڵ
بوو وای دەکرد دواتر لەناکاو هەستا و زانی کە چیتر منداڵ نییە

و ئەویش بووەتە ئافرەتێکی پێگەیشتوو. پاشان لە ئامێزی گرت و هەستی کرد خەندەقەکە بچووکە بۆ ئەو لەئامێزگرتنە و تەواوی کەون بە قەبارەی ئەستێرەی خۆرە لە چاوەکانیدا. ئەویش لە خەندەقەکەدا لە ئامێزی گرت و شوێنەکە تەنگەبەر بوو، لە ئامێزگرتنەکیان پڕی زەوییە، کاتێکیش ڕووناکییەکە ئاشکرای کردن هەر لە ئامێزی یەکتریدا بوون، لەو ساتی لەئامێزگرتنەدا جیهان وەستا و سەرنجی ئەو دیمەنی خۆشەویستیەی دەدا، کە هەر دووکیان لە ئامێزی یەکتردا بوون وەک یەک کەس وا بوون، هیچ کامیان لەویتر جیا نابێتەوە یان بترسێت لە ڕووناکی یان لە مردن بترسێت، چونکە هەر دووکیان پێشتر مردون.

کاتێک زیاتر و زیاتر پێوەی دەنووسا و دەیویست تێیدا فەنا بێت، ئەویش بە هەمان شێوە زیاتر و زیاتر پێوەی دەنووسا دەیویست تێیدا فەنا ببێت. هەر یەکێکیان بووبوە ئەویتریان. ئەو بووە ئەم، ئەمیش ببووە ئەو. هیچ هێزێکیش نییە لە کەوندا یەکێکیان لەویتر جیا بکاتەوە، نە دەنگی تۆپەکان و نە ڕۆکێتەکان، نە هاواری هاوڕێ و نە دوژمن، هەروەها نە دەنگی ئیمام یان شەیتان یا سەرۆکی ئاساییش.

پاشان چاوەکانم کردەوە بینیم بە تەنیا لە خەندەقەکەدا وەستاوم و کاغەزەکەش بە نوشتاوەیی لە دەستمدایە. فزل الله چیی لێ هات؟ لە دوورەوە گوێم لە دەنگی هەناسە بڕکێیان بوو بەدوامدا ڕادەکەن و بە پێڵاوە ئاسنینەکانیان لە زەوییاندەدا. لە تاریکییەکەدا دەستمکرد بە ڕاکردن و خۆم ڕزگار دەکرد. ئەوانیش لەدوامەوە ڕایان دەکرد و سەگەکانیشیان دەوەڕی. منیش ڕامدەکرد و نەمدەزانی بۆچی ڕادەکەم. خەریک بوو

لەدەستیان دەر دەچووم لە پێچی سەرکەوتنەکەدا پێش ئەوەی خۆر هەڵبێت، بەڵام یەکێکیان لە پشتەوە لێی دام. پێش ئەوەی بکەوم و پیتەکانم بیر بچێتەوە، وتم ئەو لە خانەی منداڵان لەگەڵمدا بووە و برای شیریمە. وتیان تاوانەکەت دوو هێندەیە لە دونیا و قیامەت، چونکە تۆ کچی حەرامیت و ئەویش کوڕی حەرام، نە لە حیزب الله و نە لە حیزبی شەیتاندا ناوی نیە.

هێشتا ڕام دەکرد و تاریکییەکەش بەردەوامبوو. گوێم لە تەپەی پێڵاوە ئاسنینەکانیان بوو لەدوامەوە. لە تاریکییەکەدا هەستی سکم هەڵدەگرم. لەژێر لەپی دەستمدا بەرزییە نەرمەکەی وەک خۆشەویستی. لە دوورەوە دەنگی وەک دەنگی دایکم دەهات و بانگی دەکردم. کچی خودا وەرە. هێندە لێم نزیک دەبووەوە تا بەرم دەکەوت. باوەش بە یەکتردا دەکەین. لەرزینێکی نادیار دەمگرێت. گرژیەک. بە دەنگێکی نەرم دەچرپێنێت. مەترسە من خودام و مەسیحت دەبێت. تاریکییەکە بەردەوامە و منیش ڕادەکەم و کاغەزە نوشتاوەکەش لە دەستمدایە. بە پەنجەکانم گرتومە و لە سنگمدا دەیشارمەوە. لەدوامەوە گوێم لە هەناسە بڕکێیانە. وتم ناتوانن پێم بگەن پێش ئەوەی نامەکە بگەیەنم. ژیانی خۆم دەخەمە مەترسیەوە لەپێناویدا، چونکە ئەو ژیانمە. خۆم ڕووبەڕوی مەرگ دەکەمەوە بە بەردبارانکردن وەک مریەم وای کرد لەپێناو لەدایکبوونی مەسیح، هەروەها وەک دایکم لەپێناو لەدایکبوونی مندا وای کرد. لە پێچەکەدا لە سەرکەوتنەکە لەنێوانی دەریا و ڕووبارەکە لە نزیکی هێمای ئارامیەکە بەرامەی شوێنەکەم ناسییەوە. وەستام و سوپاسی حودام کرد بۆ ڕزگاربوون. دەکرا ڕزگارم ببێت گەر نەوەستامایە تا نوێژ بکەم،

لـە پشـتەوە لێیانـدام. هەمیشـە لـە پشـتەوە لـێ دەدەن و کاتێـک لا
دەکەمـەوە هەڵدێـن. هەرگیـز ڕووبـەڕوو نابنـەوە. پێش ئەوەشـی
بکەوم و وشـەکان لەبیـر بکەم وتـم مـن نوێژم دەکرد و بەرهەمـی
خۆشەویستیيشـم هەڵگرتـووە، سـەرۆکی ئاسایيشـیش وتـی شـتێک
نییـە بـە نـاوی خۆشەویسـتی ئـەوە بەرهەمـی گوناهەیـە.

# ترسی بە کۆمەڵ

شـەوی جـەژن کاتێـک تەپـڵ و زوڕنـاکان لێـدەدران، لاشـەکەیان دۆزییـەوە لەسـەر ڕێگاکـە فڕێدرابـوو لای خانوەکـە لـە نزیـک پێچی بەرزاییەکـەی نێـوان دەریـا و ڕووبارەکـە. بینییـان لەسـەر پشـت کەوتـووە و چاوە ڕەشـەکانی بـەرەو ئاسمان کراونەتـەوە. ڕوخساری بێجوولـە و کـەون بێجوولـە هەمـوو سـەیری دەکـەن و هـەوای شـەویش تەنها یـەک تاڵە مووی قژی ناجووڵێنێت و لـە نزیکی کونە لووتەکانـی مـوو هەیـە. پێسـتی وەک ڕەنگـی قـوڕ ئەسـمەرە کاتێـک ڕۆشـنایی مانگـی دەکەوێتـە سـەر سـپی دەنوێنێـت وەک حۆریـی بەهەشـت یـان پـەری دەریـا. تـەواو ڕووت وەک چـۆن لەدایکبـووە نـە جلێک نـە کراسێک نـە پانتۆڵێک. لـە ڕوتبوونەوەکەیدا سـەرباری مردنـی گوناهبـاری دەبینـرا، چونکـە ئافرەت نـە لـە ژیانیدا و نـە لـە مردنیدا ڕووت نەدەبووەوە گەر لەچکەکەشـی لێبێتـەوە دشداشـەکەی لەبـەر دەمێنێت گـەر دشداشەکەشـی دابنرێت کراسـێکی هـەر لەبـەر دەمێنێت گـەر کراسەکەشـی دانرابێت ئـەوا پانتۆڵێکی لەبـەردا دەبێت،



Scanned by CamScanner

ناکرێت بێ پانتۆڵ بێت نە پێش مردن و نە دوای مردنیش. پشتی لەسەر زەوییەکە بوو ڕوخساری بەرەو ئاسمان و گۆی مەمکەکانیش وەک دوو مێووژ هەڵتۆقیو و لە نێوانی قاچەکانیشی برینێکی قووڵ لە گۆشتەکەیدا و دەستی چەپی بەسەر برینەکەوەیە وەک ئەوەی بیشارێتەوە. مادامیش دەیشارێتەوە ئەوە خودی خۆی دروستیکردووە و خۆی خۆیی کوشتووە. خۆکوشتنیش تاوانە. یاخی بوونە لە ویستی خودا، تەنها خودا بۆی هەیە بکوژێت. ئیتر لەدوای مردنیشی و لە چاوەکانیاندا تاوانەکەی بووە دوو تاوان ڕووتبوونەوە و کوشتن. تاوانی سێهەمیشان بۆ زیاد کرد کە بەبێ دایک و باوک لەدایکبووە، لای ئەوان هەتیوی عەیبە بوو، ئیتر ناوی سیانی بێ باوک و بێ باپیر بوو لەناو ئەو فایلە شینەی نووسینگەی ئاساییشی سەر بە دایک، لە پێش هەر ناوێک تاوانێکی سیانی هەبوو. کوشتن و ڕووتبوونەوە و هەتیوی.

ئەو شەوە جەژن بوو. ساڵ سووڕایەوە و جەژنی قوربان و جەژنی سەرکەوتن هاوتابوون و جەژنەکە بووە دوو جەژن، خەڵکەکەش لەژێر ڕۆشناییەکەدا کۆ بوونەوە و هەڵتروشکان. ڕوخساریان درێژ و هەڵبزڕکاو و خۆڵەمێشی ڕەنگ و ئێسکی سەریان لە نزیکی لووتیان بەرز بوو. لە کونەکانی ڕوخساریانەوە قسەو دووکەڵەکانیان دەکردە دەرەوە. لەژێر سمێڵە درێژەکانی سەر لێوەکانی سەرەوەیان هەناسەکانیان وەک کۆکە دەهاتە دەر. لەگەڵ قسەکانیان و دووکەڵەکاندا قوتیان دەدایە سنگیان. دەپژمین و بە ئاگاوە سەرنجی ئاسمانیان دەدا و چیرۆکەکانی سەبارەت بە پادشاکان و خوداوەند و دێو و جنەکانیان دەگێڕایەوە. یەکێکیان دەڵێت: ئای هاوڕێیان لەو کاتانەشی کە خودای خۆر و لافاومان

دەپەرست. یەکێکی تریان وەڵامی دەدایە و دەیوت: ئەرێ بەخوا خودای لافاو لیمان نەدەگەڕا تا کچێکی پاکیزەمان بۆ نەکردایەتە قوربانی. ئەو حەزی بە ئافرەتی تەلاقدراو و یان هاوسەرگیریی کردبێت یان بێوەژنی نەدەکرد. یەکێکی تریان دەیوت: خودایەکی زۆرداربوو هاورێیان. یەکێکی تر دەیوت: هەموو خوداکان بەو شێوەیە بوون، سەربازەکان دەوری ماڵی جووتیارەکانیان دەدا و پاکیزەکانیان دەگرت. کچەکان خۆیان لەناو فڕنەکاندا یان لەژێر کادا لە کایەنەکاندا دەشاردەوە. خوداش بە تووڕەیی دەمایەوە و تەنها خوێنی پاکیزەیەک ئارامی دەکردەوە. یەکێکیان دەیوت: نە پادشا شەهرەیاریش لە سەردەمی خۆیدا. یەکێکی تر وەڵامیدەدایەوە: تەنها پادشا شەهرەیار، هەموو پادشاکان بەو شێوەیەن تا ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت. لەناکاو بێدەنگ دەبن و قسەکانیان لەگەڵ هەناسەکانیان و دووکەڵەکانیان قوت دەدەنەوە و بەچاوێکی ئاگاوە سەرنجی دەرگای ئاسایش دەدەن. جەستەیان لەسەر ئێسکی ئانیشک چاڵێکی لە زەوییەکەدا دروست دەکرد. ڕیزبەندییەک لە مێروولەی بۆ دەچوو و پادشا مێینەکەیان لە پێشیانەوە. ئێسکە ئەسمەرەکەی بە ڕەنگی زەوی دەبینن. دەزانێت کە ئەوە زەوی نییە و دەکرێت لە هەر ساتێکدا بجووڵێت و بکەوێت بەسەریداو پانی بکاتەوە. پادشا مێینەکە ئاڕاستەکەی دەگۆڕێت و بە دەوری ئێسکەکەدا دەسووڕێتەوە و ڕێگەیەکی دیکەی دوور لە چاڵەکە دەگرێتەبەر. هێڵە ڕێکەکە دەچەمێتەوە بەدوایدا تا دووبارە ڕێک دەبێتەوە و درێژ دەبێتەوە. بیلبیلە ڕەشەکانیان لەژێر ڕۆشناییەکەدا خستوەتە سەر ئەو سوپایە لە مێرووله و دەست دەدەن بە دەستدا. لێوەکانیان دەکرۆژن. سوپایەک لە نێرینە دوای مێینەیەک



Scanned by CamScanner

کەوتووە! فرمانی خودایە بەسەریاندا کە کۆیلە بن و تا هەتایە لەسەر سکیان بخشێن. پشتی دەستیان ماچ دەکەن و سوپاسی خودا دەکەن. ڕیزبەندییەکەیان ڕێک و پێک نییە تەنانەت گەر پاسەوانەکەشیان بەدارەوە بێت و سەرۆکەکەشیان نێرە مێ نییە. دەکۆکن و دەپژمن و دووکەڵ لە نێرگەلەکانیان بەرز دەکەنەوە و ئێسکی ئانیشکیان دەگۆڕن و دەکەونە سەر لاکەی تری جەستەیان. گوێچکەکانیان دەنگی ڕۆکێتەکان و هاوار و سرودەکانی تێدایە. بیریان دەکەوێتەوە کە جەژنەکانی سەرکەوتن و قوربانە هەر دوو بەیەکەوە. ساڵ سووڕایەوە و لەگەڵ ئەو دوو جەژنەدا یادی ڕۆژی لەدایکبوونی ئیمام هاتە پێش و بووە (سێ جەژن). شەو و تاریکی دادێت و پێڵوەکانیان قورس و خەوتێزاو دڵیان وەک بەرد قورس و ئاگر هێشتا لەسەر نێرگەلەکانە. مردوەکانیان لە جەنگدا بیر دێتەوە لەگەڵ ونبووەکانیان کە نەمردوون و نە گەڕاویشنەتەوە، دەست و قاچ براوەکانی لە پشتەوەش، ڕەجمکراوەکان لە پیاوان و ئافرەتان، گیراوەکان لە هەر دوو ڕەگەز و کەمئەندامانی جەنگ و شەهیدەکان. هەروەها ئەوانەی مردنیان لەگەڵ شیری بەیانی خواردەوە و بە تیشکەکە لەناوچوون. ئەوانەشی کە هێشتا نەمردوون و هەر دەبێت بمرن بە فرمانی مەولانا. پاشان دوا قوم لە نێرگەلەکە دەدەن و دووکەڵ کۆتایی پێدێت و ئاگرەکە دەکوژێتەوە، دواهەمین قسەش قوت دەدەنە گەدەیەکی بەتاڵی بێ خواردنی ئێوارە و لیکێکی تاڵ، دوا ئاشکرابوونی پێش لەهۆشخۆچوون و نووستن ئەویش ئەوەیە کە چەقی قورساییان لەسەر زەوی نە ئانیشکی لای چەپیانە و نە لای ڕاست ئەوان نە دانیشتون و نە وەستاویشن. بە هەنگاوی هێواشی وەک مێرووڵە دەجووڵێن، بەڵام ڕیزبەندییەکەیان خواروخێچە.



Scanned by CamScanner

پاڵپاڵێنیانە بە دەست و قاچ و ئانیشک و هەر یەکەیان چاڵێکی لە سکی ئەویتردا دروستکردووە. لە ڕیزەکەدا هەر یەکەیان سەرە تاتکەیانە بۆ بینینی سەرەتای ڕیزەکە، هیچ کەسیش هیچ شتێک نابینێت، چونکە ڕیزبەندییەکە درێژ و خواروخێچ بوو بە درێژایی مەودای بینینی چاو و لە کۆتایی ئاسۆ و بەیەکگەیشتنی ئاسمان کۆتایی دەهات. بیلبیلە ڕەشەکانیش لەنێو چاوەکان بەدەوری خۆیاندا دەسووڕان. دەنگەکەش لە گوێچکەکانیان دەلەریەوەو نەیاندەزانی ئاخۆ دەنگی ڕۆکێتەکانە یان هاوارکێشان و تێکەڵ بە هەلهەلە کێشان دەبوو. لەناکاو پێڵوەکانیان دەکەنەوە و بیریان دەکەوێتەوە کە جەژن، ئەوانیش پێڵاوی نوێیان لەپێدایە، هەر پێڵاوێکیش ناڵێکی ئاسنینی ئەسپی پێوەیە لەسەر ڕاسپاردەی ئیمام و کوتانیان بە زەوییەکەدا دەبیسترێت. ڕیز بە دوای ڕیزدا بە خواروخێچی وەک سوپای مێرووڵە بەبێ شاژن و هەموو چاویان بە کەوندا دەگێڕن و بەدوای خودادا دەگەڕێن. خودایە تۆ لەکوێی؟ لە پێچی سەرکەوتنەکەدا لە نێوانی ڕزبار و دەریاکە دەوەستن و هەناسە وەر دەگرن و دەڕوانن. لەسەر زەوییەکە درێژ ببوو، ڕوخساری بۆ ئاسمان و چاوە ڕەشەکانیشی کراوە. سەرە پێچراوەکانیان ڕاوەشاندوو وتیان لا الە الا اللە بە مردنی خودایی مردووە و خودا خۆی خەڵکی دەمرێنێت. پاشان یەکێکیان وتی مردنی خودایی نییە و من بکوژەکە دەناسم، بکوژەکەش خودامان نییە. دوای ئەم قسەیەی (استغفرالله) یان کرد چونکە هیچ کەسێک بەبێ دەستی خودا نامرێت. هەناسەیان گرت و لە ئاسمان وورد دەبوونەوە بە بۆچوونی خۆیان پێیان وایە خودا دەستی هەیە و بە چاوی ئاسایی دەتوانن ببینن. هەموو سوجدەیان برد و نێوچاوانیان لە زەویدا.



Scanned by CamScanner

سبحانە نە دەستی هەیە و نە زمان. سەریان لە یەکتر نزیک کردەوە و بە چرپاندیان بەگوێی یەکتردا. پاشان چاوەکانیان بەرز کردەوە و استغفرالله یان کرد و هاواریان کرد خودا و نیشتیمان و ئیمام. هەندێک گومان گوناهەیە و هیچ کەسێک بەبێ ویستی خودا نامرێت سبحانە. هەموو بە یەک دەنگ هاواریانکرد: لا الە الا اللە دواتر لە خۆڵەکەدا ناشتیان. لەخۆڵەکەشدا دڵی هەر لێی دەدا. وتیان لەدوای مردنی ماوەی سێ ڕۆژ دڵی لێیداوە. حەوت ڕۆژیش ڕوحەکەی بەدەوری گۆڕەکەیدا هاتوچۆی کردووە. لە ڕۆژی هەشتەمدا ڕوحەکەی گۆڕەکەی جێهێشتووە و دەستی بە ڕۆیشتن کردووە بەرەو بەرزاییەکەی نێوانی ڕووبار و دەریاکە. سوێندیان بە خوای گەورە خواردووە کە بینیویانە بە دوو قاچی خۆی ڕۆیشتووە. هەنگاوەکانی خێرا و سەری بەرز هیچ گۆڕانکاریەک تێیدا ڕووی نەدابوو، لەداشیەوە سەگەکەی مەرزوق دەڕۆیشت. وتیان کە نەیانتوانیوە لە پێشەوە سەیری بکەن و تەنها لە پشتەوە بینیویانە. گوایە ڕوحەکەی لە گۆڕەکە بۆ تۆڵەسەندنەوە لێیان هاتووەتە دەر و ئیتر هەر یەکەیان دەلەرزی. وای لێ هات شەو و ڕۆژ ترس وەک جەستەیان بە دوایانەوە بوو. نێوانی ئەوان و ترس نە دشداشەیە و نە هیچ پەردەیەک. دەترسان تەنانەت کاتێک لە توالێت بوون و دەرگایان لەسەر داخرابوو. پێیان وا بوو کە دەتوانێت لە هەر دەرگایەکەوە بێتە ژوورەوە یان لە هەر دیوارێکەوە ئاودیو ببێت و بیانبینێت و ئەمان ئەو نەبینن. گەر یەکێکیان لەسەر جێگەی هاوسەرەکەیەوە چووە سەر جێگەی ئافرەتێکی دیکە دەیبینێت. دەست بکات بە گیرفانی کەسیکی تردا دەیبینێت. کە جلوبەرگەکەی دانا و ڕووت بووەوە دەیبینێت. لە خەودا دەست لە عەورەتی بدات

دەیبینێت. هێندەی لە خودا دەترسان لێی دەترسان. لە خەونەکانیاندا وەک خودا دەهات بۆیان. هیچ کەسێکیش هەست بەبێتاوانی ناکات و هەر یەکەیان بەردێکی تێ گرتووە دڵیان قورس بە تاوان و پێڵوەکانیشیان قورسە بۆ نووستن. شەوانیش کە دەنووستن لە ترسان بە یەکەوە دەنووسان و یەکێکیان نەیدەوێرا بە تەنها بنوێت یان دەرگا بکاتەوە و بە تاریکی بە تەنها بچێتە دەرەوە. هەموو دەترسان تەنیا دوانیان نەبێت ئازاریان نەدابوو. دایکی و سەگەکەی مەرزوق. دایکەکە لە تاریکییەکەدا دەوەستا و چاوەڕوانی دەکرد. بە جێگیری لە جێی خۆی وەک بەرد. ڕوخساری بۆ ئاسمان و سەری بەرز. دەستەکانی گەورە و بە نوقاوی لەسەر سنگی بوو. لە تەنیشتیەوە مەرزوق وەک منداڵێک ڕاکشاوە و خۆی گرمۆڵە کردووە. ڕوخساری درێژ و هەڵبزڕکاو چاوەکانی بەبێ فرمێسک. گۆشەی هەر چاوێکی بریسکەیەکی دەدا وەک فرمێسکێکی بەستوو. گوێچکەکانی قوت هەڵیخستبوون بۆ تەپەی پێیەکانی پێش ئەوەی دەربکەوێت. ملی درێژ و لووتی کراوە لە کەونەوە بەرامەکەی وەر دەگرت و چاوەکانی لە نێوانی ملیۆنان لە ئەستێرەکان دەبینیەوە. پێش ئەوەی بیبینێت ڕای دەکرد بۆلای و لنگە فرتێی بوو وەک چۆن منداڵێک لەسەر سنگی دایکب لنگەفرتێیەتی. بە چمکێکی کراسەکەی چاوەکانی دەسڕێت و هەناسەبڕکێیەتی و دەزولەیەک لە فرمێسکی خوێنین دەبینێت و لێدانەکەش بە پشتیەوەیەتی.

## خۆشەویستی بۆ هەتایە

پێی وت: من بۆ هەتایە خۆشم دەوێی.

وتی: مەڵێ بۆ هەتایە بۆ ئەوەی بڕوات پێ بکەم.

وتی: بڕوام پێبکە خۆشەویستیم بۆ تۆ بۆ هەتایە بەردەوام دەبێت.

وتی: تکات لێ دەکەم مەڵێ بۆ هەتایە تا بڕوات پێ بکەم.

وتی: سوێندت بۆ دەخۆم تا هەتایە خۆشم دەوێی.

وتی: بە چی سوێند دەخۆیت؟

وتی: بە خودا و بە نیشتیمان و بە ئیمام.

وتی: بڕوات پێ دەکەم و ئەوە ژیانم بۆ تۆ. مێشکم و دڵم و جەستەم منم و منیش لە خۆشەویستیدا یەک شتم. بۆ بەیانی وێنەکەی بە چوارچێوەیەکی گەورەوە لە ڕۆژنامەکەدا بینی و لەگەڵیدا هەواڵی ئاهەنگی هاوسەرگیریکردنی لەگەڵ سەرۆکی ئاساییش و ویسامی ئازایەتییش لە جەژنی سەرکەوتندا لەسەر سنگیەتی.



Scanned by CamScanner

دەوێم.
وتی: تۆ دوێنێ پێت وتم خۆشت دەوێم.
وتی: ئەوە دوێنێ بوو، لەمڕۆ جیاوازە.
وتی: دڵسۆزی بۆ نیشتیمان دەنوێنیت و ناپاکی لە من دەکەیت؟
وتی: من تەنها یەک پیاو نیم. من دوو پیاوم. ئەوەی دوێنێ لەگەڵت بوو من نەبووم پیاوی دووەم بوو. ئێستاش خۆشم دەوێی، چونکە خۆشەویستی شتێکە و هاوسەرگیری شتێکی دیکە.
وتی: بەبێ خۆشەویستی هاوسەرگیریت لەگەڵ کردووە؟
وتی: باوکی وەک شەیتان بەدوامەوە بوو، منیش وتم خۆمی لێ لا بدەم و بیلبیلەی چاوەکانی بکەمە موڵکی خۆم و ئیتر دێتە ژێر دەستم و هەرچی بڵێم ئەوە دەبێت. پێویستم بەوە بوو بیکەمە موڵکی خۆم، گەر شتێکیش پێویست بوو ئەوا خۆشەویستی گرنگ نییە.
بۆ شەوی دواتر لە ئامێزی پیاوێکی دیکەدا بینی و کاتێک ڕوخساری بینی ڕاچڵەکی. هەر خودی سەرۆکی ئاساییش خۆی بوو.
وتی: ئایا لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا ناپاکیم لەگەڵ دەکەی؟
وتی: من تەنها یەک ئافرەت نیم، من دوو ئافرەتم، ئەوەی دوێنێ لەگەڵت بووە من نەبووم و ئافرەتەکەی تر بووە، هێشتاش بۆ هەتایە خۆشم دەوێی، چونکە خۆشەویستی شتێکە و هاوسەرگیری شتێکی دیکەیە. وتی: مێردتە؟ وتی: هەڕەشەی لێ دەکردم باوکم زیندانی دەکات منیش وتم خۆمی لێ ڕزگار بکەم و هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکەم و بێتە ژێر دەستمەوە و چیم وت ئەوە بێت. پێویستم بەوە بوو بیکەمە موڵکی خۆم، گەر

پێویستییش هەبوو، ئەوا خۆشەویستی گرنگ نییە.

ئیتر شەویّ دوور لە چاوەکان هەر دوو دەست لە ملان بوون و هەر یەکەشیان بە خودا و نیشتیمان و ئیمام سوێندی بۆ ئەوی تر دەخوارد کە تا هەتایە خۆشی دەوێت. لە ترۆپکی چێژدا پێی وت پیاو بەپێی شەرع بۆی هەیە لە یەک کاتدا چوار ژنی هەبێت، بەلام لە خۆشەویستیدا تەنها یەک ئافرەتە. لێی پرسی تۆ لە (حیزب اللە)ی یان لە حیزبی شەیتانیت؟ وتی من لە هەر دوو حیزبەکەم. وتی ئایا پیاو دەتوانێت لە یەک کاتدا ببێتە ئەندامی دوو حیزبی جیاواز؟ وتی: لە شەریعەتدا دەقێک نییە پیاو لە ئەندامیەتیی دوو حیزب بخات لە یەک کاتدا. وتی: ئەی بۆچی بەیەکەوە چوویتە هەر دوو حیزبی شەیتان و حیزب اللە؟ وتی: بڕوام بە بوونی خودا هەیە و بڕواشم بە بوونی شەیتان هەیە، لە هەر دووکیشیان دەترسم، وتم با خۆمیان لێ لا بدەم و بچمە هەر دوو حیزبەکەوە.

وتی: تۆ بۆ هەتایە لە ترسدا دەژیت.

# نووسەری گەورە

دەستت بخەرە سەر سەرم و جێم مەهێڵە چونکە تۆ تەنها کەسی لە جیهاندا کە بتوانێت کاتێک دەمرم سەیرم بکات و هەست بە شەرمەزاری نەکەم. گەر هەر چوار ژنەکەشم هاتن ئەوا دەرگاکەم لەسەر دابخە تا جوێن بە مردنەکەم نەدەن. گەر پیاوەکەش بە سەتڵە ئاوەکەوە هات تا بمشوات ئەوا ڕێگەی مەدە بێتە ژوورەوە. لەوەتەی باوکم مردووە و ئەو پیاوەم بینی کە دەیشۆرد هەڵگێڕایەوە و دەستی کرد بەو کونەی خواروی پشتی بڕیاری ئەوەم دا بەبێ شۆرین بمرم. بۆچی جەستەی مردووم دەشۆرن و دەیخەنە خۆڵەوە؟ دایکە ئەو خەڵکە بەبێ مێشک دەژین و بەبێ مێشکیش دەمرن. لەو کاتەوەی ئیمام نازناوی نووسەری گەورەی پێ داوم بوومەتە خاوەنی خانوویەکی نوێ و هاوسەرێکی نوێ و ناوماڵێکی لە باشترین جۆرەکان و هەست بە شەرمەزاری ناکەم گەر ڕۆژێک ئیمام بێتە سەردانم. لەوەتەشی ویسامی پێ بەخشیم لە جەژنی ئەدەب و هونەر نە لە ژیان و نە لە مردنیش



Scanned by CamScanner

لێی دوور ناکەومەوە. پێی وتم کە دڵسۆزیم بۆی بۆ هەتایە و وای لێ کردم کتێبی خودا بگرم بە دەستمەوە و سوێندنی دڵسۆزی بۆ بخۆم. وتی من ئیمامم و هیچ هاوبەشێکم نییە لە فەرمانڕەوای کردندا، تۆش نووسەری گەورەیت و هەموو ڕۆژێک وێنەیەکی گەورەت لە چوارچێوەیەکدا لە ڕۆژنامەدا هەیە و کورسییەکەت لە تەنیشتمەوەیە و تەنها سەرۆکی ئاساییش لە نێوانماندایە. شەوانیش هیچ بەربەستێک لە نێوانماندا نییە و پێکی هاوڕێیەتیمان لە منداڵییەوە دەخۆینەوە. دایکە من نەمدەزانی کاتێک لە تەنیشتیەوە وەستاوم لە ڕیزی یەکەمدا و لە دەوروبەری ڕووناکییەکان و هاوارەکان دەنگیان دەدایەوە و کەوانەکانی سەرکەوتنیش لە بەرزیدان دەکرێت بکەوێت یان بمرێت وەک چۆن هەموو مرۆڤێک دەمرێت. من هێشتا مێشکم لەسەرمدا بوو، بەڵام کاری نەدەکرد، نازانم چۆن. بیرم چووەوە کە باوکم و خەڵکانی دیکەش لەپێشچاوم مردن، لاپەڕەی ڕۆژنامەکانیش ڕۆژانە پڕن لە ناوی مردووەکان. بیرۆکەی مردن لە خەیاڵم دەر ناچێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم کە بمرم. من لە تەنیشتیەوە وەستابووم و گوێم لە تەقەکان بوو بینیم دەکەوێت و منیش لەگەڵی دەکەوم، لەگەڵ ئەوەشدا مێشکم وەستابوو وامدەزانی بۆ هەتایە دەمێنێت، هەروەها منیش دەمێنم، هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆمم بە مردوو نەزانیوە. گەر واش دابنێم مردووم ئەوا وێنەکە دەرەوێتەوە و گوێم لێیان دەبێت بانگم دەکەن و هەموو ڕۆژێک بە گەورەیی ناوەکەم هەڵدەکۆڵن، ئیتر بۆ هەتایە خۆمم بە نەمری دێتە پێشچاو و دەمەوێت خۆم بە مردوویی ببینم، بەڵام بێهودەیە. گەر خۆشم بە مردویی ببینم ئەوا ناتوانم ئەو بە مردویی ببینم. وێنەکەی بەردەوام لە پێشچاوم دەبێت هەموو



Scanned by CamScanner

ڕۆژێک و لە هەموو شوێنێک لەسەر زەوی و لە ئاسمان و لەسەر کەوانەکانی سەرکەوتن و لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکاندا بەیانییان و ئێواران. ناوی لەسەر هەموو زمانێک دەبێت و دەنگی لەناو هەموو گوێچکەیەک کە وشەکانی ڕاستی و هەڵە و چاکە و خراپە و شەرەف و عەیبە دیاری دەکات. دەنگی لە گوێمدایە کاتێک لەسەر سەکۆی شانۆکە وەستاوە و وتاری سەرکەوتن دەخوێنێتەوە و ڕۆکێتەکانی جەژن دەتەقێنرێن. وشەکان زۆر بەهێواشی دەدرکێنێت و تەتەڵە دەکات و خەڵکیش هاوار دەکەن، منیش وەستاوم و گوێم لە هاوار و دەنگەدەنگەکانە و مێشکم وەستاوە، بیرم چووەتەوە بۆ ڕابردوو کاتێک لە تەنیشتمەوە لە قوتابخانە دادەنیشت، هەر کاتێکیش کە مامۆستا پرسیارێکی لێ دەپرسی تەواوی دەمی دەکردەوە و تەتەڵەی دەکرد، قوتابییەکانیش پێدەکەنین، لە تارمەکەشدا لە پشتیەوە دەڕۆیشتن و دەستیان دەکرد بە کونی پانتۆڵەکەیدا. لە تاقیکردنەوەکانیدا لە تەنیشتمەوە دادەنیشت و لەژێر مێزەکەوە بە چرپە دەیوت: ئەرێ لە هیچ تێدەگەیت کوڕە؟ ئیتر دایکە نازانم چۆن ڕۆژگار سووڕا و ئەو بووە ئیمام و منیش بە نووسەرێکی بچووکی نادیار، بەڵام ئەو قوتابییانەی کە دوا دەکەوتن دەچوونە سوپا و پۆلیسەوە، تیایاندا بە سەرکردە و سەرۆک دەر دەچوو و هیچکامیان هیچ شتێکیان پێنەبوو پۆزی پێوە لێبدەن تەنها جلوبەرگێکی فەرمی و ئەستێرەیەک نەبێت لەسەر شانیان. منیش چووبوومە کۆلێجی ماف و باوکم بە وەزیر بانگی دەکردم، منیش بە گوێمدا دەمچرپاند کە حەزم بە یاسا و دادپەروەری نییە و باوکیشم خۆش ناوێت، پاشان تۆش بە هەناسەدانێکی ساردەوە بە ڕوومدا بەو دەنگە سەیرەی کە یەکەمین جار بە هەناسە ساردی داد بە ڕومدا کاتێک

بە ڕووتی لەبەردەم ئاوێنەکەدا وەستابووم. لەبەردەم هەمان ئاوێنەدا باوکم بە ڕووتی لە ئامێزی ئافرەتێکی دیکەدا بینی کە تۆ نەبوویت. دواتر باوکم لەو دیوی پەردەکەوە بینیمی و هەستاو بە گوێچکە ڕای کێشام و هەڵیدامەوە سەر جێگەکەم و هاواری کرد: ئەوە تۆ بەدەم خەوەوە دەڕۆیت؟ بەیانییش کاتێک لەسەر سفرە دانیشتین و تۆ کوپێک شیرت دامێ و من نەمخواردەوە لێی دام و وتی: شیرەکەت بخۆرەوە. بەزۆر دەمی گرتم و کردیەوە و شیرەکەی کردە قورگمەوە. هەر هێندەش کە لە تەنیشتەوە شیرەکەم هێنایەوە و کردمە قاپەکەی بەردەمی. پاشان لێت پرسیم چی ڕووی داوە من حەزم لە شیری بەیانیان بووگوێم لێبوو وتی: ئەو نەخۆشە و بەدەم خەوەوە دەڕوات. لە جێگە ڕای کێشام و بەزۆر دەرمانە تاڵەکەی وەک ژەهر بوو کرد بە قورگمدا. وتم باوکم دەیەوێت بمرم تا باسی ئەوە نەکەم کە بینیومە. وتت چیت بینیوە؟ مردنم لە چاوەکانیدا بینی ئیتر زمانم وەستاو قسەم بۆ نەکرا. ئەو قورساییەم لە دڵمدا هەڵگرت و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ قورستر دەبوو کاتێک دەمبینیت جلوبەرگەکانی بۆ دەشۆریت و بەبێ هودە هەوڵی لێکردنەوەی ئەو پەڵە زەردە دەدەیت لەسەر پانتۆڵەکەی. پەڵەکە لەژێر چاوەکانتدا دەمێنێتەوە و بەرامەی ئافرەتەکەی تر دەکەیت و جلوبەرگ دەشۆریت و خواردن ئامادە دەکەیت و چاوەڕوانی دەکەیت تا کۆتایی شەو دێتەوە. کاتێکیش سەرنجی چاوەکانم دەدایت دەمزانی کە دەزانیت. لە کەونـدا هەڵە دەبینیت و بێدەنگ دەبیت. گەر جارێکیش قسە بکەیت. گەر ئەوە ڕەت بکەیتەوە پانتۆڵە پیسەکەی بە عەرەقی ئافرەتێکی دیکە بشۆریت. گەر بچیتە لای پیاوێکی تر، لەوانە بوو لە کەوندا هەڵەکە کەمتر بێت. لەوانەیە لە منداڵییەوە هەستی

دادپەروەری لەگەڵم ڕوابێت. لەوانەیە بڕوابوون بە خودا چوبێتە دڵمەوە، چونکە لە منداڵیمدا خودا بریتی بوو لە دادپەروەری. هیواخواز بووم لە ئامێزی پیاوێکی جگە لە باوکم بتبینم. گە بۆ تەنها جارێک ئەوەت بکردایە لەوانە بوو تەرازوی دادپەروەری لە کەوندا ڕێک بوایەتەوە. گوێم لێ بوو مامۆستای وانەی ئایین قسەی خودای دەخوێندەوە و دەیوت چاو بە چاو و ددان بە ددان ناپاکییش بە ناپاکی و دڵسۆزی بە دڵسۆزی. ئیتر ئەو ناپاکییەی باوکم لە کەوندا هەڵکۆڵرا بێ ئەوەی ناپاکییەکی تۆ بیسڕێتەوە. گوناهەکە هێندەیتر زیادی دەکرد کاتێک دەمبینی بە دەمیەوە خەندە دەکەیت. ئیتر بێهودە بەملاولای خۆمدا بۆ دادپەروەری دەگەڕام و دەمبینی لە تەنیشتمەوە دانیشتووە و سەری شۆڕ کردووەتەوە و لە پشتەوە دەستی خستوەتە سەر پانتۆڵەکەی. گەر مامۆستاش پرسیارێکی لێ بکردایە بە سەرسووڕماوی بەدەوری خۆیدا دەخولایەوە و تەتەڵەی دەکرد. کاتێکیش قوتابییەکان دەستیان دەکرد بە پێکەنین دەیوت گەر لە کەوندا دادپەروەری هەبوایە ئەوا خودا بە شێوەیەک دروستی نەدەکردم تەتەڵە بکەم ئیتر هەموو بێدەنگ دەبوون. پاشان بەگوێمدا دەیچرپاند: خودا بوونی نییە چونکە دادپەروەری نییە. منیش بەگوێیدا دەمچرپاند و دەموت: گەر خودا هەبوایە ئەوا ناپاکی بەرامبەر بە دڵسۆزی نەدەکرا، یان ناپاکی بەرامبەر بە دڵسۆزی بێت. دایکە من ئەوکات قوتابیەکی نۆ ساڵان بووم و ئەویش هاوڕێم بوو باوەڕێکی پتەو سەبارەت بە نەبوونی خودا بەیەکیەوە دەیبەستینەوە. ئیدی توانای من بە بوونی خودا بەسترایەوە بە توانای تۆوە کە ناپاکی بکەیت لەبارمبەر باوکمدا. باوکم لە ناپاکیکردن لە دژی تۆ نەوەستا و تۆش بەردەوام بوویت لە

دڵسۆزیت بۆ ئەو. چەندین جار پێم وتیت کە ئەو ناپاکە، بەڵام دایە تۆ گوێت نەگرت. گەر گوێشت بگرتایە بێدەنگ دەبوویت و وەڵامت نەدەدایەوە. نەمدەزانی بۆ لەبەرامبەر ناپاکیدا دڵسۆزیت دەنواند، دواتر زانیم کە دەترسایت. هەموو شەوێک دەگریایت و لە خەونەکانتدا لەگەڵ پیاوێکی تردا دەبوویت، بەڵام بەیانی پاشگەز دەبوویتەوە. تۆ لە خەڵکی و لە باوکت دەترسایت، لە هەمووی زیاتر لە خودا دەترسایت. پێم وتیت دایکە چاو بە چاو و چاکە بەرامبەر چاکە و خراپە بە خراپە، بەڵام تۆ گوێت نەگرت. گەر گوێشت بکردایە تێنەدەگەیشتی. گەر تێشبگەیشتیتایە هیچت نەدەکرد. ڕۆژ بەدوای ڕۆژدا دەڕۆیشت و تۆش خۆت بەدەستەوە دەدا. گەر تەنها جارێک بەرەنگاریت بکردایەتەوە. گەر بەرگریت لە مافەکانت بکردایە. لەوانە بوو من دادپەروەریم بناسیایە و گەر بمناسیایە خوداشم دەناسی، بەڵام دایکە تۆ شکستتت هێنا لە بەرگریکردن لە مافەکانت. کاتێکیش کە شکست بهێنیت لە بەرگریکردن لە مافەکانی خۆت ئایا دەتوانیت بەرگری لە مافی کەسانی دیکە بکەیت؟ دایکە ئەو کەسەی شتێکی نەبێت ناتوانێت ببەخشێت. شکستخواردوو بوویت لە بەرامبەر مافوکانی مندا. باوکمت دەبینی زوڵمم لێ دەکات بێدەنگ دەبوویت و لە هەموو پیاهەڵپژانێکماندا سەیرکەر دەبوویت. گەر پیاهەڵپژانەکە توندوتیژی تێبکەوتایە لایەنی ئەوت دەگرت و بەرگریت لەو دەکرد. هەمیشە ئەو ڕاستبوو، تۆش بەرگریت نەدەکرد. گەر تۆ تەنها جارێک بتوتایە ئەو هەڵەیە. گەر تەنها جارێک دادپەروەرانە هەڵسوکەوتت بکردایە. لەوانە بوو من دادپەروەریم بناسیایە. لەوانەبوو خودام بناسیایە. لەوانەبوو لە بەرامبەر دڵسۆزیدا دڵسۆز بوومایە، بەڵام من وەک تۆم دایکە لە بەرامبەر ناپاکیدا



Scanned by CamScanner

دڵسۆزم. وەک باوکیشمم ناپاکی لە هەر کەسێک دەکەم کە بۆم دڵسۆزە و بۆ کەسێک دڵسۆز دەبم کە ناپاکیم بەرامبەر دەکات. لەو کچەی خۆشی دەویستم هەڵهاتم و لەگەڵ ئەو ئافرەتە هاوسەرگیریم کرد کە ڕەتی کردمەوە. دواتر بە فرمانی ئیمام بوومە نووسەری گەورە و لەنێو هەموو ئافرەتانی جیهاندا تەنها هاوسەرەکەی ئەو منی بەدڵ بوو، منیش تەنها ئەو نووسینانەن دەنووسی کە بە دڵی ئیمام بوون. نسیبێکی دادپەروەرانەیە دایکە. ئەو لە ڕێگەی منەوە دڵی جەماوەری بەدەست هێناوە. منیش لە ڕێگەی ئەوەوە دڵی هاوسەرەکەیم بەدەستهێناوە. ئەو دەیزانی لەو کاتەی لەنێوانماندا دانیشتووە دڵ و مێشکی لەگەڵ مندایە. ئەو لە ئافرەتەدا مێشک و دڵی بەلاوە گرنگ نەبوو. بە منی دەوت ئافرەت تەنها بریتیە لە جەستە و هیچی تر. منیش تەنها هەر دوو چاوە شینەکەیم دەبینی. شەو و ڕۆژ دەمبینین. کاتێکیش هاوسەرە نوێکەم سەیری دەکردم مەحاڵ بوو ڕەشایی چاوەکانی ببنە شینی دەریا و کاتێکیش لەئامێزم دەگرت مەحاڵ بوو ئەسمەری جەستەی ببێتە نەرمیەکی سپی، کاتێک لەگەڵ هاوسەرەکەم لەسەر جێگەییدا لە گەیشتن بە ترۆپکی چێژ ناوی ئەوم دەبرد لێی دەپرسیم: ئەو (کاتی)یە کێیە؟ زمانم تێکەڵ دەبوو: کێ ئەو ناوەی هێناوە؟ وتی تۆ لەو کاتەی خەریک بوو لەهۆشخۆت دەچوویت ئایا ئەوە یەکەمین خۆشەویستتە؟ زمانم دەبەست پێش ئەوەی بڵیم ئەوە کۆتا خۆشەویستمە. خۆشەویستی یەکەمم ناوی کاتی نەبوو نە ناوەکەی و نە شێوەیم بیرنەماوە، هەموو ئەوەی لەبارەیەوە بیرمە ئەوەیە کە ڕوخسارێکی لاوازی هەڵبزرکاوی هەبوو لەگەڵ پێستێکی ئەسمەر کە پەڵەی سپی لەسەر بوو و قسەکردنیشی گوندی بوو. کاتێک دشداشەکەی

هەڵدەدایەوە تا زەوییەکە بسڕێتەوە خوێن لە سەرمدا کۆ دەبووەوە و پاشان دەچووە خوارەوە بۆ نێوانی ڕانەکانم و ماسوولکە شەیتانییەکەی وەک بەرد لێ دەکرد. تۆش دەرگای چێشتخانەت بە کلیل لەسەری دادەخست، منیش کاتێک دەنووستیت کلیلەکەم لە گیرفانەکەت دەدزی. کاتێکیش سکی بە منداڵێکی ناشەرعی بەرز بووەوە دار حەیزەرانەکەت هەڵگرت و لە قاچە ڕووتەکانیتدا. دانم بەوەدانا بۆت کە باوکم بووە و بەو شێوەیە ترسم نەما. من دەمبینی کاتێک کلیلەکەی لێ دەدزیت. هیچیشم پێ نەوتیت، چونکە گەر پێشم بوتیتایە گوێت نەدەگرت. گەر گوێشت بگرتایە بێدەنگ دەبوویت. وام لێ هات وەک تۆ بێدەنگ دەبووم دەترسام لە خەو هەستم و لەگەڵ ئافرەتێکی جگە لە تۆ ببینم. تا بەیانی میزم ڕادەگرت یان لێدەگەڕام وەک دەزوویەکی نەرم و گەرم بڕۆیشتایە. باوکم دەیوت کە نەخۆشم و میز بەخۆمدا دەکەم و بەدەم خەوەوە دەڕۆم. منیش دەموت کە لەگەڵ ئافرەتێکی دیکەدا بینیومە ڕادەچڵەکیت و بڕوات نەدەکرد. کاتێکیش گەر لێی بدامایە لایەنی ئەوت دەگرت و بەرگریت نەدەکرد. گەر جارێک لەگەڵ حەق بوەستایتایە لەوانە بوو وەک تۆم بکردایە، بەڵام هەرگیز ئەوەت نەکرد. ئیتر باوکم ئەوەی ویستی لێی کردم و منیش وەک ئەوم لێ هات و وەک ئەوم دەکردەوە و کلیلەکەم لە گیرفانت دەدزی. کاتێک دەیبینیم بێدەنگ دەبوو کە منیش ئەوم دەبینی بێدەنگ دەبووم. شەوی جەژن وێنەکەیمان لە ڕۆژنامەکاندا بینی بە ڕوخسارێکی هەڵبزڕکاوەوە و چاوە ڕەشەکانی و قۆڵەکانی بە کراوەیی بەرەو ئاسمان بوون وەک پاڕانەوەیەک بێدەنگ و ئەژنۆکانیشی کراوە. لە خاڵی ناوەڕاستیشدا بەرد لەدوای بەردی تێدەگیرێت ڕەجمیان

دەکرد. تەپڵەکانی جەژن لێدەدران و ڕۆکێتەکان دەتەقێنران، کاتێک لە وێنەی ناو ڕۆژنامەکەوە بە چاوە ڕەشەکانی سەیری دەکردم و خەریک بوو وەک ئاگر ڕۆژنامەکەی دەسووتاند هەستم بە تاڵی شکست کرد لە گەرومدا.

لە ڕیزی یەکەمیشدا لەژێر ڕووناکییەکاندا دەوەستام و تەنها سەرۆکی ئاساییش لە نێوانی من و عەرشدا بوو لەدوای ئەویش ئیمام بوو. لە گوێمدا هاواری (خوات لەگەڵ) دەزرنگایەوە، ئەویش تەتەڵەی بوو لە خوێندنەوەی وتاری جەژندا و منیش بەبێدەنگی لە تەنیشتیەوە وەستابووم و مێشکم سڕبوو لە گوێمدا وتارەکە تێکەڵ بە هاوارەکان و دەنگی تەقەکان بوو ڕوخساری کەوتە ژێر تیشکی خۆرەکە و ڕوخساری منیش لەتەنیشت ڕوخساری ئەوەوە کەوت. سەیری کردم و لێی پرسیم بە تەتەڵەوە لەژێر کورسییەکەوە وەک چۆن کە لە قوتابخانە بووین وای دەکرد: هیچ تێدەگەیت کورە؟ منیش وەڵامی هەر پرسیارێکم لە تاقیکردنەوەکاندا پێ دەوتەوە، بەڵام من ئەم جارە نەمزانی وەڵامی بدەمەوە و هیچم نەوت، بەڕاکشاوی لە تەنیشتیەوە مامەوە و ڕوخسارم کردبوو بە زەوییەکەدا و تاریکایی شەو داهات و لەگەڵ خۆی قورسی مردنی هێنا. جەستەم وەک دیواری لێ هاتبوو و دەنگی تەقەکانیش لەو کاتەی ڕاکشابووم لە گوێچکەمدا دەزرنگایەوە. بانگی تۆم دەکرد دایکە وەک چۆن کاتێک منداڵ بووم بانگم دەکردیت و لە تاریکییەکەوە وەک ڕۆشنایی دەهاتیت بۆلام، جەستەت بەلامدا لار دەبووەوە و ڕوخسارتم دەبینی و دەزانم کە ماوەی بیست ساڵە نەمبینیویت. لە نزیکی چاوە بچووکەکانت دەنوشتێمەوە و عەرەقی ڕوخسارت دەسڕم و بانگت دەکەم وەڵامم نادەیتەوە. لە پەنجەرەیەکی دووریشەوە کە بەسەر

کەونی بێدەنگدا دەیڕوانی دەمـوت کاتێـک منجاڵبـووم لێـرە بـووم و دڵـم هێنـدەی ئەسـتێرەی خـۆر دەبـوو خۆشـم دەویسـتی وەک چـۆن حـەزم بـە شـیری بەیانییـان بـوو، بـەڵام شـەوێ چاوەکانـم کـردەوە بینیـم باوکـم ڕووتـە وەک شـەیتان، ئیـدی خـودا سـزایدام لەبـەر ئـەوەی چاوەکانـم کـردەوەو دەبـوو لێکیـان بنێـم و بـە نووسـتوویی بمێنمـەوە. وام لـێ هـات نـە حـەزم لـە شـیری بەیانیـان بـوو نـە لـە تیشـکی خـۆر، ئیمـام بـووە هاوڕێـم و بـڕوام بـە بوونـی خـودا کـرد و لەگـەڵ خەڵکـی هـاوارم دەکـرد خـودا و نیشـتیمان و ئیمـام.



Scanned by CamScanner

# ئیمام بە ڕووکەشی

هێشتا دەنگەکە بەردەوامیی هەبوو و خەڵکیش هاواریان دەکرد و منیش لەسەر سەکۆکە وەستاوم و وتاری سەرکەوتن دەخوێنمەوە و دەنگی خۆم لە گوێچکەمدا دەزرنگێتەوە و دەزانم کە ئەوە دەنگی من نییە و دەنگی ئەو پیاوەی دیکەیە کە لەگەڵم هاوبەشە و کەسیەتیی ئیمامە. ڕوخساری بە بەرزی بەرەو ئاسمان دەبینم لەسەر کەوانەکانی سەرکەوتن هەڵواسراوە و لەژێر گڵۆپی ڕووناکییەکاندا ماسوولکەکانی ڕوخساری توند دەکاتەوە تا بە دەمێکی فراوانەوە خەندەیەک بکات جێگەی خۆشەویستی خودا و تەواوی دروستکراوانی لەسەر زەوی بکات. سوپاسی خودام دەکرد کە لە شوێنێکی دوور لە ڕووناکی و چاوی خەڵکی ڕاکشاوم. ئازادانە قوڵم دەجووڵێنم و دڵم پڕی ئاسوودەییە، چونکە لە چاوی گەل و دەوڵەت و زلهێزەکان من هێشتا وەستاوم و وتاری سەرکەوتن دەخوێنمەوە و ئەندامانی حیزب اللە و هاوسەرە نوێکەم و نووسەری گەورە و نەیاری شەرعی و شوێنکەوتوانی لە حزبی شەیتان لەدەورمن. لە



Scanned by CamScanner

هەمان کاتدا من ڕاکشاوم و ئاسودەم هیچ قورسایییەکی دەوڵەت یان قەرزەکان یا شکست یان تیشکی نەوەویم هەڵنەگرتووە. دەشتوانم بەو شێوەیە لەسەر سک یان لەسەر پشتم ڕابکشێم و جلوبەرگی فەرمی دانێم و جلی پیاوێکی ئاسایی میللەت بپۆشم و بە تەنیا بڕۆم بەبێ پێویستیم بە سەرۆکی ئاساییش و شوێنکەوتوانی لە ڕوحی جن و شەیتانەکان. هێمنانە پیاسە دەکەم، هیچ پەلە ناکام بەبێ پێویستی بەوەی کە جیهان لەوە بگەیەنم کاتم بەنرخە. پڕ بە سنگم هەوا هەڵدەمژم و لە ماسوولکەکانی ڕوخسارم دەگەڕێم بە خاوی بمێننەوە بەبێ پێویستی بە گرژ کردنیان کە بگونجێت لەگەڵ عەرش و گەورەیی ئیمام یان خەندەیەکی فراوان جێگەی خۆشەویستیی خودا و نیشتیمان و گەلی تێدا ببێتەوە. قۆڵم لە هەوادا دەجووڵاند کاتێک بە ڕووکەشی دەڕۆیشتم و قورسی نیشان و ویسامەکان و کراسی درع کە بۆ پارێزگاری تێوەم دەئالا لەکۆڵ خۆم کردبووەوە. هیچ کەسێک لە جیهاندا ناتوانێت ڕامگرێت و بنوشتێتەوە و داوای بەرەکەت و ئامۆژگاریم لێ بکات. قاچەکانم لە هەوادا و لەناو پانتۆڵێکی کۆنە دەجووڵێنم کە لە پشتەوە کونێکی تێبووە و گوێ بە هیچ شتێک نادەم، چونکە کەس نامناسێت و لەوە ناترسم کەسێک بمناسێت، ماسوولکەکانی ڕوخساریشم بە ویستی خۆیان خاوبوونەتەوە و هیچ گرژییەکیان پێوە دیار نییە ببێتە هۆکارێک بۆ نیشاندانی هەیبەت و ئازایەتی یان ترس و شکست یا هێز. بەڵکو بریتییە لە حەوانەوەیەکی تەواوی ئاسوودەیی خودایی و متمانەیە بەوەی کە بەبێ بوونی من جیهان دەگوزەرێ، لەگەڵ ئەوەشدا من بوونم هەیە و مانگە دەستکردەکان دەنگەکەم دەگوێزنەوە بۆ هەموو جیهان و لەوێشەوە بۆ جیهانەکەی دیکە. وێنەکەشم لە هەموو شوێنێکە و لە تەنیشتیەوە



Scanned by CamScanner

ئالآکان دەشەکێنەوە، هاوارەکانیش لە دوورەوە دەمگەنێ لەو کاتانەی من بەهێمنی پیاسە دەکەم، بەخۆشییەوە لە پایەی ئیمامدام بۆ ئەوەی خودی ئیمام بم و گوێم لە دەنگی هاوارەکانە بۆ ئەوەی دەنگەکان گوێچکەم ئازار بدەن.

لە دوورییەکەوە بینی تارماییەک لە ڕۆخی ڕووبارەکەدا دەجوولێت. وایزانی یەکێکە لە ئەندامانی حیزبی شەیتان و ناسیوێتیەوە و تیرۆری دەکات. کاتێک ڕووکەش بوو لەوە دەترسا کەسێک بیناسێتەوە. بە هەناسەبڕکێ لەپشت درەختێکەوە خۆی شاردەوە. چاوەکانی زەق ببوو چاودێریی تارماییەکەی دەکرد. ورد بووەوە. لە دوورەوە وای زانی بەردێکی بێجوولەیە لە زەوییەکە هەڵچەقیوە. زیاتر ورد بووەوە بینی دەجوولێت. لە سەرەتاوە جوولەکەی لەوەی دەکرد بەردێک بێت تلۆر بووبێتەوە. زیاتر ورد بووەوە بینی چوار قاچی هەیە. وای زانی گامێشە و لە ڕۆخی ڕووبارەکە پیاسە دەکات، بەڵام شاخ بە سەریەوە نەبوو، بەڵکو قژێکی پێچراو لەژێر عەمامەیەکی سپییەوە. وای زانی پیاوێکی بەساڵاچووە کەوتۆتە سەر ئەژنۆ و دەستەکانی و داوای نزا دەکات لە ئیمام. لەپشت درەختەکە بە ئارامی هاتە دەرەوە دوای ئەوەی زانی یەکێکە لە ئەندامانی حیزب الله. زیاتر لێی نزیکبووەوە بینی ئافرەتێکە و پیاو نییە. بە ڕوخسارە درێژکۆلە لاوازەکەی و چاوە ڕەشە فراوانەکانی و دشداشە ڕەشەکەی و قژە درێژە پێچراوەکەی لە لەچکەیەکدا و پاچێکی بەدەستەوە بوو ناسییەوە. زەوی دەکێڵا. پێشتر نەیبینیبوو. حەزی کرد بۆ ئەوەی ببینێت چاودێری بکات. بینی بە لەپی دەستەکانی زەوییەکەی تەخت دەکرد. پارچە قوڕ و بەردەکانی جیادەکردەوە. زەوییەکەی بە خۆڵێکی نەرم داپۆشی.

شتێکی بچووکی لە سنگی کردەوە و لە زەوییەکەدا ناشتی. شوێنێکی لە زەوییەکەدا بۆ چاڵکرد و دواتر بە خۆڵێکی نەرم پڕی کردەوە و تەختی کرد. بەخۆیی وت مێردی یەکێک لە ئافرەتانی کۆیلەی سەر زەوی بەهۆی جەنگ یان نەخۆشی درمەوە مرد. لێی نزیک بووەوە و سڵاوی ماندوونەبوونی لێکرد و لێی پرسی چی چاند وتی درەختی بندق. دەشیزانی کە درەختی بندق سەد ساڵی دەوێت تا دێتە بەر. پێی وت هیوای تەمەنێکی درێژ و تەندروستت بۆ دەخوازم، بەڵام ئایا لەوە دڵنیایت کە لە بەرهەمی ئەوە دەخۆیت کە چاندووتە؟ ئافرەتەکە بێ ئەوەی چاوەکانی بەرزبکاتەوە زانی کە ئەوە ئیمامە و وتی: ئەوەندە ناژیم تا ببینم کاتێک گەشە دەکات. وتی: کەوایە بۆچی خۆت ماندوو دەکەیت و دەیچێنیت؟ وتی: من خۆم متندوو ناکەم دایکم ئەوەی کردووە و منیش بەردەوامی بە کارەکەی دەدەم و گەر ئەوەی نەکردایە نەمدەتوانی بژیم. خەریک بوو پێی بڵێت من ژیانم پێ داویت نەک دایکت، بەڵام ئەو ڕووکەش بوو نەیدەویست بیناسێتەوە. خۆی توندکردەوە وتی پێویستە زانیاریی لێ وەر بگرم تا بزانم لە حیزبی شەیتانە یان لە حیزب اللە. دواتر جێی دەهێڵم بۆ سەرۆکی ئاساییش. خەندەیەکی لەسەر ڕوخساری کێشا وەک ئەوەی منداڵێک بدوێنێت وتی: تۆ لە (حیزب اللە)ی یان لە حیزبی شەیتان؟ بەبێدەنگی مایەوە نە وەڵامی دایەوە و نە چاوەکانی هەڵبڕی، وا هات بە خەیاڵیدا کە لە حیزب اللە بێت و لەوە دەترسێت دانی پێدا بنێت وای دەزانی کە ئەو شەیتانە یان یەکێکە لە ڕوحەکانی جن. ماوەیەکی زۆر بێدەنگبوو تا وایزانی خۆی گێل دەکات دوای ئەوەی تێوەگلاوە لەوەی خۆی ئاشکرا بکات، هەروەک هەموو ئەوەی دەیەوێت لەبارەیەوە بیزانێت بێ ئەوەی باسی بکات

پێی دەزانێت. لە ڕوخساری ورد بووەوە بەڵام هیچ گێلی و فێڵێکی نەبینی و هەستی کرد وەک منداڵێکی بێگەردە. هەر چەندیش ئەو بێگەردییەی لەسەر ڕوخساری دەبینی زیاتر لەوە دڵنیا دەبووەوە کە بێتاوان نییە و کچێکی حەرام زادەیە و خۆی بە بێتاوان پیشان دەدات، بەردەوام بوو لە قسەکردن لەگەڵیدا و چڵی درەختەکانی دەدایە دەست پاشان وتی: کاتی خۆت وەر بگرە و مەترسە. گەر تۆ لە حیزبی شەیتانیش بیت، چونکە وەک حیزب اللە ئەویش بە فرمانی ئیمام دروست بووە و وا هەست نەکەیت کە بمەوێت زانیاریت لێ وەر گرم اعوزباللە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە پاداشتت بکەم بۆ ئەو ماندوبوونە بێ بەرامبەرەی ئەنجامی دەدەیت، بەتایبەتی ئەمەش زۆرکردنێکە لە خود بەپێی زانستەکانی خودا و نیشتیمان و ئیمام. ئافرەتەکە بەبێدەنگی و بێتاوانی مایەوە و شادومانی بە ڕوخسارییەوە دیاربوو سەری بۆ بەرز کردەوە زانی کە پێشتر نەیبینیوە. پیاوێکی بێگانە سەری مووی پێوە نەبوو ڕیشدار و بڕۆکانی ئەستوور و چڕ لووتێکی کەوانی و دەمی خوار لاجانگی سێگۆشە و لە ناوەڕاستیدا کونێک هەیە مووی لێوە هاتوەتە دەرەوە و شۆڕ بووەتەوە. لە دڵی خۆیدا وتی: وەک لە وێنەکەدا بینی لە ڕوخساری ئیمام دەچێت. پاشان خۆی بەدرۆ خستەوە، چونکە ئیمام وەک مرۆڤ بە شەقامەکاندا ناڕوات و پانتۆڵەکەشی کونی تێدا بێت و بەبێدەنگی مایەوە. لێی پرسی بۆچی بێدەنگە وتی وام زانی ئیمامیت، بەڵام ئەو نیت. بیری تیژبوو و چەکی زانیارییەکانی بیر هاتەوە و لە دڵی خۆیدا وتی: ئێستا دەتوانم بزانم چەند خۆشی دەوێم و چەند بڕوای بە خودا و نیشتیمان هەیە و بەو شێوەیە دەتوانم خواستی دڵی بزانم. زیاتر لەخۆی دڵنیا بووەوە و زانی

کە لە توانایدا هەیە سیخوڕیکردن بەسەر دڵیەوە بکات، هێشتا لە توانای سەرۆکی ئاساییش و زلهێزەکانیشدا نەبوو سیخوڕی بەسەر ویستی دڵەکانەوە بکات. لە زۆری دڵنیابوون لەخۆی بیری چووەوە یکە ئیمامی ڕووکەشە و وای زانی خودایە، چونکە تەنها ئەوە کە توانای هەیە دڵەکان ئاشکرا بکات، خەریک بوو ڕووی ڕاستەقینەی خۆی دەر بخات، بەڵام ترسا کە ئاشکرا بێت لە کاتیکدا دەیەوێت بە ڕووکەشی بمێنێتەوە تا ڕاستی هەستەکانی بزانێت، هەروەها ڕێژەی خۆشەویستی بۆ خودا و نیشتیمان و ئیمام بزانێت، زیادەڕەویی کرد لە شاردنەوەی دەنگە گڕەکەی و قسەکردن بە دەنگێکی نەرم و دەرخستنی کونەکەی پشتەوەی سەر پانتۆڵەکەی، هەر چەندیش ڕووکەشییەکەی زیادی بکردایە و ڕاستییەکانی بشاردایەتەوە زیاتر لەوە دڵنیا دەبووەوە کە ڕووی ڕاستەقینەی و خواستی دڵی ئاشکرا دەکات.

هێشتا لەبەردەمیدا وەستابوو، هەستی کرد لە ترسان دەلەرزێت، نەیزانی بۆچی دەترسێت، بەڵام لە بێدەنگی و جێگیرکردنی چاوەکانی لەسەر چاوەکانی ئەو توانیی ئەوە بزانێت کە نە بڕوای بە خودا و نە بە نیشتیمان و نە بە ئیمامیش هەیە، هەر وەک ئەندامی هیچ کام لە حیزب اللە و حزبی شەیتانیش نییە و ئەو کچێکی حەرامزادەیە، دایکیشی حەرامزادە بووە. لەدڵی خۆیدا وتی: گەر کچێکی حەرامزادە بێت ئەوە هیچ سەیر نابێت کە هەر گوناهەیەک بکات و هیچ چارەسەرێکیشی نییە جگە لە ڕەجمکردن.



Scanned by CamScanner

# فەیلەسووف

جادوویەکی نادیار ڕام دەکێشێتە ناو ئەم جیهانەی ترەوە. کاتی خۆشەویستە کۆنەکەمی بۆ هەڵهاتووە. لەبارەیەوە چیرۆک و ئەفسانەکانی هەزار و یەک شەوەی بیستووە. بریسکەی نێو چاوەکان و ئاڵتوونی شل لە سکی زەویدا. منیش لە ژوورە ساردە بێ گەرمکەرەوەکەمم. لەژێر زەوییەوە لە شەمەندەفەرێکەوە بۆ یەکێکی تر دەچم. فەرمانبەرێکی بچووکم لە کۆمپانیایەکی بچووک بە نیازی کوڕی بەڕێوەبەرەکەم. خۆشمویست و ڕەتی کردمەوە و ئافرەتێکی دیکەی کردە هاوسەری خۆی کە ڕەتی کردبووەوە. دە ساڵ لە من گەورەتر بوو، سنگی تەخت بەبێ مەمک. شانەکانی لاواز و باریک. سەری گەورە و مێشکی گەرم و ڕەحمیشی سارد. کتێب لە دوای کتێب دەیبوو، تەنها بڕوای بە منداڵانی بلوری هەبوو. وتم بلیمەتترین ئافرەت ئەو ئافرەتە نییە کە گەورەترین کتێبی نووسیوە، بەڵکو ئەو ئافرەتەیە کە بلیمەتترین پیاوی بووە. وتی مریەمی پاکیزە کوڕی خودای بووە و منیش لە منداڵییەوە کچێنیم لەدەست داوە



Scanned by CamScanner

و بڕوام بە مەسیحیش نییە. وتی ئەی بڕوات بە چی هەیە؟ وتی بڕوام بە مێشکم هەیە و بە هەر کەسێکیش کە لەگەڵ مێشک وتوێژ بکات نەک لەگەڵ ڕەحم. وتم لە خودا و مەسیح داواکارم قەرەبووم بکەنەوە، ئیدی لەگەڵی مامەوە زستان گەرمم دەکردەوە و ئەویش هاوینان فێنکی دەکردمەوە. بەیانیانیش لەژێر زەمینەکاندا ڕاکە ڕاکم بوو. سواری شەمەندەفەری درێژی باریک دەبووم کە وەک ئەو بلورانەی منداڵانی بلوری تێدا دروست دەکران وا بوو. خەڵکی وەک ماسی سەردین خنرابوونە ناویان. دواتر پلیکانەی کارەبایی سەری دەخستم، جەستەم خاو دەکردەوە و چاوم لێک دەنا. هەوای سەر زەوی لێم بدات. بەسەر چیمەنتۆکەدا ڕام دەکرد و چەترێکی بارانم بەسەرەوە بوو. دەچوومە نووسینگەکەم و ئاوەکەم لە پاڵتۆکەم دەتەکاند و لەبەر ئاوێنەکە قژم ڕێک دەکردەوە. زەنگی تەلەفۆنەکە بەو زەنگە لێنادات کە چاوەڕوانیی دەکەم. نە پیاو و نە ئافرەت. چیتر چاوەڕوانی کەسم نەدەکرد. تەنها دەنگی بەڕێوەبەر نەبێت. ئەم ڕاپۆرتە بە پەلەیە. ئەم وتارە گرنگە. کوا فایلەکە. بیست وێنە لەم کاغەزە بگرەوە. ئەم ژمارەیەم بۆ داوا بکە. شوێنێکم لەم فڕۆکەیە بۆ بگرە. ئەم تێبینیە بنووسە. خۆنەویستانە پەنجەکانم بەسەر دوگمەکانەوە دەجووڵان. چرکەی دووبارەی وەک چرکەی کاتژمێر. هیچی نوێ نییە. نە خۆشەویستی. نە هاوڕێیەتی. نە سوتەمەنی. نە هیوا. تەنانەت بێهیواییش ڕۆیشت.

دیوارەکانی دڵم وەک بەفرێکی سپی بوو. کوپێک قاوەی گەرمم بە دەستەوەیە. دیوارەکانی ژوورەکەم تاریکن. ڕەنگێکی خۆڵەمێشی تۆخ کەمێک تێکەڵەی ڕەنگی شینی تێدایە. ماوەی بیست ساڵە بۆیاخەکەم نوێ نەکردووەتەوە. بڕێک پارەم کۆ کردبووەوە. بەنیاز



Scanned by CamScanner

بووم لە جەژنی کریستماسدا بۆیاخەکەی نوێ بکەمەوە. جەژن هات و ڕۆیشت بۆیەم نوێ نەکردەوە. شەوێ ڕۆکێتەکانیان ڕەوانە کرد. جەنگی ناوەکی کۆتایی بە دیوارەکانیش دەهێنێت چ جای بۆیاخ. دیوارەکانم هیچ وێنەیەکیان پێوە نییە. نە باوک و نە دایک. وێنەی باوکم لە خەیاڵمدایە بە جلوبەرگی سەربازییەوە وەک چۆن داپیرەم بۆی باس کردووم. لەدوای کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم هەڵی گرتووم و لەناو سکی دەریادا ون بووە. کەشتییەکە لە نزیکی چیایەکی بەفرین لەنگەری گرتووە. لەگەڵ دایکی جێی هێشتم و چوو بۆ جەنگێکی دیکە. بێ ئەوەی چیرۆکی لەدایکبوونم بۆ باس بکات و داپیرەشم هیچی نەدەزانی. گەر لێشم بپرسیایە دەیوت تۆ منداڵێکی زۆر جوانبووی لەناو بۆریەکدا. لە خەونەکانمدا بەناو بۆریەکەدا بەشوێن دایکمدا دەگەڕام نەهەنگێکی زەبەلاح هەڵیلوشیم لەخەون بەئاگا هاتمەوە نوقمی عەرەق ببووم.

پەنجەکانی بە لێواری کوپەکەوە وەک بەفر بوون. قاوەیەکی ڕەشی بەبێ شیر. هەموو بەیانییەک بە گەدەی بەتاڵ دەیخواردەوە. حەزی بۆ خواردن و خۆشەویستی و خوێندنەوەش نەما. جگە لە خوێندنەوەی ناونیشانی ڕۆژنامەی (الصباح) هیچی تری نەدەخوێندەوە. چاوەڕوانی تەنها یەک هەواڵ بوو لە سێ وشە بڵاو بکرێتەوە: ڕاگەیاندنی جەنگی ناوەکی.

کاتژمێر نۆ و پێنج خولەک بوو. توانای هەستانم نەبوو پاشان بۆچی هەستم. لە دەرەوەی ژوورەکەم تەنها شەقام و باران هەیە. ژێر زەمینەکان و شەمەندەفەرەکان وەک بۆرییەکانی باڵە دەستکردەکان. جەستەشم خۆی دەدایە پلیکانە کارەباییەکە. هەروەها پەنجەم لەسەر دوگمەکان و دەنگی بەڕێوەبەر. ڕاپۆرتێکی

بەپەلە. نووسراویکی خێرا. ئەمە بنووسە. ئا ئەم فایلە. کورسییەک لە فڕۆکەی نمرە یەک بەبێ جگەرەکێشان. ئەو جگەرەی دەکێشا، بەڵام حەزی بە بۆنی جگەرەی کەسانی دیکە نەدەکرد. جارێکیان بانگهێشتی کردم بۆ خوانێکی ئیوارە. وتی کە منی زۆر بە دڵە و بە درێژایی کاتژمێرێک دانیشتن و نانخواردن چاوەکانی لەسەر جەستەم بوو. دوای نانخواردن قۆڵەکانی تێوە ئاڵاندم. ڕوخسارم لە هەناسە دووکەڵاوییەکانی دوور خستەوە. وتم سوپاسی خۆشەویستیت دەکەم، بەڵام من کەسیکی ترم خۆش دەوێت. لێی پرسیم ئافرەتە یان پیاوە؟ پێم وت بۆت نییە هیچ شتێک لەسەر ژیانی تایبەتیم بزانیت. پاشان گرنگی بۆ تۆ چییە گەر کەسێکی ترم خۆشبوێت لە کاتێکدا تۆم خۆش نەوێت. من هیچ کەسێکم خۆشنەدەویست. نە ئافرەت و نە پیاو. لە پێویستی خۆشەویستی و چاوەڕوانی ڕزگار ببووم. هەروەها لەو بەڵێنانەی جێبەجێ نەدەکران. چیتر جەستەم موڵکی کەس نەبوو. ناشمەوێت کەس بکەمە موڵکی خۆم. هێشتا مانگانە پێویستم بە بڕێک پارە بوو. تا کرێی ئەو ژوورەکەمی لێ بدەم و قاوە و نانیش بکڕم. گەر کارەکەم لەدەست بدەم هیچ داهاتێکی ترم نابێت. کاتێک بۆ ڕۆژی دواتر قۆڵەکانی تێوە ئاڵاندم سەبارەت بە خۆشەویستی بە گوێیدا چرپاندم. لێی پرسیم ئایا تۆ باشیت، ڕوخسارت وەک دوێنێ نییە. بیرم هاتەوە کە نەخۆشم و تاڵی قاوەکە ڕەشەکە لە گەرومدایە. وتی ئایا سەردنی پزیشکی دەروونیت کردووە. وتم: نەخێر. وتی برۆ، چونکە ئەوە نیشانەکانی خەمۆکییە.

پزیشکی دەروونی سەبارەت بە ژیانم پرسیاری لێ کردم. هەموو شتێکم بۆ باس کرد. وتی چارەسەری تۆ گەشتکردنە، چونکە

تۆ پێویستت بە گەرمی و خۆشەویستی و خۆر هەیە هەروەها هاتن و چونی پارە بە نێوانی پەنجەکانت. پاشان جانتاکەمم ئامادە کردوو بە هاوسەرەکەمم وت دەچمە گەشت. وتی بۆ کوێ؟ وتم بۆ جیهانەکەی تر. وتی چ جیهانێکی دیکە؟ پەنجەم خستە سەر نەخشەکە. چاویلکە ئەستوورەکەی وەک بنە شووشە وا بوو لە چاو کرد و وتی: ئەوێ پشتی دەریاکان؟ وتم بە ئەڵماسەکەنەوە دێمەوە لات. ماچێکی دەمە بێ لێوەکانیم کرد و بەبێ ئەو ڕۆیشتم بۆلای خۆشەویستیە کۆنەکەم و ژیانی نوێم. دڵم لێیدەدا بۆ لەرینەوەی ئاڵتوون و لە ئاوێنەکەدا خۆمم وەک پادشا شەهرەیار دەبینی. هەر شەوە و دەستدرێژیی دەکەمە سەر پاکیزەیەک و پێش ڕۆژهەلاتنیش پێش ئەوەی بمکوژێت من دەیکوژم.

لە ئاسمانەوە زەوی لەژێر خۆرەکەدا وەک دەریایەک لە ئاڵتوون دەدرەوشایەوە و بەرزاییەکەی نێوان ڕووبار و دەریاکەش سەوز دەچووەوە. لەدوای خۆرئاوا بوون فرۆکەکە نیشتەوە و لووتم پڕی بەرامەیەکی لەمێژینە بوو. عەرەق و چەوری و گازی سووتاو. دووکەڵ لە ئاسماندا و ڕوخسارەکان خۆڵەمێشی. لە زمانی ئاخاوتن ناگەم و چاوەکان بێ بریسکەن، تۆپەڵە گۆشت لەناو دشداشەی ڕەشدا. منداڵان ڕوخساریان لە بەسالاچووەکان دەکات و مێش چاوی دەر هێناون. پیاوانێک بە دشداشەوە هێرشیان کردە سەرم کاتێک لە فرۆکەخانە هاتمە دەرەوە. کێبەرکێیان بوو لەسەر ئەوەی کامیان جانتاکانم بۆ هەڵگرن و هەر یەکەشیان بەجیا قۆڵی ڕادەکێشام. یەکێکیان بە زۆر کردمیە تاکسییەکەوە و جانتاکانمی خستە پشتەوە و بەخێرایی بە تاریکاییدا و بە هۆڕین لێدانێکی زۆردا دەر چوو. دەنگەکان هەروەها ڕۆکێت و تۆپەکانی جەنگ دەبیستران.

ئوتومبێلەکە لەنزیک گڵۆپی سووری فولکەکە وەستا و منداڵانێکی زۆر بە پەرۆی زەردەوە کەوتنە سڕینەوەی پەنجەرەکان. دەستە ئەسمەرە قڵیشاوەکانیان درێژ کردە بەردەمم. شۆفێرەکە بە دەنگێکی گرەوە دەری کردن. گەیشتمە هۆتێلێکی وێرانە. وتم ئایا کەس پرسیاری کردووم؟ وتیان نەخێر. وتم چاوەڕوانی ژوانێکم لەگەڵ ئیمامدا. وتیان ئەمشەو جەژنە و ئیمام لە وتاردانە و خەڵکی لە پشوودان. وتم ئەی چی بکەم تا پشوو کۆتایی پێ دێت؟ وتیان هیچ شتێک، چونکە هەموو شوێنەکان داخراون. وتم ئایا ناتوانم لەم ڕۆژانەدا هیچ ببینم. وتیان تەنها دەتوانیت پاکیزە ببینیت کە لە کڵێسا کۆنەکە دەر کەوتووە و خەڵکی هەموو لەوێن. پێش ئەوەی بڕیار بدەم یەکێکیان کردمیە تاکسییەکەوە بەرەو کڵێساکە و منیش هێمای خاچم لەسەر سنگم دەکێشا. باوک و کوڕ و ڕوحی پیرۆز. بڕوا بە چاوەکانی خۆم ناکەم. لە هەموو شوێنێکی جیهانەوە هەموو مرۆڤەکان وەک مێروو کۆبوونەتەوە. پیاوان و ئافرەتان و منداڵان لەسەر زەوییەکە یان لەسەر کورسیی لەپوش دروستکراو دانیشتوون.

دشداشەی گوندی و قاتی ئەفەندی. ئافرەتانی باڵاپۆش و ئافرەتانی بیمچە ڕووت. ڕوخساری هەڵبزڕکاو و نەخۆش و ڕوخساری تەندروست و پڕ لە ژیانەوە. چاوەکانیان بەرز کردبووەوە بۆ لووتکەی کڵێساکە. چاوەڕوانی دەرکەوتنی پاکیزە دەکەن. لە ڕۆژنامەکاندا سەبارەت بە هەواڵی دەرکەوتنی خوێندبوویانەوە. هەر کەسێک کە ساڵی ڕابردوو بینینی لەدەست داوە، ئامادە بووە. بیانییەکانیش هاتون بۆ بینینی ئەو موعجزەیە و لە تەنیشت هەر یەکەیانەوە سەگێکی ڕەش هەیە. چاوی سەگەکان بەرەو لووتکەی کڵێساکەیە و نەوازشی تێدا بەدی دەکرێت. پیاوێک بە گوێی دراوسێیەکی چرپاندی: ئایا

بڕواداری دەچێتە دڵی سەگەکانەوە؟ پیاوەکەش لە وەڵامدا وتی بۆ نا؟ دراوسێکە وتی: لە کاتێکدا سەگەکان وەفاداری بزانن ئیتر بۆچی بڕواداری نەزانن! ئەم سەگەش لە باشترین جۆرە هاوردەکانی ئەو دیوی دەریاکانەوەن و خوای گەورە هەڵی بژاردوون و تاوانبار لە بێتاوان جیا دەکەنەوە، جگەری نەهەنگ دەخوات و لە وێنەکەشدا خەندە دەکات. پیاوەکەی یەکەمین جار دەڵێت: لە وڵاتانی خۆمان نەمانبینیوە سەگێک خەندە بکات. پیاوی دووەم دەڵێت: وڵاتانی ئەوان جیاوازن لە وڵاتانی ئێمە و سەگەکانیشیان جیاوازن لەوانەی ئێمە. زلهێزەکان خوا بەدوورمان بکات لێیان لە قتوی خواردنەکاندا مردنمان بۆ ڕەوانە دەکەن و ڕۆکێتەکانیان شارەکان لەژێر زەویدا دەکوتن و فڕۆکەکانیان گەشت دەکەن بەرەو مانگ. پیاوەکە سەری سووڕ دەمێنێت. مانگ؟ چاوەکانی دەبڕێتە مانگ. هێشتا مانگ بەبێ ڕاگرێک بە ئاسمانەوە هەڵواسراوە. هێشتا خودا لە زلهێزەکان بەتواناترە. خودا لەسەرو هەموانەوەیە. ئایا پیاویان هەیە گەشتی کردبێت بۆسەر مانگ؟ ئەرێ بە خودا تەنانەت ئافرەتێکیش گەشتی کردووە بۆسەر مانگ. سەرسووڕمانی پیاوەکە زیادی کرد. ئافرەت؟ ئەی شێوەی چۆنە؟ ئایا وەک ئافرەتی خۆمان دوو مەمکی هەیە؟ وەک هاوسەرەکەی من و هاوسەرەکەی تۆ؟ ئایا بە تەنها و بەبێ ئەوەی پیاوێکی لەگەڵدا بێت گەشتی کردووە؟ بەبێ مەحرەم؟ پیاوی دووەم دەڵێت: تەواو بە تەنیا گەشتی کردووە بەبێ مەحرەم و بەبێ حیجاب، چونکە مانگ پیاوانی تێدا نییە ئیتر بۆچی حیجاب بکات؟ سەر مانگ پیاوی لێنییە یان پیاوانێکی لە جۆرێکی دیکە لێیە ئافرەتی ئێمە سەرنجی ڕاناکێشێت. هێندەیتر پیاوەکە سەرسووڕمانی زیاتر دەبێت: گەر شێوەی ئافرەتانی ئێمە

سەرنجیان ڕانەکێشێت ئەی چی سەرنجیان ڕادەکێشێت؟ پیاوی دووەم دەڵێت: خودا دەیزانێت چ شتێک سەرنجیان ڕادەکێشێت براکەم وا نیوەی شەوە و پاکیزە دەر نەکەوتووە. بۆچی دواکەوت؟ ئایا ڕای خۆی گۆڕیوە و لە وڵاتێکی دیکە دەر کەوتووە. لەنێو هەموو وڵاتانی جیهاندا تەنها وڵاتی ئێمەی هەڵدەبژارد. گەر لای ئێمەش دەر بکەوێت لەکوێ دەر دەکەوێت؟ ئێمە بڕوا بە مەسیحی کوڕی ناکەین و لەوانەیە لە وڵاتێکی دیکە دەر بکەوێت، بەڵام ئەو دوێنێ دەر کەوت و ئەو جیاوازی ناکات لەنێوانی بڕواداران بە مەسیح و بڕواداران بە محمەد. ئەو هانی فیتنەی تایفەگەری نادات. لە ڕۆژنامەکاندا هەواڵی دەرکەوتنیمان خوێندەوە و وێنەکانیمان بینی لەسەر لووتکەی کڵێسا بڵاو کرابووەوە. ڕۆژنامەت نەخوێندەوە؟ هەرگیز چونکە من خوێندەواریم نییە، بەڵام ئایا پاکیزە مریەم ڕوحێکی بەبێ جەستە نییە؟ بەڵێ ئەو ڕوحێکی پاگیزەیە. ئایا ڕۆژنامەکان وێنەی ڕوحەکان بڵاوبدەکەنەوە؟ ئەی بۆ نا براکەم؟ ئەوانە ڕۆژنامەی ئیمامن و دەتوانن هەموو شتێک بکەن.

منداڵێکی ئیفلیج کە بە باوەش دایکیەوە بوو هاوارییکرد و هەستایە سەر پێکانی خۆی. هەموو خەڵکەکە هەستان و دەستیانبکرد بە هەلهەلەکێشان و بەرزکردنەوەی ناوی خودا و پاکیزە. هەر دوو پیاوەکەش لەگەڵ خەڵکەکە هەستان و الله ئەکبەریان کرد. پیاوی یەکەم بە گوێی پیاوی دووەم چرپاندی: ئایا پاکیزە دەرکەوت؟ دووەم هاواری کرد: بێگومان ئایا نایبینی؟ ببینە پاشان سەیری ئەو شوێنەی کرد کە هەمووان سەیریان دەکرد سەر لووتکەی کڵێساکە. کاتێک هیچی نەبینی جەستەی هەژا وای زانی کوێر بووە. گومانی دوور خستەوە و ڕوانییە تاریکییەکە و لەگەڵ خەڵکەکە هاواری کرد: بینیم بینیم.

ئیمام وە هێمایەک بۆ قایلبوون سەری لەقاند، وتی پرۆژەیەکی گرنگە کە چیایەک لە لم بکرێتە بەهەشتی عەدەن. نازناوی شارەزای پێ بەخشیم و بەندەرێکی لەسەر دەریاکە پێدام جگە لەوەی بە ناوی خۆم لەسەر گرێبەستەکە واژۆ بکەم بژاردەیەکی دیکەم لەبەردەمدا نەبوو. وتیان ناوت چییە؟ وتم (جوزیف) وتیان خۆی لە ڕاستیدا (یوسف) بووە دەبێت ناوەکەت بگۆڕیت. وتم با (یوسف) بێت و خودا و مەسیح پاداشتم بدەنەوە. وتیان ئایا بڕوات بە مەسیح هەیە و بڕوات بە محمەد نیە؟ وتم دەتوانم لەپێناو پرۆژەکە واز لە مەسیح بهێنم. وتیان ناوت چییە؟ وتم نازانم، چونکە من لە منداڵانی بلوریم. وتیان بلوری چییە؟ وتم جۆرێکی نوێی ڕەحمە منداڵانی بێتاوان لە گوناهە و دوور لە سێکس و هاوسەرگیری و سەر جێگەیی دروست دەکات، مەگەر تەنها پیتاندنی دەستکرد. وتیان شەیتان بە لەعنەت بێت. بە فرمانی ئیمام ئەمە حەرامە، چونکە ئەوە زینا و گوناهە و تێکەڵکردنی نەسەبەکانە. وتم من تاوانم چییە کاتێک کۆرپەیەک بووم لە سکی بۆریەکەدا و هیچ نازانم سەبارەت بە زینا و گوناهە. وتیان دەبێت خۆت پاک بکەیتەوە و بڕوابوونت بە خودا و پێغەمبەر ڕابگەیەنیت. وتم بڕوام بە خودا و پێغەمبەریش هێنا لەپێناو پرۆژەکەدا. بەلام پاکبوونەوە چییە؟ وتیان لێکردنەوەی پارچەیەک لە پێست لە سەری چووک. وتم هەموو شتێک ئاساییە تەنها لێکردنەوەی بەشێک لە جەستەم. وتیان دەبێت لێی بکەیتەوە گەر بەرەکەتی خودات دەوێت و هەروەها سەرکەوتنی پرۆژەکەش. وتم با لێکردنەوەی پارچەیەک پێست بێت کە هیچ ناکات گەر ئاڵتوونەکە پەیدا بێت.

پاشان دەلاکەکە هات و جانتایەکی بە دەستەوە بوو، لێکردنەوەکە

ڕووی دا بەبێ بەنج جگە لە شووشەیەک مەی نەبێت. منداڵانێکی زۆر هاتن و حەزیان بە پاکبوونەوە دەکرد من گەورەترینیان بووم لە نێوان خەتەنەکراوەکاندا. ڕوخسارم لە زەوییەکەدا شاردەوە و بڕوا بوونم لە ڕۆژنامەکاندا ڕاگەیاند و ناویاننام شارەزا بڕوادارەکە. هەموو بەیانییەک وێنەیەکی خۆمم لە چوارچێوەیەکدا دەبینی لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ڕایەکم وەک دەستوور، بۆ هەر پرسیارێک وەڵامێک و بۆ هەر کێشەیەک چارەسەرێک و چارەسەری سەرکەوتووش تەنها گەڕانەوە بوو بۆ مەیدانی ئایین و بڕوابوون بە خودا و پێغەمبەر. وتیان ئەی چارەسەری تیشکی ناوەکی چییە؟ وتم نوێژکردن و بەڕۆژووبوونی ڕەمەزان. وتیان ئەی کێشەی گرانی و برسیبوون؟ وتم بڕینی دەستی دز و حیجابکردنی ئافرەتان. ئیتر ئیمام نازناوی فەیلەسووفی بلیمەتی پێ بەخشیم و خوداش قازانجی زیاد کردم. لە کۆتایی گرێبەستەکەشدا جانتا ئاڵتوونەکانم کۆ کردەوە و بێ ئەوەی گومرگ بدەم لەگەڵ کاتی خۆشەویستە کۆنەکەم بە فڕۆکەیەک دەرباز بووم.

# خۆشەویستی کۆن

لەتارمـەی پەمەیـی ئافرەتانـەوە بـە ڕەنگـی خـۆر سـەرنجی بەرزاییەکـەی نێوانی ڕووبار و دەریاکە دەدەم پانتایی فراوان بووە و بـەرەو زەریـا درێـژ بوەتـەوە. لـەو دیـوی دەریاکەشـەوە مزگەوتـە دەورەکـە دەبینـم و لـە پشـت مزگەوتەکەشـەوە خانـەی منـدالان و لـەو دیـو ئەویشـەوە شـانۆ نقـوم بوەکـە و خانـووی ئاسـودەییش لـە پشـتی کەلاوەکـەی خەندەقەکـەدا بـوو. لـە نێوانیشـیاندا نەخۆشـخانەی جەنگی هەبوو تارمـە شووشـەکانی لەژێر تیشکی خـۆردا بریسکەیان دەدایـەوە لەپشـت ئەویشـەوە پزیشـکەکانی سـوپا پێدەکەنین و فیکەیان بـۆ کچـەکان لێدەدا لـە خانـەی پەریسـتاران، کڵاوی سـەربازییان لەسـەردابوو، تفەنگی مندالانەیـان بەدەسـتەوە بـوو و چۆلەکـەی سـەر دارەکانیـان ڕاو دەکـرد. گیرفانـی هـەر یەکەشـیان یاریەکـی ئاگرینـی جەژنـی تێدا بـوو. هـەر یەکەیـان دەریان دەکرد و فویان تێ دەکرد و بە زەوییـان دەکێشـا دەتەقی و دەچـوو بـە ئاسماندا و هاوارەکانی جەژن بـەرز دەبـووەوە. دەنگی ئیمامیش کاتێک وتـاری جەژنـی دەخوێندەوە.



Scanned by CamScanner

منیش لە تارمەی ئافرەتانم و بە چەندین چەپکە گوڵ و قوتابییانی قوتابخانەکان دەورە دراوم کە وەک فریشتە بە جلوبەرگی سپییەوە سەما دەکەن. ئافرەتانی ڕێکخراوە خێرخوازەکانیش وەک قەلە ڕەش وەستاون و چەپڵە لێدەدەن. هەروەها دایکانی نموونەیی و شەهیدانی جەنگ ڕیز بەدوای ڕیزدا وەستاون. ئەویش لەسەر سەکۆکە تەتەڵەیەتی و ڕووی لە خودایە. هاوارەکانیش وەک گوللە دەردەچن و ڕوخسارە مەتاتەکەی دەکەوێتە خوارەوە بۆ نێوان قاچەکانی و لە زەوییەکەدا دەیشارێتەوە. منیش ڕوخسارم شاردوەتەوە و لە خودا و پێغەمبەر دەپاڕێمەوە کە زەوی هەڵم لوشێت. داوا لە مەسیح و دایکی پاکیزەی دەکەم ببمە ڕوحێکی پیرۆز و بە ئاسماندا بفڕم بەبێ جەستەیەکی بینراو. دەگەڕێمەوە لای دایکم و لە ڕەحمیدا ون دەبم. بە پلیکانە کۆنەکاندا بە ڕاکردن سەردەکەوم و دایکم لە چاوەڕوانیمدایە. قۆڵە دریژکراوەکانیم تێوەدەئاڵێنێت و دەڵێت دواکەوتیت ئەوە لەکوێ بوویت؟ منیش دەڵێم لای پیاوە بێگانەکە بووم. دەڵێت بۆچی کچەکەم ژیانت دەدەیتە بێگانەیەک؟ منیش دەڵێم ئەو عەرش و بەردەست و خزمەتکاری لەگەڵە و من ماندوبووم لە شۆرینی قاپەکان و خەندە کردن بۆ ئەو ڕوخسارانەی خەندە ناکەن و دان بە باوکێکدا نانێن دانی پیادا بنێت. ئەویش دەڵێت کچم شۆرینی قاپەکان ئاسانترە لە شۆرینی جەستەکان لەدوای مردنیان و دان پێدانانی دایک باشترە لە دان پێدانانی باوک. لێی گەڕام و ڕامکرد بۆ ڕێگە کۆنەکەی لە کۆتاییەکەیدا خانووە بچووکەکەی لێیە لە تەنیشت کڵێساکەوە و لە دەرگامدا. دڵیشم ترپە بە دوای ترپەدا لێدەدات. دەرگاکە بە ڕوخساری مەسیحدا دەکرێتەوە دەیناسم و ئەویش من دەناسێت. قۆڵەکانی تێوەم دەئاڵێت و دەڵێت دواکەوتیت

لەکوێ بوویت؟ منیش دەڵێم لای ئیمامی مێردم بووم. ئەویش دەڵێت (کاتی) ئایا تۆ و مێردەکەت ناپاکیم لەگەڵ دەکەن؟ منیش دەڵێم ناپاکی نییە (جوزیف) چونکە من زیاتر تۆم خۆشدەوێت لەو کاتانەی لەگەڵیدام و باوەشی پێدادەکەم چاوەکانم لێکدەنێم و تۆ لەنێوانی قۆڵەکانم دەبینم. ئەویش دەڵێت تۆ خۆشەویستی تاقانەمیت و لەدوای تۆشەوە تەنها ئەو پیاو و ئافرەتانەم خۆشویستووە کە بەبێ مەمکن و کتێبیان دەبێت. لە خەومدا سرودی خۆشەویستی دەچڕم و خۆشەویستیش نایەت. لە شوێنی ئەو لەهۆشخۆچون دێت وەک نووستن وایە مێشک دەکاتەوە بەڕوی لەبیرکردن بێ ئەوەی چاوەکان لێک بنێیت. خەوێکی قووڵ لە مردن دەکات بێ ئەوەی بیرمەندی لە دەست بدەیت. نە تۆم بیر دەچێتەوە و نە مەسیح و نە ناوەکەم و نە جەستەم بەبێ برینداری. منیش دەڵێم کامە برین؟ هیچ ناڵێت و لەئامێزم دەگرێت. لە ئاوێنە بازنەییەکەی سەر سیسەمەکەدا دەبینم ئیمام لە ئامێزم دەگرێت. لە ئاوێنەکەدا وەک ئەوە دەر دەکەوێت لە یەک کاتدا سەد پیاو باوەشی پێدا کردبم. سەرلەنوێ باوەشی پێدا دەکەمەوە وەک ئەوەی باوەشم کردبێت بە هەموو پیاوانی کەوندا. دەستم دەخەمە سەر برینەکە، لەژێر پانتۆڵەکەوە هەوی کردووە و بۆنی تەختەی کۆنی لێدێت، منیش دەڵێم بەرامەی درەختی سەوزت لێ دەهات. ئەویش دەڵێت ئەوە ڕۆژانی خۆشەویستی بوو بەڵام تۆ خۆشەویستیت واز لێ هێنا لەپێناو ئاڵتوون و منیش وەک تۆم کرد. لەناو ئاوێنەکاندا لە ئامێزی گرتم و منیش عەرەقەکەم بە بۆنەکەم دەسڕم و بۆنی دەکات و لێم دەپرسێت ئایت بۆنەکەت گۆڕیوە؟ وتم ئەوە هەر بۆنە کۆنەکەمە، بەڵام جەستەم بەرامەی منداڵی نەماوە. سەرمنا بە ڕاگری



Scanned by CamScanner

سیسەمەکەوە و سەرینێکم خستە نێوان سەرم و ڕاگرەکە، بۆنەکەم بە تەواوی جەستەمدا بڵاو کردەوە، بەڵام بێسوود بوو بەرامەی مردن لانە دەچوو. وتی گوێمەدەرێ من خۆشم دەوێی کە لەسەر عەرشیت و هیچ شتێک لەخۆتدا مەگۆڕە و چرچی و ناڕێکییەکانی پیری مەشارەوە. پەرداخە ساردە مەیەکە لە دەستم کەوتە خوارەوە بۆ سەر جێگەکە و وەک چۆن منداڵێک کوپی شیر دەرژێت پێکەنیم، بەڵام پەڵەکە لەسەر سەرچەفەکە ڕەنگێکی تاریکی هەیە و نە بە شۆرین و نە بە خاوێنکەرەوە لا ناچێت. جەستەشم لەسەر جێگەکە قورس و شلە و بە زەحمەت بۆم بەرز دەکرێتەوە تا بڕۆم و لەسەر کورسیی عەرش دانیشم. جەستەم لەپشت کتێبخانە زەبەلاحەکەوە دەشارمەوە و خۆم لە نێوان کاغەز و کتێبەکاندا پەنا دەدەم. بینیم ناوم بە زیو لەسەر بەرگێک نەخشێنراوە نەمکردەوە. مێردەکەشم نتوی بە ئاڵتوونی لەسەر کتێبێک نووسراوە کە نەینووسیوە. پاشان ئیمام دێتە ژوورەوە بۆنی مەی و عەرەقی ئافرەتەکەی تری لێدێت. هیچ ناڵێم، چونکە من تەنها ئافرەت نیم لە ژیانی ئەودا و ئەویش تەنها پیاو نییە لە ژیانی مندا. من لەتاو هەژاری ڕام کرد بۆ لای، ئەویش لەدەست شکست و دۆڕاندن ڕای کردە لام. لە ناخمدا تاڵی ڕاستی و هەستکردن دێت و دەچێت وەک هەوایەکی گەرم لە هەموو لاکانەوە دەورەی داوم، گەردیلەی خۆل دەچێتە لووتمەوە. ناشزانم کورسی عەرش چووە بۆ کوێ، ئەویش لە تەنیشتمەوە ڕاکشاوە و دەستیم بۆ درێژ دەکات و دەیەوێت بمگرێت. دەستی منیش بەرەو لای درێژ بووەتەوە دەمەوێت لەئامێزی بگرم. هەر چەند نزیکبوونیایەتەوە ماوەی نێوانمان فراوان دەبوو. گەر بەر یەکتر بکەوتینایە و یەکمان لەئامێز بگرتایە زیاتر دوور دەکەوەتەوە



Scanned by CamScanner

و منیش زیاتر. باوەشم پیادا دەکات و منیش لە باوەشی دەگرم، بەڵام بەبێ سوود چونکە لە یەکەمین باوەشەوە ئەو ماوەیە دروست بووە. لە جێگە نەرمەکەشدا و لەپێش نووستن حەزم بە خوێندنەوە بوو. بەرەو لام دەکشا و پێکێکی بەدەستەوە بوو باسی ڕووداوەکانی ڕۆژی بۆ دەکردم. ئەو شتێکی دەوت و منیش شتێکم دەوت و ئیتر وتوێژێکی گەرمی بێ کۆتایی چێژبەخش لە نێوانماندا دروست دەبوو. کاتێکیش بە قۆڵەکانی لەئامێزی دەگرتم چێژەکە ون دەبوو. زیاتر قسەکردن لەگەڵیم پێ باشتر بوو وەک لەئامێزگرتنی وەک ئەوەی لە نێوان جەستەی من و ئەودا قسەکردن قەدەغە بێت یان زمانێک هەبێت کە تێی نەگەین، بەڵام لە قسەکردنەکاندا لە یەکتر دەگەین، ڕاکان دەگۆڕینەوە. لە باوەشەکاندا یەکسانی نامێنێت، چونکە زیاتر ئەو جووڵە دەکات و هێرشبەرە، لەناکاویش دەکشێتەوە وەک ئەوەی چێژ و گەیشتن بە خۆشی حەرام بێت یان بارێکی قورس بێت لەسەر جەستەی و بیەوێت بە یەک پیاکێشان ڕزگاری ببێت لە دەستی.

لە ئاوێنەکەدا دەمبینی لەسەر جێگەکە لە شێوەی دوو پیاودا ڕاکشاوە یەکێکیان ئیمامە و ئەویتریش وێنەیەکی وەک خۆی. لە تارمەی کۆشکەکەشدا دەمبینی هاوڕێ لەگەڵ بۆدی گاردەکە پیاسە دەکات. شەوانیش کاتێک لە ئامێزم دەگرێت شتەکانم لا تێکەڵ دەبێت، دەڵێم ئایا تۆ ئیمامیت یان بۆدیگاردەکەی؟ ئەویش دەڵێت ئیمامم. منیش دەڵێم ئەو تەواو لەتۆ دەچێت و خەریکە ڕاستیەکەم لە ساختەکە بۆ جیا ناکرێتەوە. ئەویش دەڵێت من لە ژیریدا لەو بەتواناترم و ئەویش لە جەستەدا لە من بەهێزترە، هەر چەندێکیش تەمەنم بڕواتە پێش و مێشکم گەورە بێت و جەستەم لاواز بێت تۆش

گەنجیت لە تەمەنی کچەکەمدا دەترسم کاتێک لە گەشت دەگەڕێمەوە وەک چۆن شەهرەیار وای بەسەرهات لەگەڵ بۆدیگاردەکە بتبینم لە جێگەکەدا. منیش وتم شەهرەیار کێیە؟ وتی شەهرەیار ناناسیت؟ ئایا کتێبی هەزار و یەک شەوەت نەخوێندووەتەوە؟ وتم نەخێر. وتی کەواتە تۆ کولتوور نازانیت و ئەوەش کەموکورتییە لە ڕۆشنبیریدا و دەبێت بخوێنیتەوە. جێگەکەی جێ هێشت و بە هەنگاوی لەسەرخۆ بەرەو کتێبخانەکە ڕۆیشت. ماوەیەکی زۆر لەبەردەم کتێبەکاندا مایەوە و بە زەحمەت ناونیشانەکانی سەر بەرگەکانی بۆ دەخوێنرایەوە. بە پشتە کەمێک قەمورەکەیدا لە دواوە دڵنیا بوومەوە کە خودی ئیمام خۆیەتی و بۆدیگاردەکە نییە. زانیم کە من زیاتر بە پشتیدا وەک لە ڕوخساری دەیناسمەوە. ئەو ڕاستییە تووشی شۆکێکی بەچێژی کردم، چونکە زانین هەر چەند قورسیش بێت باشترە لە نەزانین. باشتریشە بۆ من کە لە پشتیەوە بیناسمەوە وەک لەوەی هەر نەیناسم. لەسەر نووکی پەنجەکانم ڕۆیشتم بۆلای و لە پشتەوە باوەشم پێدا کرد. لە پشتەوە زیاتر خۆشم دەوێت تا لە ڕوخساریەوە و لە نادیاریشدا زیاتر خۆشم دەوێت.

لای کردەوە و لە کتێبەکان دوور کەوتەوە و کتێبێکی گەورەی بە دەستەوە بوو بەزەحمەت هێنایە سەر جێگەکە. چاویلکەکەی لەسەر لووتی جێگیر کرد و زنجیرێکی ئاڵتوونیی لێوە شۆڕ بووەوە. کاتێک دەخوێنێتەوە چاوەکانی دادەخات دەنوێت و چاویلکەکە بەسەر لووتیەوەیەتی و دەمی نیوکراوەیە و ئایەت ئەلکورسی دەخوێنێت و شەیتانەکان و ڕوحی جنەکان دوور دەخاتەوە. کتێبەکەش وەک ئافرەتێک عەشقی بوبێت دەگرێتە باوەش. لە تاریکییەکەشدا خۆی لە جێگەکە دەدزێتەوە و دەچێتە لای ئەو. لە شوێنێکەوە دەمبینی



Scanned by CamScanner

کە باوەشی پێدا دەکرد و ئەو منی نەدەبینی. بینینەکە ئازارێکی بەچێژی پێ دەگەیاندم، چونکە بینین سەرباری ناخۆشییەکەی لە نەبینین باشترە، ئاشکراکردنەکەش وەک چێژێکی گوناهباری تەنها خۆم بەدەستم دەهێنا بێ ئەوەی کەس بمبینێت. هەستیش بە ئیرەیی یان تووڕە بوون ناکەم، بەڵکو هەستکردنە بە تاوان. وەک ئەوەی من زیاتر ناپاکیی لەگەڵدا بکەم تا ئەو. چێژ وەر دەگرم بە لە ئامێزگرتنی ئافرەتەکەی دیکە وەک لە خۆم.



Scanned by CamScanner

# زیندووکردنەوەی کولتوور

لـە جێگەکـەدا و کاتـی نووسـتن حـەزم بـە خوێندنـەوەی کتێبـە مێژووییـەکان بـوو. ئـەوەی زیاتـر حـەزم لێـی بـوو، کتێبـی هـەزار و یەک شـەوە بـوو. چاویلکـەی خوێندنـەوە لەچاو دەکـەم و ڕوخسـاری ئیمامی لا دەدەم. لـە ئاوێنەکـەدا دەبینـم ڕوخسـارم بازنەیی دەنوێنێت لەژێر تیشکە سپییەکەدا و پێستم و ددانەکانیشـم سپی دەر دەکـەون وەک ددانەکانـی پادشـا شـەهرەیار. دڵیشـم وەک دڵـی ئـەوە عەشـقی ئافرەتـە بەردەسـتە ڕەشـەکانە. ڕوحیشـم وەک ڕوحـی ئـەو بێگـەردە و نازانێـت کـە دەکرێـت ئافـرەت عەشـقی پیاوێکـی دیکـەش ببێت جگـە لـە مێردەکـەی. جەسـتەم دەهـەژا کاتێـک هاوسـەرەکەی پادشـا شـەهرەیارم لـە جێگەکـەدا لـە ئامێـزی کۆیلەیەکـی ڕەشـدا بینـی. لـە خەونەکانمـدا هاوسـەرەکەمم لـە جێگـەی نووسـتندا لەگـەڵ یەکێـک لـە کۆیلـە ڕەشـەکانی بەردەسـتم دەبینـی و لەنـاکاو چاوەکانـم دەکردەوە دەمبینـی بـە تەنهـا نووسـتووە و کتێبەکـەی لـە باوەشـە و چاوەکانـی لێـک نـاوە. وەک خوێنێکـی گـەرم دڵنیایـی بـە جەسـتەمدا دێـت و لـە



Scanned by CamScanner

جێگەکە خۆم جەجزمەوە بۆلای ئافرەتە بەردەستە رەشەکەم. لە رێگەمدا بۆلای لەژێر سێبەری درەختێکدا دەوەستام وەک چۆن پادشا شەهرەیار وای دەکرد. هەوام هەڵدەمژی و ئاسودە دەبووم بەوەی بەتەنیا و بەبێ پاسەوان چوومەتە دەرەوە بێ ئەوەی کەس بمناسێتەوە. سنگم پڕ هەوا دەکرد کاتێک دێوێکی زەبەلاحم بینی سنوقێکی گەورەی لەسەر سەرە. وام زانی خێوێکی جنەکانە یان یەکێکە لە دوژمنەکانم لە حزبی شەیتان. وەک چۆن بە منداڵی وام دەکرد چوومە سەر دارەکە و لەنێو لقوپۆپەکانی خۆم شاردەوە. بینیم دێوەکە لەژێر سێبەری درەختەکەدا دانیشت و قوفڵەکانی سنوقەکەی قوفڵ لەدوای قوفڵ دەکردەوە، حەوت قوفڵ. لەناو سنوقەکەدا سنوقێکی ترم بینی کردیەوە و ئافرەتێکی زۆر جوانی جادووگەری دەرهێنا.

پێیوت: ئەی ئافرەتە دڵسۆزەکەم دەکەوێت کەمێک بنووم. ئیتر سەری کردە سەر ئەژنۆکانی و نووست. بینیم ئافرەتە جوانەکە سەری بەرز کردەوە بۆ درەختەکە و بە چرپە و بە دەنگێکی هێمن وتی: وەرە خوارەوە و لەم دێوە مەترسە، چونکە ئەو لە بەنی ئادەمە و جن نییە. دابەزیم سەری مێردەکەی بەرز کردەوە و لەسەر ئەژنۆکانی لای دا و خستیە سەر زەوییەکە و وەک چۆن ژن و مێردێک یەکتر لەئامێز دەگرن بەو شێوەیە باوەشی پێدا کردم، هەموو ئەو شتانەی پیاوێکی چاکەکار خوازیاریەتی لەگەڵ یەکێک لە حۆریەکانی بەهەشتدا ئەنجامی بدات بەسەرمدا هات؛ پێش ئەوەی ماڵئاوایی لێ بکەم، دەستی کرد بە گیرفانیدا و کیسەیەکی دەر کرد و ملوانکەیەکی تێدابوو کە نۆسەد و نەوەد ئەنگوستیلەی پیوەبوو و وتی دەزانیت ئەمە چییە؟ وتم نازانم. وتی لە بێئاگایی مێردەکەم

ئەوەی لەگەڵ تۆ کردم لەگەڵ خاوەنی ئەم ئەنگوستیلانەدا کردوومە و بێنە تۆش ئەنگوستیلەکەتم بدەرێ. مستیلەکەم لە پەنجەم دەرکرد و پێمدا وتی ئەم پیاوە شەوی بوکێنیم فڕاندمی و خستمیە سنوقێکەوە و سنوقەکەی کردە سنوقێکی دیکەوە بە حەوت قوفڵ دادەخرێت و خستمیە ناخی زەوییەوە بۆ ئەوەی بزانێت کە ئێمەی ئافرەتان گەر ویستمان شتێک بکەین ئەوا ئەنجامی دەدەین. جەستەم هەژا و لەگەڵیدا دڵم خورپەیەکی کرد و خێرا گەڕامەوە بۆ کۆشک بینیم هاوسەرەکەم لەگەڵ دۆستەکەیەتی لە جێگەکەدا. بە شمشێر لە ملیمدا و چوومە لای هەموو هاوسەرە کۆنەکانی پێشووترم و یەک لە دوای یەک لە ملی ئەوانیشمدا. وام لێ هات هەر مانگێک کە ئاسمان مانگەشەوی تەواو بێت کچێکی پاکیزە دەکەمە هاوسەرم و دەیکەم بە ژن و هەر ئەو شەوەش دەیکوژم. ماوەی بیست ساڵ بەو شێوەیە مامەوە تا خەڵکەکە بێزاربوون و کچەکان هەموو هەڵاتن و هیچ کچێک نەمایەوە خۆی لە بەرامبەر ئەو سوکایەتییە بگرێت. شەوی جەژن بە سەرۆکی ئاسایشم وت پێویستم بە کچێکی پاکیزەی بەردەست هەیە کە لەو زەمەنەدا لەو باشتر نەبێت. پاشان لە کتێبی کولتووردا تایبەتمەندییەکانیم بۆ خوێندەوە. وتم دەمەوێت قەد باریک و سنگی پان بێت دەستوپەنجەی ورد و سەری بچووک بێت گەردنی بەرز و پەمەیی بێت خۆشەویستی لێ سەرڕێژ بێت و دەستی هیچ پیاوێکی بەرنەکەوتبێت چوار شتی سپی بێت، ڕوخساری و سپێنەی چاوەکانی و گەردنی و دەست و پەنجەکانی و چوار شتی ڕەش بێت، برۆ و برژانگەکانی، چاوەکانی و قژی. چوار شوێنیشی سوور بێت: زمانی و لێوەکانی و ڕومەتەکانی، چوار شتیشی زبر بن: قاچەکانی و مەچەکەکانی، چوار شتیش پانوبەرین

بێت: نێوچاوانی و چاوەکانی و سنگی، چواریش تەنگ بێت: دەمی و لووتی و کونی گوێچکەکانی و ئەو شوێنەی تری کە مەبەستە لە ئافرەتدا.

کاتێک سەرۆکی ئاساییش گوێبیستی ئەم تایبەتمەندیانە بوو هەرچی خوێن بوو لە روخساریدا نەما و ڕەنگی وەک ڕەنگی مردوانی لێهات و بڕوای بە دووبارەبوونەوەی ڕوحەکان هێنا، پاشان وتی ئەمە ڕوحی پادشا شەهرەیارە چۆتە جەستەی ئیمامەوە یان ڕوحی ئیمامە لە جەستەی شەهرەیاردا. بەبێدەنگی مایەوە و ڕوخساری لە زەوییەکەدا دەشاردەوە و دەنگی ئیمام دەهاتە گوێچکەی کاتێک تایبەتمەندی چوار تەنگەبەرەکەی دەخوێندەوە و بە پەنجەکانی دەیبژاردن: دەمی و کونە لووتەکانی و کونە گوێچکەکانی و ئەو دەرچە گرنگ و مەبەستەی ئافرەتان. پاشان سەرۆکی ئاساییش وتی، بەڵام گەورەم جەنابی ئیمام ئافرەتێکی بەردەست بەم شێوەیە نرخی لە نەوەد هەزار دینار کەمتر نابێت و خەزێنەی دەوڵەتیش بەتاڵە و قەرزە دەرەکییەکانیش... ئیمام قسەکانی پێبڕی و بانگی پاسەوانی خەزێنەی کرد. پاسەوانەکە وتی بە فرمانی خودا خەزێنە ئاوەدانە و پرسیاری بەندی خەرجی کرد. ئیمام وتی بەندە بەتاڵەکانت چین؟ وتی هەموو بەندەکان بەتاڵن تەنها بەندی عەشق نەبێت، بەڵام گەورەم جەنابی ئیمام عەشق نادیارە و نەزانراوە، زانراو نادیار نابێت. قۆشمەکانی ڕاستییە و ڕاستییەکانیشی قۆشمەیە و خوداش دەیزانێت. ئیمام هاواری کردە نووسەری گەورە، پێی وت ئایا پێناسی عەشق لە زانستی کولتووردا چییە؟ نووسەری گەورە وتی: عەشق جووڵاندنی جێگیرێکە و جێگیرکردنی جووڵاوێکیش لە خراپەکانی ئایین نییە و قەدەغە نییە لە شەریعەتدا دەرمانی هەموو دەردێکی



Scanned by CamScanner

بەچێژە و کە حەز بە بەردەوامبوونی دەکرێت و وا لە پیاو دەکات ئەو شتەی قینی لێیەتی خۆشی بوێت و هەڵسوکەوتی ڕێکدەخات و شیرینی هەنگوینی تێدا دەتوێنێتەوە و دواتر دەبێتە هەوێنی ئیمان. ئیمام سەرنجی نووسەری گەورەیدا و سەریسوورما بەو ڕۆشنبیری و گرنگیدانەی بە کولتوور. وەک هەڵوێستی هەمیشەی نەیاری شەرعی سەری کردبوو بە زەویدا هاتە ژوورەوە و چاوەڕوانی نۆرەی خۆیی دەکرد تا ئەویش ڕای خۆی لەو بارەوە دەر ببڕێت. لە کۆتایی دانیشتنەکەدا نۆرەی هاتە سەر و وتی: گەورەم جەنابی ئیمام عەشق تۆزێکی پیسە بەرزدەبێتەوە بۆ دەماخ لە ئەنجامی تۆوێکی پەستێنراو لە دوای نانخواردنێکی چەوری ئێوارەی پیسبوو بە تیشک کە ئەوەش داوی ئیبلیسە کە لاوازی جەستە و هەناسەبڕکێ و ناتەواوی لێدانەکانی دڵە وا لە پیاو دەکات بچێتە جیهانی خوارەوە و دەرەنجامەکەی کوشندەیە سەرەتاکەی یاریکردنە و کۆتاییەکەی لەکارکەوتنە، خودای گەورەش هیچ پێغەمبەرێکی ڕەوانە نەکردووە لە ئافرەت لێی ترسابێت، کاتێکیش کۆئەندامی پیاو هەڵدەسێت نیوەی مێشک دەوەستێت و هەستانی کۆئەندامیش نەهامەتییەکی گەورەیە کە وروژا نە مێشک و نە ئایین خۆیانی بۆ ڕاناگرن، جەنگێکە پێویستی بە جرتوفرت هەیە هێرشبردن و کشانەوە، ئافرەتیش وەک فریشتەیەک خۆی پیشاندەدات و دواتر دەبێتە شەیتان و جادووو لە پیاو دەکات و دەیکاتە پشیلە یان مەڕ لەسەر سنگی دەخشێت هیچ پیاوێکیش نەبووە خۆشەویست و دۆستەکەی جێ بهێڵێت و نەڵێت کوشتمی. ئیمام بە تووڕەییەوە هاواریکرد: بیکوژە و گوناهەکەی بە ملی من. نەیاری شەرعیش وتی: ئەی ئایا لە خەزێنە بەشی منیش و تۆش هەیە جەنابی ئیمام؟ پاسەوانی خەزێنە بەبێدەنگی مایەوە.



Scanned by CamScanner

سەرۆکی ئاساییشیش وتی ئەی من جەنابی ئیمام ئایا بەشم نییە لە عەشق؟ بریسکەیەک هاتە چاوەکانی نووسەری گەورە لەو کاتەی سەرنجی هەمووانی دەدا. لە دوای بێدەنگیەکی زۆر پاسەوانی خەزێنە وتی: خەزێنە تەنها بەشی ئیمام و پیاوێکی تری تێدایە کە ئیمام دەستنیشانی بکات. پاسەوانی خەزێنە وای دەزانی کە ئیمام ئەو دەستنیشان دەکات و وتی ئاو بەسەر تینودا ناڕوات. ئیمام بە سەرسووڕمانەوە سەیری هەر چوار ڕاگرەکەی کرد، حوکمی خۆی دەدات و نایەوێت هیچکامیان تووڕە بکات. ژیانی لە دەستی سەرۆکی ئاساییشدایە. خەزێنەش لە دەستی پاسەوانەکەدایە. دیموکراتیەتیش لە دەستی نەیاری شەرعییە و کولتووریش لە دەست نووسەری گەورە. کارەکە بەوە کۆتایی هات کە هەر چواریان بکشێنەوە لەپێناو ئیمام چونکە زینەتی دونیا بۆ ئەوە و چەندین بەردەست و خزمەتکاری بۆ هەیە، لە ڕۆژی دواییشدا حەفتا و حەوت حۆری هەیە و بۆ هیچ کەس نییە برابەشی لەگەڵدا بکات، جگە لە ئیمامیش ئێمە هەموو لەبەردەم یاسادا وەک یەکین، هەر کەسیش سەبارەت بە کارەکانمان قسە بکات ئەوە لە داوی شەیتانە.

پاشان سەرۆکی ئاساییش بڕی نەوەد هەزار دینارەکەی هەڵگرت و چووە بازاڕ بەشوێن دەڵاڵەکاندا دەگەڕا. بڕیارێکیشی دەر کرد کە نابێت هیچ کۆیلەیەکی ئافرەت بۆ بەردەست بە زیاتر لە نەوەد هەزار بفرۆشرێت و پێش فرۆشتنیش دەبێت بخرێتە بەردەمی بۆ پشکنین. جووڵەی بازاڕ چالاک نەبوو بە تایبەت لە دوای شکستی جەنگ و ڕۆیشتنی ئافرەتانی بەردەست و کچەکان بۆ وڵاتانی تری دونیا. ئیتر سەرۆکی ئاساییش بە ماڵاندا بە لایتێکەوە دەگەڕا و لە دواشیەوە سەگەکانی ڕاوی پێ بوو. نەیتوانی هیچ پاکیزەیەک

بدۆزێتەوە ئەو تایبەتمەندییانەی تێدا بێت. خەریک بوو لا بکاتەوە و بە دەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە گەر نەیبینیایە بە هەنگاوە خێراکانی وەک ئاسک ڕادەکات و لەدواشیەوە سەگەکەی بەدوایدا ڕای کرد لە دوایەوە پاسەوانەکانی و سەگەکان. تەنها لە پشتەوە بینیی قەد باریک و چالاک جەستە چالاک لە پشتەوە تەواو تایبەتمەندییەکانی بەسەردا دەگونجێت لە ڕوەکانی پیرۆزی و خەیاڵ و کولتووریشەوە. وەک سوپاسگوزارییەک دەستەکانی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان بۆ خودا. بۆشی نەبوو لە ویستی خودا دەربازی ببێت.

ئیمام بینی هاتە ژوورەوە و هێشتا لە جێگەی نووستنەکەدا لە سەرجێیدا بوو لەگەڵ کۆتا هاوسەری، بە چرپەیەکەوە لێوەکانی جووڵاند و هەر لەوێدا تەڵاقیدا، سێ بە سێ. پانتۆڵە نوێکەی لەبەر کرد و بە بەژنوباڵایەکی ڕێکەوە و بە سەربەرزی چووە ژوورەوە بۆلای و لە پشتیشیەوە سەگەکەی (مەرزوق). سەگەکە سەری بەرز کردەوە و چاوی بە ڕوخساری کەوت دەستبەجێ ناسییەوە سەرباری تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە. سەگەکان مێژوو، کولتووریان لەبیر نەدەکرد.

مەرزوق دەستی کرد بە وەڕین و ڕاکێشانی پانتۆڵەکەی لە جووڵەیەکدا وەک ئەوەی بیەوێت مێژوو دووبارە بکاتەوە. سەگەکان بۆیان نەبوو مێژوو دووبارە بکەنەوە هەربۆیە سەرۆکی ئاساییش ملی گرت و دەست و قاچەکانی بە زنجیر بەستەوە. لە بێدەنگیی شەودا و دوای ئەوەی هەوا جێگیر بوو بەبێدەنگی گوللەی پێوەنا. ئەویش ئەوکات لە نێوان قۆڵەکانی ئیمامدا بوو و تەنها یەک شەو لە تەمەنیدا مابوو ئەویش شەوی جەژن و دەرکەوتنی مانگی تەواوە. وەک چۆن لەدایک بووە بە ڕووتی لە ژێر تیشکە سپییەکەدا ڕاکشا.

لە تیشکە سپییەکەدا ڕوخساری دایکی بە هەڵبزرکاوی بینی، وتی یان ئەوەتا دەژیم یان دەبمە قوربانی لەپێناو کچانی نیشتیمان و هۆکارێک بۆ ڕزگاربوون لە چنگیان.

لە کونی دەرگاکەوە سەرۆکی ئاساییش سەری سووڕ ما کاتێک بینیی بە ئاوگردانێک دەیپرژێنێت و دەڵێت لەم وێنەیە دەرچۆ و ببە بە مەڕ. دەستبەجێ بووە مەڕ و بە درێژایی شەو باعەباعی بوو. پێش خۆرهەڵاتنیش ئاوگەردانەکەی هەڵگرت و پرژاندی و وتی: لەم وێنەیە دەرچۆ و ببەرەوە بە وێنەی یەکەمین جارت. ئیتر گەڕایەوە بۆ حاڵەتە کۆنەکەی بە ڕوخساری ئیمامەوە.

سەرۆکی ئاساییش کاتێک لە کونی دەرگاکەوە سەیری دەکرد شڵەژا. ئەو وەک ئافرەتانی ناو کتێبەکانی تایبەت بە کولتوور توانای جادووکردنی هەیە. زۆر سەری سووڕ ما چۆن کۆیلەیەکی ئافرەتی بەردەست توانای ئەوەی هەیە ئیمام لە وێنەی یەکەمی دەر بکات و بیکاتە چوارپێ و ئەو ناتوانێت بیگۆڕێت. دەستیدا بە دەستیدا و وتی لەوانەیە ویستی خودا بێت، سبحانە نهێنی خۆی دەخاتە لاوازترین دروستکراوەکانی. (استغفرالله)ی کرد و وتی ئەوە ویستی شەیتانە لەبەر ئەوەی خوا لەگەڵ ئیمامدایە و ناکرێت خودا بەمە قاییل بێت. جارێکی تر استغفرالله ی کرد، وتی ویستی خودا لەسەروو ویستی شەیتانەوەیە و شەیتان ناتوانێت هیچ شتێک بکات بەبێ ڕەزامەندی خودا. لێرەدا لێوەکانی جووت کرد وەک ئەوەی بۆ هەتایە بێدەنگ ببێت و لە کونی دەرگاکەوە بەردەوام بوو لە سەیرکردن.

# کچی خودا لەگەڵ ئیمامدایە

شـەوی جـەژن و هاوسـەرگیری بـە دەسـت مـن نەبـوو. بـە دەستبەسراوی بـە زنجیرێک منیـان ڕاپێـچ کرد بۆ لای و دەوروبـەرم جلوبەرگی سپی بوو بـە ڕەنگی ڕوحـی فریشـتەکان و کفنی مردوان. لەسـەر جێگەیەکـی ڕازاوە و نەخشـێنراو بـە قوماشـی گرانبەهـا کـە وەک گـۆڕی شـازادەکان بـوو خـۆمـم بە ڕووتی بینیـەوە. بیـرم هاتـەوە. لەوەتـەی لەدایک بـووم دایکمـم نەبینیوەتـەوە و لـە خانـەی منداڵانیش بەدەم خـەوەوە دەڕۆیشـتم و لـە تاریکیدا بەشـوێن ڕوخسـاری دایکم دەگـەڕام. لـە خەوەکەمـدا گوێـم لـە دەنگـی خـودا دەبێت وەک دەنگـی دایکم بانگم دەکات، ڕادەکەمـە لایـی و دەسـت دەکەمە ملی و خـۆم لە سنگیدا لـە دژی ڕوحـی جـن و شـەیتانەکان حەشـار دەدەم. شـەوانیش دەنـوم و خـودام لەگەڵـە. بەیانییانیش هەڵدەسـام و مەسیحم لەگەڵبوو. لـە ناخمـدا هەسـتم پێـی دەکـرد دەجووڵێت. بـە چەنـد قاچیکـی نەرمـی وەک قەیفـە. لەژێـر دیـواری سـکمەوە بـە قۆڵەکانـم لـە ئامێزی دەگـرم و بـەرزی دەکەمـەوە بـۆ سـەرەوە بـۆ ژێـر تیشـکی خـۆر تـا خـودا

و نیشتیمان و ئیمام ببینن. بۆ ڕوخسارەکان خەندەم دەکرد و ڕوخسارەکان خەندەیان بۆ نەدەکردم. چاوەکان لەناو پێڵووەکاندا هەڵدەگەڕانەوە و ڕوخسارەکان لەسەرەکان دەکەوتنە خوارەوە و سەرەکە بەبێ موو سوور دەبوو، ڕوخسارەکەش موو دایدەپۆشی. دەنگە ئارامە بەسۆزەکە دەگۆڕا بۆ لورەی گورگ و لە خەوەکەمدا ڕاوی دەنام کاتێک لە تاریکیدا بەشوێن دایکمدا دەگەڕام، لە پشتیشمەوە کاتێک ڕامدەکرد گوێم لە تەپەی پێیەکی زۆر بوو لەدوامەوە ڕایان دەکرد. کاتێکیش لام دەکردەوە هەڵدەهاتن. لە بەرەنگاربوونەوەی ڕووبەڕوو دەترسان. هەر یەکەشیان دەترسا بەتەنیا بڕوات. هەست بە هێز و توانا ناکات ئەگەر ئامێرێکی کوشتنی بەدەستەوە نەبێت. بە ئاڕاستەیەکی خواروخێچ و بە قاچوقولێکی خواروخێچ و چاوی خێلەوە دەڕۆیشتن. یەکە یەکە خۆیان و سەرۆکەکەشیان و ڕوخساری سەگەکانیشیان دەناسمەوە. سەگ بە ڕۆژ ڕوخساری کاوڕی دەپۆشی و بە شەویش ڕوخساری گورگ. پیاوەکان لە پێشەوە دەڕۆیشتن و لە دوایانەوە پاسەوانەکان و لەدوای ئەوانیشەوە سەگە و پشیلەکان کە ئەوانیش دەهاتن و کەڵبەکانیان نیشاندەدا و پێیە بچووکە گۆشتنە بێ ئێسکەکانیان لە زەوی توند دەکرد، چاوەکانیان بریسکەی دەدایەوە و سکیان وەک هەوا هەڵئاوسابوو بە نەبوونی و نەهێشتن تەواو وەک هەوای قەتیسی ژوورێکی داخراو.

من ڕام دەکرد و دایکمم دەبینی لە نزیکی بەردەکە چاوەڕوانمە لەسەر بەرزاییەکەی نێوان ڕووبارەکە و دەریاکە. قۆڵەکانی بەرەو لای من درێژ کردووە. خەریک بوو پێی بگەم گەر نەوەستامایە و چاوەکانم پڕی شوێنەکە نەکردایە شوێن و هێمای ئارامی و ئەو



Scanned by CamScanner

جێگەیەی لیی لەدایک بووم. پاشان لە پشتەوە لێیان دام. پێش ئەوەی بکەوم و وشەکان لەدەست بدەم لام کردەوە، وتم ئایا ئێوە قوربانییەکە دەکوژن و تاوانبارەکە فەرامۆش دەکەن؟ وتیان تاوانبارەکە کێیە؟ ئاماژەم کرد بۆ ڕوخسارێکی هەڵواسراو بە ڕاگرێکی درێژبووەوە تا ئاسمان.

ئیتر لەژێر بەتانییەکەوە خۆم گرمۆڵە کرد وەک چۆن لە خانەی منداڵان وام دەکرد. بینیم لەبەردەممدا بەڕووتی وەک چۆن لەدایک بووە وەستاوە. وتم تۆ کێی؟ وتی من ئیمامم ئایا ڕوخسارم ناناسیتەوە؟ وتم ناتناسم. وتی ئایا پێشتر ڕوخسارت نەبینیوم؟ وتم ناتناسم. وتی ئایا ڕۆژنامەکان ناخوێنیتەوە سەیری شاشەکان ناکەیت سەیری ئەو وێنەیە ناکەیت بەسەر کەوانەکانی سەرکەوتنەوە هەڵواسراوە ئایا هیچ پولێکی پۆست و کاغەزی مۆرکردنت نەکڕیوە؟ وتم مۆرکردن چییە؟ وتی نازانیت مۆرکردن چییە؟ وتم یەکەمین جارمە گوێم لەو ناوە دەبێت. وتی تۆ لەم دونیایەدا ناژیت و یەکێک نیت لە ئێمە. گەر ئیمام نەناسیت ئەوا نیشتیمان ناناسیت و کە نیشتیمانیش نەناسیت واتە خودا ناناسیت. پاشان وتی ئایا گوێت لە هاواری (خودا و نیشتیمان و ئیمام) نەبووە؟ وتم گوێم لێ نەبووە. دەستێکی بە دەستیدا دا و زۆر سەری سووڕ ما و وتی تۆ لە (حزب الله) ی یان لە حزبی شەیتان؟ وتم نە ئەمیان و نە ئەویشیان. وتی ئەمە سەیرە ئایا کتێبی کولتوورت خوێندوەتەوە؟ وتم خوێندەواریم نییە. وتی گەر نەخوێنیتەوە خۆ دەبیستیت؟ ئایا چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەوە و پادشا شەهرەیارت نەبیستووە؟ وتم شەهرەیار کێیە؟ وتی ئایا پادشا شەهرەیار ناناسیت کە هاوسەرەکەی وەک قەیماغ وا بوو لەگەڵ کۆیلەیەکی بەردەستی ڕەشدا ناپاکیی لێ کرد؟



Scanned by CamScanner

وتم لەبەر ئەوەی لە مێردەکەی زیاتر خۆشی ویستووە. دەستێکیدا بە دەستت دا و زۆر سەری سوورِ ما و وتی: ئایا دەکرێت ئافرەتێک پیاوێکی لە مێردەکەی زیاتر خۆش بوێت؟ وتم بەڵێ. وتی: تەنانەت گەر مێردەکەشی پادشا یان ئیمامیش بێت؟ وتم بەڵێ. وتی: دەبێت چ شتێک لای ئەو دۆستە هەبێت کە ئیمام نەیبێت؟ وتم خۆشەویستی. بە قاقایەکی وەک تەپڵەکانی جەژن و قۆڵەکانی کردەوە و کەونی لەئامێز گرت و وتی: خۆشەویستیم هێند لایە بەشی هەمووان بکات و دڵم هێندە فراوانە جێگەی هەموانی تێدا دەبێتەوە. وتم: گەر دڵت جێگەی هەمووانی تێدا بێتەوە ئەوا کەسی تێدانیە.

لەسەر سەرینێکی پەڕی وشترملی نەخشێنراو ڕاکشابوو ئانیشکی چەپی وەک ڕاگر خستبووە سەر فەرشێکی عەجەم کە وێنەیەکی کەعبەی لەسەر بوو. دەستی ڕاستیشی پەرداخێک مەی. ئانیشکی لە کەعبەدا چاڵێکی گەورەی دروست کردبوو. کەمێک پەرداخەکە لە دەستیدا لەریەوە، کەمێک لە مەیەکە ڕژایە ناو چاڵەکەی کەعبەوە. کەمێک جەستە داپۆشراوەکەی بە موو ڕاست کردەوە. چاوەکانی لەسەر جەستەی ڕوتی بێ مووی من جێگیرکرد. پاشان وتی بۆچی لەبەر پێمدا نانوشتێیتەوە؟ وتم لە ژیانمدا بۆ هیچ کەسێک نەنوشتاومەتەوە، وتی من هیچ کەسێک نیم و هەموو ئافرەتان دەنوشتێنەوە. وتم من لەو ئافرەتانە نیم. وتی ئەی تۆ چیت؟ وتم ئافرەتێکی بێ ناوی بێ باوک و دایک و خوێندەواریم نییە بەڵام خۆشەویستی ناکەم و دڵم کەسێکی دیکەی تێدایە.

لێرەدا پەرداخەکە بە دەستیەوە هەژا و هەموو مەیەکە ڕژا و تەواوی کەعبە و گۆڕی پێغەمبەریشی پڕکرد. هەستا و جەستەی بە موو داپۆشراو بەڕێکی بە ڕوتی وەستا. حەزی وروژا و مێشکی



Scanned by CamScanner

ڕۆیشت. هیچ شتێک داخی ناکات و مێشکی نابات هێندەی ئافرەتێک کە موڵکی ئەو نەبێت. ئاگرەکەش ناکوژێتەوە تا ئەوکاتەی نەیکاتە موڵکی خۆی وهیچی لێ نەهێڵێتەوە تەنانەت گۆشتی بەسەر ئێسکیشەوە نەهێڵێت.

لەبەردەمیدا دانیشتبوو ئێسکەکانی دەلستەوە و ئێسک لە دوای ئێسک وەک قامیش لەسەر ئەژنۆ دەیشکاندن، مۆخەکەی لەبەردەمیدا دەخوارد و ئەویش وەک مەڕی جەژن سەرنجی دەدا کاتێک دەچێتە دوکانێکی قەسابی و لە چاوەکانی تا ئیسکەکانی لێی ورد دەبێتەوە. تەنها لێوان لێوە لە ترس. تێر ناخوات هەر چەند بخوات، هەر چەندیش بڕوادار بێت بێ بڕوایە، کاتێک ئێسک لە دوای ئێسک دەیخوارد شانەکان و ئێسکەکانی تر و جگەر. گەدەی پڕ بوو لێوان لێو وەک مەشکەی پێستەی بزن ئاوسا. ئەویش هەر دەیدایە دەستی و نەدەوەستا.. تا ئەوکاتەی گویی لە دەنگی تەقینەوەکە بوو و ڕوخساری کەوتە سەر زەوی و چاوەکانی بە سەرسوورمانەوە کرانەوە، خەریک بوو بڕوای نەدەکرد، وتی سەرەتاکەی یارییە و کۆتاییەکەی لەکارکەوتن، ئیتر وەک ئاسک ڕای کرد و لە دواشیەوە سەگەکەی.

# بەئاگاهاتنەوە لە دوای چێژ

لە تاریکایی شەودا دەستی چەپم بەرەو لای ڕۆیشت، بە ددانەکانی وەک ددانی پشیلە دەستی گرتم. بانگم کرد پشیلە بچکۆلەکەم بە ناوی (کاتی)ی هاوسەرە کۆنەکەم. لەگەڵ خۆشەویستی کۆنی هەڵهات بۆ ئەو دیوی دەریاکان و بە تەنها لە جیهانەکەی تردا جێی هێشتم. وتی پشیلە بچکۆلەکەی تۆ نیم. وتی گەر پشیلە نەبیت ئەوا لە گروپی پڵنگەکانیت. بە ددانەکانی پەستانی خستەسەر دەستم تا دەستەکەی لە قۆڵ کردەوە. سەرباری برینەکە چێژێک هەبوو. دەستەکەی دیکەم بۆ درێژ کرد بە ددانەکانی گرتی و لێی کردەوە. وتم کارەکە گاڵتە نییە. قاچی چەپم بۆ درێژکرد گرتی و وەک دەستەکانمی لێ کرد. کاتێک ڕاکشابووم و ڕوخسارم بەرەو زەوییەکە بوو چاوەکانم کردەوە بینیم لەبەردەممدا وەستاوە. دەستبەجێ ناسیمەوە. ڕوخسارە هەڵبزڕکاوە لاوازەکە و دوو چاوە ڕەشەکان کە جێگەی هەموو تاوانەکانی جیهانی تێدا دەبێتەوە. پاشان وتم تۆ کچی خودایت ئایا ڕوخسارێکی جیاواز و جەستەیەکی



Scanned by CamScanner

جیاوازت پۆشیوە؟ دەمی نەکردەوە و لێوی نەبزوت و بەبێدەنگی و بە وەستاوی لەبەردەممدا مایەوە. لە دڵی خۆمدا وتم گەر هەر بەو شێوەیە بەبێدەنگی بمێنێتەوە ئەوا واتای ئەوەیە زیاتر لەوەی کە شەریعەت ڕێگەی داوە بیر دەکاتەوە و ئافرەتیش لە پارچەیەکی خواروخێچ دروست کراوە مێشک و ئیمانیشی کەمی هەیە. هەوڵم دا لێی نزیک ببمەوە تا لە ڕوخساری دڵنیا بمەوە. زانیم کە تەنها یەک قاچم هەیە و بەسەر زەویدا ناڕۆم. ئیتر دەستم کرد بە سنگەخشێ و ئەویش وەستاوە و هیچ جووڵەیەکی نییە. لە دڵی خۆمدا وتم ئەو جادووگەرە و کاتێک نووستوم ئاوپرژێنی کردووم و بوومەتە مەڕ یان مارمێلکە، ڕوخساری جادووگەرانی نەبوو، چاوەکانی بریسکەیەکی ڕەشیان تێدا بوو وەک چاوی شەیتانەکان و ڕوحی جنەکان. (اية الكورسی)م خوێند تا وەدەری بنێم، بەڵام نەڕۆیشت.

وەک بەرد لە جێی خۆی لێوەکانی جووت و بەبێدەنگی وەستاوە. بێدەنگییەکە لە گوێچکەمدا وەک زەمینلەرزەی مردن دەزرنگێتەوە و دەستم درێژ دەکەم تا بمگرێت قۆڵم ون دەبێت. قاچمی بۆ درێژ دەکەم قاچ و جەستە و هەموو چێژەکانی دونیا ون دەبێت. دەموت دەستم بگرە کچەکەم من لێوان لێو لە دونیا تێر بووم، هیچیشم لە تۆ ناوێت جگە لەوەی کە دان بەوەدا بنێیت من باوکتم.

چاوەکانم بە سەرسووڕمانەوە زەق بوون و وتم دایکم منی بەبێ باوک هێناوەتە دونیاوە. وتی نە کچ و نە کوڕ بەبێ باوک لەدایک نابێت و من ئیمامی باوکتم. وتم من ناتناسم و ئێستا نەبێت پێشتر ڕوخسارتم نەبینیوە خودا باوکی منە و منیش کچی خودام. وتی بێدەنگ بە، زمانت بەبڕین بچێت سبحانە نە کەسی لێ بووە و نە لە کەسیش بووە (لم يلد ولم يولد). وەک نووستوویەک دەنگی دەر

نـەدەات و لـە هـەوادا دوو قۆڵـی نەبینـراوی دەجووڵانـد و دەنگێکی نەبیستراو. دەڵێت لە هەموو خۆشی و چێژەکانی دونیا تێر بووم و تەنها یەک چێژ ماوە ئەویش ئەوەیە سـەری ئـەم ئافرەتـە بکەمـەوە و مێشـکی بپلیشـێنمەوە تاکـو وەک هەمـوو ئافرەتانـی دیکـە ببێتـە نموونەیی: جەستەیەکی نەبینـراو تەنهـا ڕەحمـی تێدا بێت، هێشتاش وێنـەی یەکەمی لە ئاوێنەکـەدا دەبینی پێش ئـەوەی جادووی لێ بکات و بیکاتـە مـەڕی جـەژن، هێشـتا دەنگـی دەزرنگێتـەوە کاتێـک وتـاری دەدا و ڕۆکێتەکانـی جـەژن دەتەقیـن و لـە دەوروبەریشـی پیـاوان و شـوێنکەوتووان و حیـزب اللـە سـەما دەکـەن و حیزبـی شـەیتانیش هـاوار دەکـەن. سـەری لـە ئاسـمانەوە بـۆ زەوی دەسـووڕێنێت و چاوەکانی لە ئاسمان دوور دەخاتـەوە. خودا و شـەیتانی لەگەڵە و لە کەسی دەوروبـەری ناترسێت. چاوەکانی بەسـەر هەمووانـدا دەگێڕێت و لەسـەر کەسـیان جێگیـری نـاکات و هـەر یەکەشـیان بـە ئانیشـک لەویتـر دەدات و دەخاتـە پشـتیەوە و شـوێنەکەی لـە ڕیـزی پێشـەوە دەگرێت. سەری بۆ دوور لەوان دەسووڕێنێت و چاوەکانی بەشوێن ڕوخسـارە هەڵبزڕکاوەکـەدا دەگەڕێـت، چـاوەکان وەک شـەو ڕەش دەبێت کێ بێت؟ کێ بێت؟ پیاو یان ئافرەت؟ ئنس یا جن؟ جارێکی تـر چاوەکانی لێک نایـەوە تـا بنوێتـەوە، زانـی کـە پێشـتر نووسـتبوو، خەوەکەشـی قـووڵ بـووە قووڵتـر لـە خـەوی کیسـەڵەکان و بـە هیـچ شتێک بەئاگا نایەتـەوە، نـە تەقـەی گوللـە و نـە تەقینی ڕۆکێتـەکان.

# نووسەری گەورە

لە ڕیزی پێشەوە کاتێک لەژێر ڕووناکییەکەدا لەتەنیشت ئیمامەوە وەستابووم. هاوارەکان لە گوێمدا دەزرنگێنەوە. ڕۆکێتەکانی جەژن دەتەقێنرێن. تەنها جەستەی سەرۆکی ئاساییش لە چەپمەوە لە کورسیی عەرشی دوور خستبوومەوە، جەستەی نەیاری شەرعیش لای ڕاستمەوە. منیش لە نێوەندا وەک خاڵی ناوەڕاستی دوو گوریسی توندکراو. گەر لای چەپ شلبێتەوە سەرم بەرەو لای ڕاست لار دەبێتەوە، گەر ڕاستیش توندبوو مل و جەستەم بەلای چەپدا لار دەکەم. کە وەستابووم پشتم ڕاست کردبووەوە و قاتێکی جەژنم بە ڕەنگی قاوەی سووتاو لە خوریی هاوردەکراو کە بەڵگەی دڵسۆزیمە بۆ چەپ و بۆینباغێکی سووریشم بەستووە وەک هاوسۆزییەک بۆ ڕاست. قەڵەمێکیش لە دەستمدایە و وەک گۆچانێک لە ناوەڕاستیەوە گرتومە. قاچیشم لەسەر زەوییەکە لە خاڵێکی ناوەندا لەنێوانی هەر دوو حیزب الله و حزبی شەیتان جێگیرکردووە. بە یەکسانی لەسەر ئەو خاڵە و لەسەر یەک قاچ



Scanned by CamScanner

بە وەستاوی دەمێنمەوە. جێگیری دەکەم و نایجووڵێنم. هەر چەند زەوی بهەژێت نایجووڵێنم، چونکە ئێمەی پیاو گەر قاچی خستە ڕیزی پێشەوە جێی ناهێڵێت گەر ئاسمان بکەوێتە سەر زەوی یان ڕوخساری ئیمام لەسەر سەری بکەوێتە خوارەوە بۆ ژێر کورسییەکە، چونکە قاچەکان زۆرن و جێگەکەش تەنگەبەرە هەر ئەوەندەی یەکێک قاچی جووڵاند قاچێکی دیکە شوێنی دەگرێتەوە. هەر قاچەش لە پاژنەوە پاڵ بە قاچێکی ترەوە دەنێت. هەر ئانیشکەش وەک بزمار دەچەقێتە سکی ئەوەی پشتیەوە. منیش لە شوێنی خۆم بەبێ جووڵە وەستاوم. سەرم لەگەڵ جەستەم یەکسانە. جەستەشم لە دۆخێکی ستوونیدایە لەگەڵ زەوییەکە و ڕووم لە ئیمامە. ئیمامیش ڕووی لە لایەکی دیکەیە. سەیری من ناکات و من سەیری ئەو دەکەم، بەڵام لە قوتابخانە حاڵەتەکە پێچەوانە بوو کاتێک لە پۆلدا تەنیشتمەوە دانیشتبوو. سەیری دەکردم و منیش سەیری لایەکی ترم دەکرد. لە ڕیزبەندییەکەدا من یەکەم بووم و ئەو لەدوای منەوە بوو. گەر بڕۆیشتمایە ئەو لەدوامەوە دەڕۆیشت. سبحانە چۆن دۆخەکە گۆڕا و وات لێ کرد لە پێشمەوە بڕوات. لە بەڵا بەدوورمان بکەیت خودایە. من بڕوادارم کە تۆ تەنها چاکە دروست دەکەیت، شەیتانیش خراپەکان. استغفرالله، چونکە شەیتان دروستکەر نیەو تۆ دروستکەری و هاوبەشت نییە، بەڵام بۆچی خودایە نهێنیی خۆت دەدەیتە لاوازترین دروستکراوەکانت و دەسەڵات دەخەیتە دەستی کەسێک کە بیرکردنەوەی نییە و بیرۆکە دەدەیتە کەسێک دەسەڵاتی نییە؟ ئەمە بەڵایە و بەڵاش خراپەیە. گەر لای خوداوە بێت ئەوە تاقیکردنەوەیە و دەبێت پێی قایل بین و گوێڕایەڵ بین. دواتر قسەی خودات بیر بێتەوە (ونبلونکم بالشر

والخیر فتنة). گەر خراپەش لە شەیتانەوە بێت ئەوا بەرهەڵستی و یاخیبوون دەبێتە ئەرک لەسەرت، بەڵام ئایا چۆن بزانین کە بەڵامان لای خوداوە یان لای شەیتانەوە بۆ دێت؟ خوای گەورە ناشوکور نین و هیچ کەسێک جگە لەتۆ توانای ئەوەی نییە بەڵا بگۆڕێت بۆ خێر، خێریش بەڵایە، سبحانک هەر خۆت لە گۆڕینی دۆخەکان شارەزایت. تا دوێنێ من جەستەم بەهێز و ڕوحم لاواز، لەدوای پێگەیشتنیشەوەجەستەم لاواز بوو و ڕوحیشم بۆ ئاسمان بەرز بووەوە. چیتر کۆتا هاوسەرە شەرعیەکەشم ئەوە ناخوێنێتەوە کە دەینووسم. پاشای گوێڕایەڵی و شەریعەت ڕەتدەکاتەوە و زۆربڵێیم لەگەڵ دەکات سەبارەت بە پیرۆزییەکان، خۆی دەخاتە شوێن و مێشکی من. ئەمەش بدعەیە و هەرگیز لەگەڵ هاوسەرە کۆن و شەرعی و ناشەرعییەکانمدا نەمبووە کاتیەکان و بەردەوامەکانیش. دەنگی هیچکامیان بەسەر دەنگمدا بەرز نەدەبووەوە. گەر پێبکەنیایە دەستی دەخستە سەر دەمی و ئیستغفاری دەکرد. گەر بە پێی شەریعەتیش بۆ سزادان لێمبدایە نەیدەزانی سکاڵا بکات. گەر خۆشم لە جێگەکە بدزیایەتەوە بۆ لای دۆستەکەم گەر بە ئاگا بوایە خۆی دەکرد بە نووستوو و گەر لە خەویشدا بوایە ئەوا دەچووە خەوێکی قووڵترەوە، بەڵام ئەم هاوسەرەی دوایی لە کاتی نووستنیشدا چاوەکانی دەکاتەوە و ڕەشی چاوەکانی وەک ڕەشی ڕوخساری شەیتانە. بە دەنگێکی بەرزتر لە دەنگی من پێدەکەنێت و سەری بە پشتدا دەخات بە جۆرێک من بەو جووڵەیە نەگەیشتوم هێشتا. بە تەواوی سیەکانیەوە قاقا لێدەدات و هەوای سنگی و سکی دەکاتە دەرەوە. دەنگی لە گوێچکەمدا لە کاتی قاقا لێدانی من زیاتر لە دەنگی خۆم دەزرنگێتەوە. دەزانم کە هەر لە منداڵیمەوە

هەوایەکی قەتیس لـە ناخمدایـە و بەبـێ هـودە دەمەوێت بیکەمە دەرەوە. دەنگیشـی کاتێـک قاقـا لێـدەدات زیاتـر ئیرەییـم لا دروست دەکات وەک لـەوەی چێـژم پێبـدات. بـە ڕوتـی لەسـەر جێگەکـەی جێم دەهێشـت و ڕام دەکـرد بـۆ لای دۆسـتەکەم. بێهـودە هەوڵـدەدات نێرینەیـم بەئـاگا بێنێتـەوە بـە لەخۆبووردوویـی و خـۆ مراندنـی لـەو کاتـەی لەژێرمدایە. پێم دەڵێت کـە ئـەوە بەسـاڵاچوویی و هێزی ڕوح و مردوەکانـە یـان مردنـی جەسـتەکان و بـە ئاگایـی میشـکە. منیش ڕەتم دەکردەوە و دەمـوت بەڵکو نەبوونـی ئایین و ڕەوشـت و لادانی ئافرەتانـە لـە ژیانـدا. پاشـان دەنگیگـی وەک پرخـە لـە کاتـی نووستندا بـە لووتـی دەر دەکات. لا دەکاتـەوە و بـەو شـێوەیە پشـتی لـە مـن دەبێت و ڕوخساریشـی بـەرەو ئاسـمان. پانتۆڵەکـەم لەبـەر دەکەمـەوە و دەگەڕێمـەوە بۆ لای هاوسـەرەکەم لـە جێگەکەیدا نایبینم. بە تەنها ڕادەکشـێم و سـەرنجی سـەقفەکە دەدەم. ڕوخسـاری باوکـم دەبینم لەنـاو چوارچێوەیەکـدا لەسـەر دیوارەکـە هەڵواسـراوە. ڕوخسـارێکی بازنەیـی گۆشـتن و سـووورباو وەک ڕوخسـاری مـن. لووتێکـی ڕێک و ڕاسـتی وەک لووتـی مـن، دڵنیایـی باوکایەتـی دەدات بـە مـن و دڵسۆزیشـی بـە دایکـم. سـەری لەسـەر جەسـتەی یەکسـان و بـێ خواروخێچـی نـە بـەلای ڕاسـت و نـە بـەلای چەپـدا تـەواو وەک خۆم. باشـترین شـتەکان لـە ناوەنـدەوە کـوڕم بـەڵام ئـەو هەرگیـز ناوەندی نەزانیوە لەگـەڵ دایکمـدا. شـەو و ڕۆژ لێـی دەدا. بـە ڕۆژ گوێـم لێی بوو هەنسـکی دەدا و بـە شـەویش هـەر گوێـم لـە هەنسـکدانی بـوو. دەیوت کـوڕم ئێمـەی پیـاوان لەگـەڵ ئافرەتانـدا یـان لێدەدەیـن یـا لێدراوین. یـا دەپەرسـتین یـان پەرسـتراوین. نێوانیـان نییـە. دایکیشـم دەیوت کـوڕم ئێمـەی ئافرەتانیـش لەگـەڵ پیاوانـدا یـان هاوسـەرێکی بەڕێزی

نەویستراوە یا دۆستێکی ویستراوی بێزێزە و خاڵی نێوانی تێدا نییە. هەورێکی خۆڵەمێشی سەر ڕوخساری دەکەوێت و کاتێکیش دەنوێت ڕوخساری لە دیوارەکەیە، باوکیشم کە دەنووست ڕوخساری ڕوو لە خودا بوو بەرەو سەقفەکە. منیش لەسەر جێگەکە لە نێوانیاندا وەک کۆرپەیەک خۆم گرمۆڵە دەکەم. گوێم لە دەنگی باوکم دەبوو پێش نووستن کتێبی خودای دەخوێندەوە. سێ جار (اية الكرسى) دەخوێند و شەیتان و ڕوحەکانی جنی دەر دەکرد. کاتێکیش خەو زۆری بۆ بهێنایە دەستی دەبرد بۆژێر سەرینەکە و کتێبەکەی خودای دەخستە تەنیشت دەمانچە ڕەشەکەی کە دیاریی جەژن بوو لە باوکیەوە کاتێک منداڵ بووە. گەر لە کاتی نووستندا گوێبیستی وەڕینی سەگ بوو بە پەنجەکانی دەستی لە دەمانچەکە دەدا. گەر لە خەویشدا ماسوولکە شەیتانیەکەی ناو پانتۆڵەکەشی جووڵا دەستی چەپی بۆ درێژ دەکرد. دەستی ڕاستیشی لەژێر جلەکانەوە درێژ دەکرد بۆ دایکم. دایکیشم بە تیلەی چاوی سوچێکی دەمانچەکە دەبینێت لەژێر سەرینەکەدا جلەکانی دادەنێت و استغفرالله دەکاتە شەیتان و گوناهەکان، پێنج جار بە ئاو و سابوون دەستنوێژی دەگرت و پێش نووستن حەوت ڕکاتی بۆ خودا دەکرد و سەری بە حیجابێک دەپێچا و چاوەکانی لێک دەنا و وەک فریشتەیەکی پاکیزە دەنووست. منیش وەک منداڵان دەچمە قووڵایی خەوەوە و نابیستم و نابینم جگە لە خێو و ڕوحی جنەکان نەبێت. ترس وەک هەوایەکی سارد لە هەموو لایەکەوە دام دەگرێت و جەستەم لە ناوەڕاستی جێگەکەدا جێگیر دەکەم نە دەچمە لای ڕاست و نە لای چەپ. لە جەستەی دایکم و باوکیشم دوور دەکەومەوە، لێیان دەترسام، لە هەر دووکیان. لەگەڵ ترسەکەدا قین لەگەڵ هەواکەدا دەهاتە



Scanned by CamScanner

ژێـر بەتانییەکەمـەوە. هـەر چەندێکیش دایکـم باوەشـی پێدادەکردم دووردەکەوتمـەوە. هـەر چەندیـش باوکـم خۆشـی بوویسـتمایە من خۆشـم نەدەویسـت. باوکـم شـێخی تەریقـەت بـوو لـە ژووری تاریکدا نوشـتە و دوعـای بۆ ئافرەتـان دەنووسـی. پیشـەیەک بـوو باوکی فێری کردبـوو تـا لـە جیهانـی ئاییندا ئـەوە بەدەسـت بهێنێت کـە نەیتوانیوە لە کێڵگەی بەخێوکردنی کەروێشـک و مریشـکدا بەدەسـتی بهێنێت. قسـەی خـودای لـە دوعایەکدا بـە مووروویەکـی شـینەوە بـە ملـی ئافرەی‌تاندا هەڵدەواسـی. بـە گۆشـت و سـەوزەوە خـۆی دەکـرد بـە ژووردا کـە دەهاتـەوە و گیرفانەکانـی پڕی قرشـە عەرەقاویەکانـی ئافرەتـان بـوو. پاشـان دەرگاکـەم لەسـەرخۆم دادەخسـت و دەسـتم دەکـرد بـە کۆشش کـردن و ڕۆژی تاقیکردنـەوەکان نوێژم بیردێتـەوە. سـێ ڕکات بۆ خودا دەکـەم و داوای سـەرکەوتنی لـێ دەکـەم لـە تاقیکردنەوەکانمدا. خوداش گوێـی لـە نزاکانـم دەبێـت و سـاڵ بـە دوای سـاڵدا سـەر دەکـەوم.

مـن هەمیشـە لـە سـەرکەوتندا دەژیـام و شکسـت و دۆڕاندنـم نەدەزانـی. نووسـەر لـەدوای نووسـەر دەکەوێـت و منیـش بـە جێگیری لە شـوێنی خۆمم لە تەنیشـت ئیمامەوە. لە نووسـین ناوەسـتم و ئەوەی دەینووسـم نایخوێنمـەوە و سـەیری وێنەکـەم دەکـەم لـە چوارچێوەکەدا. ڕۆژگاریـش وەک ماوەیەکـی نێـوان خەونێـک بـۆ خەونێکـی دیکـە بەسـەر دەبـەم. شـەویش چەنـد چینێکـە لـە نووسـتن و بـە شـەونوخونی لەگـەڵ ئیمـام بەسـەری دەبـەم. بەیەکـەوە پێکـی هاوڕێیەتـی کـۆن هەڵدەدەین و لـە تاریکیدا خۆمـان دەدزینـەوە بـۆ خانـووی ئاسـودەیی؛ لـە ئاهەنـگ و جەژنەکانیـدا لـە تەنیشـتیەوە دەوەسـتام و گوێـم لێـی بـوو تەتەڵـەی دەکـرد لەژێر تیشـکی خـۆردا و چاوەکانـی ئاسـمان بـە هەمـوو ڕەنگـەکان کراونەتـەوە و خەڵکـی هـات و هاواریانـە. دەزانـم کـە

لە کەوندا ویستێک هەیە لەسەروو شەیتانەوە پاڵم پێوە دەنێت بۆ چونە ناو حیزب الله و هاوارکردن لەگەڵ ئەو خەڵکە. بەملاولای خۆمدا دەسووڕامەوە کاتێک لەژێر ڕووناکییەکەدا وەستابووم و لە کەوندا بەشوێن ئەو ویستەدا دەگەڕام کە لەسەرو ویستی منەوەیە. نازانم لەکوێوە دێت، چونکە لە شوێنێکی دەرەوەی هزرمەوە دێت. لە لووتکەی ئاسمانەوە یان لە ناوسکی زەوییەوە. لە شەقامەکان و گەڕەک و کۆڵانەکانەوە. لەو خانوانەی وەک گۆڕ وا بوون و لە سەرەوە دووکەڵیان لێوە دەهاتە دەرەوە. لە چاوە شکاوەکانی خەڵکیەوە. لە ڕوخساری ئەو منداڵانەی مێش خواردوویەتی. لەو ئاڵایەی لە ڕۆژی شکستخواردندا بەرز کرایەوە. لەو ڕۆکێتانەی شەوی جەژن دەنگەکانیان وەک دەنگی گوللە دەهاتنە گوێم. لەو کاتەی لە تەنیشت ئیمامەوە وەستاوم و قاچم بە جێگیری لەسەر زەوییەکەیە و نایجووڵێنم. دەترسام گەر بیجووڵێنم شوێنەکەی لەدەست بدەم. چاوی ئاسمانم لەسەر سەرەکان دەبینی چاودێرییان دەکات. کاتێکیش ڕوخساری ئیمام لە ئاسمانەوە کەوتە سەر زەوی ئاسمان هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە و هاوارەکان دەکێشرێن و دەنگی ڕۆکێتەکانی جەژن دەتەقین لەو کاتەی لە تەنیشتیەوە ڕاکشابووم و ڕوخساریم لە زەوییەکەدا دەشاردەوە وەک ئەوە هیچم نەبینیبێت. وەک ئەوەی ئیمامی نوی ئیمامە کۆنەکە نەبێت، چونکە ڕوخسارەکە هەمان ڕوخسارە بەڵام جەستەکە گۆڕاوە. ئەویش لە تەنیشت منەوە ڕاکشاوەو لەبەرچاومدا هەورێکی تەنکی وەک تەم هەیە. گەردی خۆڵیش دەچێتە لووتمەوە. چیتر سەریشم لەگەڵ جەستەم یەکسان نەبوو. سەریشم بە شێوەیەکی ستونی نەبوو لەسەر جەستەم. قاچیشم قاچیکی دیکە پاڵی پێوە نابوو، شوینەکەی گرتبووەوە.

چاوەکانم لەژێر پێڵوە داخراوەکانەوە بەلای ڕاست و چەپدا دەسووڕان و هیچ ئاسەوارێکی حیزب الله و حیزبی شەیتان نییە و جەستەی ئیمامیش ون بووە. بە تەنها ڕاکشابووم لەژێر چاوی ئاسماندا و بەرکەوتنی زەوی لەژێر سنگمدا سارده. دەنگی باوکیشم وەک دەنگی ئیمامە و لە گوێچکەمدا دەزرنگێتەوە. تێڕوانینەکانمی بۆ دەنێرم بەلام تێڕوانینەکانی ئەو بۆ شوێنێکی دیکەیە. شکست وەک خوێنێکی سارد بە دەمارەکانمدا دێت و دەچێت. بە ئاسوودەییەکی بۆ هەتایی چاوەکانم لێک دەنێم. لەسەرخۆ خۆڵەکە هەڵدەمژم و پەلە ناکەم لە مردندا. لە ملیشمدا کلیلی بەهەشت هەیە و پەلەی ئاسوودەیی و فیردەوسم نییە. لە خەیاڵیشمدا حەفتا و حەوت حۆریی سووروسپی و ئەسمەر هەن کە نازانم چۆن دەستنیشانیان بکەم. لە گەروشمدا مردن بەهێواشی دەڕوات و بێ چێژ نییە. وەک مەی قوم قوم دەیخۆمەوە. سەرەتاکەی تاڵە و کۆتاییەکەی شیرین. بە دەنگێکی بەرز قاقا لێدەدەم و هەوای سکم و سنگم دەر دەکەم. پاشان دەنگم لە دەنگی کۆتا هاوسەرم لە گوێچکەمدا بەرزترە. چیتر هیچ هەوایەکی قەتیسکراوی لە سەردەمی منداڵیمەوە لە ناخمدا نەما، هیچ شتێکیش نە ئیرەیی و نە چێژم لا دروست ناکات. لە هەموو خۆشیەکانی لێوان لێو و تێر بووم جگە لە خەندەیەکی فریشتەئاسا هیچ شتێکی دیکە بە ڕوخسارمەوە دیار نییە.

لە سنوقێکی نەخشێنراودا بردیانە لای کۆتا هاوسەری و لەسەر پشتی سنوقەکە بە خەتێکی گەورە ناوەکەی نووسرابوو لەگەڵ وێنەیەکی لە چوارچێوەیەکدا تێیدا وەک کچێکی پاکیزە خەندەیەکی کردووە. ئیدی ئەم خەندەیە لە بیری کۆتا هاوسەردا مایەوە و گوزارشتی لە ناخی پەژارەیی مێردەکەی دەکرد. لە دڵی خۆیدا وەک

بەڵگەیەکی هەستپێکراو لەبیریدا هێشتیەوە وەک ئەوە کە توانای پەژارەی هەبێت. گوێی لێی نەدەبوو گەر بە قاقا پێنەکەنیبایە. لەو کاتەی لە خۆشەویستی ونبوو پەژارەیی کۆی کردبوونەوە. ساڵ لە دوای ساڵ ون دەبوو، ئەو بیری دەهێنایەوە. لە هەموو چاوپێکەوتنێکیشدا بە قۆڵەکانی لە ئامێزی دەگرت و وەک ماسی لە نێوانیانەوە دەخلیسکا. بەبێهودە هەوڵی دەدا بیگرێت. دەستی بە بەتاڵی لە دەریاکە دەردەهێنا و تەنها وێنەکەی خۆیی لە چوارچێوەکەدا دەبینی. هەروەها پیتە چاپکراوەکانی لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکە نەیدەخوێندەوە ئەویش نەیدەخوێندەوە و جگە لە ئیمام کەس نەیدەخوێندەوە. شەویش دەتبینی ڕاکشاوە و چاوەکانی کراونەتەوە و بە گومانەوە سەرنجی ئەو منداڵە نووستووە دەدات. لووتی لووتی ئەو نییە و لووتی باوکیشی نییە و لووتی باپیرەشی نییە. لووتی منداڵەکە بەپەنجەکانی دەگرێت وەک کەسێک بەڵگەیەکی ناپاکی بگرێت. منداڵەکە لە تاریکییەکەدا چاوە فراوانەکانی دەکاتەوە کە جێگەی ترسی هەموو جیهانی تێدا دەبێتەوە. دەستبەجێ دایان دەخاتەوە کاتێک چاوەکانی باوکی دەبینێت وەک چاوی شەیتان سوورهەڵگەڕاون. گوێی لێ بوو باوکی لە دایکی دەپرسی: ئەمە کوڕی کێیە؟ دایکیشی وتی: کوڕی خۆشەویستییە. ئەوکاتەی منداڵ بوو زانیی کە کوڕی باوکی نییە. چاوەکانی لێکنا و تا بەیانی بە ئاسوودەیی نووست.



Scanned by CamScanner

# بەڵگەی بێتاوانی

بە ڕێکی و جەستەیەکی چالاکەوە سەری لە ئاسمان بوو لەژێر خۆرەکەدا وەستابوو هێمای بڕوابوون لەسەر ناوچاوانی و لەسەر سنگیشی ئەستێرەی سەرکەوتن و لە گوێچکەکانیشیدا هاوارەکان بەرز دەبوونەوە (خوات لەگەڵ)، لە توندی دەنگدانەوەکان سەری دەلەرێنێتەوە و ڕوخساری شل دەکاتەوە و دەچەمێتەوە تا بکەوێتە نێوان قاچەکانی کاتێک کە وتار دەخوێنێتەوە سەرۆکی ئاساییش لای چەپێتی و نەیاری شەرعی و نووسەری گەورەش لای ڕاستی، ڕۆکێتەکانی جەژنیش دەتەقێنرێن. چیتر سەری لەژێر خۆرەکەدا بەرز نەما، ڕوخساریشی بەرەو زەوییەکە دەڕوات و گەردی خۆڵ دەچێتە لووتیەوە، سەرۆکی ئاساییشیش وەک ئەوەی هیچ نەبوبێت بەبێدەنگی سەیری دەکات. پێش ئەوەی پرسیارەکەی بیر بچێتەوە دەمی دەکاتەوە تا بپرسێت: چی ڕووی دا لە کەوندا؟ سەرۆکی ئاساییشیش وەڵامی دەداتەوە: هیچ شتێک نییە قوربان هەموو شت تەواوە و خوات لەگەڵ. لە تووڕەییدا جەستەی دەهەژێت. چیم



Scanned by CamScanner

لەگەڵ بێت هەی نابینا ئایا نابینیت؟ سەرۆکی ئاسایش پێڵوەکانی هەڵدەگلۆفێت و چاوەکانی دەکاتەوە و لە تاریکییەکەدا بەدەوری خۆیدا دەڕوانێت و ورد دەبێتەوە دەبینێت وەک ئاسک ڕادەکات و لێوەکانی گرژ دەکات و بوقی مەترسی لێدەدات. زەوی بۆ حیزب الله و حیزبی شەیتانیش بۆ هەمویان دەقڵیشێتەوە. لە هەموو سوچێکەوە دێن و بەرگری دەکەن و تۆمەت دەبەخشنەوە. لە پشتیشیانەوە سەگەکانیان دەوەڕن. لە پێشیشیانەوە سەرۆکی ئاسایش ڕادەکات. لایتەکانی بە دەستەوەیە. ئەوانیش لە پشتیەوە ڕادەکەن. نەیاندەزانی بۆچی ڕادەکەن، بەڵام فرمانەکە دەرچووە کاتێکیش فرمان دەر دەچێت ئیتر نە پرسیار هەیە و نە قسەکردن، چونکە قسەکردن بیدعەیەکی بیانییە و لە کولتووردا نەبووە. هەر کەسێکیش شتێکی ئەنجام دا کە لە کولتووردا نەبێت ئەوە فیتنەیە و فیتنەش لە کوشتن کاریگەرترە. هیچ کەسێکیش لەو باسەدا قسە ناکات تەنها ئەوانە نەبن کە بڕوایان بە خودا نییە و ناپاکن بەرامبەر نیشتیمان و ئیمام. گەر ناپاکییەکەش لەلایەن ئافرەتێکەوە بێت ئەوا کوفر زیاتر دەکات و ناپاکییەکی گەورە بە نیشتیمان دەکات و بەرەڵایی و لەدەستدانی شەرەف بڵاو دەبێتەوە. شەرەفیش لای ئێمە بریتیە لە زەوی. هیچ شتێکیش هێندەی جەستەی ئافرەتەکانمان بەنرختر نییە لامان، لەبەر ئەوە هیچ گومانێک سەبارەت بە خستنەوەی منداڵ لەلایەن پیاوانەوە دروست نابێت. باوکایەتی بە تەواوی و ڕاستی دەچەسپێت. بەو شێوەیە جیاوازی دەکرێت لە نێوان منداڵانی شەرعی و و ئەوانەی باوکیان نادیارە. هیچ منداڵێکیش بۆی نییە بڵێ ئەوە باوکمە گەر باوکەکە دانی پێدانەنێت. گەر باوکێکیش نکوڵی کرد لە کوڕەکەی ئەوا ئەو کوڕە تەنها دەتوانێت نوێژ بکات

و بەرۆژو بێت و پاشگەزبێتەوە لە گوناهەکان. گوناهی کچیش دوو هێندەی گوناهی کورە. جگە لەوە لە هەموو مافەکانی دیکەدا کچ نیوەی مافی کوڕی هەیە.

قاچەکانیان لە پشتەوە بە پاژنەیەکی ئاسنین لە زەوی توند دەکەن و هەناسەکانیشیان بچڕبچڕ و لە دواشیانەوە سەگەکانیان هەناسەبڕکێیانە. کاتێک کە ئەویش ڕادەکات نازانێت بۆچی ڕادەکات. تاریکاییەکەش چڕە. لە ڕووناکییەکەدا لە دوورەوە دایکی دەبینێت چاوەڕوانیتی و بانگی دەکات: وەرە کچی خودا. قۆڵەکانی بەرەو لای درێژ کراونەتەوە و تەنها سێ هەنگاو لێوەی دوورە. هەنگاوی یەکەم و دووەم بازی دا. تەنها کۆتا هەنگاو مابوو. لە پێچی سەرکەوتنەکەی نێوانی ڕووبار و دەریاکەدا وەستا، سنگی پڕی بەرامەی ئەو شوێنە دەکات کە لێی لەدایکبووە و تێیدا دەمرێت. لێدانەکە لە پشتی داوە و پێش ئەوەی بکەوێت و وشەکانی بیر بچێتەوە، لای کردەوە و وتی: لە کاتێکدا من پاکیزەم و هیچ مرۆڤێک دەستی لێ نەداوم دەبێت تاوانەکەم چی بێت؟ وتیان گەر ئافرەتێک بمرێت و هێشتا پاکیزە بێت دەچێتە بەهەشتەوە و ناتنێرینە جیهانەکەی تر گەر پاکیزە نەبێت.

سەرۆکی ئاساییش بە هەناسەبڕکێ عەرەقەکەی بە دەستسڕێکی جۆری گرانبەها سڕی، ڕیزبەندییەکەش لە پشتیەوە بە دەستەسڕە هەرزانترینەکان عەرەقەکەیان سڕی. سەگەکانیشیان لە پشتیانەوە بە لەپی دەستە ئەسمەرە قلیشاوەکانیان بەبێ دەستەسڕ عەرەقەکانیان سڕی.

دەنگی زنجیرەکان وەک دەنگی هاوارەکان لە جەژنی سەرکەوتندا دەنگی پێکەنینەکانی ڕۆژی هاوسەرگیری دەزرنگایەوە. لە کاتێکدا لە

نێوان زنجیرەکاندایە وەک مەڕی جەژن دەخشێت و چاوی ئاسمان سوورە لەژێر خۆردا و فریشتەکانیش بە جلوبەرگی سپیەوە چەپڵە لێدەدەن. حیزب الله دەف دەژەنن. حیزبی شەیتانیش لەبەر ئاوازی دەفەکە سەما دەکەن. ئەویش لە سەر زەوییەکە بەستراوەتەوە و قۆڵەکانی کراونەتەوە و قاچەکانی توندکراوە قاچێک تا ئەو پەڕی لای چەپ ڕاکێشراوە و قاچەکەی دیکە تا ئەو پەڕی لای ڕاست ڕاکێشراوە. لە خاڵی ناوەنددا کە هێمای شەیتانە بەرد لە دوای بەردی تێدەگرن. ئەویش لە جێگەی خۆی جێگیرە و ناجووڵێت. ڕوخساری لاواز و هەڵبزڕکاو و چاوەکانی فراوان بەجۆرێک جێگەی تەواوی جێگیری جیهانی تێدا دەبێتەوە بیلبیلەکانی بە ڕەنگی شەو ڕەشن و مێشکیشی وەک ئاوی ڕووبار ڕوون.

لە ژوورێکی تاریکدا لەناو سکی زەویدا چاوەکانی بەکراوەیی ماونەتەوە و ناوەستن لە بینین و لە تەواوی بیریدایە و لەهۆشخۆی ناچێت. ڕوخساری دایکی وەک ڕوخساری خودایە ون نابێت. دەنگیشی نەرمە لە گوێیدا و بانگی دەکات: وەرە کچی خودا. چاوەکانی بەرز دەکاتەوە بۆ ئاسمان. ڕوخساری خودا لەنێو هەورەکاندا ون دەبێت و ڕوخساری شەیتان دەر دەکەوێت. پڕ موو، پێستی سەریشی لەژێر تیشکی خۆردا سوور دەچێتەوە. گوێی لە دەنگی سەرۆکی ئاساییشە دەڵێت: ناوت چییە؟ وتی: ناوم کچی خودایە. وتی: هەر خۆی خودی ناوەکەت تاوانی کوفرە: کێ ئەم ناوەی لێ ناویت؟ وتی: لە خانەی مندالان بە کچی خودا بانگیان دەکردم و خوشکێکیشم هەبوو بە ناوی نعمەت الله مرد و برایەکیشم هەبوو ناوی فزل الله بوو لەپێناوی نیشتیماندا خۆی بەخت کرد، ئایا خوشکت هەیە بەمنداڵی مردبێت یان برایەک لە

جەنگدا مردبێت؟ وتی: ناوی براکەت بە تەواوی چییە؟ وتی ناوی فزل اللە. سەری بادا و بە دەستەسڕە حەریرەکە دوجار سڕی و سێجار (استغفراللە)ی کرد، پاشان وتی: من دەیناسم و وێنەیەکیشیم لە فایلەکەدا هەیە و نە لە حیزب اللە و نە لە حزبی شەیتاندا ناوی نیە، ئەوەش بەڵگەیە بۆئەوەی کە ئەو یەکێک نییە لە ئێمە و هەر کەسێکیش لە ئێمە نەبێت ئەوا دەستکردی شەیتانە. براکەم لەپێناو نیشتیماندا جەنگا و خودی خۆم لە یەک خەندەقدا لەگەڵیدا بووم و بە چاوی خۆم بینیومە دژی دوژمنان شەڕی دەکرد. وتی چیت وت؟ لە یەک خەندەقدا لەگەڵیدا بوویت؟ وتی: بەڵێ. وتی: تەنها هەر هەر دووکتان؟ وتی: بەڵێ. وتی: ئەوەش تاوانێکی دیکەیە. نابێت پیاوێک و ئافرەتێک تەنیا بن، مەگەر لە حاڵەتێکی شەرعیدا نەبێت گەر نا، ئەوا شەیتان سێهەمینیان دەبێت. وتی ئەو برامە. وتی: تۆ بە شیر خوشکی ئەویت و خۆشەویستیتان بۆ یەکتر حەرامە. وتی: ئێمە دایکمان نەبوو کەسێکیش نەبوو شیری بخۆین و لە خانەی منداڵان هەر دووکمان بەیەکەوە شیری گامێشمان دەخوارد. وتی گامێش و ئافرەت یەک شتن و مەمکیان هەیە ئەو برای شیریتە و بە فرمانی ئیمام سزاکەت ڕەجمکردنە تا مردن. وتی: من وەک پاکیزە بێتاوانم و کەس دەستی بۆ نەبردوم. وتی دەتپشکنین تا بەڵگەی پاکیزەییت ببینین، چونکە بێتاوانی ناسەلمێت بەبێ بوونی بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر.



Scanned by CamScanner

# قازی

لە ژوورێکی تاریکدا لەناو سکی زەویدا لەژێر ڕووناکییەکەدا ڕوخساری ئیمامم بینی. دەستبەجێ ناسیمەوە و پێش ئەوەی ڕووناکییەکە نەمێنێت وتم: تۆ ئیمامیت. وتی من قازیم و ئیمام نیم. وتم ئایا دەبێت قازی تاوانبار بێت؟ وتی: ئەوەی پرسیار دەکات منم و تۆ مافی پرسیارکردنت نییە. ئیتر دوا ڕووناکی کوژایەوە و بووە شەوێکی ڕەش. چاوەکانم چ بکەمەوە و چ دایان بخەم یەک شتە. ڕەشایی هەر ڕەشاییە. هەواش وەک دەریای ڕەش ساردە. دەنگیشی لە گوێچکەمدا قورس و چڕە وەک ئالتوونی شل. ئەویش لە بەردەممدا وەستاوە و قوماشێکی ڕەشی لەسەر گۆشت بەستووە و سەری بەبێ مووی دەبریسکێتەوە. ڕوخساریشی موو دای پۆشیوە. چاوەکانی تا بنەوە تەڵخ و لێڵە. وتی ئایاڕوخسارم ناناسیت؟ وتم بەڵێ دەیناسم ڕوخساری ئیمامە. وتی من ئیمام نیم من قازیم، ئایا تۆ قازی ناناسیت؟ وتم نایناسم. لە ژیانمدا قازیم نەبینیوە. وتی ئایا هەرگیز ڕوخساری منت لە ڕۆژنامەکاندا



Scanned by CamScanner

نەبینیوە؟ وتم ڕۆژنامەکان ناکڕم. وتی ئەی بۆچی ڕۆژنامەکان ناکڕیت؟ وتم ئەو پارەیەی دەیدەم بە ڕۆژنامەکان سی ڕۆژ نانی پێ دەخۆم. وتی ئایا مرۆڤی پێشکەوتوو دەتوانێت تەنها بە نان بژی؟ ئایا گوێ بە ڕۆشنبیری نادەیت؟ ئایا تۆ گامێشیت یان ئافرەت؟ وتم نرخی گامێش لەی نرخی ئافرەت زیاترە و پیاو یەک گامێش و چوار هاوسەری هەیە، من دایکم نەبوو تا شیرم پێبدات، لە خانەی منداڵان گامێشێک شیری داومەتێ، خوشکێکیشم هەبوو بە منداڵی مرد، برایەکیش لە جەنگدا مرد ئایا تۆ خوشکێکت بە منداڵی مردووە؟ ئایا برایەکت لە کاتی شەڕکردن لە دژی دوژمنان مردووە؟ وتی: ئیمام لە کاتی شەڕدا مردووە پێغەمبەر لە کاتی شەڕدا مردووە مەسیح لە کاتی شەڕدا مردووە.. منیش قازیم و وەک پێغەمبەران شەڕ دەکەم و ئیمام لە کۆتا خولدا کردمی بە قازی، فرمانی پێ کردووم ئەوە بۆ خەڵکی ڕوون بکەمەوە کە لە گەنجیمەوە فێری کردووم. خودی مرۆڤیش چوار خولی هەیە لەوانە ئەو کەسانەی حەزیان بە گومڕایی و کوفرکردن هەیە وەک نمرود و سەفروت و عازورا کە لە سەردەمی پێغەمبەردا خەڵکیان بەرەو کوفر بردووە. منیش لە خەومدا خودام بینی پێش ئەوەی هیچ ئەندامێکی حیزبی شەیتان ببینن. پێغەمبەریشم لە شەوی پێش جەژنی قوربان بینی. هەموو پێغەمبەرانم بینی هەر لە ئادەمەوە تا نوح و یوسف و هارون و داود و سولەیمان و زەکەریا و عیسا و موسا. لەبەردەم دەستەکانی پێغەمبەردا بە سەربەرزی و سادەیی وەستام. پاشان جبریل لە شێوەی فریشتەیەکی پاکیزەدا دێت و لەسەر باڵەکانی دەمبات بۆ ڕوانین و تێڕوانین. چاوەکانم لێک دەنێم و دەیانکەمەوە دەبینم لە مەلەکوتی ئاسماندام کە (سدرة المنتهی)

یە. پاشان گوێم لە دەنگی خودا دەبێت بانگم دەکات: ئەی قازی هەموو قازییەکان ئێستا پەردەت لەسەر لا دەدەم تا چاوەکانت تیژتر بن و ڕوخساریشت خاوێنتر و کەسێتیت پتەوتر بێت. ئیتر بە تەواوی بیرم ئاشکرا دەبێت و دەزانم کە من وەک ئیمامم یان خودی ئیمامم لە خولەکانی پێشوتردا و خودا نهێنیەکانی کەون و زانستەکان و پزیشکی پێداوم، چونکە من نەخۆشیەکە دەزانم و دەتوانم دەرمانیش بنووسم، ڕاستگۆش لە درۆزن جیادەکەمەوە، دەنگی خودا لە دەنگی شەیتان دەکەمەوە، دەزانم ئافرەت کامیان دووگیانە و کامیان دووگیان نییە، ئافرەتی پاکیزە و ناپاکیزەش دەناسم، جۆری ئەو کۆرپەیە دەزانم لەپێش ئەوەی لەدایک بێت، باوکی شەرعییش لە باوکی ناشەرعی جیا دەکەمەوە، ئافرەتان چارەسەر دەکەم لە ئازارەکانی سووڕی مانگانەیان یان حەزی زۆر و چێژی لە زیاد پێویستیان تا سنووری شەرعی، هێندەی هەر ئافرەتێک بڕێک لە داهات لەپێناو خودادا دەدات پێم منیش هێندەی ئەو بڕە نهێنی دەدەمێ، پاداشتی هیچ کەسێکیش بەهەدەر ناڕوات کە زیاتر دەدات، گەر تۆش لەو بەشەی خودا پێیداویت بدەیت ئەوا پێت دەڵێم کە پاکیزەیت یان نا، هەروەها ئەو کۆرپەیەی لە سکتدایە نێرە یان مێیە و ئایا حەڵاڵە یان حەرام.

خوێن لە ڕوخساری هەڵبزڕکاویدا نەما، وتی: سوێندت بۆ دەخۆم پاکیزەم و هیچ کەسێک دەستی بۆ نەبردوم و گەر کۆرپەیەکیشت لەناو سکمدا دۆزیەوە ئەوا پێدەچێت مەسیح بێت چونکە چەند جارێک خودا لە خەونەکانمدا سەردانی کردووم. وتی: بێدەنگ بە، زمانت بە برین بچێت، جلەکانت دابنێ تا پشکنینت بۆ بکەم تەنها من دەزانم کە ئنس یا جن دەستی لێ داویت یان نا، چونکە

چەندین ڕوحی جنی هەیە لە تاریکیی شەودا زەفەر بە ئافرەتانی مرۆڤ دەبەن، هەربۆیە جلەکانت دابنێ و مەترسە.

جلەکانی دانا و ددانەکانی جیرەیان دەهات لەسەر مێزەکە لەژێر دەستە گەورەکانی ڕاکشا کە لەسەر دیوارەکە سێبەرێکی ڕەشی بە پێنج پەنجە دەکێشا.

دوو دەستی درێژ هاتن و قۆڵەکانی و قاچەکانی بە هەر چوار ڕاگرەکەوە بەستەوە. چوار ڕاگری لە ڕوخامی سپی دروستکراو. کاتێک بە ڕوتی لەسەر پشت ڕاکشابوو، ڕووی بۆ سەقفەکە بوو ساردی بە ئێسکەکانی پشتی کەوت. لەبەردەمیدا بەبێدەنگی و بەوەستاوی مایەوە و پەردەکەی سەر دەرگاکەی دادایەوە. ژوورەکەی تاریک کرد. نەیتوانی ببینێت هەر چەند هێندە لێی نزیک بوو خەریبک وو بەری دەکەوت. ئەوە وەستاوە و ئەمیش ڕاکشاوە گوێ لە کەون دەگرێت و کەونیش بێدەنگە. لەناکاو دەنگی دوو دەستی بینی بەرەو لای جەستەی دەهات کاتێک لەسەر مێزەکە ڕاکشابوو. پاشان بینی جەستەی هەڵدەگەڕێتەوە و دەنگی شتێک هات شکا لەو کاتەی ویستی جەستەی توند بکاتەوە لەژێر تاریکییە چڕەکەدا، بەڵام جەستەی بە گوریس بەسترابووەوە. گوێی لێبوو فوی دەکرد فوو. جەستەشی مردن لەسەر مردن دەمرێت وەک جەستەی مردووە بەستوەکانی هۆڵی توێکاری. وەک پشکۆیەکی سەر ئاگر زیاتر دەگەشایەوە. بە بێدەنگی ڕاکشاوە و قۆڵەکانی کردوەتەوە وەک نزایەک بۆ خودا. ئەویش وەک خوداوەندی کاولکاری داوای قوربانیی زیاتر دەکات. لە قلیشێکی بچووکی ناو سکی زەوییەوە پەنجەیەکی گەورەی بێ نینۆکی بینی کە پەنجە توتە نینۆکەکەی درێژتر بوو. ناو لەپی دەستەکە بێ موو، لووس



Scanned by CamScanner

بوو، پشتی دەستەکەش ڕەنگێکی تاریک و پێستێکی چرچ. لەبەر پێستەکەش دەماری خواری شین و خاڵی ڕەشی وەک شوێنەواری زیپکە یان موویەک هەڵوەریبێت و لەناو چووبێت. گوێی لە دەنگێک بوو داوای لێ دەکات هەوا بکاتە سنگیەوە و هەڵی مژێت. هەوای هێندە هەڵمژی ڕوخساری بەر دیوارەکە کەوت و بە جووڵەیەکی لەسەرخۆ بەرەولای خۆی جووڵاندی نەیدەتوانی سەیری بکات. سێبەرەکەی لەسەر دیوارەکە وەک زەبەلاحێک بینی و لای کردەوە و گەڕایەوە. ئەو دەستەی کە نادیار بوو، هات و لووتی یان گۆی مەمگی گوشی نەیزانی کامیانە. پاشان گەڕایەوە بۆ زیاتر هەوا تێکردن. دواتر زمانێکی وەک ئاگر کورت پاشان درێژ بوو دواتر دووبارە کورت و لار بووەوە و بە سەماکردن پارچە گۆشتێکی خوارد.

بەڕاکشاوی لە تاریکییەکەدا مایەوە و لە جەستەشیدا برینە کۆنەکەی تا سەر ئێسک مایەوە. لەژێریدا دەزولەیەکی سووری بە ڕەنگی خوێن. لە گوێچکەشیدا گۆرانییەکانی جەژن و دەنگی فریشتەکان سرودیان دەوت و زەنگی کڵێسا لێدەدرا. هەروەها خوێندنی کەڵەشێرەکان لەپێش ڕۆژهەڵاتن. پێش بانگدان بۆ نوێژ و سەربڕینی قوربانییەکە. هاوارڕەکانیش لە دەنگ بەرزکەرەوەکانەوە: خودا، نیشتیمان، ئیمام، لەسەر سەکۆکە وەستاوە و وتار دەخوێنێتەوە و لەلای چەپیەوە حیزب الله و لای ڕاستیشی حیزبی شەیتان. لە تارمەی ئافرەتان ئافرەتە شەرعییەکان لەسەر پاژنە بەرزەکان وەستاون، هەروەها ئافرەتانی ڕێکخراوە خێرخوازییەکان و بێوەژنانی شەهیدان و دایکە نموونەییەکان، منداڵانیش خوداش بە دشداشە زبرەکانیانەوە، قوتابییانی قوتابخانەکانیش بە جلوبەرگی



Scanned by CamScanner

شاخەوانیەوە، کچەکانی خانووی ئاسوودەییش بە جلوبەرگی سەماوە و زەنگۆڵەکنی دەستیان لێدەدرا، زوڕنا و هەلهەلەکێشان و هاوارەکان و دەنگی تەقینی گوللەکان.

زرنگانەوەکە لە گوێچکەیدا بێدەنگە گوێی لێ نییە. برینەکەی جەستەشی بەبێ ئازار خوێنی لێ دێت. بەبێ پەشیمانی لەدوای خۆیەوە جێی دێڵێت. سەرلەنوێ لەسەر پێیەکانی هەڵدەسێتەوە. بەبێ جەستە بەسەر زەویدا دەڕوات. وەک ڕوح و خەیاڵ. قاچەکانی لە زەوی نادەن. ڕوخساریشی لاواز و هەڵبزڕکاو هیچ خوێنێکی تێدا نییە. چاوەکانی فراوان و بیلبیلەکانی وەک شەو ڕەش. مێشکیشی ڕوون وەک ئاوێکی ڕوونی ڕووبار.

لەبەر دەرگای دەرەوە ڕیزبەندی ئافرەتانم بینی بە دشداشەی ڕەشەوە وەستاون و چاوەڕوانی نۆرەی خۆیانن بۆ چونە ژوورەوە بۆلای قازی. کێبەرکێیانە بۆ چوونەژوورەوە و هەر یەکەیان بە ئانیشکی لەویتر دەدات تا زوتر پێی بگات. دەستی پیرۆزی بەر نەخۆشەکە دەکەوێت و چاک دەبێتەوە. نەزۆک و سک دەکات. دووگیان و لەباری دەچێت. تاونبار و بێتاوان دەبێت. دواکەوتوو شوو دەکات. ئیفلیج هەڵدەسێت. ڕاکشاو لەسەرجێ دەوەستێت. ڕاوەستاویش دادەنیشێت. شێت ژیر دەبێت. ژیریش خودا بە ژیریی خۆی چاکی دەکاتەوە. چاوی کراوە دادەخرێت. چاوی داخراویش دەکرێتەوە، چونکە ئەو بە فرمانی ئیمام قازییە و خوداش نهێنییە زانستییەکان و یاسا و پزیشکی پێ داوە. ئەویش هێندەی ئەو بڕە نهێنی دەدات کە هەر ئافرەتێک دەیداتێ.

بیرم هاتەوە کە من پێش ئەوەی بچمە ژوورەوە بۆ لای پارەم داوە. لە تاریکییەکەدا سنوقە هەڵواسراوەکەم بینی. هەر کەسەش



Scanned by CamScanner

دەچێتە ژوورەوە پارە دەدات بێ ئەوەی کەسی تر بیبینێت. دەنگی کەسێکیش وەک چرپە بەسەر ڕیزەکانی نزیک دەرگاکەدا دەسووڕێتەوە و هاوار دەکات: دەی دروستکراوانی خودا پارەکانتان. هەر کەس ئەمڕۆ بیدات سبەی لە بەهەشت وەری دەگرێتەوە انشاء اللە. هەروەک لەم دونیاش لە بانکی بڕواداری لەژێر چاودێری ئیمامدا وەری دەگرێت. خودا مالک ئەلمولکە. ئەو دەوڵەمەندەیە کە میراتگری هەموو دەوڵەمەندانە. پارەش پارەی خودایە و وای کردووە خەڵکی تەنها بەکاری بهێنن. لای ئێمە پارە موڵکی خوای جیهانییانە. لەگەڵ ئەوەشدا خودا داوای خێر و قەرز لە خەڵکی دەکات. (من ذا الذي يقرض الله قرضا حسنا فيضاعفه له أضعافا كثيرة). ئەی دروستکراوانی خودا پارە بدەنە سنوقی بانکی بڕوا کە خودا پیرۆزی کردووە، قازانجی قەرزەکەش لەسەدا پەنجایە، چونکە ئێمە یاری بە ئاڵتوونەوە دەکەین و لە مایەپوچی ناترسین. بەبێ ترس وەرنە پێشەوە بڕواداران. لای خوداش قازانجی قەرزەکە دەبێتە حەفتا ئەوەندە. لە نهێنیدا پارە بدەن بێ ئەوەی کەس بتانبینێت، چونکە بەخشینی نهێنی تووڕەیی خودا دەکوژێنێتەوە و نەخۆش چاک دەکاتەوە. نەزۆک سک دەکات و ئیفلیج هەڵدەسێت. تاوانباریش بێتاوان دەبێت. پێویستە هەر یەکێکیشتان پارەکە بۆنخۆش بکات پێش ئەوەی بیخاتە سنوقەکەوە. فاتمەی کچی پێغەمبەر دینارەکانی بۆنی خۆش لێدەدا پێش ئەوەی بیانبەخشێت. لێم پرسی بۆچی؟ وتی: گوێم لێ بووە پێغەمبەر فەرمویەتی کە بەخشین لە پێدا دەچێتە دەستی خوداوە ئەنجا دەگات بە دەستی کەسی هەژار.

قاپیشێکم بە سکمەوە بەست و نەمدەخوارد و نەمدەخواردەوە و قرش لەسەر قرش کۆم دەکردەوە و دەمکردە دەستی خوداوە.

چاوەکانم لێک نا و وەک منداڵان چوومە خەوێکی قووڵەوە. لە تاریکیدا چاوەکانم دەکەمەوە و گوێم لە دەنگی خودایە وەک دەنگی دایکم نەرم و وەک سنگی گەرم بانگم دەکات. وادەزانم دایکمە رادەکەم بۆ لای. لە دوورەوە دەیبینم لە تاریکییەکەدا وەستاوە و چاوەڕوانمە و قۆڵەکانی درێژکردووە. لە نێوانی من و ئەودا تەنها یەک هەنگاو ماوە. بۆ ساتێک لە راکردن دەوەستم. هەناسەکانم وەربگرم. لێدانەکە لە دواوە لە پشتم دەدرێت. نازانم بۆچی لە پشتم دەدەن. پێش ئەوەی لا بکەمەوە و پیتەکان و وشەکانم بیر بچێتەوە، دەڵێم بۆچی لێمدەدەن لە کاتێکدا هەرچیم هەیە دەیدەم بە خودا؟ ئەوانیش دەڵێن: لەبەر ئەوەی ئێمە یاریمان بە ئاڵتوون دەکرد و بانکی بڕوا مایەپووچ بوو لەبەر ئەوەی تۆ کچی حەرامیت و فاڵەکەت خراپە و ئەستێرەت بەدبەختە، خودا سەرمان ناخات و قازانجەکانمان زیاد ناکات گەر تۆ لە کەونداا نەسڕینەوە.



Scanned by CamScanner

# سکاڵا

وتم: سکاڵام بەرمە لای کێ و ئەم دادە بۆ کێ بەرم؟ وتیان: بۆ ئیمام، چونکە ئەو دادوەری ئێمەیە. وتم: ئایا لای خۆی سکاڵا لە خودی خۆی بکەم؟ وتیان: هەموومان لای خۆی سکاڵا لە خۆی دەکەین. سکاڵاش لای جگە لە خودا ڕیسواییە. ئیتر سکاڵاکەم پێچایە سنگمەوە بێ ئەوەی کەس ببینێت. بەو پێیەی چاوەکانی ئیمام لە هەموو شوێنێکە بینیمی. وتیان: چی لە سنگتدا دەشاریتەوە؟ وتم: هیچ شتێک. سنگیان کردمەوە و سکاڵا نوشتاوەکەیان دۆزییەوە کە پیتەکانی سەری بە خەتی دەستم نووسراوە. تۆپەڵیان کرد لە دەستیان دا و وتیان: بەڵگەی حاشا هەڵنەگرمان دۆزیەوە سەبارەت بە تاوانە گەورەکە. ئیتر چۆن لەسەر کاغەز بە دەستخەتی خۆت سکاڵا بۆ خودا دەنووسیت؟ وتم ئەوە سکاڵایەکە دژی ئیمام. وتیان: ئایا نازانیت کە ئیمام جێگرەوەی خودایە لەسەر زەوی و هەرچی دژی ئیمام بێت ئەوە دژی خودایە. وتم نازانم. وتیان



Scanned by CamScanner

چۆن نازانیت؟ ئایا ڕۆژنامەکان ناخوێنیتەوە، ئایا لەم دونیایەدا ناژیت؟ وتم: ڕۆژنامە ناخوێنمەوە و لە دونیای ئێوەشدا ناژیم. وتیان: ئەمە تاوانێکی تر و بیدعەیەکی نوێیە، هەر کەسەش بدعەیەک بێنێتە ناومان کە تێماندا بوونی نەبووبێت ئەوە شەڕ و فیتنەیە و فیتنەش توندترە لە کوشتن.

قازی سزاکەی بە لەسێدارەدان خوێندەوە. تاوانەکانیشی سیانن فیتنەگەری و ناپاکی و کوفر. پێش ئەوەی سزاکە جێبەجێ بکەن و نوێژی ونبوو لەسەر ڕوحی بکەن بە دەنگێکی بەسۆزەوە وتیان: چیت دەوێت پێش ئەوەی ئەم دونیایە جێ بهێڵیت؟ وتی: دادگاییەکی دادپەروەرانە و پارێزەرێکی شەرعیم دەوێت. وتیان: ئێمە نەیاری شەرعیمان هەیە و پارێزەری شەرعیمان نەبیستووە.

ڕۆیشتن و هاتنەوە و لەگەڵ خۆیان نەیاری شەرعییان هێنابوو. لەبەردەمیدا وەستا و سەری بە عەمامەیەکی سپی پێچابوو وەک بەڵگەیەک بۆ دڵسۆزی و دادپەروەری، ئەستێرەیەکی سووریش لەسەر سنگی بوو، هێمای فەرمیی حیزبی شەیتان. بە دەنگێکی گڕەوە وتی: بەڵێ قوربان؟ وتی: من بێتاوانم بەبێ باوک و بەبێ دایک و... بەشڵەژاوی پێی بڕی: بەبێ باوک؟ وتی بەڵێ. وتی: ئەمە بەڵایەکە لای خوداوە، (ونبلوکم بالشر والخیر فتنە) لەبارەی ئەم ئایەتەوە هیچ دەزانیت؟ نازانم. بە سەرسووڕمانەوە وتی: ئەوە ئایەتێکی زۆر بەناوبانگە، ئایەتی سی و پێنج لە سوورەتی ئەنبیاء، ئایا نایزانیت؟ وتم نازانم. وتی: نەزانینت سەبارەت بەم ئایەتە گوناهێکی گەورەیە، پێویستە لە دڵی خۆتدا ئەم ئایەتە لەبەر

بکەیت پێش مردنت تا لەجیاتیی ئەوەی بچیتە ئاگرەوە بچیتە بەهەشت.

دەستی کرد بە گیرفانی پانتۆڵە گرانبەهاکەیدا کە لە باشترین جۆرەکان بوو، کاغەز و قەڵەمێکی دەر کرد کە سەرێکی ئاڵتوونی پێوە بوو. قەڵەمەکەی بە ناسکی پەنجەکانی کە وەک پەنجەی هاوسەرە شەرعییەکان وا بوو گرت. بە خەتی خۆی لەسەر کاغەزەکە چەند پیتێکی وردی ڕەشی نووسی: (ونبلوکم بالخیر والشر فتنە). قەڵەمەکەی بە سەرە ئاڵتوونەکە داخستەوە و سێ جار بای دا و کردیەوە گیرفانی پانتۆڵە گرانبەهاکەی. دواتر هەر پێنج پەنجە ناسک و سپییەکانی لە گیرفانی دەرکردەوە و بە دەنگێکی گڕەوە وتی: ڕۆژی سێ جار ئەم ئایەتە بڵێرەوە لەپێش نانخواردن و دوای نانخوارد، بۆ ڕۆژی سێهەم پشت بە خودا خۆت لە بەهەشت دەبینیتەوە.

وەک چۆن منداڵێک لە ڕووی بادا پووشکەیەک بە دەستەوە دەگرێت بەو شێوەیە کاغەزەکەی گرت بە دەستیەوە. شەو و ڕۆژ ئایەتەکەی لە دڵی خۆیدا دەوتەوە و لەبەری کرد. لە قلیشێکی دەرگاکەوە بینینی لە زەوییەکەدا خەریکن چاڵێکی بۆ هەڵدەکەنن. بە گوریسەکان بەستیانەوە و ئەویش هەر ئەو ئایەتەی دەوتەوە (ونبلوکم بالخیر والشر فتنە). گوێچکەکانی ئیمام ئەوەی بیست کە لە هەموو شوێنێک گوێی هەبوو و بە تووڕەییەوە وتی: تەنانەت لە وتنەوەی قسەی خوداشدا هەڵە دەکەیت؟ وتم: چ هەڵەیەک هەیە کە ئەوە ئایەتێکی قورئانە؟ وتی: هەموو هەڵەکان بەخشراون تەنها ئەو هەڵانە نەبێت لە قسەی خودادان، چونکە ئەوە یەکێکە لە گوناهە

گەورەکان. وتم: هەڵەکە چییە لە ئایەتەکەدا؟ وتی: ئایا ئایەتە ڕاستەقینەکە نازانیت؟ وتم: نایزانم. وتی ئایەتە ڕاستییەکە ئەمەیە (ونبلوکم بالشر والخیر فتنە) تۆ ئایەتەکە پێچەوانە دەکەیتەوە و دەڵێیت: (ونبلوکم بالخیر والشر فتنە)، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە لە مافی خودا، چونکە بەڵای خودا بە شەڕە نەک بە خەیر. وتم: ئایەتە ڕاستەقینەکە نازانم. وتی: ئەی ئەم ئایەتە هەڵەیەت لەکوێوە هێناوە؟ وتم: لە نەیاری شەرعییەوە. وتی: تۆ درۆزنیت و نەیاری شەرعی هەڵە ناکات لە قسەی خودادا. دواتر ئیمام بە پەنجە بچووکەکەی زەنگێکی لێدا و دەستبەجێ نەیاری شەرعی ئامادە بوو. سەری بە عەمامەیەکی سپی پێچراوە و ئەستێرەیەکی سوور لەسەر سنگیەتی. وتی: بەڵێ قوربان. ئیمام سەبارەت بە ئایەتە هەڵەکە پرسیاری لێ کرد. نەیاری شەرعی نکوڵیی کرد لە پەیوەندی بە ئافرەتەکەوە و وتی: من تەنها چاوم بە ئافرەتانی پاک و چاکەکار دەکەوێت. ئیتر هەموو ئەندامانی حیزب الله و حیزبی شەیتان بڕوایان پێ کرد و بڕوایان بە ئافرەتە گوناهبارەکە نەکرد. کاغەزە نوشتاوەکەی کە بە خەتی دەستی نووسرابوو لە سنگی دەر کرد. وتیان: ئەوە دەستخەتی ئەو نییە و ئەمەش تاوانێکی دیکەیە ساختەکاری لە ئایەتەکانی خودا و نووسراوە فەرمییەکان. وتم سوێندتان بۆ دەخۆم لەپێشچاوی خۆم نووسی بە قەڵەمێک سەرێکی ئاڵتوونی هەیە. وتیان: چیت وت، سەرێکی لە ئاڵتوون؟ وتم: بەڵێ بە چاوی خۆم بینیم. وتیان: ئایا نەیاری شەرعی بە ناپاکی تۆمەتبار دەکەیت؟ وتم: بە هیچ شتێک تۆمەتباری ناکەم، بەڵام... وتیان: ئایا نازانیت کە

نەیاری شەرعی بە فرمانی ئیمام دامەزراوە؟ وتم: نازانم، بەڵام من دەمەوێت بڵێم... وتیان: دەتەوێت چیتر بڵێیت دوای ئەوەی بە زمانی خۆت وتت، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی کە زمانت سەرچاوەی پڕوپاگەندەکانە، بەپێی شەریعەت دەبێت لە بندا ببڕرێت.

گوێچکەکانی ماندوو ببوون لە بیستنی دەنگەکان. بە جێگیری لە شوێنی خۆی بێ جووڵە مایەوە. چاوەکانی وەک دوو ئەستێرە لە ئاسمانێکی ڕەشدا دەبریسکانەوە. سەری بەرز بەرەو خودا. لە تەنیشتیشیەوە مەرزوقی سەگەکەی. وەک ئەو سەری بەرز. گوێچکەکانی هەڵخستووە و گویی لە دەنگەکانیانە ڕوخساریان دەناسێتەوە و کاتێک ئیمام دەبینێت بە دەنگێکی بەرز دەوەڕێت. لە پشتەوە پانتۆڵەکەی ڕادەکێشێت. بە ددانەکانی دەگرێت و بەری نادات. ئەوانیش بێهودە هەوڵ دەدەن دووری بخەنەوە لێی. گوللەیان نا بە پشتیەوە. لە تەنیشتیەوە کەوت و پارچەیەک لە پانتۆڵە گرانبەها لە باشترین جۆرەکان لەنێوانی ددانەکانیدایە.

# زلهێزەکان

سەرم بەرز کردبووەوە بۆ ئاسمان و دەستەکانم بەرز کردبووەوە بەرەو ملیۆنان مرۆڤ کە هاواریان بۆ دەکردم کاتێک گوللەکان تەقین، بینیم ڕوخسارم لەسەر سەری ڕوتم دەکەوێتە خوارەوە بۆ ژێر کورسیی عەرش.. دوور لە چاوی خەڵکی لەژێر زەوییەکەدا دەیشارمەوە. لەگەڵ ڕوخسارەکەی دیکە کە لێکچوویی ئیمامی هەیە دەیگۆڕم. جارێکیتر هەڵدەسمەوە بۆ سەر سەکۆکە. هیچ کەسێک هەستی بە کەوتنەکە و هەستانەوەکە نەکرد، بەڵام ئەو جیهانەی لەدەورم بوو ئەو جیهانە نەبوو. نیشان و ویسامەکانیش لەسەر سنگم نابینم. نە ئەستێرەی دادپەروەرییش کە بە دەرزی قاییم کرابوو. نە ئەنگوستیلەی فەرمانڕەوایش لە پەنجەمدایە. هیچ کەسێکیش لە شوێنکەوتووانم لەدەورم نییە. نە ئەندامانی حیزب اللە و نە حیزبی شەیتانیش. تەنانەت هاوسەری شەرعیشم ون بوو. من تەنهام و هیچ کەسێکم لەگەڵ نییە زەوییەکی وەک بیابان. ڕووبارەکەش بە درێژایی مەودای چاو لە پشتەوە دەڕوانێت



Scanned by CamScanner

بەسەر بەرزاییەکی سەوزدا. وتم من لە جیهانەکەی دیکەدام و ئەوەش بەهەشتە لە دوورەوە دیارە. لە منداڵیمەوە گەروم وشکە. تینوێتی زۆر توندە و متمانەم بە چوونە بەهەشت لە سەدا سەدە وەک متمانەم بەخودا. لە گیرفانمدا پشتگیرییەکی پێغەمبەر و هەندێک چەکی بانکی بڕوام پێیە. هەموویم لە گیرفانم دەر هێنا بۆ پاسەوانی دەرگاکە سەلامی خودای لێ بێت. نەخوێندەوار بوو پیتە نووسراوەکانی بۆ نەدەخوێنرایەوە. پێم وت من ئیمامم و یەکێک لە وتارە بەناوبانگەکانم بۆ خوێندەوە. هیچ تێنەگەیشت لەبەر ئەوەی بە زمانی عەرەبی قسە ناکات. بە سەری ڕووتەوە لەژێر تیشکی خۆری سووتێنەردا ماوەیەکی زۆر جێی هێشتم. لێم پرسی چییە گوێ بە وتارەکانم نادەیت کاتی خۆی خەڵکی لە هەموو جیهاندا گوێی لێ دەگرت؟

سەرێکی لەقاند وەک ئاماژەیەک بۆ تێنەگەیشتن. پاشان لە دوورەوە ڕوخساری ئافرەتێکم بینی نزیک دەبووەوە. وامزانی دایکمە بەخێرایی بەرو لای ڕۆیشتم. دایکم نەبوو. هاوسەرە کۆنەکەم بوو. هانایم بۆ برد شتێکم بۆ بکات لای ڕەزوان. وتی هیچ کەسێک فریات ناکەوێت هاوسەرە نوێیەکەت نەبێت. وتم ئەی لە کوێیە؟ ئەوەتا. بینیم بانگدەرێک بانگی دەکرد. ئەی ئەهلی ئاخیرەت چاوەکانتان بنوقێنن تا هاوسەری ئیمام تێدەپەڕێت. پاشان ئافرەتێکی سپیپێستی ڕوخسار بیانی لە تەمەنی کچەکەمدا و شێوەی لە هاوسەرە شەرعییەکەمی دەکرد تێپەڕی، سڵاوم لێ کرد و پێم وت: من لە دونیادا وتارگەلێکی زۆرم نووسیوە و بەناوی خودا دەستم پێکردووە و بە سەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر کۆتاییم پێ هێناوە و بەو هۆیەوە پێویستە بچمە بەهەشتەوە. ئاماژەی بە خاچەکەی سەر



Scanned by CamScanner

سنگی کرد، پاشان وتی: ئەی مەسیح و مریەمی پاکیزە ئایا ناویان لە قورئاندا نەهاتووە؟ وتم: لای ئەوانیشەوە شتێکم بۆ بکە. ئاماژەی بۆ کردم دوای بکەوم، منیش دەستم گرت بە کلکی ئەسپەکەیەوە. بەهۆی جەنجاڵی و قەرەباڵخی و زۆری هێماکانی هاتوچۆوە ڕێگەوە ئەسپەکە بەسەر زەویدا نەدەڕۆیشت. بینیم بە ئاسماندا بە دوو باڵی پۆلاینەوە دەفڕێت، سەرێکی بچووکی گرنجیش وەک لووتی ڕۆکێتێکی نوێ، وتم: ئەمە چییە؟ وتی: خودای گەورە نیعمەتی خۆیی پێ داویت بە بەخشینی فڕۆکەیەکی نوێ لەجیاتیی ئەسپە کۆنەکە. لەسەر کورسییەکەم لە ڕیزی پێشەوە دانیشتم و لە تەنیشتیشمەوە سەرۆکی ئاساییش. لە قلێشێکی دەرگاکەوە ڕوخساری فڕۆکەوانەکەم بینی. بازنەیی و سپی و گۆشتن و خاڵی ڕەشی پێوە بوو بە زمانی بیانی قسەی دەکرد. وەک کارێکی هەمیشەیم لەگەڵ نوێنەری زلهێزەکان سڵاوم لێ کرد و ئەویش لە قاپێکی زیویندا پارچەیەک لە کاڤیاری پێشکەش کردم، شووشەیەک مەی کۆنەساڵی لە باشترین جۆرەکانیش. لە کاتی ڕۆیشتندا دەنگەکەیمان لە سەقفەکەوە بیست بە پشتیوانی خودا هەر لە سەقفی فڕۆکەکەوە ئاوازێکی سەما ئامێز و دەست و پەنجەی ئافرەتێک تەپڵی دەکوتا، هاتە گوێم. ڕوخساریم ناسیەوە و وتم: جەواهر؟ وتی: جەواهر کێیە؟ وتم: کاتی خۆی لە خانووی ئاسوودەیی بوو، منیش لە تەمەنی سەرشێتی و هەرزەییدا بووم. فڕۆکەکە لەریەوە و پشتێنەکانمان لە ناوقەدمان بەست و دەنگەکە لە سەقفەکەوە هاتەوە گوێمان قورئانی دەخوێند و لە خودا دەپاڕایەوە فڕۆکەکە لە کەوتنە خوارەوە لە کاتی نیشتنەوەدا بپارێزێت. تایەکانی فڕۆکەکە لەسەر زەوییەکی سەوزاییەکی نەرم و لووسی وەک سوندوس خلیسکا، وتم: گەیشتینە بەهەشت؟

هاوسەرە شەرعیەکەم وتی: هێشتا نا. ناشچیتە بەهەشت تا مەسیح نزات بۆ نەکات و قەرزەکانی دونیات نەگێڕیتەوە. ەو پیاوەشی خاڵە ڕەشەکان بە ڕوخسارییەوە بوو وتی: ئایا هێشتا قەرزەکانت نەداوەتەوە؟ وتم: یەک ساڵ مۆڵەتم بدە داوا لە خودا دەکەم مردنم دوا بخات تا قەرزەکانم بدەمەوە. پەرداخەکەم دایە دەستی با پێکی هاوڕێیەتی بخۆینەوە. ڕەتیکردەوە و بە زمانی بیانی وتی مەی حەرامە و فرمانم کردووە لە پەنجەرەی فڕۆکەکەوە فڕێیان دەنە خوارەوە. بەڕێزم بۆچی ئەوە حەرام دەکەیت کە خودا حەڵاڵی کردووە؟ بڕوانە بەهەشتی خودا چەندین مەی وەک ڕووبار و حۆریی سپی وەک قەیماغ تێدایە؟ لەسەر بەربەستەکەوە سەری دەر کرد هیچی نەبینی وتی: کامەتا بەهەشت جەنابی ئیمام؟ وتم: ڕاوەستە، سەبرگرتن باشە و کەس بۆی نییە پەلە بکات لە خودا، بە پشتیوانی خودا بەیەکەوە دەچینە بەهەشت. وتی: تۆ بە تەنها برۆ من لێرە لە فڕۆکەکەدا چاوەڕێت دەکەم و کاتی فڕینمان شەشی تەواوە بە کاتی گرینتش. ئەوەش بزانە کە من لە چاوەڕوانیتدام تا بتگەیەنم گەر خوانەخواست توشی شتێک ببیت.

هاسەری شەرعیم قۆڵی کرد بە قۆڵمدا و بەیەکەوە تا لای مەسیح ڕۆیشتین. بە زمانێک کە من تێینەگەیشتم چرپاندی بە گوێیدا. مەسیح سەری ڕاوەشاند، تکای بۆ کردم، فرمانی پێداین بەرەو (سراط المستقیم) بڕۆین. کاتێکیش پێم خستە سەر سراط هێندەی یەک پەنجە نەمتوانی بڕۆم. هاوسەری شەرعیم وتی: لێرەدا جێت دەهێڵم و بە خودا و پێغەمبەرت دەسپێرم. جێی هێشتم و جەستەم دەلەرزی. بینیم ئافرەتێکی ڕەش بەڕاکردن بەسەر (سراط)دا بەرەو لام دەهات. پێش ئەوەی بکەومە خوارەوە

دەستی گرتم. لە ڕوخسارییەوە ناسیمەوە. ئەو بەردەستی من بوو پێش ئەوەی خودا دەروازەکانی ڕزقم بۆ بکاتەوە. شەو لێی هەڵاتم پێش ئەوەی کچەکەمی ببێت. پێموت: تۆ یەکەمین و کۆتا خۆشەویستمی. گرتبوومی و لە تەنیشتیەوە دەڕۆیشتم بەلای چەپدا لار دەبوومەوە خۆم بەلای ڕاستدا دەبرد. دووبارە لەلای ڕاستدا دەیگرتمەوە و بەلای چەپدا لار دەبوومەوە. تا ئەویش و منیش ماندوو بووین، پاشان پێموت: جەواهر گەر سەلامەتیی منت دەوێت ئەوا ئەو وتە دونیاییە بەکار بهێنە لەگەڵم کە دەیوت: گەر هیلاکم کردوویت بمخەرە قەڵادۆشکان. وتی: قەڵادۆشکان چییە؟ وتم مرۆڤەکە دەستەکانی دەخاتە سەر شانی کەسەکەی تر و ئەویش بە دەستەکانی هەڵی دەگرێت بە شێوەیەک سکی دەنووسێت بە پشتیەوە. وتم: ئایا قسەکەی جەحجولت لە دونیا نەبیستوە: حاڵم هیندەیتر خراپتر کرد تا بە قەڵادۆشکان بەرەو دوا دەڕۆیشتم. وتی: نە قەڵادۆشکان و نە جەحجولم نەبیستوە، بەڵام من بۆلای محمد پێغەمبەر هەڵت دەگرم. ئیتر وەک منداڵێک لەسەر سنگی هەڵی گرتم و کاتێک گەیشتینە لای پێغەمبەر درودی خودای لێ بێت، وتی: ئەم بەردەستەمان بۆ ئامادە کردوویت تا خزمەتت بکات لە بەهەشت لەگەڵ خۆت بیبە. کاتێک ڕۆیشتمە لای دەرگای بەهەشت ڕەزوان لێی پرسیم پاسپۆرتت پێیە؟ وتم: نەخێر. وتی هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ چوونەژوورەوە بەبێ پاسپۆرت. زۆرێک لەبەر تیشکی خۆری سووتێنەر مامەوە بە سەری ڕووت و کاتی ڕۆیشتنی فرۆکەکەش نزیک بووەتەوە. دواتر لەبەر دەرگای بەهەشت درەختی سەفسافم بینی. وتم: گەڵایەکم لەم داری سەفسافە بدەرێ تا بەخێرایی بچمەوە لای پێغەمبەر و پاسپۆرتی لێ وەر گرم. وتی: هیچ گەڵایەک لە

بەهەشت ناخەمە دەرەوە بە فرمانی خاوەن شکۆ نەبێت. وتم: گەر بمبینێت دەمناسێتەوە، چونکە لە دونیان هەمیشە لەگەڵمدا بووە، لە دونیادا شوێنکەوتووم زۆربوو لە حیزب الله و هاورێی بێئەنداز لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات لە پادشاکان و سەرکردەکان، هەمووشیان هاتوون و لە پرسەکەمدا ڕۆیشتوون، دیمەنەکە بە هەیبەت بوو. ئایا وێنەکەت لەسەر بەرگی نیوزویک نەبینی؟ ڕەزوان وتی: من تەنها ئێستا ناوی نیوزویکم بیستوە. وتم: گەر تۆ نیوزویک نەناسیت ئەوا تۆ نە گەورەکان و نە زلهێزەکانیش ناناسیت.



Scanned by CamScanner

# چاوەڕوانیی دایک

لەو کاتەی بەسەری ڕوتەوە لەژێر تیشکی خۆری سووتێنەردا وەستابووم دەنگەکان لە گوێمدا دەزرنگانەوە. ئازارێکی نادیار وەک برینێک یان کونێکی قوڵی تا ناو دڵ لە سنگمدایە. دەرگای جیهانەکەی دیکەش داخراوە. هەروەها جیهانی یەکەم و دووەم و سێهەم و چوارەمیش هەموویان بەبێ من ڕێ دەکەن و دەڕۆن. جەماوەر و خەڵکەکەش بۆ کەسێکی جگە لەمن هاوار دەکێشن. ڕۆکێتەکانی جەژن دەتەقێنرێن. هێشتاش پاسەوانی بەهەشت لە پاسپۆرتەکەم ورد دەبێتەوە. چاوەکانی لەژێر چاویلکە ڕەشەکەوە لە وێنەکەم ورد دەبێتەوە. پرسیار بە دوای پرسیاردا لێم دەپرسێت. وتم من پشتگیرییەکم لە پێغەمبەرەوە پێیە و دەمەوێت خودا ببینم. لێی پرسیم ئایا پێشتر کاتت وەر گرتووە؟ وتم نەخێر، بەڵام کاتێک ڕوخساری بینیم دەمناسێت. لێی پرسیم ئایا چاوپێکەوتنەکە تایبەتییە یان بۆ بەرژەوەندی گشتی؟ وتم بۆ بەرژەوەندی گشتی. لە قسەکردن وەستا. نەمزانی چی بڵێم. وتی بەرژەوەندیی گشتی

نهێنی نابێت. لەژێر چاویلکە ڕەشەکەوە وەک سەرۆکی ئاساییش لێم ورد دەبێتەوە و لە هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بەوەوە نییە دەکۆڵێتەوە. ماوەیەکی زۆر لای دەرگاکە جێی هێشتم. تەلەفۆنەکەی گرت بە دەستیەوە و لە قسەکردن بە چرپە لەگەڵ ئافرەتێکدا بە هیلاک چوو. پێدەکەنێت و قاقا لێدەدات و بە زمانێکی نێرینەیی قسە دەکات. بەبێدەنگی چاوەڕوانم کرد تاکو بێزاری نەکەم. کاتێک لێ بووەوە و بینیمی وەستاوم وتی: ئەوە هەر لێرەیت؟ وتم: تکات لێدەکەم بهێڵە چاوم پێی بکەوێت. وتی: بۆچی دەتەوێت بیبینیت؟ وتم: تاکو داوای لێبکەم مردن بۆ تەنها یەک ساڵ دوابخات، وتی: یەک ساڵ چەند فێڵبازی تۆ بڵێ مانگێک یان دوو مانگ. وتم جەنابی ڕەزوان مانگێک بەچی دووبارە پڕ چەککردنەوەی سوپا و دانەوەی قەرزەکان و بەرەنگاربوونەوەی شکست لە هزری خەڵکیدا ناکات. ئەو ساڵەم بۆ خۆشی و چێژەکانی دونیا ناوێت بەڵکو لەپێناو خودا و نیشتمانە.

زەنگی تەلەفۆن لێیدا و بە دەنگێکی تیژ و بەرز و گڕ کەوتە قسەکردن لەگەڵ ئافرەتێکی دیکەدا و بەخێرایی کۆتایی بە قسەکان هێنا. زانیم کە هاوسەرە شەرعیەکەی بوو. پێش ئەوەی جارێکیتر زەنگی تەلەفۆنەکە لێبداتەوە وتم: هێشتا چاوەڕوانی فرمانی تۆم گەورەم جەنابی ڕەزوان. ماندوو بوبوو لە خوێندنەوەی نووسراوەکانی سەر مێزەکەی، لەژێر چاویلکە ڕەشەکەیەوە چاوەکانی بۆ هەڵبڕیم و وتی: بەیانی وەرەوە. ئەزموونەکانی پێشوترم لەگەڵ پاسەوانەکانی ئاساییش لەم جۆرە دۆخانەدا فریام کەوت، پاشان لە گیرفان شتێکم وەک دیاری دەر کرد، وتم بگرە ئەوە دەستکەوتێکی زیاترە پێشکەشی گەورەکەتی بکە و پەلەی لێ بکە ئەمڕۆ چاوی پێم بکەوێت، چونکە

من کاتم کەمە و دەبێت فریای فڕۆکەکەم بکەوم. ڕەزوان سەیرێکی کاتژمێرەکەی سەر دەستی کرد و دیارییەکەی خستە گیرفانیەوە و وتی تەنها چەند خولەکێک ماوە بۆ فڕۆکەکە دەتوانیت خێرا بکەیت و گەر ناونیشانەکەت جێ بهێڵیت بە پۆستەدا بانگهێشتت بۆ دەنێرم. بە چاوێکی گوماناویەوە لێی ورد بوومەوە، بەڵام بیرم هاتەوە کە ئەوە گەورەمان ڕەزوانە و ناکرێت درۆم لەگەڵدا بکات و گەر بەڵێنێکی دا دەیباتە سەر. ناونیشانەکەمم بۆ جێ هێشت و بەڕاکردن بەرەو فڕۆکەخانە ڕۆیشتم و شتێک لە ناخمدا پێم دەڵێت کە هیچم بۆ نانێرێت. قۆناغی بێهیواییم تێپەڕاند و هەنگاوەکانم هێواش کردەوە و چیتر گوێم بەوە نەدا کە فڕۆکەکە جێم بهێڵێت. ماندوو بووم و دانیشتم هەر هێندەی سەرم خستە سەر زەوییەکە خەوم لێکەوت بە جۆرێک گوێم لە دەنگی نیشتنەوەی فڕۆکەکە و دواتر ڕۆیشتنیشی بەبێ من نەبوو. بەئاگا هاتمەوە و دەشزانم کە ڕەزوان هیچ نامەیەکم بۆ نانێرێت و خۆشم لەو بڕوایەدا نەبووم. گەر بیبینم بەرەولای من دێت و نامەیەکیشی بەدەستەوەیە بڕوا ناکەم بۆ من بێت. تەنانەت گەر بۆ منیش بێت ئەوە دەبێت هەڵەیەک هەبێت لە پێداچوونەوەکانی خودادا. گەر بیبینم بەرەولای من دێت و نامەیەکی پێیە ئەوا دەستم درێژ ناکەم و لێی وەر بگرم. پێی دەڵێم بەردەوام بە لە ڕۆیشتن، چونکە تر بەشوێن پیاوێکی جگە لە من دەگەڕێت. ناکرێت ئەو نامەیە بۆ من بێت، چونکە شایەنی نیم. بە ئاسودەیی خەندەیەکی زۆرم کرد بۆ هەموو شتێک تا بینینی خودا. دواتر وتم خودایە تەنها مافی خۆم داوا دەکەم نە زیاد و نە کەم و هێندەم ئازایەتی هەیە کە توانیم ڕای بکەیەنم بە ئاشکرا شەریعەتی تۆ پیادە بکەم و سزاکانیشت هەمووی جێبەجێ بکەم

سنووری زینا و دزی و فڕێدانی مەیەکان بۆ ناو ڕووبار، هیچ کەسێک ئازایەتییەکی لەمن زیاتر نەبوو لەوانەی کە لێت نزیک دەبنەوە و چاوەکانیان دەتروکێنن و دەنگەکانیان بە چرپەیە، چونکە هیچ کەسێک لایەنی تۆ ناگرێت وەک من و هیچ کەسێکیش وەک من شەریعەتەکەتی پیادە نەکردووە.

دەستم بە ڕوخسارمەوە گرت و چاوەکانم پڕ فرمێسکن. گوێم لە دەنگێک نەبوو لە پشتمەوە بە دەنگی بەرز فرمانم پێ دەکات: هەستە و قۆڵەکانت بۆ سەرەوە بەرز بکەرەوە. لام نەکردەوە بۆ دواوە لەبەر ئەوەی هیچ کەسێک ناتوانێت بەو شێوەیە فرمانم پێ بکات تەنها کەسێکی لە خۆم بالاتر نەبێت. هەستام و بێ ئەوەی لا بکەمەوە قۆڵم بەرز کردەوە بۆ سەرەوە و لە چاوەڕوانیی لێدان بووم لە پشتمدا. لەو بڕوایەدا نەبووم کەسێک دوژمنەکەی ببینێت بواری ئەوەی بدات لابکاتەوە، چونکە تیرۆرکردن لە پشتەوە ئاسانترە وەک لە پێشەوە. فرمان کردنیش بە لاکردنەوە تەنها بۆ شکاندنی پیاوە. شکاندنی پیاوێکی ئاساییش زیاترە لە شکاندن، چ جای بۆ ئیمام! لام نەکردەوە. ڕوخسارم تێ نەکرد، چونکە من دەمەوێت وەک ئیمامێکی تیرۆرکراو بمرم نەک وەک ئیمامێکی دۆڕاو. لە شوێنی خۆم بە وەستاوی و دەستبەرزکراوەیی مامەوە. دواتر وەک سەربازێک تا کۆتایی لە ناکاو خەندەیەک کەوتە سەر لێو و ڕوخسارم. هەروەها وەک چێژوەرگرێک لە خۆشییەکانی دونیا تا مردن. گوێم لە شنەی درەختەکان و قیرەی بۆقەکان بوو وەک ئاوازێکی سەماکەر. شنەی شەوانەش شێدار و بەچێژ بەرامەی دەریای هەڵگرتووە. منیش لەشوێنی خۆم جێگیرم و هەناسە بڕکێم نییە و ڕاشناکەم، چونکە کات زۆرە و هیچ شتێکی گرنگ یان نا

پێویستم لەدەست ناچێت. هەستیش بە ئازار و بێهیوایی ناکەم و بیریش لە حیزب الله و حزبی شەیتانیش ناکەمەوە. جگە لەخۆم کەس نابینم کاتێک منداڵ بووم و دایکم شیری گەرمی پێ دەدام و بە نەرمی لە کەلێنێکی لێوەکانمەوە دەزولەی دەکرد و دەهاتە خوارەوە. لەپڕ کۆکەیەک و پرژەیەک دەمگرێت، دەمم دەکەمەوە و دای دەخەمەوە و دەست و قاچەکانم لە هەوادا بەرز دەکەمەوە و ڕوخسارم شین هەڵدەگەڕێت، خەریکە بخنکێم. خەریکە لەو ساتەدا دەمرم. بەو شێوەیە ئیتر نە ئیمام و نە جێگرەوەی خوداش نابێت لەسەر زەوی. گەر دایکم بە لەپی دەستە قلێشاوەکانی لە پشتم نەدات و شیرەکە لە بۆریی هەناسەم بکاتە دەرەوە یان هەواکە لە بۆریی خواردنەکە بکاتە دەرەوە. پاشان دووبارە خوێن دەگەڕێتەوە بۆ ڕوخسارم و بیرم بۆ دەگەڕێتەوە و ڕوخساری دایکم دەبینم و لەناکاو دەزانم کە ماوەی بیست ساڵە نەمبینیوە. لەسەر پێکانم دەوەستم و بە دەستم برینە کۆنەکەم دەگرم تا ڕێگەی خوێنبەربوونی لێ بگرم و بە ڕێگە کۆنەکەدا دەڕۆم و دەیناسمەوە و هەڵەی تێدا ناکەم. لە دەرگا تەختە کۆنەکەی دەدەم و گوێم لە دەنگی کلیل و کلۆمە کۆنەکە دەبێت و لەو دیوی دەرگاکەشەوە گوێبیستی تەپەی سنگی پێکانیم بەسەر زەوییەکەدا دەیانخشێنێت. دەنگیشی لە گوێمدایە دەیناسمەوە و هەڵەی تێدا ناکەم: کێیە؟ منیش دەڵێم: منم. پاشان لەو دیوی دەرگاکەوە گوێم لە تەپەی دڵێتی و هەناسەکانی بچڕبچڕ و دەستە گەورەکانی دەلەرزن کاتێک دەرگاکە دەکاتەوە و فرمێسکەکانیشی وەک هەورێکی سپی لەسەر چاوەکانی کە بەبێ برژانگ دەیانتروکێنێت پشتیشی چەماوە. کاتێک لە دوا چاوپێکەوتنیدا بینیم برژانگەکانی درێژبوون و پشتیشی نەچەمابووەوە. بە قۆڵەکانی

لە ئامێزی گرتم و فرمێسکەکانی جلوبەرگە فەرمییەکەمی تەڕ کرد کە لە جۆری خوریی گرانبەهابوو وتی: ئایا دەکرێت بیست ساڵ بێت نەمبینیبێتی کوڕم؟

وتم: کێشە و گرفتەکان دایکە بە شێوەیەکن کە تەنها خودای گەورە توانای چارەسەرکردنیانی هەیە سبحانە. وتی: ڕوخسارت هەڵبزڕکاوە کوڕم وەک ئەوەی ماوەی بیست ساڵبێت نانت نەخواردبێت؟ بە هەنگاوە خێراکانی و بە پشتێکی ڕاستی وەک جاران و بە جەستەیەکی هێندە سووکەڵەوە کە خەریکدەبوو پێکانی لە زەویان نەدەدا ڕایکردە چیشتخانە. گەڕایەوە لام و چاوەکانی بریسکەی شادوومانیان تێ هاتبوو، برژانگەکانی درێژ، سینییەکی بە دەستەوەیە نان و هەنگوین و شیری بەیانیانی لەسەرە. بەرەولای من هات کە لەتەنیشت پەنجەرەکەوە وەک منداڵی لەسەر قەنەفە تەختەکە دانیشتبووم. سەرنجی ئەستێرەکان دەدەم و ڕوخساری خودا لەنێو هەورەکاندا وەک ڕوخساری باوکم دەبینم. کاتێک لێم نزیک بووەوە گوێم لە تەپەی دڵی بوو چاوەکانی لە خۆشییان دەبریسکانەوە و دەستی دەلەرزی و سینیەکەش لەسەر دەستی دەلەرزی. تەنها سێ هەنگاومان نێوان بوو، لەخۆشیان سەری و هەموو دونیاش دەسووڕا. هەنگاوی دووەمی نا و تەنها کۆتا هەنگاو مابوو. قاچی هێنایە پێشەوە بەڵام هەنگاوی بۆ نەنرا. هێندەی هەنگاوێک لێمەوە دوور بوو بینیم لەو کاتەی لەبەردەممدا وەستاوە جەستەی کەوت. دەستم درێژ کرد تا بیگرم نەیگەیشتمێ. ماوەکەی نێوانیشمان زیادی دەکرد. هەر چەند قۆڵم درێژ دەکرد تا بیگرمەوە ماوەی نێوانمان فراوان دەبوو. ئیتر ئەو لە منەوە دوور و منیش لەوەوە دوورتر.

# چاوپێکەوتنی کۆتا هاوسەر و کچی ناشەرعی

هیچ پەلـەم لـە ڕۆیشـتنی نەدەکرد لەنـاو سـنوقەکەدا، چونکـە ئـەو سـەرباری مردنـی جۆرێک لـە ئاخاوتـن دەخاتـە ژیانمـەوە و ژیانیشـیدا قسـەی لەگـەڵ نەدەکـردم هـەر چەنـدە نووسـینەکانی سـەبارەت بـە (ئاخاوتـن) بـوو نووسـین بـە دوای نووسـیندا. بـەردەوام بێدەنگ یان بـەردەوام قسـەی دەکرد هیچـان لەنێوانـدا نەبـوو. تەنهـا گوێـی لەخۆی دەگـرت و تەنهـاش وێنەکـەی خۆیـی دەبینـی کـە لـە چوارچێوەیەکـدا لەسـەر گۆڕسـتانێک لـە ڕوخـام دانرابـوو. ئـەو تەنهـا بەهـۆی خـوەوە پەیوەسـتی نووسـین ببوو. قەڵەمی بە دەسـتی چەپی دەگرت. دەسـتی ڕاسـتیشـی دەگرت بە سـەریەوە وەک ئەوەی مێشـکی بپارێزێت. پاشـان وەک نەخۆشـییەکی مانگانـە نووسـینی بـە ئـازار یـان بەبـێ ئـازاری لـێ قەدەغـە دەکـرا. هاوینانیـش دادەنیشـت و مـەی بـە دەنکـە پاقلـەوە دەخـواردەوە. زسـتانانیش خـۆی دەدایـە بـەر تیشـکی خـۆر. جـار لـە دوای جاریـش هەناسـە هەڵدەکێشـێت و هـەوای پیسـبوو لـە مێشـکی دەر دەکات و بیروهۆشـی بـۆ دەگەڕێتـەوە. لـە نهۆمـی سـەرەوە و لـە



Scanned by CamScanner

گەورەترین باڵاخانەدا لە نووسینگەکەی خۆی دادەنیشت و سەیری کاغەز و وێنەکانی دەکرد. وێنەی خۆیی لەتەنیشت ئیمامەوە دەبینی لە کۆبوونەوەکانی لووتکەدا. هەروەها لە دانیشتەکانی پارلەمان و شورادا. ئاهەنگەکانی جەژن و بۆنەکان و هەڵبژاردنی شاجوان و نمایشکاری جلوبەرگ و شەهیدە نموونەییەکان. بەخشینەوەی بڕوانامە و دیاریەکان لە جەژنی ئەدەب و هونەردا بەسەر ئەندامانی حیزب الله و حیزبی شەیتان. کاتێک ئەو لە ڕیزی پێشەوە وەستاوە لە تارمەی ئافرەتەکانەوە چاوەکانی ئافرەتانی پاکیزە و بێوەژنانی شەهیدەکان و دایکانی نموونەیی و ئافرەتانی ڕێکخراوەکانی بەخشین و خێرخوازی و لەنێوانیاندا هاوسەری ئیمامیش سەرنجیان دەدا. دەستە بچووکە نەرمەکەی کە پەنجەکانی بە ئەنگوستیلەی ئەڵماس و یاقوت دەدرەوشایەوە درێژدەکرد. خەڵاتی ئەدەبی باڵاو ناو ناوبانگی پێ دەبەخشی. لەپی دەستە گۆشتن و خڕپنەکان بە یەکتردا دەدران و دەبووە چەپڵەڕێزان. جەستە چوارگۆشەکان لەناو جلوبەرگە ڕەشەکانی تایبەت بە پرسە و لەسەر پاژنە بەرزەکان. دڵەکانیشیان لەناو سنگیان لێی دەدا و هەموو بە یەک هەناسە هاواریان دەکرد (خودا. نیشتیمان. ئیمام).

زەنگی تەلەفۆنیش لە نووسینگەکەی لە لێدان نەدەکەوت. پشتی تێ دەکردم و تەلەفۆنەکەی هەڵدەگرت. کاتژمێر بە دوای کاتژمێردا بە وایەرەکاندا دەیچرپاند. دوای ئەوەی لێ دەبووەوە پێی دەوتم: نابێت هاوسەری شەرعی وەک سەرۆکی ئاساییش کتوپڕ خۆی بکات بە نووسینگەی مێردەکەیدا. پێدەکەنیم و بە دەنگی بەرز قاقام لێدەدا و دەموت: کتوپڕ نییە بەڵام کاتێک هاوسەری شەرعی دەچێتە ژوانێکی خۆشەویستی، ناکرێت بە مێردەکەیدا تێپەڕ نەبێت

و سەردانی نەکات. سەری بەرزدەکردەوە و بە کورسییەکەیەوە دەسووڕایەوە بۆم. چاوەکای بە چێژەوە بریسکەیان دەهات. زیاتر حەزی پێم دەبوو کاتێک کەسێکی دیکەم بوویستایە بە هەموو توانایەوە سەیری دەکردم و من سەیری لایەکی دیکەم دەکرد. شەویش هەوڵی بێسوودی دەدا بۆم. پاشان قەڵەمەکەی دەگرت بە دەستیەوە تا شتێک بنووسێت بەڵام هیچی نەدەنووسی. لە بەیانییشدا هەمان ئەو نووسینەی پێشوو کە سەدان و هەزاران جار دابەزیوە، بڵاو کراوەتەوە، ڕوخساریشی لەناو چوارچێوەکەدا لە ڕوخساری ئادەم سڵاوی خودای لێبێت کۆنترە. عەرەق لە هەموو کونیلەکانی جەستەیەوە دای دەگرت. دەمبینی وەک مێشێک کەوتبێتە دەفرێک هەنگوینەوە شکستخواردوو بووە. ڕوخساری بە دەستسڕەکە دەسڕێت و خەندەیەکی لەناکاو دەکات. وەک ئەوەی خەمباری لەناکاو دای گرتبێت. پاشان دەڵێت: من نەخۆشی نووسینم، نووسینیش وەک خۆشەویستی وایە بکوژە. منیش دەڵێم: نووسین بکوژ نییە، تەنها ناهۆشیاری دەتکوژێت. خۆشەویستیش بکوژ نییە و پێچەوانەکەی ڕاستە. پاشان بە دوو چاوی پڕ ئیرەییەوە سەرنجم دەدات. حەزی دەکرد هۆشیاریی بۆ بگەڕێتەوە تا بگەڕێتەوە بۆ نووسین. حەز دەکات وەک من خۆشەویستی بناسێت و لەدوای مردنی خۆشەویستی ژیانی پێ ببەخشێتەوە. خەندەکە لەسەر ڕوخساری وەک خۆی دەمێنێتەوە. دەمزانی کە پەژارەی لە دڵی خۆیدا تا مردن شاردوەتەوە. گوێم لێی بوو پێدەکەنی و قاقای لێدەدا و لەو بڕوایەدا نیم بتوانێت خەمبار بێت. لە ژوورەکە جێم دەهێشت تا بنووسێت نەیدەنووسی. بەیانیش نووسینەکەی و وێنەکەیم دەبینی لە ناو چوارچێوەکەدا، وا هەست دەکەم، ڕوخسارێکی نوێ بێت

وەلێ هەمان ڕوخسارە کۆنەکەیە.
سەرم بەرز کردەوە بۆ سەرەوە ڕوخسارە هەڵبزرکاوە باریکەکەیم بینی و چاوە ڕەشەکانی شەوانە وەک دوو ئەستێرە بریسکەیان دەدایەوە. وتم: تۆ کێی؟ وتی: من کچی ئەوم. وتم: من هاوسەری شەرعیی ئەوم و ئەو کچی نەبووە. وتی: لەدەست دایکم هەڵهاتووە کاتێک من منداڵ بووم. وتم: تۆ کچی ناشەرعیی ئەویش؟ وتی: بەڵێ. چاوەکانم بۆ دوای خۆم لە چاوەکانی گواستەوە و لەگەڵیدا جەستەشم لەو سووڕانەدا جەستەم هەژا. لە هەژانی جەستەکەدا مێشک هەژا. هۆشیاری گەڕایەوە. زانیم کە ئەو مردووە و لە سنوقەکەدایە. ئەویش گەنجێکی پاکیزەیە وەک من. لەسەر دوو قاچ وەستاوە و ئاژەڵ نییە بە چوار قاچەوە. دوو قۆڵی هەیە و دوو دەست و لەهەر دەستێکدا پێنج پەنجە هەیە. بێترس دەستی بۆ ڕاکێشاوم و سنگی ڕووتە. دەستم بۆ درێژکرد و گرمەیەک لە دڵمدایە. لەسەر جەستە ڕاکشاوەکەی لەناو سنوقەکەدا دەستەکانمان بەیەک گەیشت. بە توندی دەستی گرتم و منیش دەستە بچکۆلانەکانی کە هێندەی لەپی دەستم بوو وەک دەستی منداڵ گرتمن. بەرکەوتنی گەرمە وەک گەرمی جەستەم. دوای درێژکردنی دەستەکان قۆڵەکان هاتن و یەکترمان گرتە باوەش. دواتر جەستەکان تێکەڵ بوون. پاشان وتم: لەکوێ بوویت؟ کەی لەدایکبوویت؟ ئایا تۆ لە ژیاندایت؟ بەبێدەنگی مایەوە و بە دوو چاوی فراوانەوە کە جێگەی هەموو خەمی دونیایان تێدا دەبینێتەوە سەیری دەکردم، بە هەنگاوی هێواش بەرەو لای پەنجەرەکە ڕۆیشت. سەیری کەونی کرد و قۆڵەکانی بڵاو کردەوە وەک ئەوەی سرود بۆ خودا یان بۆ باوک یا بۆ دایک بچڕێت. پاشان چاوەکانی کەوتە سەر وێنە هەڵکۆڵراوەکەی سەر

سنوقەکە و لەوێوە چاوەکانی گواستەوە بۆ ئاسمان و کەوانەکانی سەرکەوتن و لووتکەی کڵێساکان و منارەی مزگەوتەکان، دواتر هاتە خوارەوە بۆ زەوی و شەقامەکان و خانووەکان و دوکان و ئەو خەڵکەی شەربەتیان دەخواردەوە و منداڵان کە بە جلوبەرگی جەژنەوە میزڵدان هەڵدەدەن. میزڵدانەکان لەژێر تیشکی خۆردا و لەگەڵ هاواری منداڵاندا و لەگەڵ هەوای ڕووبار و دەریادا بەرەو ئاسمان دەڕۆیشتن. دەنگی منداڵەکان بە جەستەیدا وەک پێکەنینێک تێدەپەڕی. قۆڵەکانی دەگرتەوە بۆ دەنگەکە و خۆرەکەش وەک ئەوەی دایکی لەئامێز بگرێت.

من وەستابووم سەیرم دەکرد کاتێک لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانی. گوێم لە دەنگی هەناسەکانی بوو وەک سیخەیەکی بێدەنگ دەهات. یان وەک پێکەنینێکی بچڕبچڕ و هەناسەبڕکێی بوو وەک کەسێک بێ وەستان ڕابکات. دڵیشی بە دەنگێکی بیستراو لێدەدات. دەستیشی لەسەر دڵێتی لەژێر مەمکی چەپەوە لەسەر برینە قوڵەکەی سەر گۆشتەکەی. ڕوخساریشی هەڵبزڕکاو بەبێ خوێن. چاوەکانی وشک بەبێ فرمێسک و بیلبیلەکانی ڕەش وەک چاوەکانی ئاسمان لە شەودا. گوێم لێبوو بە دەنگێکی وەک شنەی درەخت دەیوت: من نەدەگریام کاتێک لە پشتەوە لێیان دام. لام دەکردەوە و بەدەوری خۆمدا دەسووڕامەوە بەشوێن ئەوەدا دەگەڕام لەکوێوە ئەو لێدانە هاتووە. هەڵدەسامە سەرپێ و دەستم بە برینەکەمەوە دەگرت و ڕوخسارم و پشتم ڕێک دەکردەوە بەرەو خۆر دەڕۆیشتم. شەقامەکان و خانو و پەنجەرە و دەرگا داخراوەکانم تێدەپەڕاند. لەبەردەم دەرگایەکی کراوەدا دەوەستام. ناوێکی بەسەرەوە بوو: (خانووی ئاسوودەیی). پاشان دەموت: ئەوە دەرگایە بۆ لای خودا. لەوەتەی لەدایک بووم

دایکم نەبینیبوو. وتیان کە خودا بردوویەتیەوە. منیش وتم گەر خودا بدۆزمەوە دایکم دەدۆزمەوە. لە خەومدا دەڕۆیشتم و قۆڵەکانم لە تاریکیدا درێژ دەکرد و بەشوێن دایکمدا دەگەڕام. پێشتر خودام ڕووبەڕوو نەبینیبوو تەنها لە خەونەکانمدا نەبووبێت. لە خانەی منداڵانیش بە (کچی خودا) بانگیان دەکردم لەسەروو دیوارەکەشەوە لووتکەی کڵێسا و منارەی مزگەوتەکەم دەبینی. پاسەوانی منارەکە وتی کە خودا نە کوڕی هەیە و نە کچ. پاسەوانی کڵێساکەش دەیوت کە خودا باوک و کوڕ و ڕوحی پیرۆزە. هیچ کەسێک سەبارەت بە کچی خودا نەیبیستبوو. لەوەتەی لەدایک بووم باوکم نەبینیوە. وام زانی کە خودایە، بەڵام بیستم کە نووسەرێکی گەورەیە لە وڵاتی ئیمامدا. ماڵ و سامان و منداڵی هەیە. هەروەها ناوبانگێکی باشیش. دوژمنیشی نییە نە لە حیزب الله و نە لە حیزبی شەیتانیش. هەمووش خۆشیان دەوێت دۆست و دوژمن. لەگەڵ کۆتا هاوسەریدا وەک مەسیح ژیانێکی خۆش دەباتە سەر. تەنها شەوی پێنجشەممە لێی نزیک دەبێتەوە. بەیانیی هەینییش بەبێ دەستنوێژ لەپشت ئیمامەوە نوێژ دەکات. لەدوای نوێژیش لەو کاتەی لە ڕکوعدایە بەلای چەپدا سەری ڕادەوەشێنێت وەک دڵسۆزی دەربڕینێک بۆ حیزب اللە. پاشان بەلای ڕاستدا و سڵاو لە ئەندامانی حزبی شەیتان دەکات. پێش سوجدەبردن و دوای سوجدەبردنیش سێجار استغفرالله دەکات. پاشان بە جەستەیەکی سوکەڵەوە وەک کۆرپەیەکی تازە لەدایک بوو، پاکیزە بەبێ گوناه هەڵدەستێت. لەدوای ئیمامەوە ژووری پەرستن جێ دەهێڵێت. بە هێواشی و سەرداخستنەوە ڕێدەکات و لەبەرخۆیەوە ئایەتەکانی خودا و ناوەکانی بە دەنکی تەسبیحەوە دەڵێتەوە. ژێر زەمینە بەنرخەکەی وەک پردی سیرات کە لە نێوان

ژووری پەرستن و ژووری مەیخواردنەوەدایە لە نهۆمی ژێرەوەی کۆشکەکە تێدەپەڕێنێت. لە پێشیەوە ئیمام بە هەنگاوێک دەچێتە ژوورەوە. ئەویش لەدوایەوە دەچێتە ژوورەوە. بەیەکەوە پێکی هاوڕێیەتیی لەمێژینە دەخۆنەوە. یادەوەرییەکانی سەردەمی لاوێتی لە خانووی ئاسودەیی دەهێننەوە یاد.



Scanned by CamScanner

# خۆشەویستیی قەدەغەکراو

باخچەیەکی سەوز لەدەوری ژووری مەی خواردنەوەکەی کۆشک. دیواری بەرزی ئاسنینیش. سەگێکی لە جۆری (وڵف)ی هاوردەکراو. شەوان وەڕینێکی ترسناکی هەیە. هیچ کەسێک جگە لە ڕێگر و ڕوحەکانی جن و خێوەکان کەسیتر لە دیوارەکە نزیک نەدەبووەوە. بە ڕۆژ لە گۆڕەکاندا یان لە خانووی وەک گۆڕدا ون دەبوون. شەو دەهاتنە دەرەوە. لەبەر تیشکی سوور نەرمدا ئیمام دانیشتووە و پێکێکی لە دەستدایە. لە تەنیشتیەوە هاوڕێی تەمەنی. نێوانیان لەسەر قەنەفەکە ماوەی درێژی قۆڵێکە. قۆڵیش لەژێر سەرینێکی لە پەڕی نەعامەیە و لەژێر سەرینەکەشەوە کتێبی خودا کە بە خەتی ئاڵتوونی نووسراوەتەوە و دەمانچەیەکی بێدەنگ لە هەرە جۆرە باشەکان. کاتێک سەگەکە دەوەڕێت دەستی ئیمام درێژ دەبێت بۆ ژێر سەرینەکە و گرتنی مشتی دەمانچەکە. دڵی نووسەری گەورەش لەژێر پەراسووەکانیەوە دەهەژێت. پەنجە نەرمەکانی تەنها بەرکەوتنیان بە قەڵەم دەزانن. لە منداڵییەوە لە تاریکی دەترسێت و دوژمنی نییە. هاوڕێی زۆریشی هەیە لە هەر دوو حیزب الله و



Scanned by CamScanner

حزبی شـەیتان. لـەوەی خـودا پێی داوە بەشیان دەدات. هاوڕێیەتیش بە پارە تێر دەکات. خەڵکیش بە نووسـەرە بەخشندەکە ناوی دەبەن. لە ماڵیشـەوە هاوسـەرەکانی بـە پیاوە بەخیلەکە بانگی دەکەن. شـەوی جەژن بەبێ دیاری دەچێتـە ژوورەوە، دەستەکانی بەتاڵـە. بـە ڕۆژیش مەسـرەفی مـاڵ لەبیـر دەکات. کۆتایـی شـەویش بـە بەبێهۆشـی و گیرفانـی بەتاڵـەوە دەگەڕێتـەوە. هەناسـەکانی بۆنـی مـەی و عەرەقـی ئافرەتانـی لێدێـت. لێوەکانـی بـە ڕوخسـاری هاوسـەرە شـەرعیەکانی جووت دەبن. هیچکامیـان دەمیـان ناکەنـەوە. گـەر بیکردایەتـەوە ئـەوە تـەڵاق دراوە. سـێ جـار دەیوتـەوە لـەو کاتـەی ڕاکشـاوە و دەمـی نیـوە کراوەیـە و چاوەکانـی داخـراو. هاوسـەرەکە بوخچـەی جلەکانـی دەپێچێتـەوە و دەچێتـە سـەر شـەقام. پاشـان هاوسـەری دووەم دێت کـە هێنـدەی مـردن لـە تـەڵاق دەترسـێت. هەمـوو خەڵکـی سـەبارەت بـە مێردەکـەی هەمـوو شـتێک دەزانـن و ئـەو دواهەمیـن کەسـە بـەو شـتانە بزانێـت. گوێبیسـتی پڕوپاگەنـدەکان دەبێـت، بـەڵام بڕوایـان پـێ نـاکات. خەیاڵـەکان لـە ژیانـی دەردەکات. یـان لـە ناخیـدا دەیشـارێتەوە. دەترسـا تەنانـەت لای خۆیشـی بیاندرکێنێـت و ئـەو خەیاڵانـە ببنـە ڕاسـتی. لەبـەر ئـەوە دەمـی دادەخسـت و نەیدەکـردەوە، چونکـە گـەر بیکردایەتـەوە ئـەوا وەک قـەزا و قـەدەر تـەڵاق درابـوو. ئیتـر هاوسـەری سـێهەم دەهـات ئەوەنـدە لـە قـەزا و قـەدەر دەترسـا وەک ئـەوەی خـودا بێـت. بۆ هەتایـە بێدەنـگ دەبێـت و ڕێگـە بـە خـۆی نـادات تەنانـەت خەیاڵیـش بکات، بـەڵام تەڵاقەکـە وەک چارەنووسـێک بەبـێ هۆکارێـک بـۆی دێـت. پاشـان هاوسـەری چـوارەم دێـت کچێکـی گەنجـی سـەربەرز. بـاڵا ڕێـک و ناوقـەد باریـک وەک ئاسـک.. وەک شـێر بـۆ قـەزا و قـەدەر خـۆی مـەڵاس دەدات. چاوەکانـی ڕەش و کـراوە وەک شـەیتان. کتێبەکانـی



Scanned by CamScanner

مێژوو و پادشاکان و کولتوور و هەزار و یەک شەوە و هەموو کتێبە پیرۆزەکانی خوێندوەتەوە. خودا و شەیتان و بەهەشت و ئاگری ناسیوە. لە مردنیش نەدەترسا. پەلەشی نەبوو لە ڕۆیشتن بۆ بەهەشت، چونکە لە بەهەشت شوێنێک نەبوو بۆ جگە لە پاکیزەکان.

بە گرێبەستی هاوسەرگیرییەوە لێی چووە پێشەوە بە ڕوخساری پاکیزەوە. وێنە گەورەکەی لەناو چوارچێوەکەدا پیشان دەدات و بەخیلییەکەی بە دڵڕاوانی دەر دەخات. ترسیش بە خۆشەویستی دەشارێتەوە. وەک باوکیشی بەنهێنی خۆشەویستی دەکات. تەنها لە کاتی مردنیشدا ڕوخساری دایکی بیر دێتەوە. دایکی بەدەر لە چێشتلێنان و هەبوونی مێرد خۆشەویستێکی دیکەی هەبوو. کاغەزی لەژێر سەرینەکەیدا دەشاردەوە و چیرۆکەکانی دەنووسی. چیرۆک لەدوای چیرۆک لە کتێبێکدا کۆی دەکردەوە. یەکەمین و دواهەمین کتێبی. لەدوای هاوسەرگیرییشەوە پەنجەکانی قەڵەمیان نەگرتووە. شەوانیش دوای ئەوەی باوکی دەنوێت چەکمەجەکەی خوارەوە دەکاتەوە. دەستی لە بەرگەکە دەدات کە ناوەکەی لەسەری هەڵکۆڵراوە. بەدەوری خۆیدا دەسووڕێت وەک ئەوەی کەسێک ببینێت. چاوەکانی دەکەوێتە سەر چاوی کوڕە بچکۆلانەکەی. شەوان کراونەتەوە وەک چاوی خودا و چاودێریی دەکەن. کتێبەکە لە چەکمەجەکەدا دەشارێتەوە و قفڵی دەدات. لەسەر جێگەکەش لەسەر لا ڕوو دەاتە دیوارەکە. لەلاکەی دیکە مێردەکەیەتی و منداڵەکەش لەنێوانیاندایە. چاوەکانی لێکدەنێت و خۆی دەکات بە نووستوو.

بە ڕۆژیش باوکی لێی دەدات تا وانەکانی دوێنێ لەبەر بکات. منداڵەکەش وەک دایکی حەزی بۆ چیرۆک نووسین دەشارێتەوە. زانست دەخوێنێت وەک ئەوەی زانست هاندەرێک بێت بۆ ئەدەب.



Scanned by CamScanner

لە دڵی خۆشیدا کتێبی خودا لەبەر دەکات. هەر چەندێکی لەبەر بکردایە باوکی خۆشی دەویست و گومانی هونەری لەسەر لا دەچوو. شەوانیش گوێ هڵدەخات بۆ گوێی باوکی لەسەر سنگی و گوێبیستی لێدانەکانی دڵی دەبێت. هەر لێدانە و هەر دڵۆپێک دەگرێتەوە کە لەگەڵ شیری دایکیدا چووەتە خوێنەوە.



Scanned by CamScanner

# دۆست

لـه خانـووی ئاسـوودەییەوە هاتـووە تاکو بـۆ دواجـار لـەو کاتەی لەناو سنوقەکەدا ڕاکشاوە سـەیری بکات. سـەیری دەکات و لـە چاوەکانیـدا بریسـکەی خۆشەویسـتی هەیـە. وتـی: سـاتێکی کۆتا بێهیوایـی کـە هیچـی لـێ پەیـدا نابێت، خۆشەویستیشـی بـۆ ئافرەتـان وەک هەوڵـە بێسـوودەکانی وایـە لەگـەڵ شکسـتدا. هاتـە ژوورەوە و قـژە چرەکـەی سـەری داپۆشـیبوو، بـە لەچکەیەکی سپی بەسـتبووی. تێڕوانینـی چاوەکانـی لـەوەوە گواسـتەوە بـۆ هاوسـەرە شـەرعییەکانی کـە جلوبەرگـی پرسـەیان پۆشـیوە و وەستاون. ڕوخسـاریان لـە یـەک دەچوو، دەست و پەنجە بچووک و خڕەکانیـان لەسـەر دڵیانـە. هەناسـەکانیان بێدەنگ و قاچەکانیـان لەناو پێڵاوە پاژنـە بەرزەکانـدا. خەریکە لە یەکتری جیا ناکرێنـەوە مەگـەر بـەو دەرزییـە سـەر سـنگیان یـان ئـەو هێمایـەی سـەر شانیان نەبێـت. ڕووناکـی لـە ڕوخسـارەکاندا نەمابـوو سـەرەکان بچـووک و سـمتەکانیان قـورس. ڕوحیـش ونـە. بەبێدەنگی



Scanned by CamScanner

وەستاون و بە دوو چاوی وەک چاوی بۆق یان ماسی لەژێر ئاوەوە لێی دەڕوانن. لەناکاو هەموو لێوە جووتەکان بەیەکەوە کرانەوە و وتیان: تۆ کێی؟ ئەویش بە جوولەیەک سەری لەسەر گەردنی بە لووتبەرزییەکەوە بەرز کردەوە کە هاوسەرە شەرعییەکان ئەوەیان نەدەزانی و پاشن وتی: من جەواهری دۆستم. جەستەکانیان بەسەر پێڵاوە پاژنە بەرزەکانەوە هەژا. لەگەڵ ئەو هەژانەدا ڕوح و هۆشیاریش گەڕانەوە. لە چاوە ڕەشەکانیدا بریسکەیەکی بە ئازاری وەک ڕاستییان بەدی کرد. چاوەکانیانی بڕی. ڕۆ چووە ناخی دڵەوە. هەموو بە یەک دەنگ هاواریان کرد: دۆستی کامیانیت؟ وتی: هەمویان، لە ئیمامەوە تا پاسەوانەکانی کڵێسا و منارەش. چاوەکانیان لە ترسان زەق بوون. بە دەستیان شاردیانەوە. دەستەکان لە سنگەوە ئاڵێنران و قۆپچەکان داخران. هەموو بە دەنگێکی وەک هەناسەبڕکێوە هاواریانکرد: تۆ شەیتانیش و دەبێت بە مردن سزا بدرێیت. قاچە ئەستورەکانیان دایە بەر هەوا. پاژنە بەرزەکانیش وەک ڕۆکێت دەنگیان دەهات و تەقە تەقیان بوو. لە ژوورەکەدا تەنها دووان مانەوە. کۆتا هاوسەر و کچی ناشەرعی. وەستاون و دەستەکانیان تێکەڵە. دەستی دۆستەکەیان بۆ دریێ ژبوو، هەر سێکیان باوەشیان بە یەکتردا کرد. هەر شەش قۆڵەکە لەسەر جەستە ڕاکشاوەکەی ناو سنوقەکە تێکەڵ بوو. خەندەکەی سەر لێوی ڕۆیشت. هێڵکارییەکانی ڕوخسار ون بوون. چیتر نە لە ئیمام و نە لە نووسەری گەورە و نە لە سەرۆکی ئاساییش و نە لە نەیاری شەرعی و نە لە هیچ پیاوێکی نەدەکرد لە حیزب اللە و حیزبی شەیتاندا. بوو بەبێ ڕوخسار یان ڕوخساری

هەموویانی تێدا کۆ ببووەوە، بەڵام هێڵکارییەکانی لەدەست دابوو. هیچکامیانت لەوی تریانت بۆ جیا نەدەکرایەوە بە هێمای سەر سنگی یان ئەستێرەکەی سەرشانی یان شتێک لەسەر سەریدا نەبێت.

لە ئاوێنەکانی کەونیشدا وێنەی سێ ئافرەتی سەربەرز دەر کەوت. چاوەکانیان کراوە. چاوەکانیش ڕەش و فراوان وەک چاوی شەو. دڵەکان بە خۆشەویستییەوە لێی دەدا. دەس و قۆڵەکان یەکگرتوو و تێکەڵ. هەر سیانەکەش وەستاون و یەکتریان لەئامێز گرتووە و لە کەوندا بەبێ جووڵە جێگیرن.



Scanned by CamScanner

# جەواهر

لە سنوقەکەدا لەو کاتەی ڕاکشاوە سەیری دەکرد و چاوەکانی بە خۆشەویستییەوە بریسکەیاندەدایەوە. دەستی دەهێنێت بەسەریدا و بە لاجانگیا بەهێواشی دەیخشێنێت و دەیهێنێتە خوارەوە بۆسەر گەردنی. بەدەوری ملیدا دەسووڕێتەوە وەک دەزوویەکی حەریری توندی دەکات کە خەریکە بخنکێت، بەڵام پێدەکەنێت و زیاتر توندی دەکات تا لە پێکەنین بکەوێت و شێوە شینبوونێک شین بێتەوە. پاشان پەنجە نەرمەکانی لەدەوری ملی خاو دەبنەوە. دواتر بەناو قژە سپییەکەی سەر سنگی لاوازی دەخشێت تا دەگاتە کوژەکە شینەکەی لەو کاتەوەی بە منداڵی دایکی لە ملی کردووە هەر وەک خۆیەتی. لە نێوانی دوو پەنجەی نەرمی وەک گیرەیەک دەیگرێت و دەڵێت: دایکت لە چاوبردن لێت دەترسا و منیش لە گوێچکە. پاشان گوێی ڕادەکێشێت و پێدەکەنێت. قژە چڕەکەی دەخات بە پشتدا. گوێچکەی هەڵخستووە بۆ دەنگی تا بە خۆشەویستییەوە چرپەی بۆ بکات. چاوەکانی بڕیوەتە چاوی تا ئەو ڕادەیەی تاڵە مووەکانی قژی



Scanned by CamScanner

ڕادەوەستن. سەلکی مووە سپییەکان بە ڕەنگی ڕەش دەشارێتەوە. بۆیەیەک لە خەنەی ڕەش دایکی لە کیسیەکی خامدا بۆی دەنارد. هاڕاوەکە لە ئاودا دەتوێتەوە و هێڵە سپییەکان بۆیە دەکات تا قژی دەبێتە ڕەنگی شەو، بەڵام مووە سپییەکانی سەر سنگی و خوارتر ڕاستیی تەمەنی ئاشکرا دەکات. سەرنجی چرچولۆچی سەر ڕوخساری دەدات و چاوەکانی بە سەرسووڕمانەوە زەق دەبن. وەک ئەوەی پیری بە دزییەوە خۆی بۆ کشاندبێت لەو کاتەی چووەتە قووڵایی خەوەوە. لە ئاوێنەکەدا چاوی بە چاوەکانی خری دەکەوێت، سەری دوور دەخاتەوە لە ترسی ئەوەی ئالوودە بێت. وەک ئەوەی پیری نەخۆشییەک بێت و لە ڕێگەی سەیرکردنی چاوەکانەوە بگوازرێتەوە لە چاوەکانیدا تێڕوانینی بەزەیی بە خۆیدا دەبینێت، چونکە ئەو گەنجێکە و لە ژیاندایە و بەساڵاچوویەکی مردوشە. بە قۆڵەکانی لە ئامێزی دەگێت و لە نێوان مەمکەکانیدا هەنسک دەدات: من دۆڕاوم جەواهر. بە دەستی لە خۆی دوور دەخاتەوە. لە ناخیدا دەزانێت کە دەیەوێت ئەو شکستەی بۆ بگوازێتەوە. لەدوای هەر چاوپێکەوتنێکیشەوە شکست زیاتر دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا دێتە لای و کۆڵ نادات. وەک شێوە ئالوودەبوونێک. وەک مەی حەزی لێ دەکات، بەڵام بەبێ ئەوە نە دەژی و نە دەشمرێت.

هەرگیز دانی بە شکستدا نەناوە بۆی. تا ڕادەی هەستکردن بەسەرکەوتن ئالوودەی کردووە. وەک ژەهرێک کەسی ئالوودەبوو بە چێژێکی زیادەوە بیخواتەوە. کاتێکیش پێی دەگات سەرنجی ژێر جلوبەرگەکەی دەدات. لە چاوەکانیدا بریسکەیەکی وەک دەمی شمشێر هەیە. سەیری جەستەی مرودی دەکات و بە بریسکەی چاوەکانی ژیانی بۆ دەگێڕێتەوە. ئیتر لە نێوان قۆڵەکانی وەک



Scanned by CamScanner

مریشکێکی سەربڕاو هەڵدەبەزێتەوە، بەڵام ئەو نا. دەڵێت: تۆ ئافرەتێکی جیای لە ئافرەتانی دیکە. ئەویش دەڵێت: چۆن؟ دەڵێت: تۆ ئافرەتێکی هەست بە جەستەت نادەیت لەگەڵ ئەوەی هەستێکی هەمیشەیی هەیە بۆ مێشکی. گێژ دەبێت وەک ئەوەی لەناکاو خەو زۆری بۆ بێنێت. پاشان دوو چاوی پڕی ئیرەیی دەکاتەوە. زیاتر لە هەموو شتێک ئیرەیی بە مێشکی دەبات. هەوڵ دەدات دەستدرێژی بکاتە سەری. وەک ئەوەی دەستدرێژیی هاوسەنگی بگێڕێتەوە، بەڵام بێتوانایی جار لەدوای جار دڵنیایی دەدات. لای ئەو دەردەچێت و ڕادەکات بۆلای هاوسەرە شەرعیەکەی. سەری دەخاتە یوانی مەمکەکانی و وەک منداڵێک لە ئامێزی دایکیدا هەنسک هەڵدەدات. بە قۆڵەکانی لە باوەشی دەگرێت لەو کاتەی لە خەوێکی قوڵدایە. پێڵوەکانی ناکاتەوە. هەست بە هەناسە گەرمەکانی دەکات لەسەر گەردنی و دەزانێت کە بە خۆشەویستی داخ بووە. بۆ ئەو نییە، بەڵکو بۆ ئافرەتێکی دیکە توانای بەدەستهێنانی نییە. لەو کاتەی نووستووە ئەوەی بۆ ئاشکرا دەبێت ئەو ئافرەتەی بەدەست نایەت بە هیچ کەسێک ئەوە پەرستراوی هەموو پیاوانە. لەبەر ئەوەی تەنها ئەو توانای ئازارپێگەیاندنیانی هەیە. دواتر لە خەوەکەیدا بە خۆی دەڵێت:

پیاوان تەنها ئەوانەیان خۆش دەوێت کە بە ئازارن.



Scanned by CamScanner

# دایک و کچ

لە ئاوێنەکەدا خۆیی بینی وەستاوە قەد باریک. لە دەوری سەری سێبەرێک بە ڕەنگی شەو. چاوەکانیش وەک ئەستێرەی خۆر فراوان. جەستەشی پرشنگدار و پێچراوە بە ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە. لەسەر بەرزاییە سەوزەکەی نێوان ڕووبار و دەریاکەوە درێژ دەبێتەوە. قۆڵەکانی دەکاتەوە و کەون لەئامێز دەگرێت. قاچەکانیشی لەسەر زەوی دەجوولێنێت. قاچەکانی بە ئاوازەوە دادەنێت. ئاوازەکانی بەیانیان وەک ئاوازەکانی شەو دەیجوولێنێت. مێشکی ئارامی نازانێت. جەستەشی لە سەماکردن ناوەستێت. هەواش لە دەوروبەری وەک ئاوازێکی لێدێت کە خۆشی دەوێت. ئاوازیش لە سنگیدا وەک هەوا پڕی دەکات. ئیتر وەک ڕوحێک بەبێ جەستە بە هەوادا فڕی. بە سەماکردن بەبێ سمت و بێ سک دەسووڕایەوە. سەری بەرزدەکردەوە بۆ ئاسمان و دەیگرت و کەس ئەوی نەدەگرت. لە گوێچکەشیدا گوێی لە چەند تەپەیەک دەبێت یەک لەدوای یەک سێ تەپە دەیناسێت و لێی هەڵە

نابێت. ڕوخسارە بچکۆلانەکەی لە نێوان هەورەکانەوە سەر دەر دەکات و دەیناسێت و لێی هەڵە نابێت. لە نێوانی ملیۆنان ڕوخسار لە کەوندا جیای دەکاتەوە. دەستە بچکۆلانەکەش لە قوماتەکە دێتە دەرەوە هەڵبزڕکاو و سپی بەبێ خوێن. بەبێدەنگی و وەک بۆ نزایەک پەنجەکانی دەستەکە کراونەتەوە. چاوەکانیش فراوان و ڕەش وەک چاوی شەو. لە سنگیدا دەیشاردەوە و ڕای دەکرد و نەدەوەستا. قاچەکانیشیان لە پشتیەوە بە پێڵاوی ئاسنینەوە لە زەوی دەدا. لە هەر پاژنەیەکدا پارچەیەک ئاسنی وەک سمی ئەسپ هەبوو. لە دەستی هەر یەکەشیان بەردێک یان ئامێرێکی کوشتن هەیە. ئەویش لە سنگیدا لەژێر دڵیدا شاردراوەتەوە. دڵە بچووکەکەی ترپە لەدوای ترپە لێی دەدا. پێنج پەنجەی دەستیشی کۆ دەبووەوە و پەنجەی دایکی دەگرت. دایکەکەش ڕایدەکرد و لە تاریکییەکەدا پێش ڕۆژهەڵهاتن خۆی دەشاردەوە. خۆر لە هەڵهاتن دواکەوت تا لە شەودا دایکەکە بپارێزێت. مانگیش چاوەکانی لێکناوە و ئەستێرەکانیش چوونەتە خەوەوە. هەموو ڕووناکییەک لە کەوندا کوژاوەتەوە. پاسەوانەکەش کۆتا دەرگای کۆشکی داخست. (ایة الکرسی) خوێند. ئیمام و حیزب اللە و حیزبی شەیتانیش نووستن، هەوا نووست و گەڵای درەختەکانیش بە هەمان شێوە نووستن. ئەویش وەستاوە و بەملاولای خۆیدا دەسووڕێتەوە دەترسێت چاوێک ببینێت. لە تاریکییەکەدا هیچ چاوێکی نەبینی. لە سنگی کردەوە و بە لەپی دەستی زەوییەکەی تەخت کرد. بەرد و کەرسەکەکانی دوور خستەوە و زەوییەکەی وەک سنگی دایک بە خۆڵێکی نەرم تەخت کرد. ڕایکێشا. ڕوخساری بچووک و هەڵبزڕکاو لە کونێکی جلەکانەوە سەری دەر دەکرد.

ددانەکانی لە سەرمادا جیرەیان دێت. شاڵە ڕەشە خوریەکەی لێ کردەوە و دای پۆشی. دەستە بچووکەکەی بەر پەنجەی دایکەکە کەوت و بە هەر پێنج پەنجەکەی گرتی و بەرینەدەدا. دایکەکەش پەنجەی لە ناو دەستیدا جێهێشت بە درێژایی هەناسەدانی. بیری چووەوە کە بە دوایەوەن و ماوەی نێوانیان نزیک دەبێتەوە، بەلام پەنجەی لە دەستیدا هێشتەوە و تا کۆتایی هەناسەی. بە وەستاوی مایەوە و لەسەرەوە سەیری دەکرد. لە دواشەوە یەک لەدوای یەک لە پشتی دەدەن. دایکەکەش ڕوخساری لە ڕوخساری کچەکەی دوور نەدەخستەوە. لا ناکاتەوە، هەر چەند لێبدەن ناکەوێت. لەبەر ئەوەی ئەو پێشتر کەوتووە. کەوتنی کەوتنیش سەرکەوتنە. هەر چەندیش هاوار بکەن هەر پشتیان تێ دەکات، چونکە ئەو دەیزانی گەر ڕویان تێبکات هەڵدێن. لەوە دەترسن ڕوخساریان ببینێت. ئەو یەک بە یەک دەیانناسێت لە ئیمامەوە تا پاسەوانەکە. هەمووشیان لە تاریکیدا بە ڕوخساری ڕووکەشەوە دەهاتنە لای. لە جێگەکەشدا لە خانووی ئاسوودەیی ڕوخسارە مەتاتەکان و ڕیش و سمێڵ و قژ و پانتۆڵەکانیان دادەنا. هەمویانی یەکە یەکە بەبێ جلوبەرگ و هێمای سەر شان و ئەستێرەی سەر سنگ دەبینی. هەمووشیان یەک شێوە و یەک بۆن و یەک جووڵەن. وەک هێرشکردنی لەناکاو و گەڕانەوەی لەناکاو و هەڵکردنی ئاڵای دۆڕاندن و بەرزکردنەوەی وەک کلکی کەڵەشێر لەناکاو. ڕۆکێتەکانی جەژن دەتەقێنرێن. هاوارەکان دەکێشرێن. ئەویش لەژێر ڕووناکییەکەدا وەستاوە. نیمچە ڕووت و جلێکی سەمای لەبەردایە. چەقەنەکانیش لە نێوانی پەنجەکانیدا تەقەیان دێت. جەستەشی گەرم لەژێر خۆرەکەدا. وەک دەمی شمشێر



Scanned by CamScanner

باوەشی  بە مێشکی ساردیدا کردووە. چاوەکانیشی کراوە و سوورهەڵگەڕاو. یەک بە یەک لێیان ورد دەبێتەوە و ئەوانیش وەستاون و سەریان بۆ زەوی شۆڕ کردووەتەوە. هەر یەکەشیان دوو ڕوخساری هەیە. ڕوخسارێکی هێڵکاری جوان فرمێسکی لێ دەباری. ڕوخسارێکی دیکە تاریک و چاوەکانی لێڵ و لووتێکی گرنج.

کاتێکیش گۆرانی دەچڕی دەنگی ئاواز بوو. جەستە باریکەکەشی وەک ئاسک بۆخۆی خۆشەویستی بوو. ئەو گوێ بە لێدانەکان نادات چ لە پێشەوە بێت یا لە پشتەوە. ئەو سەما دەکات و گوێ بە مردن نادات. ئەو نە لە حیزب الله و نە لە حیزبی شەیتانیشە. پیاو نییە و ئافرەتیش نییە. ئنس و جنیش نییە، بەڵام ئەو هەموو ئەوانەیە گەر شتێکی لێ بکەوێت هەمووی دەمێنێتەوە.



Scanned by CamScanner

# دادگایی

پێش ئەوەی سەری لە جەستەی بکەنەوە بینییان ڕەگەکانی بە ناخی زەویدا ڕۆ چووە. ماندوویەتی وەک ترس زۆری بۆ هێنان. ترسەکەیان بە ماندووبوونەکەیان شاردەوە. لەژێر سێبەرەکەدا دانیشتن سەریان لە خۆرەکە دەپاراست. ڕوخسارییان بە دەستەسڕەکان دەسڕی و لەژێرەوە هێڵکاریی ڕوخسارەکان ون دەبوون. هیچ شتێک ڕوخساری لە یەکێکی تر جیا نەدەکردەوە مەگەر بە هێمایەکی سەر سەری یان شانی. سەرشانی سەرۆکی ئاساییشی ناسییەوە ڕوخساری بە دەستسڕەکە دەسڕی و دەڵێت:

ئایا هیچ وتەیەکی ترت هەیە پێش جێبەجێکردنی فرمانەکە؟ وتی: کام فرمان؟ وتی: فرمانی خودا و نیشتیمان و ئیمام. بەبێدەنگی مایەوە و وەڵامی نەدەدایەوە. وتی: ئایا بڕوات بە خودا و نیشتیمان و ئیمام نییە؟ وتی: هەرسێکیان لە یەک کاتدا؟ وتی: بەڵێ بڕوا بوون بە هەموو یان هیچ شتێک. بەبێدەنگی مایەوە و وەڵامی نەدەدایەوە. لە دەفتەرەکەدا بە قەڵەم نووسی: بێدەنگی واتە بیر دەکاتەوە



Scanned by CamScanner

لەبەر ئەوەی بیر دەکاتەوە واتە بڕوابوونی نییە. ڕوخساری بە دەستەسڕەکە سڕی و وتی: ئایا وتەی تری هەیە؟ وتی: دەمەوێت ئەوە بڵێم کە من بێتاوانم و گوناهم نییە و یەک دایکیشم هەیە ئەویش خۆرە. چەندین باوکیش بەبێ ئەژمار. ناو و ڕوخساری هیچیان نازانم. پیتەکانی سەر کاغەزیشم بۆ ناخوێنرێتەوە. لە خانووی ئاسوودەیی دەژیم و دڵم تەنها پەژارەی تێدایە. ڕۆژی ئێوە شەوی منە. خۆشحاڵی و ئاسودەیی ئێوە پەژارەی منە. چێژی ئێوە ئازاری منە. سەرکەوتنی ئێوە شکستی منە. بەهەشتەکەشتان دۆزەخی منە. شەرەفی ئێوە لەکەی منە. لەکەی منیش شەرەفی ئێوەیە. مێشکم شێتی ئێوەیە. شێتی من مێشکی ئیوەیە. گەر جەستەشم بمرێت ئەوا دڵم نامرێت. کۆتا شتێک کە تێمدا بمرێت مێشکمە، چونکە ئەو بە کەمترینی شتەکان دەژی. تێمدا هەموو شتێکیش پێش مێشکم دەمرێت. هیچ کام لە ئێوەش نەیتوانی مێشکم بەدەست بهێنێت. هیچ کەس. هەر چەند جەستەم ببەن ناتوانن بگەن بە مێشکم. وەک چاوی خۆر لە ڕۆژدا. وەک چاوی ئاسمان لە شەودا.

بینی لەبەردەمیدا بە ڕیزێکی دووروودرێژ وەستاون دەست بە دەستدا دەدەن و زۆر سەریان سووڕ ماوە. وتیان: جادووگەر نییە و شێتیش نییە، بەڵکو زۆر ژیر و دانایە. وای لێ هات مێشکی لە شێتی ترسناکتر بوو. ئیتر بە سزایەکی لە ڕەجمکردن خێراتر بە مردن سزایاندا. هەروەها هیچ بوارێکی پێ نەدرا بۆ قسەیتر. بڵاونەکردنەوەی دادگاییەکەش لە ڕۆژنامەکاندا. داخستنی دۆسیەکە و شاردنەوەی لە ناخی زەویدا بۆ هەتایی.

**«کۆتایی»**



Scanned by CamScanner